CFS

وەرزنامەی

ئێرانناسی

ژمارە (١٧) ساڵی پێنجەم، کانوونی دووەم، ٢٠٢٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ئێران بەرەو کوێ

- ئێران؛ قەیرانێکی هەڵئاوساو پێشهات و سیناریۆکان
- مافیاکانی ئاوی ئێران: حوکمڕانی، کەشوهەوا و سیاسەتی مانەوە
- ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل؛ دەرفەتەکانی بەردەم دیپلۆماسی و شەڕ
- ڕوانینی ئێرانییەکان بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە

وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٧) ساڵی پێنجەم، کانوونی دووەم ٢٠٢٦

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: د. هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی (4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێراناسی

وەرزنامەی ئێراناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێراناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

ناوەڕۆك

سەروتار

ئێران لەبەردەم دووڕیانە جیاوازەکاندا | د. یوسف گۆران ٤

توێژینەوە

ئێران؛ قەیرانێکی هەڵئاوساو، پێشهات و سیناریۆکان | د. هەردی مەهدی میکە ٧

مافیاکانی ئاوی ئێران: حوکمڕانی، کەشوهەوا و سیاسەتی مانەوە | کارزان عەدنان حمەسعی ١٦

ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل؛ دەرفەتەکانی بەردەم دیپلۆماسی و شەڕ | بارام مەجید خان ٣٣

ڕوانینی ئێرانییەکان بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە | ئا: ئێراننناسی ٤٩

هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیجی دەوڵەتی ئێران (١٩٢٣-٢٠٠٥)

م.ی. تەحسین وسو عەبدوڵڵا - د. ئەمین فەرەج شەریف ٦٧

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

کاریگەری و دەرهاویشتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکانی ڕۆژئاوای ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

ڕەشید ئەحمەدی فەڕ - عەدنان حوسێنی | و. مورتەزا موردادی (ئارما) ٩٦

کاریگەریە نایەکسانییەکان لەسەر دیاردەی کۆچ لە ناوچە سنووریەکانی ئێران؛ ڕوانگەیەکی سیاسەتڕێژانە

وەلیوڵڵا ڕۆستەم عەلیزادە - ڕەزا نەوبەخت | و. مورتەزا موردادی (ئارما) ١٢٩

گفتوگۆ

گفتوگۆی ئێراننناسی (٢) ئێران بەرەوکوێ؟ ١٥٩

کەسایەتی

مەهدی بازرگان؛ یەکەم سەرۆك وەزیرانی دوای شۆڕش | د. یاسین عزەم ١٧١

کتێبناسی

لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران: بەرژەوەندی ستراتیژی، هێز و کاریگەری | ئارام مەحمود ئەحمەد ١٨٢

چەمکناسی

مەیدان و دیپلۆماسی | د. هەورامان فەریق ١٩٢

د. یوسف گۆران

ئێران لەبەردەم دووڕیانە جیاوازەکاندا

لە دوای ڕووداوەکانی ٧ ئەکتۆبەری ٢٠٢٣، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چەندین گورزی ستراتیجی، سیاسی و ئابوری بەرکەوت؛ سنووردارکردنی تواناکانی حزبوڵای لوبنانی، کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، شەڕی ١٢ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بنکە ناوەکییەکانی، گرنگترین ئەو ڕووداوانە بوون کە کاریگەری بەرچاویان لەسەر پێگە و توانای ئێران لە ناوچەکە جێهێشت و دواجار ناوچەکەی بەرەو مۆدێلێکیتر لە پارسەنگی هێزی نوێ برد کە تیایدا ئێران زەرەرمەندی سەرەکی بێت.

ئێران لە مێژووی خۆیدا چەندین خۆنیشاندانی گەورەو جەماوەری بەخۆوە بینیوە. دوو تایبەتمەندی خۆنیشاندانەکانی ئەمجارە لە پێشتر جیا دەکەنەوە: یەکەم، لەسەر ئاستی نێوخۆ ئەمە یەکەمجارە کە داواکاری ئابوری، خراپی باری دارایی و گوزەرانی خەڵك پاڵنەری سەرەکی خۆنیشاندان بێت نەك داواکاری سیاسی و یاسایی. تایبەتمەندی دووەم، کە ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، کاریگەری گەمارۆ توندە ئەمنی و ئابوورییەکان و پاشەکشێی ستراتیجی ئێرانە لە ناوچەکەدا. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە بەربڵاوتر نین لە خۆنیشاندانەکانی تری وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕوویدا، بەڵام دەکرێت هەستیارتر و مەترسیدارتر لەوانی پێشوو بن.

هەرچەندە سیستمی سیاسیی ئێرانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩، خاوەنی ئەزموونێکی زۆری سنووردارکردن و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانە، بەڵام ناجێگیریی سیستمەکە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەك و شێوازی تایبەتیی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە بەڕێوەبردنی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان وای کردووە کە پرسی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئێران و وڵاتانی تر ئەو پیرۆزییەی جارانی نەبێت و ئەمریکا دەستوەردانەکانی خۆی لە کاروباری ئێران وەك کارتێکی فشاری بەردەوام دژ بەو وڵاتە بەکار بهێنێت.

ئێران وڵاتێکی بچووکی وەك سووریا یان تەنانەت عێراق نییە کە بە ئاسانی وڵاتێکی دەرەکی بتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات، بەڵکو ئێرانییەکان لە ڕووی مێژووییەوە ئینتیمایەکی بەهێزیان بۆ ناسنامەی وڵاتەکەیان لە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکان هەبووە. سەرباری ئەوەش لای بەشێك لە هاوڵاتیان شەرعییەتی ئایینیی دەسەڵات هێشتا ئامادەیی هەیە. لە لایەکیتریشەوە و تا هەنووکە، زۆرێك لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە نێو خودی سیستمەکەدا دەخولێنەوە و ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دەرەوەش نە هێندە بەهێزن کە بتوانن ناڕەزایەتییەکان ئاڕاستە بکەن، نە خاوەنی سەرکردایەتی و سیمبولێکی هاوبەشن.

لە ڕووی هەرێمایەتیشەوە، بەهۆی گەورەیی و زۆریی ژمارەی دانیشتوانی ئێران کە نزیك دەبێتەوە لە ١٠٠ملیۆن کەس، هەروەها بوونی چەندین نەتەوەی جیاوای وەك کورد، ئازەری، عەرەب، بەلوچ و تورکمان لە وڵاتدا، کە هەر یەکە لەم نەتەوانە لە دەرەوەی سنووری ئێران هاونەتەوەی خۆیان هەیە، تێکچوونی دۆخی ئێران، کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێمیی وڵاتانی دراوسێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاسیای نێوەڕاست و قەوقاز بەجێ دەهێڵێت. هەر ئەمەش وایکردووە کە نەیارەکانی ئێران، لەوانەش ئیسرائیل دوودڵ بن لە گرتنەبەری ڕێگاکانی وەك دەستوەردانی ڕاستەوخۆ یان لێدان بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی. بەڵکو ڕەنگە باشترین بژاردە لای ئەوان ئەنجامدانی گۆڕانکاری بێت لە نێوخۆی وڵاتدا و سپاردنی ئەو گۆڕانکارییە بە خودی ئێرانییەکان و پێکهاتەکانی، بۆ ئەوەی ناوچەکە تووشی شەپۆلێکیتری ناسەقامگیریی سیاسی، ئاسایشی و کۆچ نەبێتەوە.



توێژینەوە

ئێرانناسی

ئێران؛ قەیرانێکی هەڵئاوساو پێشهات و سیناریۆکان

توێژەر: د. هەردی مهدی میکە

دکتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران

بۆچی ئێران بەم دۆخە گەیشت؟ ئەگەر پانۆرامایی بە ڕابردووی جوڵانەوە ناڕازییە جەماوەرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕوانرێتەوە، دەردەکەوێت ئەوەی هەنووکە لە شارەکانی ئێران لە ڕووداندایە، دۆخی شۆڕش و سەرەتای بارگۆرانی ڕیشەییە لەو وڵاتە، ناڕەزاییەکانی پێشوو دەکرێت لە خۆپیشاندان و گردبوونەوە و بایکۆت و مانگرتن، تا جوڵانەوەی نیمچەیی چاکسازییانە و هەوڵی گۆڕانکاریی بەشەکی ناوبنرێن، بەڵام ئێستا ئیدی ئێران و نەتەوەکانی و هاووڵاتییە ماندوو و ناڕازییەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان هەم شتێک نەماوە لەدەستی بدەن لە دۆخی ئابووری و گوزەران و ئازادییەکان، هەم وەک پێکهاتە نافارسەکانیش (کورد و عەرەب و بەلوچ) هەر لە کۆی سیاسەتی ئێران لە مێژووی مۆدێرنییەوە تا هەنووکە لێی ناڕازیبوون و لە چەخماخە و چەکەوە تا قەڵەم و کیبۆرد بێ پسانەوە هەر ناڕازیبوون و ئێستاش لە پاڵ ناڕەزایەتیی شارە زۆرینە فارسەکان و دۆخییان، دووبارە سەرباری دۆخە گشتییەکە برینی ئەمانیش کولاوەتەوە و گوڕێکی دی بە خەباتی ماف و مرۆڤ و شوناس تەوەری ئەوانیش داوەتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێران گرنگە پرسە سەرەکییەکان بۆ هەنووکەی ئێران لەبەرچاو بگیرێن، چونکە لەوەڵامی ئەو پرسانەوە دەکرێت وەڵامی کەتواریی وەربگرینەوە: دەکرێت ئەمانە ئەو پرسانە بن کە نزیکمان دەکەنەوە لە تێگەیشتنی ئەو دۆخە: ئایا ئەم شەپۆلەی نارەزایەتیی ئەمجارە وەک ئەوانی دی سەرکوت دەکرێن؟ ئایا وەک جوڵانەوەی ژینا بەدووی خۆیدا گۆڕانکاریی ناچاریی زیاتر بە حکومەت دەکات یان دەیخات؟ ئەم باهۆزە لەگەڵ جوڵانەوە چەکداریی و سیاسییە نارازییەکانی نێو ئێران چ جۆرە پەیوەندییەک ڕێکیان دەخاتەوە و ئایا لە بزوتنەوەیەکی پەرتەوازەوە دەچێتە قۆناغی واتابەخشین و تیۆریزەکردن و ڕێککەوتنی شەقام بەرامبەر دەسەڵات؟ ئایا دەچێتە قۆناغی یەکگووتاری و یەکمەیدانی و یەخانگیریی جدی بۆ سیستەمەکە دروستدەکات؟ سیناریۆکان چیین و لەئەگەرەکانی مانەوە، نیوەمانەوە، دەسەڵاتوەرگرتنی ئۆپۆزسیۆنی پەهلەوی یان موجاهیدین و ئەوانی دی چ سیناریۆیەک چاوەڕێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکات؟ ئایا ئەم جوڵانەوە نوێ شۆڕشگێڕییە یان کۆماریی ئیسلامی کامیان لەگەڵ شەپۆلی سیاسەتیی نێودەوڵەییدا یەکانگیرن و دۆخ لەبەرژەوەندی کام لادایە؟ لە ئەگەری لێدانی ئێران (ئەمریکا-ئیسرائیل) و بەردەوامی خۆپیشاندانەکان، ئایا ئێران کارتی مانەوە و بەرگریی پێویستی هەیە بۆ جەنگ و بەرەنگاریی؟

ڕیزکردنی ئەم پرسانە لێرەدا هێندەی بۆ کۆمەک و دروستکردنی بانێژە و پەنجەرە بوون بۆ ڕوانین، هێندە بۆ وەڵامدانەوەیان دامان نەناون، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەوانە دەکرێت تێگەیشتنێکی گشتیی نوێ لێرەدا بخرێتەڕوو:

دەکرێت بۆ وەڵامی باش لە ڕوانگەی گووتار و ئایدۆلۆژیا و باوەڕ، قەیرانەکانی سیاسەتیی ئێران، هەڵوێست و مامەڵەی وڵاتان، خەڵکی نارازی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە سەیری توانا و دۆخی ئێران لە ئێستادا بکەین:

- گووتارێکی پەشێو و مەزهەبێکی ماندوو لە مەیدانی ململانێدا

بۆ سیستەمە مەزهەبی و ئایدۆلۆژییەکانی وەک ئێران، گوتار و توانای قەناعەتسازیی و باوەڕمەندیی هاووڵاتیان لانیکەم نوخبەی باوەڕدار بە سیستەم و شیرازەکە گرنگە، بانگەشەکاران و تیۆرسێنانی لایەنگری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران باوەڕیان وایە کە ئەم دەوڵەت و دامودەزگایەی کە کە شیعەی ئیمامی لە ئێران لە ١٩٧٩ەوە بەرهەمهاتووە لانیکەم بەرهەمی چوار بزوتنەوەی ئاینی-مەزهەبی و نیمچە مەزهەبین(ئەگەرچی ئەمە تەنها بانگەشەیە و بۆ ڕیشەدارکردنی ئیسلامیزەکردنی

شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانی ١٩٧٩یە و سەلماندنی سەختە، بەڵام با گریمان وابێت و بەو پێوەرەی خۆیان جارێکی دی گوتار و شەقامەکەیان بپشکنینەوە). ئەم چوار جوڵانەوەیە زۆر سەرکەوتوو نەبوون لە دەستگرتن بەسەر دەوڵەت و تەمەن درێژ نەبوون، کە ئەوانیش: جوڵانەوەی تەنباکۆ(توتن) قەدەغەی پیدانی جیاوگ بە بەریتانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کە دژی هەژموونی داگیرکەرە. جوڵانەوەی مەشروتە ١٩٠٥ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی شاهی پەیوەست و دەستوردار. جوڵانەوەی دژە ئینگلیز و کۆتاییهێنان بە هەژموونەکەی سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم. جوڵانەوەی چوارەم و کۆتایی جوڵانەوەی ڕوحوڵا خومەینی بوو دژی کودەتای سپی و چاکسازییە دیموکراسی و کشتوکاڵیی و زەویوزارییەکانی محەمەدڕەزاشا لە شەستەکانی سەدەی بیستەم.[١] ئەم چوارە گەر بناغەی شۆڕش و گوتاری کۆماری ئیسلامی ئێران بن، ئێستا هەر ئەم کۆمارە ئەو پێگەیەی لەدەستداوە، چونکە ئامانجی ئەم جوڵانە دژی داگیرکەر و خۆبەڕێوەبەری و بەشداریی خەڵکە، بەڵام ئامار و جوڵەکان و پیدراوە سیاسییەکان ئاماژەی پێچەوانەمان پیدەڵین، هەرچی لەبارەی هەژموونی دەرەکییە ئەوا ڕووسیا و چین هەژموونی فراوانی زیاتریان لە بەریتانیای جاران لە ئێراندا هەیە و هەرچی خواستی جارانی خەڵکیش بوو کە هاوکاری جوڵانەوەکانی بوو بۆ دەرکردنی بێگانە، ئێستا بە گوێرەی ڕاپرسییەکانی خودی نێو ئێران زۆرینەی هاوڵاتیان نەک تەبای گوتار و جوڵەی کۆمارەکەیان نین بەڵکو داخوازییان لە دەوڵەتانی وەک بەریتانیا و ئیسرائیل و ڕۆژئاوا ئەوەیە کە بچن بەدەمیانەوە و هاوکارییان بن لە کۆتاییپێهێنان بەو کۆمارە ٤٦ ساڵیە.

کەواتە ئەو گوتار و باوەڕە (کە شیعەی ئیمامی و ویلایەتی فەقیە و هەناردەی شۆڕشە)[٢] لە ئێستادا لەرزیووە و قەیرانە ئابوورییەکان و بێزاریی لە ئاین و هەڵگەڕانەوە لە مەزهەب، ئاماژەی ورد و یاخیبوانە دەخەنەڕوو کە ئەو گوتارە ناتوانێک نانێک بێت بۆ مناڵێکی شیعە و ناشتوانێت نوێنەری بانگەشەی دادی عەلی بێت وەک ئاین و نەشیتوانی ئەو خۆشگوزەرانییە بهێنێت بۆ خەڵک وەک ئەوەی وەلی فەقیە و ڕێبەری یەکەمی شۆڕش ئایەتوڵا خومەینی بەڵێنیدا. ئێستا کۆمارێک هەیە نەک بۆ کورد و بەلوچ و عەرەب ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت، بگرە بۆ فارس و شیعەکانی نێو ئێرانیش هەر کورتیهێناوە و تا هەنووکە بۆ شیعە و وەلائیەکانی دەرەوەی خۆی باش بووە و هەر ئەوانیشی بەدەستەوە ماوە.

لێرەدا بەدەم ڕێوە چەندین ناڕەزایی و خۆپیشاندان دەخەینەڕوو کە بەرامبەر شۆڕش و زۆرێکی لەلایەن کورانی شۆڕش خۆیەوە سەریهەڵداوە و نیشانەی قەیرانی گوتار و توڕەیی خودی مەزهەبیە وەلائیەکانی نێو شۆڕشیشە: وەک ناڕەزاییەکانی نەوەد لەوانە: هەژاران و دەسخاڵیانی مەشهەد ١٩٩٣، ناڕەزایی بەرامبەر دابەشکاریی کارگێڕیی لە قەزوین ١٩٩٤، ناڕەزایی دژی خراپی گوزەرانی ١٩٩٥ی ئیسلام شەهر، ناڕەزایی خوێندکارانی زانکۆی تاران دژی داخستنی ڕۆژنامەی لایەنگری سەرکۆمار ١٩٩٩ لە لایەن دادگای ڕۆحانیەتی شۆڕشەوە. خۆپیشاندانەکانی ٢٠٠٩ی باڵی خاتەمی و موسەوی و کەڕوبی نێوشۆڕش دژی دەسەڵات و گوتارەکەی. ئەمانە مشتێک بوون لەو خۆپیشاندانانە کە دژی گوتاریی ئابووری و سیاسی و مەزهەبی کۆماری ئیسلامی ئەنجامدران[٣]، کە لەپاشتردا فراوانتر بوون و لە ٢٠١٨ەوە ئیدی بە نزیکەیی مانگ نەبووە خۆپیشاندانی توێژی یان پیشەیی یان جەماوەری و چینی نێوەڕاست و خوارەوە ئەنجامنەدرێت و وەک زنجیرەیەکی ناڕەزایی بەردەوام هەبووە تا گەیشتە ژن، ژیان، ئازادی و هەنووکە.

- سیاسەتی بەڕێوەبردنی قەیران و چارەی قەیران بە قەیرانسازی

لە سی ساڵی ڕابردوودا ئێران چەندین قەیرانی ڕیشەیی ڕووبەڕوو بووەتەوە، کێشەی سەرەکیی دەوڵەت ئەوەبوو لەبری ئەوەی قەیران چارە بکات، قەیرانەکانی بەڕێوەبرد و درێژخایەنتری دەکردن، وای لێهات قەیرانی بە قەیرانی نوێ چارەکرد، تەنانەت لە نێو کوڕانی شۆڕشدا دژبەریی زیاتر پەرەیسەند، بۆ نموونە کاتێک باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک و ناڕەزایەتی خودی شۆڕشییەکانی چینی خوارەوە وایکرد شەپۆلێکی دەسخاڵی و هەژارانی وەلائی لە نێو حزبوڵاهییەکاندا لەوپەڕی پۆپۆلیزمدا خۆی دەرخست و بە دروشمی دژی ئەشرافیەت و دژی پۆزی خانەدانێتی و کاسپیکردن بە دینەوە لە لایەن سەرانی شۆڕشەوە دەرکەوت و هەر ئەم شەپۆلە لە هەڵبژاردنیشدا (بە پشتیوانی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی) بۆ دوو خول ئەحمەدی نەژادی کردە سەرکۆمار[٤]، بەڵام نەک قەیرانی درزی نێوان خەڵک و چینی خوارەوە و سەرانی دەسەڵات و چینی خانەدانی دەوڵەتی کەمنەکردەوە بەڵکو فراوانتری کرد و قەیرانی دیکەی لە سیاسەتی دەرەکی و دارایی و گوتاریی دەوڵەتی ناواقیعی و زیاتر بەرزەفڕ و ئامانجگەراتر کرد.

کاتێک باری ئابووریی و گوزەرانی خەڵک خراپتربوو و خۆپیشاندان دەکرا، ئەو بە وروژاندنی پرسی جیاخوازیی کورد و بەلوچ و عەرەب تۆمەتباریی دەکردن و لەمەشدا سەرکەتوو بوو کە خەڵکی فارسی چەواشە دەکرد و لە تورەیی خۆیان پاشگەزدەبوونەوە و لەبەر مانەوەی ئێرانێک کە لەبنجەوە لەسەر بنەمای گوتارێکی سەپێنراو نەک یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانی نێوی بنیاتنرابێت. یان کاتێک لەنێو خۆیدا کەسانی وەک موسەوی و خاتەمی و ڕەفسەنجانی تێهەڵدەچوونەوە و ناڕازییان دەردەبڕی، ئەو بە قەیرانی سیاسەتی دەرەکی خۆی چارەی دەکردن و بە فیتنە و فیتی ئیسرائیل و ئینگلیز و ئەمریکا لەقەڵەمی دەدان. کاتێک پرسی حیجاب و ئازادیی ژنان دەهاتەپێش کە پرسی هەموو پێکهاتەکانە بە سیناریۆی تیرۆریستی و ناشیرینکردنی ڕووخساری دەرەوەی ئێران کۆتایی پێدەهێنا و لە بری چارەسەریی ڕیشەیی و دەستووری، خەڵکی ئێرانی بە تیرۆر و تۆقاندن ناوزەددەکرد و ئەمەش ڕقی نوێی دەچاند. کاتێکیش خۆپیشاندانێکی جەماوەری وەک ئەوەی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ی ژینا ڕوویدەدا، ئیدی لەبری چاکسازیی ڕیشەیی هانای بۆ پرۆئیێرانییەکانی دەرەوە دەبرد تا پارێزگاریی لە کۆمار بکەن بە نانەوەی پەشێوی تێکدانی وڵاتانی دیکە و وڵاتانی بیانی ناچار بکات پشتیوانی خەڵکی نێو ئێران و نەتەوەکانی نەکەن. دەوڵەت بۆ ئەمەش سامان و پارەی خەڵکی لەبری ئەوەی قەیرانێکی پێچارە بکات، دەیدایە وەلائیەکانی عێراق و ئەفغان و یەمەن و لوبنان و سوریە و فەلەستین تا ئێران بپارێزن، ئەمەش چەندین قەیرانی نوێی بۆ سیستەمەکە دەخوڵقاند.

کاتێکیش لە سیاسەتی دەرەکیدا لەبری «بێلایەنی ئەرێنی»، «بێلایەنی نەرێنی» هەڵبژارد و لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکادا هەڵشاخایەوە و لە بری ئەوەی ئاشتبێتەوە، بیری لەوەکردەوە گەر ڕێی پێتاندنی ئەتۆمی موشەکی ناوەکی بگرێتەبەر، ئەوا دنیا ناچاردەکات بێنەوە بەر هەیوانەکەی. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ٢٠٠١ەوە ئەمەش بووە سەرباری قەیرانی تر و سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەکی ئێرانی هێندەی تر پەراوێز خست، کاتێکیش لەبەر ئەتۆم گەمارۆیان خستەسەر، بە پڕچەککردنی گرووپەچەکدارەکانی وڵاتانی جیهانی سێ و ئیسلامی، پەشێوی و نائارامی دروستکرد و بۆ هاوکاریی ئەوانەش مووشەکی دوورهاوێژی بەرهەمهێنا.

هەموو ئەم هەنگاوانەی کە یەکەمجار وەک چارەسەر دەیخستنەڕوو هەموویان بوونە بارتەقای قەیرانی دیکە و دەوڵەت وەک هەمیشە لەهەموویاندا کورتیهێنا و

بوونەوە کارتی فشاری زیاتر لەسەری و بوونە هەوێنی ناڕەزایەتی خەڵک. ئێستا ئێران نەک تەنها قەیرانی دارایی، قەیرانەکانی دیکەشی بۆ جێماوە: دبلۆماسی و پەیوەندی، بەخێوکردنی پرۆکانی، لێچوونی سەربازیی و تەکنۆلۆجیای زیرەک، دراوی وڵاتەکەی، پرسی ئەتۆم، دەسهەڵگرتن لە موشەک، گەمارۆکان، وازهێنان لە پرۆکانی، کێشەی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری، مەسەلەی مافی مرۆڤ و بەشداریی سیاسی...تاد. دەبێت هەموو ئەمانە وازلێبهێنێت! ئایا دەتوانێت؟ بێگومان نەخێر چونکە وازهێنان لەمانە واتە کۆتایی دەسەڵات و گووتار و پشتێکردنی جەماوەرەکەی.[٥]

هەموو ئەم هەنگاوە قەیرانسازانەشی لە چوارچێوەیەکی دەستووری و گووتاری هەناردەکردنی شۆڕشدا رێکخست و وەک باوکی هەژاران و ستەملێکراوانی دنیا خۆی ناساند و ڕوحوڵا خومەینی لە کۆبوونەوەی قوتابخانەی فەیزیە لە مانگی دوانزەی ١٩٧٩دا وەک ڕێبەری شۆڕشەکە چەندین جار بەڵێنی زۆری بە هەژاران و هاووڵاتیانی ئێران و هەژاران دا کە دەبێت ژیانیان خۆشگوزەران بکات و نابێت بە کەم ڕازی بن![٦]، بەڵام هەنووکە هاونیشتمانییەکانی خۆی پێ تێرناکرێت و هەردوو چینی ناوەند و خوارەوە و سەرجەم پێکهاتە نافارسەکان ناڕازین و وڵاتانی هەرێمایەتی و ڕۆژئاوایش هەروا ناتەبان لەتەکیدا.

ئێستا پاش دەسخاڵێتی لە گوتاردا، بەڵێن و دروشمەکانی لە خۆشگوزەرانکردنەوە گۆڕیووە بۆ ئەوەی بڵێت گەر ئەم سیستەمە بڕوخێت ئەوا بەعێراقیبوون و بەسوریابوونی ئێران چارەنووستان دەبێت، لەکاتێکدا هەردوو وڵاتەکە خۆی بەو دۆخەیدا بردن لە ڕێگەی وەکیلەکانیەوە.

بەرەو شۆڕش

دۆخی ڕوودانی شۆڕش هەمیشە وا دێتە بەرچاو کە ڕووناداتە و سەختە، هەر خودی پێشبینیکردنی شۆڕش خۆی جۆرێک دژواری تێدایە و ئاسان نییە، ئەمە نەک بۆ ئێران بۆ زۆر شۆڕش و جوڵانەوەی دنیا ڕاستە، بۆ نموونە کاتێک قەیسەری ڕووس ١٩١٧ لە ژێر فشاری خەڵکدا وازی لە تەخت هێنا خودی لینین و ترۆتسکی و بوخارین لەدەرەوەی وڵات بوون و لینین لە زوریخ بوو، ئەو ڕۆژە بە ژنەکەی (کرۆپسکایا) وتووە: «سەیروسەمەرەیە، ئەسڵەن ناتوانم باوەڕ بکەم»، لە کاتێکدا لینین خۆی ڕێبەری شۆڕشی ١٩١٧ بوو!(لنین، زندگی انقلابی سرخ، نوشته رابرت سرویس، ترجمه بیژن اشتری، نشر ثالث، ص.٣٢٧)[٧]، ئەمە هەر بۆ لینین ڕاست نییە، بۆ ناپلیۆن زۆر ڕاستترە

و ئەویش بەشدارێکی دیاری شۆڕشی فەرەنسی نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی لە میسر گەڕایەوە و داگیرگەکانی فەرەنسای جێهێشت و گەڕایەوە پاریس و خۆی کردە پاشای شۆڕش.

بەڵام خودی ئەو کتوپڕیەی شۆڕش خۆی جۆرێک لە ئەگەر و گومانەکان و ئاگاداربوون لە دۆخی شۆڕش نزیک دەکاتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی زەمینەکانی تورەیی پچڕپچڕ بەڵام زنجیرەیی و پەیتاپەیتا سەرهەڵدەدەن و سەرکوت دەکرێن، ئیتر دیدگا جیاوازەکانی نارەزاییەکان گەرچی زۆر دووریش بن، یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە: ڕەتکردنەوەی دۆخی هەنووکە. ساڵی ١٩٧٩ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی چەپ و ڕاست و ئیسلامی و سیکۆلار و فارس و نافارسی کۆکردەوە، خودی سیاسەتەکانی شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) بوو کە وەک خاڵی کۆکەرەوە هەموو نەیارە ناتەباکانی کردە یەک و یەک ئامانج: تەنها ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە خودی سەرکەوتنە. هەر واش بوو تا چەند ڕۆژەکانی دوایی مانگی بەهمەن وادەزانرا شا نارووخێت.

لە پاش جوڵانەوەی بەرفراوانی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)یەوە تا ئێستا چ بە بێدەنگبوون و هاواری شەقام بێت، چ بە دەستشلکردن و توندکردنی حکومەت بەرامبەر ئازادییە تاکییەکان و مافەکانی مرۆڤ و چ بە گورزوەشێنیە ١٢ ڕۆژییەکەی ئیسرائیلیشەوە بۆ سەر ئێران، خەڵکی ئێران لە ڕێی ئەم جوڵانەوەیەوەیە کە زۆرێک بە شۆڕشی ژینا ناوی دەبەن[٨]، گۆڕانکاریی ڕیشەییان لە دیدگای خۆیان و مانابەخشینەوە بە جوڵانەوە و توانای خۆیان بۆ دەرکەوت، سازشی نەنووسراو و کشانەوەی زۆریان لە سەران و دامودەزگا و شلکاریی کۆماری ئیسلامیشدا بینی، جوڵانەوەی ژینا گۆرانکاریی قوڵی لە زەین و ڕەفتاری هاوڵاتیان لەلایەک و لە خودی دەسەڵاتیشدا دروستکرد کە ئایا بگەڕێتەوە و سازشی تەواو بکات، یان درێژە بە ڕێگای سەرکوتکاری بدات؟

خەڵکی ئێران پاش ژینا و هەنووکە بەدوای واتابەخشینەوەیە بە چەمکەکانی نارەزایەتی و خواست و ئایندەبینیەکانی وا ڕێکدەخات، بەرەو یەکگوتاری و خۆڕێکخستنەوەی زیاتر دەچن دەنگی سەروحزبی و کوتلە و جەمسەرەکان کە کۆمەڵگایە بەرزرە سەران و سەرکردە کلاسیکیە ئۆپۆزسیۆنەکان. گەر ڕاپرسییەکان نێو ئێران و جوڵانەوە و زنجیرە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان و کۆچی بەردەوامی جێهێشتنی ئەو وڵاتە و ڕەخنە خۆییەکانی سەرانی کۆماریی ئیسلامی لە خۆیان و جوڵەی نوێی هێزە ئۆپۆزسیۆنە سیاسیی و شوناسخوازەکانی وەک کورد و بەلوچ و عەرەبی ئەم

دووساڵەی ڕابوورد لەبەرچاوبگرین، دەزانین کۆماریی ئیسلامی گوتاری مانەوەی لە مەیدانی سیاسەتدا لەدەست دەرچووە و گەر نارەزایەتیش نەبێت و لەدەرەوەش لێی نەدرێت، دیسانەوە هەر گوتارەکە ساڵانێکە توانای وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی نەماوە و ئەوەی بەدەستیەوەتی جوگرافیا و سامان و دەزگا دەوڵەتییەکان و سوپایەکی وەلائی و هەواداره نائێرانیەکانن، ئایا ئەمانە دەتوانن بەرگری لە کۆماری ئیسلامی بکەن؟

ئێستا لە هەمووکات زیاتر ئامانجی خۆپیشاندەران و بەرژەوەندیی ئەمریکا(سیاسی و بازرگانی و ئابووری) و ستراتیژی ئیسرائیل(نەهێشتنی هیچ دەوڵەتێکی مەرکەزی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست) و بەرژەوەندی ئەکتەرە هەرێمییەکانی وەک (عێراق و هەرێمی کوردستان، کەنداو، تورکیا، سوریا، لوبنان، ئەردەن) لە یەک نزیکن، مەرج نییە هەموو لەگەڵ ڕووخاندندا بن، بەڵام هەمووان لەگەڵ لاوازکردنی زیاتری ئێراندان، گەر ئەم فاکتەرانە لەبەرچاوبگیرێن، ئەوا لەوە تێدەگەین لەئەگەری بەردەوامی خۆپیشاندان و هاوکات وەشاندنی گورزی دەرەکی لە حکومەت و پەلاماردانی ئێران، دۆخەکە لەبەردەم سێ سیناریۆ خۆی دەبینێتەوە:

- سیناریۆی عێراقی ١٩٩١ و نیوەگیانکردنی کۆماری ئیسلامی و بووژاندنەوەی پێکهاتەکانی بۆ دروستکردنی دیفاکتۆی نەتەوەیی و پاشان بەدەستووریکردنیان لە قۆناغی ئایندەدا و بەرەو لامەرکەزییبردنی.

- سیناریۆی کودەتا: کە ئەمە بۆ نەتەوەکانی وەک کورد و بەلوچ و عەرەب مەترسیدا دەبێت و دوور نییە هاوپەیمانێتیەکی پانئێرانیەکان و ڕیفۆرمیستەکان و سەڵتەنەتەییە شاهیەکان بێنەپێشەوە و دیسانەوە هەمان پەراوێزکردنی پێکهاتەکان دووبارە دەبێتەوە و دەبێت پەنجاساڵی دیکە لەژێر ستەمدا بەرخودان بکەنەوە.

- پەشێوی سەرانسەری و کەوتنی تەواوەتی ڕژێم و دروستبوونەوەی دیفاکتۆی ناپەیوەست بە مەرکەزەوە وەک سەرەتای بیستەکان و چلەکان...

کە دەکرێت بۆ هەریەکە لەم سیناریۆیانە سیناریۆی لاوەکیی دی و وردەکاریی و پێچاوپێچی هەیە و لێرەدا کاتی باسکردنیان نییە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١ . مجموعـەی از نویسـندگان(١٣٨٤): انـقلاب اسلامـی و چرایـی و چگونگـی رخـداد آن، چـاپ جهـل و پنجـم، دفتر نشر معـارف، تهـران، ص٢٧.

٢ . بڕوانـە: هـەردی مەهـدی میکـە(٢٠٢٢): ئێراننامە(سیسـتەم، سیاسـەت و کولتـوور)، چاپـی یەکـەم، درەومیدیـا، چاپخانـەی پانـدا، سـلێمانی، ل٢٢-٣٣.

٣ . وحیـد پوراسـتاد(١٤٠٣): چگونـه اعتراض‌هـای کوچـک دهـهٔ ٧٠ سرانجـام بـه سراسر ایـران رسـید؟، سـایت رادیـو فـردا، نشر: ٤/مهـر/١٤٠٣، تاریـخ دسترسـی: ٢٠٢٦/١/١٤، لینـک: https:// www.radiofarda.com/a/protests-in-iran-1992-2022/33132497.html

٤ . **بهـزاد کشـمیری‌پور**(١٣٩٤): ظهـور و سـقوط احمدی‌نـژاد، رئیـس جمهـور مطیـع و محبـوب خامنـه‌ای، سـایت دویچـه تـی وی، نشر:٤/١٣٩٤/٢، دسترسـی: ٢٠٢٦/١/١٤، لینـک: IOITZ/at.shorturl//:https

٥ . بی.بی.سی.فارسـی(٢٠٢٦): آیـا حکومـت ایـران بـه «پایـان راه» خـود رسـیده اسـت؟، سـایت بـی بـی سـی فارسـی، نشر: ٢٠٢٦/١/١٤، دسترسـی: ٢٠٢٤/١/١٤، لینـک: https://www. bbc.com/persian/articles/c5yvg2w36lqo

٦ . سـایت رایـگاه(١٣٨٨): مگـر امـام نگفـت آب و بـرق را مجانـی مـی کنیـم؟، سـایت رایـگاه (نسـخه قدیمـی)، نشر: ١٧بهمـن١٣٨٨، دسترس: ٢٠٢٦/١/١٤، لینـک: https://raygah.blogfa. com/post/208

٧ . بهـزاد مهرانـی(١٤٠٤): آیـا در ایـران انـقلاب می‌شـود؟، بـدون تاریـخ نشر، دسترسـی: ٢٠٢٦/١/١٤، لینـک: https://www.fereydoun.org/reflections/94854

٨ . آرمـان امیـری(١٤٠٤): آیـا ایـن یـک انـقلاب اسـت؟ سـایت ایـران امـروز، نشر: ٢٤دی١٤٠٤، دسترسـی: ٢٠٢٦/١/١٤، لینـک: https://www.iran-emrooz.net/index.php/ /politic2/more/103071

مافیاکانی ئاوی ئێران:

حوکمڕانی، کەشوهەوا و سیاسەتی مانەوە

توێژەر: کارزان عەدنان حمەسعید

بەرایی

ئێران لەسەر ڕووبەری١,٧٥ ملیۆن کم٢ یە و نزیکەی ٣٥٪ ناوچەی بیابانە، کە کەمترین بڕی باران بارینی لەنێوان ٥٠- ٦٠ ملم ساڵانەیە لە (دەشتی کەویر و بیابانی لوت) هەروەها نزیکەی ١٦٪ی وڵاتەکە لەناوچەی شاخاویەکانە کە بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا زیاترە لە ٢٠٠٠ مەتر و تێکڕای باران بارینی ساڵانەی ئەو ناوچانە وەك (ڕەشت) زیاترە لە ٢٧٥٠ ملم لە ساڵێکدایە. ئێران بەگشتی تێکڕای دابارینی باران بەهۆی زاڵبوونی کەشوهەوای وشك و بیابانی لەساڵێکدا لەنێوان ٢٣٥ – ٢٥٠ ملیمەترە. لە ئێستادا وڵاتەکە ڕووبەڕووی یەکێک لە توندترین ئاستەنگە ژینگەیی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی دەبێتەوە، ئەوەش گرفتی کەمئاوی یان بە واتایەکی دیکە شکستی سیاسەتی ئاوی نیشاندەدات. هەرچەند قەیرانەکە نوێ نییە، بەڵام پانتایی کاریگەرییەکەی گەیشتووەتە پارێزگاکانی باکووری وڵاتەکەش کە تێکڕای باران بارینیان لە ٢٠٠٠ ملم زیاترە. ئێستا بەرپرسانی باڵا دان بەوەدا دەنێن کە دەیان ساڵە بڕیاری خراپ و بەکارهێنانی بێ کۆنترۆڵ وڵاتەکەی گەیاندووەتە لێوار. سەرۆک مەسعود پزیشکیان لەم دواییانەدا دانی بەوەدا نا کە «هەڵەکانی ڕابردوو» بژاردەی کەمی لەبەردەم ئێراندا هێشتووەتەوە، پرسی چۆڵکردنی تارانی پایتەخت کە ساڵانێکە لەژێر لێوە، لەم ساڵدا کەوتە سەر زاری گەورە بەرپرسان و مشتومڕی تەواوی ناوەندەکانی وڵات. عیسا کەلانتاری جێگری پێشووی سەرۆک و بەرپرسی ئاژانسی ژینگەی ئێران هۆشداری دا لەوەی وشکەساڵی «مەترسییەکی مەترسیدارتر لە ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دروست دەکات». بە گەڕانەوە بۆ شارستانییەتە دێرینەکانی ئێران بەڕوونی دەردەکەوێت گەلانی ناوچەکە خۆیان لەگەڵ کەمئاویدا گونجاندووە، ئەوەش بە ڕێگای گواستنەوەی ئاو لە ڕێگەی کارێزەکان کە لە ئێراندا بە (قەنات) ناو دەبرێن. بەهۆی هاتنی تەکنۆلۆژیا و لێدانی بیری قووڵ، وردە وردە قەناتە ئاوییەکانیش ئاوەکانیان کەمی کرد. هەروەها بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و گەمارۆ ئابوورییەکان و سیاسەتەکانی زامنکردنی ئاسایشی خۆراک، چەندین بەنداوی گەورە لەسەر ڕووبارە هەمیشەییەکان بۆ گلدانەوەی ئاو دروستکران. ئەمەش بووەتە هۆی وشککردنی ڕووبارە هەمیشەییەکان و تێکچوونی ئێکۆسیستەمی ناوچەکە، دەرەنجامەکانی ئەم سیاسەتەش لە هەموو بوارەکاندا دیارە کە چۆنە؟

ئەم دوو گۆڕانکارییەی سەرەوە، لە یەک کات دا بووە هۆی خاڵی کردنەوەی حەوزی ڕووبارەکان و کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی بۆ ئاستی زۆر مەترسیدار، لە لایەکی دیکەش کۆکردنەوەی ملیاران مەتر سێجا ئاو لە پشتی بەنداوەکان لە کەشوهەوایەکی گەرمی وەک ئێراندا جگە لەوەی بووەتە هۆی بڕینی سەرچاوەی ئاوی چەندین کانی و ڕووبار، ساڵانە نزیکەی ٣٠ ملیار مەتر سێجا ئاو لە پشتی ئەم بەنداوانە دەبێتە هەڵم

هەرچەندە کابینە یەک لەدوایەکەکانی حوکمڕان لە ئێراندا بە شکستی بەڕێوەبردنی ئاو یەکتر تۆمەتبار دەکەن، بەڵام بەڕای شارەزایانی بوارەکە هۆکارەکە تەنیا سیاسەتی کابینەیەک و هەڵەی کابینەکانی پێشتر نییە، بەڵکو مەسەلەی ئیفلاسبوونی ئاوی ئێران پەیوەندی بە (مافیای ئاو) هەیە. دکتۆر محەمەد پاپلی یەزدی پسپۆڕی ئاو و مامۆستای زانکۆی مەشهەد یەکەمین کەس بوو لە ساڵی ٢٠١٥ ڕۆڵی مافیای ئاوی لە پشت پەردەوە ئاشکرا کرد و گوتی "مافیایەکی زۆر ئاڵۆزی ئابووری ئاو لە ئێراندا دروستبووە، ئەم مافیایە ئەوەندە ئاڵۆزبووە، وەک ماسییەک لە ئاودا مەلە دەکات و وەک ئێمە کە لە هەواداین و لە مانای هەوا تێ ناگەین... ئێمە لە مانای ئەو مافیایە تێ ناگەین، چونکە ئێمە لە ناوەوەی نین، بەڵکو ئێمە یاری دەستی مافیاکانین. ئەو پێیوایە مافیاکانی ئاو قازانجیان لەوەیە کە سەرجەم سێکتەرەکان ئاوی لە ڕادەبەدەر بەکاربهێنن، تاکو بتوانن سوودی لەڕادەبەدەر لە سامانی ئاوی ئێران، دروستکردنی بەنداو، لێدانی تونێل و گواستنەوەی ئاو وەربگرن. یان بە پشت بەستن بە ئاوی بەنداوەکان کارگەکانی دروستکردنی ئاسن و پۆڵا و پیشەسازییە قورسەکان لە ناوچە بیابانیەکاندا دابمەزرێنن. تەنانەت پێیوایە لەقوڵایی قەیرانەکانیشدا مافیاکانی ئاو لەرێگەی پڕۆژەکانی شیرینکردنی ئاوی کەنداو، پلانیان بۆ خۆدەوڵەمەند کردن و فریادڕەسی نیشتیمان هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە دیاریکراوی لە هۆکارەکانی شکستی بەڕێوەبردنی ئاو و کاریگەری سیاسەتەکان و قەیرانەکان و زاڵبوونی مافیاکانی ئاو و سەرەتای گرفتەکە و دەرەنجامەکانی بە کورتی بکۆڵینەوە کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی وشکبوونی چەندین ڕووبار و بەدوایدا لە بری ئاو دەریاچەکانی خوێ لە پانتاییەکی فراواندا چەندین گرفتی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لێ کەوتووەتەوە.

قەناتە ئاوییەکان

بەو پێیەی شوێنی ئێران لە پشتێنەی وشک و نیمچە وشکدایە لە مێژە تەحەدای بۆ دروستبووە. ئێران خاکی ڕووبارە تووڕەکان نییە، بەڵکو خاکی "ئاوە شاراوە پەنگخواردووەکانە". قەنات، یان کارێز، تەنیا پێکهاتەیەکی ئەندازیاری نییە؛ سیستەمێکی ئاڵۆزی ئابووری-کۆمەڵایەتییە کە سەدان ساڵە ڕێگەی بە ئێرانییەکان داوە خۆیان لەگەڵ کەشوهەوای وشکدا بگونجێنن. بە پێچەوانەی بەنداو و بیرە قووڵەکانەوە کە دژی سروشت شەڕ دەکەن، قەنات لەگەڵ سروشتدا «کارلێک» دەکات

بۆ چەندین سەدە، ئێرانییەکان بۆ ئاودێری و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان پشتیان بە قەناتەکان بەستووە، کەناڵە ئاوییەکانی ژێر زەوی کە ئاوییان بە کەمترین هەڵمبوون دەگواستەوە، بوونە سەرچاوەی سەرەکی پشتبەستنی دانیشتوان، ئەو ناوچانەی کە هاوتاکانیان لە وڵاتانی دیکەدا ژیان کردن تێیدا ئەستەم بوو، لە ئێراندا بەهۆی قەناتەکانەوە شانبەشانی ئەو ژیارانەی کە لە کەنار ڕووبارەکاندا هەڵکەوتبوون، گەشە بکات. قەناتەکان بڕبڕەی پشتی ئابووری کشتوکاڵی لە فەلاتی ناوەڕاستی ئێران بوو. ئەگەر قەناتەکان نەبووایە هەرگیز شارەکانی وەک یەزد و کرمان و گۆناباد و بەشێکی گەورەی خوراسان و ئەسفەهان دروست نەدەبوون.[1] قەناتەکان هێزی کێشکردن بە کاردەهێنن بۆ هێنانی ئاوی ژێرزەوی بۆ سەر ڕووی زەوی. تایبەتمەندیە شاکارەکەی ئەوەیە کە تەنیا ئاوی سەرڕێژ بۆ سەر زەوی دەگوازێتەوە و هەرگیز نابێتە هۆی خاڵیکردنەوەی عەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی (بە پێچەوانەی بیرە قووڵەکانەوە). قەناتەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سۆسیالیزمێکی نەریتی دروست کردبوو، بەو واتایەی جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم قەناتەکان موڵکێکی کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام خانەدانەکان کە خاوەن زەوی و دەسەڵاتێکی ئابووری بەهێز بوون، ڕۆڵیان هەبوو لە نۆژەنکردنەوە و پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانی قەناتەکان .بەهۆی سیستەمی دابەشکردنی بەپێی (پشک) و (جێ قەنات) وایدەکرد کە چەندین جووتیار و وەرزێر بەشداری کارا لە پاراستن و پەرەپێدانیدا بکەن، ئەمەش کاریگەری لە دروستبوونی هاودەنگی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکرد. پێش هاتنی حکومەتە مۆدێرنەکان و هاتنە کایەی یاسا بیرۆکراتییەکان، ئێران خاوەنی

یەکێک لە باشترین یاساکانی نەریتی بواری ئاو بووە لە جیهاندا، (لەوانە یاسای سنوور یا حریم The Law of Harim (کە گرنگترین بنەمای ئەم نەریتە تەقلیدیە ئەوەبوو تایبەتمەندێتی بە قەناتە ئاوییەکان دەدا و کەس مافی ئەوەی نەبووە لە نزیك قەناتێك یان سەرچاوەی ئاوی قەناتێکدا، قەناتێکی دیکە لێ بدات، بۆیە زۆرجار چوارچێوە یان سنووری پارێزەری قەناتەکان ڕەنگە بۆ چەند کیلۆمەترێك درێژبووبێتەوە. هەروەها تۆماری (شێخ بەهائی) نیشان دەدات کە چۆن سەدەیەک لەمەوبەر دابەشکردنی ئاو بەپێی عەدالەت و کەش و هەوا و پێویستی کشتوکاڵ بووە، نەک فرۆشتن و سەوداگەری بە ئاوەوە. هەروەها یاساکانی وەقف ڕێگری لە فرۆشتنی ئاو دەکرد و ئەم کاڵایەی بۆ سەرچاوەی خۆشگوزەرانی گشتی یان کشتوکاڵی دیاری کرد بوو[٣]. بەڵام کارەساتی قەناتەکان بە هاتنی دەوڵەتە نوێیەکان و گۆڕانی پێکهاتەی حوکمڕانی ئاو دەستپێکرد. دەستتێوەردانەکانی حکومەت لە سێ قۆناغدا شکستی بە قەناتە ئاوییەکان هێنا. لە قۆناغی یەکەمدا چاکسازییەکانی زەوی لە ساڵانی ١٩٤٠ کە دەستی پێکرد، سیستەمی خانەدان و وەرزێر نەما، هەرچەند بە ڕواڵەت ئەمە لە بەرژەوەندی جووتیاران بوو، وای کرد بوونە خاوەنی زەوی خۆیان بەڵام بۆشاییەکی گەورەی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی قەناتەکاندا دروست کرد. خانەدانەکان تێچووی فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەیان لە ئەستۆ دەگرت، ئیدی جووتیاران هەماهەنگی و ئەو توانا داراییەیان نەبوو بۆ ئەو پرۆسەیە. قۆناغی دووەم هاتنی تەکنۆلۆژیا و پەمپ و بیرە قووڵەکان بوو، بە شێوەیەک پێش هاتنی شۆڕش و پاش شۆڕش، ئەم تەکنەلۆژیایە بەهێمای پێشکەوتن دادەنا. بۆ ئەو مەبەستە چەندین یاسا دەرکران کە هانی هەڵکەندنی بیری قووڵ و کڕینی ماتۆڕ و پێدانی قەرز و هتد دەکردەوە. بەمەش هەر لەنزیک قەناتەکانەوە چەندین بیری قووڵ لێدران و پێشێلی ئەو نەریتە کۆنانە کران کە بووبوونە هۆی پاراستنی سەرمایەی ئاویی، پەمپەکان بە خێراییەکی زۆر ئاویان دەردەکرد و قەناتەکان یەک لەدوای یەک وشک بوونەوە. قۆناغی سێیەم بریتیە لە بە نیشتمانیکردنی ئاو لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا کە ئەویش بریتیبوو لە گەڕاندنەوەی خاوەنداریەتی ئاوەکانی ژێرزەوی بۆ دەوڵەت، بەمەش چەندین بیری قووڵ لێدران و حکومەت نەیدەتوانی

کۆنترۆڵی دەشتە بەرفراوانەکان بکات و چەندین کاری نایاسایی و بیری بێ مۆڵەت بە یەکجاری تیری خۆیان لە قەناتە ئاوییەکان دا و وشکیان کردن. هەموو ئەمانەش بە ئامانجی خۆبژێوی بوو لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. [٤]

بە گشتی ٩٢٪ی ئاوی ئێران بۆ بواری کشتوکاڵی بەکاردێت، ٥٢ لە سەدی ئەو ڕێژەیە لە ئاوی ژێرزەویەوە دابین دەکرێت. بەمەش ئێران لە پاش هند لە ڕیزبەندی دووەم وڵاتدایە لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خواردەمەنی، ئێران بە نزیکەیی ١٥,٤٪ ئاوی ژێرزەوی جیهان لە بواری کشتوکاڵی و ئاودێریدا بەکاردەهێنێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (١) کە زۆرترین بڕی بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری کشتوکاڵی بە بەراورد بە پیشەسازی و بەکارهێنانی بۆ خواردنەوە و پێداویستییەکانی دیکە، بەکارهێناوە. [٥]

بۆیە بە گشتی قەناتەکان نوێنەرایەتی ئەو تێ فکرینانەی دەکرد کە دەیگوت (بە ئەندازەی توانای سروشت ئاو بە کار بێنە تا زیندوو بمێنیتەوە) بەڵام دەستتێوەردانەکانی حکومەت و گۆڕینی یاساکان نوێنەرایەتی ئەو بیرکردنەوانەیان دەکرد کە دەیگوت (تا دوا دڵۆپ ئاو دروێنە بکە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ قازانج بکەیت، داهاتوو گرنگ نییە)



Figure 1 تێکڕای بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکاڵ بە ملیار مەتر سێجا

لە بەنداوسازییەوە بۆ گواستنەوەی ئاو

هەر وەک چۆن لێدانی بیرە قووڵەکان بوونە هۆی لەناوبردن و وشککردنی سەرچاوەی سەرەکی ئاوی قەناتەکان، دروستکردنی دەیان بەست و بەنداوی ئاویی چەندین گرفتی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدوای خۆیدا هێناوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا تێکڕای دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی لەڕێگەی بیرە قووڵەکان گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و نزیکەی ٨٠ لە سەدی ئاوی نوێ بووەوە بە پەمپ دەرهێنراوە. لە کاتێکدا ستانداردی جیهانی ٢٠ لەسەدە و لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت ٤٠ لە سەد تێپەڕ بکات. لە ئەنجامی ئەم دابەزینە ئاویە لە حەوزەکانی ژێرزەویدا، پەرە بە سیاسەتی دروستکردنی بەنداو بە شێوەیەکی نا زانستی و حیساب نەکردن بۆ ژینگە و توانای ڕووبارەکان دراوە.[٦] لەم ڕووەشەوە ئێران ژمارەیەکی پێوانەیی لە جیهاندا تۆمار کردووە. ئەگەرچی ئەم بەنداوانە لەسەر ڕووبارە گەورەکان هەندێکیان وەک ژێرخانێکی گرنگی ئابووری دادەنرێن. بەتایبەت ڕووبارە گەورەکانی وەک کارون، کەرخە، زایندەروود، دز و سیروان. بەڵام لەسەر ئەم ڕووبارانە چەندین بەنداوی گەورەی وەک گتوند، کارون دوو، سێ، چوار و چادگان و هتد بنیاتنراون. بەبێ حیساب کردن بۆ دەرەنجامە ژینگەییەکانی و کاریگەرییە نەرێنییەکان. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی پارامیتەرە نوێیەکان کەشوهەوای ئێران گۆڕانکاری بەرچاوی لە ٥٠ ساڵی کۆتاییدا بە خۆییەوە بینیوە و لە هەر دەیەیەکدا ٠,٤ پلەی سەدی پلەکانی گەرما بەرزبوونەتەوە. ئەمەش بە واتای بە هەڵمبوونی زیاتری ئاوی پشت بەنداوەکان دێت،(٧) و بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی فاو لە ساڵی (٢٠٢٥) مەزەندە کراوە ٦٦ لەسەدی دابارین پێش گەیشتنی بە ڕووبارەکان بووەتە هەڵم[٨] لە سەردەمی ڕژێمی محەممەد ڕەزا پەهلەوی ئێران تەنیا خاوەنی ١٣ بەنداو بووە، لە پێش شۆڕشی ئێران تەنیا ٥٧ بەنداو بوونیان هەبووە، بەڵام ژمارەکە لە ئێستادا بۆ نزیکەی ٧٠٠ بەنداوی گەورە بچووک لەسەر ڕووی ڕووبارەکان زیادکراوە.

زۆرێک لە توێژەرانی ئاو و لێکۆڵینەوەکان پێیان وایە گرفتی ئاو لە ئێران تەنیا پەیوەندیدار نییە بە وشکەساڵی و کەمی دابارین، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ داتا ئامارییەکان تێکڕای ساڵانەی دابارینی ئێران لە نێوان ساڵی (١٩٢٠ – ٢٠٢٤) لەنێوان ٢٣٥ – ٢٥٠ ملم ساڵانە بووە، بڕوانە وێنەی ژمارە (٢) کە تێکڕای ڕێژەی باران بارین لە

١٠٠ ساڵی ڕابردوو نیشان دەدات. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئێران بە گشتی وڵاتێکی وشکە. سەرەڕای ئەم سروشتە زاڵە، دەرەنجامەکانی چەندین لێکۆڵینەوە ئاماژە دەکەن بەوەی گرفتەکە هێندەی پەیوەندی بە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو هەیە لەسەر زەوی و ژێرزەوی، هێندە پەیوەندی بە (ئاسمانەوە) نییە.



Figure 2 تێکڕای قەبارەی داباریی بە ملم لە نێوانی ساڵی (١٩٢٥ - ٢٠٢٤)

ڕۆڵی دەوڵەت و دامەزراوەکانی لە ئیدارەدانی ئاودا لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی لاوەکی و تا ڕادەیەک پەنهان و نهێنی وەرگرتووە. لەو ناوەندەدا ڕۆڵی چەندین دامەزراوەی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی ئاو لەلایەن دامەزراوەکانی ناحکومی زیاتر لەم ساڵانەی دواییدا ئاشکرابوو، کە لەڕێگەی چەندین کۆمپانیای ئەندازیاری و بەڵێندەرایەتی، توانیان لۆبیەکی گەورە لەنێو دامەزراوە فەرمییەکانی وەک وەزارەتی وزە و پەڕلەمان و ڕاگەیاندن و هتد دروست بکەن بە تەرخانکردنی بودجە زەبەلاحەکان لە دروستکردنی بەنداو و کۆنترۆڵکردنی ئەو بودجانە لەلایەن دامەزراوەکانی وابەستە. لێرەدا ڕۆڵی مافیای ئاو کە پاشتر باسی دەکەین بە ئاشکرا دەرکەوت.(٩) لە لایەکی دیکە گەمارۆ یەک لە دوا یەکەکان و قەیرانە دارایییەکان و سیاسەتی پشت بەستن بە بەرهەمە ناوخۆییەکان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و خۆماڵیکردن لە تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا، ئێران ڕووی کردە بەکارهێنانی تەواوەتی سەرچاوە ئاوییەکان و پشت بەستن بە ئاوی سەر زەوی و گلدانەوەی. ئەمەش لە پاش دابەزینێکی

گەورە لە حەوزە ئاوییەکانی ژێرزەویدا هات.

بێ گومان دروستکردنی دەیان و بگرە سەدان بەنداوی ناپێویست کاریگەری خراپی لەسەر ژینگە و تێکچوونی ئێکۆسیستەمی ناوچەیی هەبووە. لە گرنگترین ئەو دەرەنجامە نەرێنییانەی کە هاتوونەتە کایەوە دەتوانین بڵێین بریتین لە مانەی خوارەوە.

١- کەمکردنەوەی ئاستی لە بەر ڕۆیشتنی سروشتی ئاوی ڕووبارەکان: کاتێک بەربەستێکی گەورە ئاوێکی زۆر لە پشتی خۆیەوە گل دەداتەوە، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ڕووبار و سەرچاوانەی کە دەکەونە بەردەمی و دەبێتە هۆی وشککردنی سەرچاوەی ئاودارکردنیان. سەدسازی لە ئێران بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنە زانستییەکان بووەتە هۆی وشککردنی ئاوی چەندین ڕووباری هەمیشەیی یان کەمکردنەوەی بۆ ئاستێکی مەترسیداری ژینگەیی بەتایبەت ڕووباری زایندەروود لە فلاتی مەرکەزی ئێراندا.

٢- وشککردنی دەریاچە و گۆماوەکان: بەنداوەکان دەبنە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی حەوزی ئاوی ئەو ڕووبەرە ئاوییانەی کە بە شێوەیەکی سروشتی خۆیان نوێ کردووەتەوە. لە دەرەنجامدا چەندین گۆمی گەورەی وەک ورمێ گرفتێکی گەورەی ژینگەیی لەدوای وشکبوونی بەجێ هێشتووە.

٣- داماڵینی زەوی و داتەپینی خاک: لە ئەنجامی دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی لە لایەک و کۆکردنەوەی بارستەیەکی گەورەی ئاو لەسەر زەوی، بێگومان پەستانێکی گەورە لەسەر ئەو چینانەی ژێرزەوی دروست دەبێت و دەبێتە هۆی ڕۆچوونی مەترسیداری خاک، کە ئەم گرفتە بواری گەڕانەوەی بۆ هەمیشەیی لە دەست دەدات. دیاردەکە لە ئێراندا نزیک بووەتەوە لە سەنتەری شارستانیتە کۆنەکان و تەنانەت مەترسی لەسەر شارە گەورەکانی ئێستاش دروستکردووە.

٤- بەرزکردنەوەی ڕێژەی بە هەڵمبوون: گلدانەوەی ئاوێکی زۆر لە بارودۆخی گەرمی ئێراندا، جگە لە گۆڕینی ئاو بۆ هەڵم، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەکانی گەرما و گرفتی ژینگەیی ناوچەیی لە نزیک بەنداوەکاندا دروست دەکات. سەرەڕای نیشتەمەنیەکی زۆر لەنێو بەنداوەکاندا کە خۆی یەکێکە لە گرفتەکانی دیکە.

٥- لە هەمووی گرنگتر دروستبوونی ناکۆکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزبوونی زیاتری

لەپاش تەواوکردنی بەنداوەکان، کاریگەری نەرێنی لەسەر گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خوارەوە هەبووە. چونکە گرووپە باڵادەستەکان لەڕێگەی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو بڕیاردەرەن کە چ گوندێک دەبێت ئاوەدان بکرێتەوە و خاکەکەی بەراو بکرێت، هەروەها چ گوندێکیش دانیشتوانەکەی بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی ئاوی کشتوکاڵی بە ناچاری کۆچ بکەن و کاولکاری ژینگەیی تەنیا پشکیان بێت. بێگومان ئەمەش چەندین دەرەنجامی دیکەی وەك کۆچکردنی دانیشتوان و زیادبوونی دانیشتوانی شارنشین لێکەوتۆتەوە کە لە ئێستادا بێکاری گەورەترین گرفتە کە هاوڵاتیان ڕووبەرووبیان بووەتەوە و ئەمەش چەندین گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی دیکەی هێناوەتە ناو کۆمەڵگەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٣) کە بەرزبوونەوەی پێوانەیی ژمارەی دانیشتوان نمایشدەکات بەشێوەیەك لە ١٣ – ١٤ ملیۆن لە دەیەی پەنجاکانەوە بۆ نزیکەی ٩٣ ملیۆن لە ٢٠٢٥ دا بەرزبۆتەوە. هاوکات لەو ژمارەیە زیاتر لە ٧٥٪ی لە دانیشتوانی شارنشین پێکدێت [١٠].



Figure 1

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ئێران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشین لەنێوان (١٩٥٥ -٢٠٢٥)

مافیاکانی ئاو

لە نیو سەدەی ڕابردوودا سیاسەتی پەرەپێدانی ئێران بۆ ئاو لەسەر بنەمایەکی نازانستی و حساب نەکردن بۆ سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری حەوزەکانی ئاوی ژێرزەوی ئاڕاستە کراوە. ئەمەش لە ژێر کاریگەری تۆڕەکانی بەڵێندەران و کۆمپانیا ئەندازیارەکان و دەستەبژێرێکی سیاسی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی ئاودا هەبووە ڕوویداوە، مافیای ئاو بە گشتی بۆ هەر سێ گرووپەکە لە کەرتی ئاودا لە ئێران بەکاردێت. ئەم گرووپانە وەک کاڵایەکی ئابووری ئاو بەکاردەهێنن و دەوڵەتیش لەبری چاودێرێکی جدی، یان بە شاراوەیی یەکێکە لە جێبەجێکاران، یان بێ دەسەڵات و دەستەوەسان ماوەتەوە.[١١]

ڕۆڵی دەوڵەت لە پەنجا ساڵی ڕابردوو تا ئێستا تەنها وەک میراوێک دەردەکەوێت کە مافیاکانی ئاو بە پلان و بەرنامە ئاڕاستەی دەکەن بۆ بەکارهێنانی ئاو لە کەرتە کشتوکاڵی و پیشەسازیە قوورسەکاندا. پێش شۆڕشی ئێران مۆدێرنەکردنی دامەزراوەکان و چاکسازی لە یاساکانی زەوی و زار و هێنانی ئامێر وەک ئامرازێکی مۆدێرنەکردن، دەوڵەت سیستەمی سونەتی قەناتی بە پاشکەوتوو ناوبرد و بەڕێوەبردنی تەکنیکیان خستە جێگەی. لە دوای شۆڕش و پاش سەرهەڵدانی جەنگ و ئابڵوقەی ئابووری، گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی دامەزراوەکانی ئاوەدانکردنەوە و وزەی ئێران بانگەشەی (کشتوکاڵی میحوەر ئازاد) پەستانێکی زۆریان کردە سەر سەرچاوە ئاوییەکان. پاشان لە سەردەمی دەسەڵاتی (ئەحمەدی نەژاد) پۆپۆلیسمی ئاوی دەستی پێکرد، بە بیانووی ڕاکێشانی جەماوەر و کپکردنەوەی نارەزایەتییەکان (یاسای مۆڵەتپێدان بە بیرە نایاساییەکان) دەرچوو. کە ئەمە کۆتا تیر بوو بەر حەوزەکانی ڕووبار و ئاوی ژێرزەوی کەوت(١٢). بۆیە دەتوانین بڵێین مافیاکانی ئاو تۆڕێکی سێ گۆشەیین کە بەشێوەیەکی نهێنی و نارەسمی وابەستە بە یەکترن و پێکدێن لە

١-دامەزراوە دەوڵەتییە بیرۆکراتیەکان وەک (وەزارەتی وزە) ئەم دامەزراوەیە تەواوی بودجەی خۆیان بە ئاڕاستەی دروستکردنی بەنداو و بەستەکان تەرخان دەکەن

بە بیانوی بەکارهێنانی بۆ کارەبا و گەشتیاری و گواستنەوەی ئاو بۆ ناوچە بێ ئاوەکان

٢-کۆمپانیا ئەندازیارییە ڕاوێژکارییەکان: ئەم کۆمپانیایانە پلانەکانی دروستکردنی بەنداوەکان و پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو دیزاین دەکەن، تەنانەت زۆرێک لە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەت پاش خانەنشین بوونیان لێرە کار دەکەن.

٣-بەڵێندەرانی گەورە و کۆمپانیا بیناسازییەکان: ئەم گرووپانە کە زۆربەیان بە دامەزراوە باڵادەستە ئەمنییەکان و ئیدارییەکانەوە وابەستەن، قازانجێکی خەیاڵی لە دروستکردنی بەست و بەنداوەکان و لێدانی تونێلەکان دەکەن کە بودجەکەیان لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بۆ تەرخان دەکرێت[١٣].

بە گشتی ئەم تۆڕە ڕەدووی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دەکەون و لەڕێگەی نفوزی سیاسی، لۆبیگەری و فشار، سوودوەرگرتن لە دەرفەتە ئابوورییەکان، چەندین پرۆژە پێشنیاز دەکەن کە جگە لەوەی سوودێکی دارایی بۆ خۆیان دەستە بەردەکەن، هاوکات هیچ حیساباتێکی زانستی بۆ ژینگە و هایدرۆلۆجیای ناوچەکان لەبەر چاو ناگرن.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گرووپە بریتییە لە ئەولەویەت دان بە پرۆژە گەورەکان و قازانج کردن و قۆرخکردنی بودجە زەبەلاحەکان، لە بری گرنگیدان بە سیاسەتەکانی پەرەپێدانی بەردەوام.

هەروەها لە پرۆسەکانی تەرخانکردنی بودجەدا کار لەسەر ناشەفاف بوون و گرێبەستی وەهمی دەکەن، لە ناو کۆمەڵگەدا بە پشتبەستن بە بنەمای (پێویستی) کار لەسەر دروستکردنی لۆبیگەری و هاودەنگی کۆمەڵایەتی دەکەن ئەمەش لەڕێگەی ڕاگەیاندن و کەناڵە تایبەتمەندەکانی دیکەوە. هەروەها نادیدەگرتنی دەرەنجامەکانی خراپبوونی ژینگە و وشکبوونی دەریاچەکان و بەستنەوەی بە هۆکاری وشکەساڵی و سروشتی. نەک خراپی بەڕێوەبردن و شکستی سیاسەتی ئاوی.

بۆیە ئەم گرووپە بە درێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو بە بەرنامە ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنی بەرنامەکانی کابینە یەک لە دوایەکە کانی ئێران و تەنانەت داڕشتنی ئەو دروشمانەش کە هەر کابینەیەک هەڵی دەگرێت سەبارەت بە گرفتی ئاو.

خشتەی ژمارە (١) گۆڕانکاری دروشمەکانی دەوڵەت و مافیاکانی ئاو لە قەیرانی ئاودا بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی (٣، ١٢)

سەردەمەکان	ئایدۆلۆژیای حاکم و بانگەشەی دەوڵەت	کاردانەوەی دەوڵەت (وەك بزوێنەری قەیرانەکە)	ڕۆڵی مافیاکانی ئاو	کاریگەری لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان
دەیەی ٦٠ و حەفتای زاینی (پێش شۆرش)	مۆدێرنەکردن و (شۆڕشی سپی) چاکسازی لە زەوی و زار	تێکدانی سیستەمی خانەدانەکان و هێنانی پەمپ و تەکەنەلۆجیای ڕۆژئاوا - سەرەتای بنیادنانی بەنداوەکانی (دز و سفیدرود)	دانانی یەکەمین توخمەکانی تەکنۆکراتی ئاو (شوێنگرتنەوەی ئەندازیارەکان لە بری میراوی قەناتەکان)	پاشکەوتنی بەڕێوەبردنی کلاسیکی قەناتەکان و سەرەتایەکی ئارام بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی حەوزەکانی ڕووبار
دەیە هەشتاکان (جەنگ و شۆڕش	سەربەخۆیی و بە ئاڕاستەی کشتوکالکردن	تەرخانکردنی زەویەکانی دەوڵەت بۆ کشتوکاڵ- دابینکردنی سوتەمەنی و کارەبا خۆڕایی- هاندان بۆ بەرهەمهێنانی گەنم ب هەر نرخێك	جەختکردنەوە لە بەرهەمهێنانی خۆراك - پشت بەستن بە بازوی کارکردن بەتایبەت لە گوندەکان	زیادبوونی بەرچاوی زەوی کشتوکاڵی و پەستانی زۆر لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی
دەیەی نەوەدەکان (ئامادەکاری	سەدسازی و پەرەپێدان (کۆکردنەوەی ئاوەکانی سەرسەزەوی)	تەرخانکردنی بودجە گەورەکان بۆ سەدسازی، دامەزراندنی کۆمپانیا گەورەکان، سەرەتای لێکۆڵینەوە لە گواستنەوەی ئاو	لەدایك بوونی ڕەسمی مافیای ئاو - هاودەنگی دەوڵەت و کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکان بۆ دانانی پرۆژەی ملیاردی لە بواری ئاو	وشکبوونی گۆم و چۆم و ڕووبارەکان لەبەردەم بەنداوەکان - لەناوچوونی ئیکۆسیستەم-
ساڵانی ٢٠٠٠ (پۆپۆلیسم)	عەدالەتی دابەشکاری (بەڕواڵەت) ئاو بۆ هەمووان	یاسای دیاریکردنی بیرە بێ مۆڵەتەکان و دەرکردنی مۆڵەت بۆیان - پەرەپێدانی پیشەسازی کە پێویستیان بە ئاو هەیە لە ناوچە بیابانییەکان	باڵادەستی هێزی بەڵێندەران لە پەرلەمان - لۆبیکردنی گواستنەوەی ئاو بۆ پارێزگا بێ ئاوەکانی ناوەڕاست_	کۆتایی هاتنی حەوزەکانی ڕووبار - بە خێرایی وشکبوونی ئاوی ژێر زەوی و سەرەتای داتەپینی زەوی
2010 تا بە ئەمڕۆ (قەیران)	ئاسایش و مانەوە (خۆگونجاد لەگەڵ کەم ئاوی (وەك پرۆپاگەندە)	پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی دەریا و پرۆسەی شیرینسازی ئاو - کاردانەوە لەبەرامبەر بیرە بێ مۆڵەتەکان- سەرکوتکردنی دەرگیریە کۆمەڵایەتییەکانی ئاو	گۆڕانکاری لە ستراتیژی مافیای ئاو - لە دروستکردنی سەدسازی بۆ پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو	شکستی ئاوی و کۆچکردنی دانیشتوان و نائارامی و بە فراوانی نیشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویانداوە دەتوانین سێ دەرەنجامی گرنگ کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆڵی دەوڵەت و مافیای ئاو هەیە دەستنیشان بکەین:

یەکەم: دیاردەی قوفڵ بوون (lock – in) سیاسەتمەداران و بەڕێوەبەرانی ئاو لە ئێران لە شوێنێکدا قوفڵ بوون، کە بواری گەڕانەوەی بۆ دواوە زۆر ئەستەم کردووە. ئەمەش بەهۆی وابەستەبوونی زۆرێک لە خەڵک و دامەزراندنی چەندین ژێرخانی پیشەسازی و کشتوکاڵی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە بەکارهێنانی ئاو. ئەمەش وا دەکات کە لە هیچ بارێکدا دەوڵەت نەتوانێت بڕیاری بڕینی ئاو لەو پیشەسازییانە بدات، یان قەدەغەی بەرهەمهێنانی هەندێک بەروبوومی کشتوکاڵی بکات کە ئاوێکی زۆریان پێویستە، یان بەرهەمهێنانی بۆ مەبەستی هەناردەکردن کەم بکاتەوە. چونکە لەو کەرتانەدا خەڵکانێک کار دەکەن کە بۆ چەندین دەیە وابەستەبوون بەکارەکانیانەوە. لە لایەکی دیکەش بوونی کۆمپانیا گەورەکانی وەک توانەوەی ئاسن و بەرهەمهێنانی کە بە بڕیاری سیاسی لەناو دڵی بیابانەکانی ئێراندا وەک یەزد و ئەسفەهان و کرمان (فلات مەرکەزی) بنیاتنراون و پێویستیان بە ئاوێکی زۆر هەیە. ببێتە هۆی لەدەستدانی چەندین هەلی کار و لە دەرەنجامدا داتەپینی ئاستی بەرهەمهێنان و هتد لێ بکەوێتەوە.

دووەم: گۆڕانی سیاسەتی کارکردنی مافیاکان: خشتەکە ئەوەمان نیشان دەدات کە مافیای ئاو لە ئێراندا بەبەردەوامی و بەپێی کاڵی و تۆخی قەیرانی ئاو، ئەویش ڕووی خۆی زیرەکانە گۆڕیوە. زۆر ڕوونە کە لە سەرەتادا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لە دروستکردنی بەنداودا دەبینێتەوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پلانی ستراتیژی و بودجەی زەبەلاحیان بۆ تەرخان دەکرێت. پاش دەرکەوتنی کاریگەرییە ژینگەییەکانی و وشکبوونی ڕووبارەکان و کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، مافیای ئاو ڕوو دەکاتە گواستنەوەی ئاو لە نێوان حەوزی ڕووبارەکاندا. ئەمەش دووبارە پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورەتر لە سەدسازی هەیە بۆ لێدانی تونێل و گواستنەوەی ئاو.

سێیەم: بە یاساییکردن و یاساکانی دژە ژینگە: جگە لە یاسای ساڵانی هەشتاکان

کە کاریگەری لەسەر وشککردنی قەناتە ئاوییەکان هەبوو، یاساکانی ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان لە ژێر فشاری پۆپۆلیستی و لۆبیکردندا بە شێوەیەکی کاریگەر تاڵانکردنی ئاوی بە یاسایی کرد، ئەویش بە پێدانی مۆڵەت بە دەیان هەزار بیری قووڵی نایاسایی کە لە دەرەنجامدا بوونە هۆی وشکبوونی تەواوەتی چەندین دەریاچەی گرنگ لە ئێراندا.

ئەنجام

بە کورتی و پوختی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەی کە گیراونەتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی ئاو و ئەو دەرەنجامانەی کە لەم سیاسەتانە کەوتۆتەوە لێرەدا بە چەند خاڵێك کورت بکەینەوە:

١- ڕۆڵی دەوڵەت لە پێدانی مۆڵەت بە بیرە قووڵە نایاساییەکان، بۆ ڕاکێشانی سۆزی جەماوەری، نفوزی سیاسی، وایکرد کە دەوڵەت لەلایەك نەتوانێت کۆنترۆڵی وڵاتێکی گەورەی وەك ئێران بکات لە لێدانی بیری نایاسایی، تا ئاستی لەدەست دەرچوونی بارودۆخەکە. کە ئەمە فاکتەری کاریگەر بوو لە وشککردنی ئاوی قەناتەکان. هەرچەند لەسەرەتادا دەوڵەت یاساکەی بۆ کۆنترۆڵکردن دەرکرد، بەڵام نەیتوانی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. تا لە ساڵانی دواتردا دەوڵەت لەڕێگەی هاندانەکان و پێدانی قەرزەوە لەبری ڕێگری، کارئاسانی زیاتری دەکرد.

٢- ئەگەر دەوڵەت بیەوێت کۆنترۆڵی بکات (هەرچەند ناتوانێت) ئەوا مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بازرگانین. کە ئەمانە وابەستە بە چەندین گرووپی سیاسی و بازرگانی خاوەن بڕیارن

٣- ڕۆڵی مافیاکان لە پشت قەیرانی ئاوی ئێراندا، کاریگەریەکی قوڵی بەسەر بڕیارەکانی دەوڵەتەوە هەیە لە بواری بەڕێوەبردنی ئاودا، چونکە ئەو گرووپانە بۆ هەر بارودۆخێك پلان و بەرنامەی خۆیان دەگۆڕن. سەرەتا بە دروستکردنی بەنداو، لە کۆتاییدا بە پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو و شیرین کردنی ئاوی سوێر. چونکە ئەو گرووپانە بیردەکەنەوە لە چیدا زۆرترین سوودی ئابووری بۆخۆیان دابین بکەن.

٤- هەموو ئەو سیاسەتانەی سەرەوە چەندین گرفتی ژینگەیی و سروشتی

دروستکردووە. لە ڕادەبەدەر دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی وایکردووە داماڵین و داتەپینی زەوی ئێران بکاتە پێشەنگی ئەو وڵاتانەی کە ئەم گرفتەیان هەیە. هەروەها زیادەڕەوی لەسەدسازی، چەندین گۆماو، دەریاچەی سروشتی وشککردووە.

ئەگەر چی چارەسەری ئەم بابەتە هەروا ئاسان نییە، چونکە ڕوونە کەمی دابارین لە ئێراندا دەرەنجامی زاڵبوونی کەشوهەوای بیابانی وشکە، بەڵام دامەزراوەکان زیاتر بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم شکستە ئاوییە، بەرگی وشکەساڵی بۆ بارودۆخەکە دەدورن، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی زانستی و توێژەرانی وڵاتەکە بەدەیان ساڵە خەریکی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەن، مافیاکانی ئاو ڕۆڵیان هەیە لە پەردەپۆشکردنی ئەو ڕاستیانەی کەلەم لایەنانەوە دەردەچن. بۆیە بەبڕوای توێژەرانی بوارەکە، چارەسەرەکان پێش هەموو شتێك دەبێت داننان بێت بە شکست لەلایەن دەوڵەتەوە، ئینجا چارەسەری یاسایی، ژینگەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هتد بۆ ئەم بارودۆخە ژینگەییە بکرێت کە ئێرانی گرتۆتەوە.

لێرە زۆر پێویستە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان، کە سەرچاوەی سەرەکی ڕووبارەکانمان لە ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت و چەندین پڕۆژەی گواستنەوەی ئاویان لەسەر بنیاتنراوە. کاربەدەستان هەرێمەکە بەهەمان قەیرانی ئێراندا نەبەن، ئەگەرچی بڕی دابارین لە کوردستان لە ٤٠٠ ملم زیاترە، بەڵام چەند ساڵێکە دروستکردنی بەنداو، پۆند خەریکە لە هەرێمیش لە سنوور دەردەچێت، لە ئێستادا لەچەندین شوێن نمونەی پۆندی دروستکراو هەیە، کە یان جوتیاران خۆیان دروستیان کردووە، یان بە هاوکاری و کار ئاسانی حکومەت دروستکراون، کە هەموو ئەمانە لە ئایندە گرفتی ژینگەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر لایەنە زانستیەکان ڕەچاو نەکرێن.

سەرچاوەکان

1- Khorrami, A., 2025. Water and Urban Tissues: The Qanat System and the Formation Process of Yazd, Iran. FORMA CIVITATIS: International Journal of Urban and Territorial Morphological Studies.

٢- سەرچاوەی پێشوو

3- Nabavi, E. (2018) Failed policies, falling aquifers: Unpacking groundwater overabstraction in Iran. Water Alternatives, 11(3), pp. 699–724.

٤- سەرچاوەی پێشوو

٥- سەرچاوەی پێشوو

6- Hadei, M. and Hopke, P.K. (2025) Civilizational Drought: A Missing Category in the Understanding of Iran's Water Crisis, Environmental Science & Technology, 59(27), pp. 13529–13531. doi:10.1021/acs.est.5c07392.

7- Mahmoudi, et al., 2024. Climate change and temperature trends in Iran. DOI:10.28974/idojaras.2024.4.5.

8- FAO, 2025. Water efficiency, productivity and sustainability in the NENA regions – Iran. Available at: https://www.fao.org/in-action/water-efficiency-nena/countries/iran/en/ [Accessed 23 Dec. 2025].

٩- https://armandaily.ir/ پشت پردە مافیای اب, ٢٣ Dec. ٢٠٢٥

10- http://www.amareiran.org/index.php/jm-yt-ayran

١١- سەرچاوەی پێشتر (٩)

12- Krajcik, V., 2025. Iran's Water Crisis: Ruining Qanats and Drying Up Tehran.

١٣- سەرچاوەی پێشتر (٣)

ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل

دەرفەتەکانی بەردەم دیپلۆماسی و شەڕ

بارام مەجید خان

بەرایی

شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل دیاردەیەکی مێژوویی بوو. بۆ یەکەم جار ئێران و ئیسرائیل ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە. لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی دوور و درێژ ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە گرێ دەدات. بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی ئێران و ئیسرائیل لە لایەک و ئێران و وڵاتانی جیهان لە لایەکی دیکە تێکچوو. تا لە ٢٠٢٥/٦/١٣ پەیوەندی ئەم دوو وڵاتە لە ئەنجامی هێرشێکی کتوپڕی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران چووە قۆناغی ئەوپەڕی خراپی. بۆ ئێران شەڕی دوازدە ڕۆژە دەربڕینێکی گونجاوە بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی کە هاتە پێشەوە، هەرچەندە ئێران بە فەرمی دۆخی شەڕی ڕانەگەیاند. بەڵام ئەوەی ڕوویدا ڕاگەیاندنی شەڕ بێت یا خود ئۆپەراسیۆنێکی سنووورداری ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران، دۆخەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

لەبەر ڕۆشنایی چەمکی «کێشە و ململانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستی سیاسی» کە بە چەمکی «Conflict» ناسراوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرەوپێش دەبەین. گریمانەی سەرەکی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە:

ئایا دیپلۆماسی یاخود شەڕ کامیان دەتوانێت کێشەکانی ئێران چارەسەر بکات؟ هاوتەریب لەگەڵ ئەم پرسیارە سەرەکییە چەندین پرسیاری دیکە ئاوێتەی لێکۆڵینەوەکە دەبێت وەک: ئایا بەردەوامی دۆخی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆتایی پێدێت؟ یاخود حکومەتی ئێران توانای بەرگریکردنی لە خۆی هەیە؟ ئایا بەردەوامی ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟ چۆن؟

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە هێشتا کلپەی ئاگری ڕووداوەکان خامۆش نەبووبوو، ئەمەش وامان لێدەکات کە کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی و لاوەکی بەرۆکی لێکۆڵینەوەکە بگرێت و هیچ چارەیەکمان بۆ نەهێڵتەوە جگە لەوەی وەڵامیان بدەینەوە. پرسیارگەلێک لە چەشنی ڕەهەندەکانی کێشەی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا و هەروەها کێشە بونیادییەکانی وەک: ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشەی پێکهاتە و داهاتووی ئەزموونی حوکمڕانی لە ئێران و ئیسرائیل. چەندین بابەتی تری نێودەوڵەتی و ناوچەیی کە پەیوەندییان بە کێشەی ڕەوای نەتەوەی فەڵەستینەوە هەیە.

مەودای لێکۆڵینەوەکە پابەندە بە کێشەو ململانێ نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان و ناوچەکە، لە پاشەکشەی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی بەرجام (JACOBA) تا ئاگر بەستی بێمەرجی شەڕی داوزدە ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل. بەڵام لە پێناو ئەوەی خوێنەری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگەر پێویستی بە زانیاری زیاتر هەبوو وەک پێشینەی مێژوویی، ئەوا لە پەڕاوێزی لێکۆڵینەکەدا ئاماژەیان پێدەدەین. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە سوود لەسەرجەم ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی وەردەگرێت. بەڵام پابەندی سەرەکی نووسەر لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمە لە پەیوەندی نێودەوڵەتی و زانستی سیاسیدا. بەرمەبنای ئەم تیۆرە شیکاریمان بۆ چەمکی ململانێ و کێشە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتان دەبێت.

گرفتی سەرەکیمان لەم لێکۆڵینەوەیە کەمی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەیە لەو بوارەدا. بە تایبەت کە ڕووداوەکان زۆر تازە و کتوپڕ بوون. دەستخستنی سەرچاوەی سەرەکی

بۆ ئەم باسە زەحمەت و گرانە. بەڵام لەبەر ڕەگ و ڕیشەرداربوونی کێشەکە سوود لە سەرچاوە دەستی دووەکانی وەک کتێب وەرگیراوە. پشتیوانی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە وتار و چاوپێکەوتن و دەستخستنی زانیای بووە لە پێگە باوەڕ پێکراوە جیهانیی و ئێرانییەکانەوە. هەرچەندە ئەوەندەی ڕێڕەوی ئەم باسە شیکاریە بۆ ڕووداوەکان، هێندە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری نەداوە لە لێکۆڵینەوەکەدا. لەبەرئەوەی لە سەردەمی ئێستاماندا بە دەستخستنی زانیاری لە پێگەکانی زیرەکی دەستکرد و پلاتفۆرمە جیهانییەکان، کارێکی ئاسانە، خوێنەری بەڕێز خۆی دەتوانێت دەستی بگاتە ئەو چەشنە زانیارییانە.

وشە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ڕیالیزم، ململانێ، شەڕی دوازدە ڕۆژە، ئەتۆم، بەرجام

١.دەرفەتی دیپلۆماسی

١.١ساردخانەی مێژوو

ئێران لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا هەڵگری قوورسترین باری، کێشە و ململانێی سیاسی و ئەمنی بووە. کاتێک وڵاتانی داگیرکەری جیهانی پێیان کەوتە ناو خاکی ئێرانەوە پاشبەندی ئەوە چەندین شەڕ و پاشان ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپایی ئیمزا کردووە. کۆئ ئەم پرۆسەیە لە ئێران دوو سەدەی خایاند. ئەو دوو سەدەیە هاوکات بوو لەگەڵ ڕژێمی پاشایەتی قاجار و خانەدانی پەهلەوی لە ئێراندا. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم ناو دەبرێت. هەرچەندە ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە واتای دەوڵەتی داگیرکراوی سەردەمی کۆلۆنیالیزم خۆی بە دەستەوە نەداوە. بەڵام پەیوەندی ئێران و وڵاتانی ئەورووپا زەمینەی ئەوەی بۆ ئەو وڵاتانە خۆش کرد کە ئارام و لەسەرخۆ ڕەخنە بکەنە ناو دەسەڵاتی ئێران و پەیماننامەی قوورس و جێگەی شەرمەزاری بە سەر گەلی ئێراندا بسەپێنن. بە تایبەت پەیوەندی ئێران و ڕووسیا لە چەندین شەڕی خوێناوی بە دوای خۆییدا هێنا. پرتوگالییەکان، بەریتانییەکان و ڕووس و ئەمریکا بە شێوازی ڕاستەوخۆ دەستوەردانیان لە کاروباری ئێراندا کردووە. کۆی ئەم پەیوەندییە قوورسانەی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانە چەندین

گرفتی بونیادی بۆ حوکمڕانی لە ئێراندا دروستکردووە.[١] ڕێکەوتننامەکان لە نێوان ئێران و ڕووس. ڕێکەوتننامە ئابووری و کولتوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی وەک فەرەنسا و بەریتانیا کە ناڕەزایەتی و نیگەرانی زۆری گەلی ئێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنا. دەیانی وەک میرزای شیرازی و سەید جەمالەدینی ئەفغانی کەوتنە دژایەتی کردنی سیاسەتی ئیستعماری.[٢] هەموو هەوڵەکانی ئێران بۆ هەستانەوە لە دوای ئیمزاکردنی هەر ڕێکەوتننامەیەک لە ئەنجامی شکسی سەربازیی کۆتایی بەو قۆناغە دەهێنا. جارێکی تر هەمان سیناریۆ دوبارە بووەوە. بینیان شەڕ و پەیماننامەی ئاشتی هیچ ئەنجامێکیان بۆ ئێران نەبووە جگە لە بچووکبوونەوەی ئێران و لە دەستدانی خاکێکی زۆری ئە وڵاتە. دەزگای دیپلۆماسی ئێران لەم دوو سەدەیە هەروا بە هەرەمەکی و بە دوور لە دامەزراوەیی بوون کاری کردووە. وەزارەوتەکان بەبێ هەبوونی هیچ ئەرشیفێکی نیشتمانی دەستاودەستی دەکرد.[٣] تا سەردەمی خانەدانی پەهلەویی کە دەسەڵاتیان لە ئێران گرتە دەست کە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی ئابووری و بازاڕی نەوت و جووڵەی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان.

جارێکیتر ئێران بڕیاری هەستانەوەی دا. خواستی بوونی بە زلهێزی ناوچەیی و پاسەوانی کەنداو. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ڕێکخست و سوودی لە شەڕی سارد بینی بۆ دەستگەیشتنی بە زانستی ئەتۆمی و خەونی بە دەستهێنانی بۆمبی ئەتۆم.[٤] بەڵام گەل هەبوونی بەربەستی زۆر تا ڕوودانی شۆڕشی ئیسلامیی شای ئێران تەنها ئەوەندەی پێکرا بونیادی دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران دروست بکات. شۆڕسی ئیسلامیی بەهەمان ڕێچەکەو و ڕیبازی سەردەمی شای ئێران جارێکی تر پەرەی بە خەونی ئێرانی سەردەمی شا دایەوە. ئێران ڕووبەڕووی بەربەستەکانی وەک گەمارۆی ئابووری و چەندین بڕیاری قوورسی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەوە. کە لە ئەنجامدا لە ژێر گوشاری توندی نێودەوڵەتی و باری گرانی گەمارۆکان، توانرا گرنگترین و جەنجاڵیترین ڕێکەوتننامە لەگەڵ شەش وڵاتی جیهانی ئیمزا بکات کە بە ڕێکەوتننامەی بەرجام بە ناوبانگە.[٥]

١.٢ بەرجام سەرەتای کۆتایی

بەرجام سەرەتای کۆتاییهاتنی قۆناغێکی دی مێژووی دیپلۆماسی ئێران بوو لە

لایەن گەورە بەرپرسانی گرێدەری ئەم ڕێکەوتننامەیە وەک دەسکتەوتی مێژوویی سەیر دەکرا. لەناو باڵی پەڕگیری ئێرانیش دژایەتی دەکرا. لە ئەمریکاش بە هەمان شێوە لە لایەن دەوڵەتی ئۆباما بە سەرەتای سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە سەیر دەکرا. هەروەها لە لایەن کۆمارییەکانەوە بە خراپترین ڕێکەوتننامەی مێژوویی ئەمریکا پێناسە دەکرا. هەر دوو لایەنی دژبەری ڕێکەوتننامەکە هاوئاهەنگ بوون بۆ لەباربردنی ڕێکەوتننامەکە.

ئەگەر پێناسەیەکی ورد لەسەر بنەمای واقعی بۆ چەمکی ڕێکەوتننامەکە بکەین دەگەڕێمەوە بۆ وتووێژی نێوان محەمەد جەواد زەریف و جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا. زەریف ئاماژە دەکات کە: ئەم ڕێکەوتننامەیە نە بە دڵی منەو نە بە دڵێ تۆیە. کەواتە ڕێکەوتننامەیە ئەو گرێبەستەیە لە نێوان دوو لایەن کە خواستی هیچ لایەکی بە تەواوی تێدا ڕەچاو نەکراوە. ئەگەر هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ڕێکەوتننامەکە هەموو بەرژەوەندییەکانی ڕەچاو کرابێت کەواتە ئەوە ناتوانین ناوی بنێین ڕێکەوتننامە! بەرجام ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو لە نێوان ئێران و وڵاتانی(٥+١) کە نە بە دڵی ئەمریکا بوو، نە بە دڵی ئێران. لەم خاڵەوە هەموو کێشەکان بە کراوەیی مانەوە و گرفتەکانی دواتر بەدوایدا دەرکەوتن. نە سیاسەتی ناوخۆی ئێران پشتیوانییەکی ڕاستگۆیانەی لە ڕێکەوتننامەکە کرد و نە ئەمریکاش، بە تایبەت لەسەردەی ویلایەتی یەکەمی دۆناڵد ترامپ، کە خۆشنود بوو بەم ڕێکەوتننامەیە. پاڵنەرەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوە لەم ڕێکەوتننامەیە فرە چەشنن. ڕای جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەو بابەتە. بەڵام بە گشتی ئەو بابەتە پەیوەدنی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە. بەڵام هەم لێکۆڵیارانی ئێرانی[٦] و هەم ئەمریکایی لەسەر تەوەرە گشتییەکانی ئەو دەرچوونەی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەکە هاوتەریبن. جیاواز لەوەی هەندێک، بابەتەکە بە کەسایەتی خودی ترامپەوە دەبەستنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی دۆناڵد ترامپ دەکەن، دەکرێت ئاماژە بە هەندێک خاڵی سەرەکی بدەین کە لە کۆی میدیاکانی جیهانی باس کراون.

- ئەمریکا پێیوابوو کە سنووردارییەکانی ئێران لە دۆسییەی ئەتۆمی بۆ هەمیشە نییە. لە کۆتاییدا ئێران دەتوانێت بە واڵایی دەستی بگاتە چەکی ئەتۆمی. ئەمەش وەک ڕەخنەیەکی قوورس لەو ڕێکەوتننامەیەی کە لە نێوانیان ئیمزا کراوە.

- هاوتەریببوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ گەشەسەندی زۆر خێرای بەرنامە موشەکییەکانی ئێران بووە جێی سەرنج و مەترسی ئەمریکا.
- میکانیزمەکانی چاودێران و پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وەزی ئەتۆمی گرفتی زۆریان لە لایەن لایەنی ئێرانی بۆ دروست دەکرا، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئەمریکا و وڵاتانی پەیوەندیدار بەو دۆسییەیە.
- ئەمریکا پێیوابوو کە ئێران لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆیدا ڕاستگۆ نەبووە و چالاکی شاراوە و دوور لە چاوی ئاژانسی وزە ئەنجامداوە.
- پەرەسەندن و چالاکتربوونی هێزە بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە و تێکچوونی باری ئەمنی و ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش هەم ئەمریکا و ئیسرائیلی لە ناوچەکە هەراسان کردبوو. دەبوایە سنوورێک بۆ ئەم چالاکیانە دابنرێت.
- هەرچی پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکاشەوە هەبوو، سەرۆکی ئەمریکا خوازیاری سڕینەوەی میراتی باراک ئۆباما بوو لە ناوچەکە. لە ئەنجامدا ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکا بە فەرمی لە ڕێکەوتنامەکە کشایەوە. ئەمەش وەک خاڵی وەرچەرخان بۆ ئەمریکا و ئێران و ڕەنگڕێژ کردنەوەی سیاسەتی ناوچەکە بە تایبەت و جیهانیش بە گشتی بوو.

١.٣ میراتی قاسم سولەیمانی

قاسم سولەیمانی کاریزماتیکترین جەنڕاڵی بێ ئەستێرەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کە جگە لە کاریگەری سەربازی لە ناوچەکە، شوێنەواری کارە سیاسییەکانیشی بە جەستەی ناوچەکە و حکومەتی ئێرانیشەوە دیاربوو، دۆست و دوژمنانی سولەیمانی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کاریگەرترین فەرماندەی سەربازیی ئێران بوو، کە لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەرکەوتبوو.[٧] ڕای جیاوازی ناوخۆیی و دەرەوە لەسەر ئەم کەسایەتییە هەیە. لە لایەک ئەو وەک باوکی سەربازی گرووپەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکە ناوزەد دەکەن. کە بە سیاسەتەکانی هانی ئەمریکا و ئیسرائیلی دەدا کە لە خەوی زستانە وەخەبەریان بهێنی و دەستی ئەوانی واڵا کرد، بۆ دوژمنایەتییەکی بێوێنە لە مێژوودا دژ بە ئێران.[٨] لە لایەکی ترەوە سولەیمانی وەک کەسایەتییەکی سەربازی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوخۆی ئێران لە بەرژەوەندی باڵی تونڕەو و پەڕگیر لە ناوخۆی ئێران. ئەو دوژمنی

سەرسەختی سعودییەکان بوو لە ناوچەکە. پەروەردەی مەدرەسەی کلاسیکی مەزهەبی بوو لە ئێران. ئەو کتێبانەی لە هەمیشە لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرتن کتێبی دوعا و نزای ئایینی بوون.

لە ڕووی سەربازییەوە توانیبووی ئیسرائیلییەکان بخاتە ناو گەمارۆیەکی بێ وێنە لە ناوچەکە. لە لایەک حیزبوڵڵای لوبنان و لە لایەکی تر پڕچەک کردنی گرووپە جیهادییە فەڵەستینییەکان لە غەزە. ئەو باشترین پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سووریا هەبوو. لە پاش ئیمام موسا سەدر ئەو توانیبووی گەرای ئایدیای ئێران لە ناوچەی شام و لە ڕێگەی سووریەکانەوە دابنێت. کوژرانی قاسم سولەیمانی سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی دواتری ناوچەکە. ئێران گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت. بۆشایی نەمانی قاسم سولەیمانی گاپێکی گەورەی هەم لەسەر ئاستی فەرماندەیی باڵا لە ئێران دروستکرد، هەم هەناسەیەکی قووڵی بەخشی بە نەیارەکانی کە چیدی دەتوانن ئاسوودەتر لە ناوچەکە هەنگاو بنێنن. ئەم قۆناغە سەختەی کە ئێرانی پێدا تێپەری لە هەڵکشانی گرژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام هیچ هەوڵێکی دیپلۆماسی و لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی نەیان توانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ سازش دەستەبەر بکەن.

١.٤ سەڵتەنەتی عومان وەک ناوبژیوان

لە نێوان کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام و گرژییەکانی تۆڵەسەندنەوەی ئێران لە ئەمریکا و گرژییەکانی ئێران و ئەمریکا لەسەرخاکی عێراق و سووریا و هێرشی نمایشی و دیزاین و کۆنترۆڵکراوی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا و خولی دووەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ لە ئەمریکا، بوونە بنچینەی خولێکی وتووێژی قوورس لە نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سوڵتان نشینی عومان وەک ناوبژیوانی گەڕێکی دیکەی نێوان ئێران و ئەمریکا، لە لایەن وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشەوە پێشوازی لێکرا. ئامانجی ئەم وتووێژانە هەم دەستگرتن و پابەندبوون بوو بە ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و هەم ئامانجی گەیشتن بوو بە ڕێکەوتنێکی بونیاتنەر کە هیچ کام لە لایەنەکانی دانوستان هەست بە خەسارەتی گەورە نەکەن. چوارچێوە و فۆرمی دانیشتنەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بوو کە لە لایەن

ئێرانەوە پێداگری لەسەر دەکرا. پێنج خولی دانیشتنە ناڕاستەوخۆکانی عومان کە لە لایەن ویکتاف نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا و عەباسی عێراقچی بەڕێوە دەبران لەسەرەتاوە ئومێدی زۆری بۆ چارەسەری کێشەکان دروستکرد.[٩] بەڵام پاشان گەیشتن بە ئاستی قووڵی چەقین لە دانوستانەکان. ئێران دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو. بەدەستهێنانی کاتی زیاتر بۆ خۆیی و دەسگرتن بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی کە لە مافی پیتاندنی یۆرانیۆم خۆی دەبینییەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئێران ڕەزامەندی تەواوی هەبوو بۆ ئەنجامدانی گەری نوێی دانوسان لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر عومان ڕۆڵی بەنرخی بینیبوو لە ڕێکەوتننامەی بەرجامی (٢٠١٥). لەبەر ئەو هۆکارە سەڵتەنەی عومان شەخسیەتێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی باشی هەبوو لە بەڕێوەبردنی دانوستانەکان. پەسەندکردنی ناوبژیوانی عومان بڕیارێکی ستراتیژیک بوو بۆ هەر دوولا. بەڵام کێشەکان هەمان کێشەی جاران بوون لە بەرگێکی نوێدا، کە ئومێدی بە هەردوو لا دەبەخشی کە بگەنە ئەنجامی دڵخۆشکەر. بەڵام دوای پێنج خولی دانوستان دوبارە هەمان بنبەست و کۆڵانی داخراو لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێران دروستبوو. داواکارییەکانی هەردوولا خول لە دوای خولی دانوستانەکان بەرزتر دەبوونەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی دانوستانەکانی عومان دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی خودی دۆناڵد ترامپ. ترامپ کەسایەتییەکی سەوداگەری واقیعگەرایە. دەستکەوتی کورت خایەنی لە دەستکەوتی درێژخایەن لەگەڵ ئێران پێ پەسەندتر بوو. لە هەمانکاتدا ئێران بە چاوی فرسەت و ئەزموون دەیڕوانییە دانوسانەکان. هیچ سیگناڵ و ئاماژەیەکی دیاریکراوی نەدا بە ئەمریکا کە پێشوەختە ئامادەی سازشکردن بووبێت لەسەر بنەماکانی خۆی. ئەم دیپلۆماسیەتە بە دیپلۆماسیەتی «هاوسەنگی لە مامەڵە» ناونرابوو.[١٠] لە ڕاستیدا دانوسانەکانی عومان هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ ئێران، مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی بەهێزبوون، بۆ ئەوەی هەردوولا بە باشی لێکتێبگەن کە ئایا دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەکان مومکینە؟ یاخود نا. دوو هۆکاری زێدەباری گرفتی دانوستانەکان شکستی ئەو خولەی نێوان ئێران و ئەمریکای پێشخست. یەکەمیان: ئیسرائیل دووەمیان: ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بوون. کە هیچ کام لەم دوو لایەنە ڕۆڵی ئەرێنیان لەسەرکەوتنی دانوستانی نێوان ئەمریکا و ئێرانیان نەبینی. لە کاتێکدا ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران کە هێشتا دانوسانەکان بە فەرمی کۆتایی پێ نەهاتبوو.

٢. شەڕ و سەپاندنی ئاشتی

٢.١ ئاهەنگی سوور

لەگەڵ دەستپێکی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، هێرش کرایە سەر فەرماندە سەربازییە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو هێرشە دەکرێت شیکاری وردی بۆ ئەنجام بدرێت. ئیسرائیلییەکان هەمیشە کەسە گرنگ و پلە یەکەکانی نەیارەکانی خۆیان دەکەنە ئامانج. ئەوەی کە لە ئێران بە «شەڕی ساختاری «یا خود شەڕی پێکهاتە و دیواری فەرمانڕەوایی نەیارکان ناودەنرێت. کاتێک گورزی کوشندە بەر کۆی سیستەم و فەرمانڕەوایی دەکەوێت، چیدی کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی هێرشەکان بۆ سەر دوژمن ئاسان نابێت. وەک بینرا و لە میدیا فەرمییەکانی ئێران و لە زاری بەرپرسە باڵاکانی ئاماژەی پێدرا، لە چرکەساتی هێرشی یەکەمی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ئەوان توانای بەرگری لە خۆکردن و بەرپەرچدانەوە زۆر لاواز بوون.[١١] لە دەستدانی کەسانی یەکەمی بەرەی شەڕ بۆ هەر دەوڵەتێک کارێکی ئاسان نییە. ڕووی شاراوەی بابەتەکە ئەوە بوو، کە چۆن ئیسرائیل توانیبووی بەو ڕادەیە ڕەخنە بکاتە ناو باڵاترین دەسەڵاتی سەربازیی و ئەمنی ئێران و چرکە بە چرکە چاودێری کراون. ئیسرائیل پێشبینی ئەوەشی کردبوو کە بەرپەرچدانەوەکانی ڕۆژانی کۆتایی شەڕ موشەکەکانی توانای وێرانکاریان بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەدا بوو. میدیاکانی فەرمی ئیسرائیلیش قسوریان نەکرد لەوەی کە ئەو هێرشانەی ئێران بۆ سەر ناوەندی وڵاتەکەیان بۆ ڕای گشتی جیهانی بخەنە ڕوو، کە بە چ ڕادەیەک هێرشەکانی ئێران وێرانکاری بۆ سەر وڵاتەکەیان دروستکردووە. میدیای شەڕی ئیسرائیل توانیان سۆزی وڵاتانی جیهان بە لای خۆیان ڕابکێشن. لە میانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل، ئێران «ستراتیژی خۆپارێزی تۆڵەگەرانەی» [١٢] پەیڕەو دەکات. ئەم ستراتیژە خۆی لە دوو جەمسەری کشانەوە لە NPT و هاوکات کردنەوەی دەرگای دیپلۆماسی دەکاتەوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانێت ئاڕاستەی شەڕی هەمەلاینە بگۆڕێت بۆ ‹دیپلۆماسی سەوداگەرانە›.[١٣]

٢.٢ خەسارناسی شەڕ

بە پێی ئەوەی کە ئیندیپێندێت ئاماژەی پێداوە، کە شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل نزیکەی ١١٩٠ لە دانیشتوانی ئێران کوژراون و زیاتر لە ٤٤٧٥ کەس بریندار بوون. لە بەرامبەردا نزیکەی ٢٨ کە لە تەل ئەبیب و بیئر ئەلشەبع کوژراون و نزیکەی ٣٠٠٠ ئیسرائیلی بریندار بوون وەک تایمزی ئیسرائیل ئاماژەی پێداوە.[١٤] هەرچەندە ژمارەی کوژراو و بریندار لە شەڕدا نیشانەی سەرکەوتن نییە، بەڵام ئایا ئیسرائیل توانی ئامانجەکانی خۆی لە ئێران بپێکێت؟ ئیسرائیلییەکان پێیانوایە کە توانیویانە بنکە سەرەکییەکانی سوپای پاسداران و فەرماندە باڵاکان و چەندین زانای ئەتۆمی ئێران بکەنە ئامانج. هەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە پێیانوایە کە سەرکەوتووی شەڕ ئەوانن، چونکە ئیسرائیل نەیتوانییوە بگاتە ئامانجی خۆی کە لەناوبردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. لەگەڵ ئەوەی شەڕەکە، شەڕێکی کراوەی درێژ خایەن نەبووە، بەڵام لە ئەگەری درێژەکێشانی شەڕ و گەیشتنی شەڕ بۆ کەناراوەکان ئەوا ئیسرئیلییەکان تووشی کورتهێنان دەبوون. بە بڕوای زۆرێک لە شیکارە سەربازییەکان توانای سەربازیی ئێران لەسەر دەریا باڵادەستی بەرچاوی پێوە دیارە. ئێرانییەکان لە مێژووی خۆیاندا ئەزموونی شەڕی درێژخایەنییان هەبووە. بەڵام هێزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر سەرکردەکان دەکرا ئاڕاستەی شەڕ بە بارێکی نادیار و تاریکدا ببات. لە شەڕی دوازدە ڕۆژە توانرا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت و تەشەنە نەکات بۆ وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە.

٢.٣ میوانی ناوەخت

ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو لەوەی توانی ئەمریکا تێکەڵ بە شەڕی دوازدە ڕۆژە بکات. بەبێ لێدانی ئەمریکا لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئیسرائیل هیچ کات لە تواناییدا نەبوو کە ئەو ئامانجانە لەناو ببات، بەبێ هاتنەناوەوەی ئەمریکا. هێرشەکانی ئیسرائیل [ڕاستە توانی خەسارەی گیانی و ماڵی زۆر بخاتە ناودەستی ئێران]، بەڵام ئامانجی سەرەکی خۆی نەپێکا کە سنووردارکردنی ئێران بوو، لە بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، کە بیانووی سەرەکی هێرشەکان بوو بۆ سەر ئێران. ئۆپەراسیۆنی ‹چەکوچی نیوەشەو› فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی b-52 ی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە تەتۆمییەکانی ئێران لە فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان ئەنجامیاندا، کاریگەری زۆری بۆ سەرکوتکردنەوەی

هێرشەکان بۆ سەر ئێران بەجێهێشت. ئەو هێرشانە مەودای شەڕی درێژخایەنی ڕاگرت. هێرشەکان کۆی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی نەکردە ئامانج. ئەو دامەزراوانە خەرجییەکی دارایی ئێجگار گەورەی لەسەر ئێران داناوە. بەڵام توانییان کە بۆ ماوەیەکی نادیار دەستی ئێران لە دوبارە پیتاندنی یۆرانیۆم کۆتا بکەن. دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران وەک جەواد زەریف ئاماژەی پێداوە نزیکە ٥٠٠ میلیارد دۆلار لەسەر ئێران کەوتووە.[١٥] بەبێ ئەوەی یەک گڵۆپی کارەبا لە ئێراندا بە وزەی ئەتۆمی ئیش بکات. ئەگەر ئەو زیانانەی کە بەر ئێران کەوتووە لە ئەنجامی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران کە بە هۆکاری دۆسییەی ئەتۆمی بووە، بە نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. لە ئێستادا و لە دەرهاویشتەکانی شەڕی دوازدە ڕۆژە لەسەر ئێران و گەمارۆکانی سەر ئە وڵاتە، خەزێنە خاڵیە و توانای کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی دارای و پێشگیری لەو هەڵاوسانە مێژوویییەی کە توشی بووە ، لە دەستداوە و لە چاوەڕوانی دارمانێکی ئابووری قوورسدایە.

٢.٤ ئاگری ژێر خۆڵەمێش

سەرۆکی ئەمریکا ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکای بۆ گەلی ئەمریکا و خەڵکی جیهان خستەڕوو.[١٦] لەو بڵاوکراوەی کۆشکی سپی ئێران بە هێزی سەرەکی تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ناوزەد دەکات. پێیوایە کە ئێران زۆر لاواز بووە. کردەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و ئۆپەراسیۆنی چەکوچی نیوەشەو بە ڕادەیەکی بەرچاو توانیویەتی توانای ئەتۆمی ئێران پەک بخات. تێگەیشتنی باو لە ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا ئەوەیە کە چیدی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا گرنگی نەماوە و ئەولەویەتی یەکەمی دەوڵەتی ئەمریکا و سەرۆک ترامپ نابێت. بەڵام تێگەیشتنی قووڵ بۆ ئەو بابەتە ئەوەیە کە؛ ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە لەگەڵ خۆپاراستنی ئەمریکا لە شەڕی درێژخایەن کە زەمینە بۆ شەڕی جیهانی دروست بکات لە بەرنامەدا نییە. بەڵام ئەمریکا لە ڕێگەی بریکارە دەوڵەتییەکانی وەک ئیسرائیل و سعودیە و وڵاتانی کەنداو پلانەکانی خۆی بۆ ناوچەکە بەرەوپیش دەبات. ئەمریکا وازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران نەهێناوە، بەڵام خۆی لە شەڕی ڕاستەوخۆ دەپارێزێت. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەگەری خولی دووەمی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران کۆتایی پێهاتبێ. وەک ئەدمیرال بارد کۆپەر Admiral Bard Cooper فەرماندەی سێنتکام لە وتارێکی بۆ سوپای ئەمریکا ئاماژە دەکات؛

ئێمە توانیومانە تا ڕادەیەکی زۆر توانیومانە هێزی ستراتیژیکی ئێران لە ناوچەکە لاواز بکەین بەڵام نەمانتوانیوە هێزی تاکتیکی ئێران لاواز بکەین. مەبەست لە هێزی ستراتیژیک دەسەڵات و نفوزی ئێرانە لە سووریا و لوبنان و فەڵەستین و یەمەن و عێراق. بەڵام هێزی تاکتیکی ئێران لە بنچینەدا چەند ڕووخسارێکی هەیە. وەک توانی موشەکی ئێران و کاریگەری ئێران بە سەر بریکارەکانی خۆی لە ناوچەکە و بەتایبەت توانی ئێران لە دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزانە کە مەترسین بۆ سەر ناوچەکە. وەک چۆن هێشتا داعش لە ناوچەکە هەر ماوە و توانای دوبارە خۆڕێکخستنەوەی ماوە.

ئەمریکا چیدی دانوستان لەگەڵ ئێران ناکات. بەڵکو داواکانی خۆی پێشوەختە بە پەیامبەرەکانی خۆی بۆ ئێران دەنێرێت و دەیانسەپێنێت. کرۆکی کێشەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە سێ خاڵی جەوهەری خۆی دەبینێتەوە.

یەکەم: ئەوەی ئەمریکا داوای دەکات بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانە کە دەبێت بۆ هەمیشە لە کار بخرێت و توانای پیتاندنی یۆرانیۆم لە دەستی نەمێنێت. بەڵام بە پێچەوانەوە ئێران دەستبەردای بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی نابێت و لە ئێستا و لە داهاتوو دۆسییەی ئەتۆمی خۆی بەرەوپێش دەبات. ئەمە خاڵی بنچینەیی کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێرانە لە ناوچەکە.

دووەم: ئەمریکا خوازیاری کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی توانا موشەکییەکانی ئێرانە، بەڵام ئێران بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەمریکا مافی ئەوەی نییە کە سنوور بۆ ئێران دابنێت لە بەرەوپێشبردنی توانای سەربازیی ئەو وڵاتە.

سێیەم: ئەمریکا خوازیارە دەستی ئێران لە ناودەستی بریکارەکانی لە ناوچەکە کۆتا بکات و بۆ هەمیشە ئەو هێزانە لە کاریگەری دانان بەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکە کۆتا بکات. بە تایبەت حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و حەشدی شەعبی و حوسییەکانی یەمەن. هەرچەندە لە پێش و پاش شەڕی دوازدە ڕۆژە هەموو ئەو هێزانە بێجگە لە حەشدی شەعبی گورزی کاریگەریان بەرکەوتووە، بەڵام ئێران لە هەوڵی دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزانەوەیە. ئەمەش ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە بێزار دەکات. ئەم سێ هۆکارە هەموو ئەگەرەکان لە بەردەم خولێکی دیکەی دانوستانی پیش شەڕ و شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە ناوچەکە بە کراوەی دەهێڵێتەوە.

٣. ململانێی ناوچەیی و کاریگەری ناوخۆیی

٣.١ تەلئەبیب ناخەوێت

ڕاپرسییەکانی کە لە ناوخۆی ئیسرائیل ئەنجامدراون دەریدەخەن کە زۆرینەی ئیسرائیلییەکان پشتیوانی لە کردە سەربازییەکانی حکومەتی بنیامین ناتانیاهۆ دەکەن. لە کاتێکدا سەرکردایەتی ئێستای ئیسرائیل نوێنەرایەتی پەڕگیرترین حکومەتی مێژووی ئیسرائیل دەکات. حکومەتی دووەمی ناتانیاهۆ هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی پلانی پێشوەختە دژی نەیارەکانی هەنگاوی نا. ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر شکستێکی قوورس بۆ کابینەکەی ئێستا. فەشەلێکی ئەمنی و هەواڵگری بوو بۆ ئیسرائیل. هەر زوو حکومەت تاوانبار کرا بە فەشەلی بەڕێوەبردنی وڵات. ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ ناوچەکە پەرەپێدا کە بتوانێت فەشەلی سەرکردایەتی ئەو وڵاتە ڕاست بکاتەوە و وەک سەرکەوتووی شەڕی مێژووی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران و بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە خۆی نمایش بکات. کابینەی شەڕی ئیسرائیل ئامانجی ئەوەی هەبوو کە هێرش بکاتە سەر ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران و گورزی کاریگەر بوەشێنێت لە توانای موشەکی ئێران و دورخستنەوەی سەرکردە سەربازییەکانی ئێران بە لێدان لە بارەگاکانیان و شوێنی حەوانەوەیان. لە ڕوی ستراتیژی ئابوورییەوە بۆ ناوخۆی ئیسرائیل چاوی لەسەر «زنجیرەکانی دابینکردنی وزە» و پارێزگاریکردن لێیان لە کاتی ڕوودانی شەڕ پاراستنی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە.

ستراتیژی سەربازیی و بەرگری ئیسرائیل پشتی بە چەند پلانێکی تۆکمە بەستووە کە دەکرێت ئاماژە بە بنچینە سەرەکییەکانی بکەین: هێرشی پێشدەستانە بۆ سەر ئێران و لاوازکردنی توانی هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، تۆکمەکردنی سیستەمی دژە موشەکی دژ بە هێرشە موشەکییەکانی ئێران بۆ سەر خاکەکەی. ستراتیژی هێرشکردنە سەر زانا ئەتۆمییەکان و کەسە دیارە سەربازییەکانی ئێران هاوکات بەرپاکردنی شەڕێکی نەفسی و دەروونی لە ڕێگەی میدیاکانی ئەو وڵاتە و میدیا سێبەرەکانی لەسەر ئاستی جیهانی بە تایبەت بەکار هێنانی میدیان ئۆپۆزسیۆنی ئێران بۆ ئەو ئامانجە. لە ڕووی دیپلۆماسیشەوە ئیسرائیل چەند ئامانجێکی وردی پەیڕەو دەکرد لە کاتی شەڕەکەدا لەوانەش: جیاکاری لە نیوان خەڵک و حکومەتی ئێران لە پەیامەکانی ناتانیاهۆ بە ئامانجی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی ناوخۆیی و گۆڕینی ڕژێم لە لایەن خەڵکی ئێران خۆیەوە. ئیسرائیل و بە ئاشکرا

دیسکۆرسی خۆی لە دوژمنایەتی عەرەبەوە گۆڕیوە بۆ دوژمنایەتی ئێران. ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە کەمتر بیرمەندان و شیکارە سیاسی و سەربازییەکان ئاماژەیان پێداوە. ئیسرائیل بە گشتی دوو ئامانجی سەرەکی پەیڕەو دەکات لە دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەرەوە.

یەکەم: گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی درێژخایەن و پایەدار لە ناوچەکە لە چوارچێوەی پەیمانی ئیبراهیمی.

دووەم: لاوازکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە.

٣.٢ شەوگاری تاران

هێرشەکانی ئیسرائیل کاریگەری بەسەر تارانی پایتەختەوە بە قوورسی بەجێهێشت. هێرشی بەردەوام. چوڵبوونی بەشی زۆری دانیشتوانی تاران بارگرانی زۆری خستە سەرشانی حکومەت. لە ماوەی شەڕدا حکومەتی ئێران لە مەشهەدی سیاسی و سەربازی دیار نەمابوو. لە هەمانکاتدا چاوەڕوانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری خەڵک تووشی شکست هات و خەڵکی ئێران وەک سروشتێکی مێژووی کولتووری ئەو وڵاتە بێدەنگییان هەڵبژارد تا کۆتاییهاتنی شەڕەکە. لە مێژووی ئێراندا ئەوە یەکەم شەڕی ئەو وڵاتە بوو کە خەڵکی ئێران بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی بەشداریکردن و پارێزگاریکردن لە وڵاتی خۆیان نەبوو. شەڕی ئەلیکترۆنی و ساروخی دەرفەت بۆ بەشداری خەڵکی سڤیل بۆ بەرگریکردن لە وڵاتی خۆیان ناهێڵێتەوە. لە کاتی شەڕدا هیچ شێوازێک لە دەربڕینی ناڕەزایەتی گشتی لە ئێران بەدینەکرا، ئەمەش وەک خاڵێکی بەهێز بوو بۆ ئێران کە توانی بەرگری لە بوونی خۆی بکات و خۆی بە سەرکەتووی شەڕ بزانیت. بەڵام بەپێی هەندێک لەو سەرکردە سیاسییەکانی وەک دکتۆر حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران [کە ئێستا وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی خۆی نمایش دەکات.] پێیوایە کە سەرکردە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئێران لە هەڵسەنگاندی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران زانیاری نادروستیان بە سەرکردایەتی سیاسی ئەو وڵاتە داوە و پێیانوایە کە هێرش ناکرێتە سەر ئەو وڵاتە. هەر بۆیە لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکان سەرکردە سەربازی سیاسییەکانی ئێران لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەکەدا تووشی شڵەژان و دەستەوەستانی بوونەوە، هێرشی بەرپەرچدانەوە لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدرا. بەڵام لە کۆتا ڕۆژەکانی شەڕەکە ئێران توانی هاوسەنگی بۆ هێزەکانی بگێڕێتەوە.

ئەنجام:

شەڕ گۆڕەپانێک نییە بۆ تەسلیمبوون و دانوستانیش مەیدانێک نییە بۆ ڕەزامەندی. ئەمە ئەو دۆخەیە کە دۆسییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستی لەخۆگرتووە. بونیاتنانی داهاتوویەکی ڕووناک بۆ ناوچەکە کاتێک دەستەبەر دەبێت کە بە قووڵی لە ڕابردووی ناوچەکە بڕوانین و داهاتوو دەستەبەر بکەین.

لە پاش ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە ناو تۆفانێکی جیۆپۆلەتیکی ترسناک. دەرگاکانی جەهەننەم لە چەندین بەرەوە کرانەوە. شەڕێکی خوێناوی کۆی ناوچەکەی گرتەوە. ئێران سەنتەری ڕووداوەکان بوو. غەزە و بەرەی موقاوەمە، گیانبەخشەکانی ئەو شەڕە خوێناوییە بوون. ئیسرائیل ئامانجی بە دەستهێنانی ئاشتییە لە ڕێگەی هێزەوە و لاوازکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هاوشان هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بۆ گۆڕانکاری بونیادین لە سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە بەدی ناکرێت. هەردوو ڕێڕەوی ئاشتی و شەڕ بە کراوەیی ماونەتەوە. ئێران کارتەکانی بۆ ئەنجامدانی دانوسانێکی هاوسەنگ و ڕێز لێگیراو لەدەستداوە. ئەمریکا لایەنی سەرەکی پرۆسەی ئاشتی و یەکلاکەرەوەی شەڕە لە ناوچەکە. دۆسییەی ئەتۆمی چیدی ناتوانێت وەک کارتێکی دیپلۆماسی بەهێز بەکار بێت. گەورەترین هەڵەی ستراتیجی ئێران لە مێژووی کاری دیپلۆماسی خۆیدا، کاتێک ڕویدا کە لەگەڵ ‹ترۆیکای» ئەورووپی› نەگەیشتە ڕێکەوتن و پەلکێشی ئەمریکا و ڕووس و چین کرا بۆ دانوسانەکان لەگەڵ ئێران و لە کۆتاییدا دۆسییەکەی دۆڕاند. ئەوەی هەیە پەرەپێدانی توانا سەربازیی و موشەکییەکانی خۆیەتی بە هاوکاری چین و ڕووسەکان کە گومان لە پشتیوانی بەردەوامی ئەوانیش دەکرێت بۆ پاڵپشتی ئێران. بژاردەی شەڕ ئەگەرێکی کراوە و نزیکە. ئیسرائیل لە پاش وەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران ئەوانیش خەریکی خۆسازدانەوەن بۆ خولێکی دیکەی شەڕ لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆتایی شەڕ.

سەرچاوە

١. محمد جواد زریف. زمستان ١٤٠٣ ڕاهبرد وفاق برای تامین امنیت ملی مبنی بر ڕویکرد تاریخی به مسائل امنیت ملی ایران. معاونت ڕاهبردی ڕئیس جمهور. شماره مسلسل ٨٩١ - کد گزارش: ١٤٠٣/١١

٢. ادوارد براون. ١٣٨٠ انقلاب مشروطیت ایران. مترجم: مهری قزوینی. ناشر: انتشارات کویر. تهران

٣. یرواند ابراهامیان. ١٣٨٩ تاریخ ایران مدرن. مترجم: محمد ابراهیم فتاحی. انتشارات: نشر نی. چاپ چهارم تهران

٤. جان قزوینیان. ١٤٠٠ - تاریخ ڕوابط ایران و امریکا. مترجم: سعید عدالت جو، علی فیض اللهی. نشر: کتابستان، تهران

٥. بەرجام یا به فارسی برجام ئەو ڕێککەوتنامەیە بوو کە لە نێوان ئێران و وڵاتان ٥+١ لە ساڵی ٢٠١٥ ئیمزا کرا. بەرجام کورتکراوەی دەقی ڕێککەوتنامەکە بوو بە فارسی کە تێکستە ئینگلیزیەکەی (Joint Comprehensive Plan of Action (JCPOA لە لایەن جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی ئیران بەکارهات.

٦. جواد شریفیان، سعید مرادی فر، عسکر صفری. ١٤٠٣ فصلنامه علمی امنیت ملی. سال دوازدەهم. شماره ٤٩ مقاله ششم

٧. https://www.britannica.com/biography/Qassem-Soleimani

٨. فایلی دەنگی جەواد زەریف لە یوتیوب کە دزەی پێکراوە. https://www.youtube.com/watch?v=Q-J8QuYE5vI

٩. https://www.rte.ie/news/world/٢٠٢٥/٠٤١٢/١٥٠٧٢٥٢-iran-us/

١٠. ارش ڕضایی. ١٤ اردیبهشت ١٤٠٤ مذاکرات ایران و آمریکا در عمان، گامی به سوی دیپلماسی یا نبرد اراده‌ها؟ http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/2032610

١١. ماجرای جنگ دوازده ڕوزە. گفتگو با قالیباف. ٢ مهر ١٤٠٤ https://www.youtube.com/watch?v=6El8LmRvWTY

12. Deterrance through retaliation

13.extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.grc.net/documents/68527c604ba00StrategicandPoliticalImplicationsforIsraelandIran2.pdf

14.https://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/israel-operation-red-wedding-iran-war-b2778097.html

١٥. گفتگۆی جەواد زەریف لە گەڵکەناڵی جەزیرە کە ماڵپەری تابناک بڵاوی کردوەتەوە. https://www.tabnak.ir/fa/news/1346230

16.extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf

ڕوانینی ئێرانییەکان
بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە

ئامادەکردن: ئێراننناسی

ئەم بابەتە ڕاپۆرتێکی وەسفی-شیکارییە بە پشتبەستنن بە ڕووپێوێك کە گروپی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی ڕوانینی ئێرانییەکان (گەمان) لە وڵاتی ئێران ئەنجامی داوە. بابەتەکە پشتی بە داتا و زانیارییەکانی نوێترین ڕووپێوی دامەزراوەکە بەستووە بۆ تێگەیشتن لە ڕوانینی ئێرانییەکان سەبارەت بە جەنگی ١٢ ڕۆژە.

بەرایی

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران-ئیسرائیل و ئێران-ئەمریکا هیچکات هێندەی ئێستا گرژ و توند نەبوون. لە دوای جەنگی ١٢ڕۆژە و لێدانی (چەکوشی نیوەشەو)ی ئەمریکا لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئەو تەمومژەی جاران ڕەوییەوە کە ئەم دوو وڵاتە هەرگیز پێکەوە جەنگی ڕووبەڕوو ناکەن. لەو کاتەوە قۆناغێکی نوێ لە ناوچەکە سەری هەڵدا کە ئیدی گەڕانەوە بۆ پێش جەنگەکە مەحاڵ دەنوێنێت. ئەمریکا بە سەرکردایەتی دۆناڵد تڕەمپ لە جەنگی ١٢ڕۆژەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی. بە کۆتاییهاتنی جەنگەکە، ئەنجامەکانی دوو خوێندنەوەی بۆ کرا. ئەوانەی لایەنگری شۆڕشی ئیسلامیی بوون، تا ئەم ساتەوەختە باس لە سەرکەوتنەکانی ئێران دەکەن لە جەنگەکەدا. بەرپەچدانەوەی هێرشەکان و ترسی ئیسرائیل لە هێزی موشەکیی ئێران[١]، توانای ئێران لە دابینکردنی بژێوی خەڵك[٢]، نەزۆککردنی هەوڵەکانی دابەشکردنی ئێران، حەماسەی شکۆمەندانەی ئێران[٣]، یەکگرتوویی خەڵکی ئێران و هاوئاهەنگی ڕوانینەکان بۆ جەنگەکە و هاوسۆزی خەڵك بۆ ویلایەت[٤]، ئاڕاستەی چاکسازیخوازان لە ڕۆمانسییەتەوە بۆ واقعگەرایی[٥]، بە دەمەوەهاتنی ڕای گشتی دژ بە ئیسرائیل، ترسی ئیسرائیلییەکان لە هێرشی دوبارەی ئێران[٦]و بەهاناوەهاتنی فریشتەکانی ئاسمان، ئەو جۆرە لە گوتار و خوێندنەوەکان بوون کە تا ئەم ساتەش بەرهەم دەهێنرێنەوە. لەسەر ئاستی جیهانیش کۆمەڵێك خوێندنەوەی دژ بە ئیسرائیل هەبوون کە پێیان وابوو ئەو وڵاتە لەم جەنگەدا شکستی خواردووە[٧].

لە بەرامبەردا، ڕوانینێکی دیکە هاوتەریبە لەتەك گوتاری ئیسرائیل و ئەمریکادا کە بانگەشەی ئەوە دەکات لەو جەنگەدا کۆماری ئیسلامیی تا سەرئێسقان لە پەلوپۆ خراوە و لەوکاتەوە بە هیچ جۆرێك ناتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل، وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا. زەنگی ئەو هێرشە کاتێك لێدرا کە دۆناڵد تڕەمپ ڕایگەیاند چاوەڕوانی بیست ساڵەیان بۆ لێدان و خاپوورکردنی بنکەناوەکییەکان کۆتایی هات[٨]. لە کەناڵە فارسییەکانیشدا، بەتایبەت کەناڵە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك ئیران ئینتەرناشناڵ، بی بی سی فارسی، دی دەبلیۆ و هەندێك دامەزراوەی وەك «گەمان»ەوە تەپڵی سەرکەوتنی دژبەری ئێران زیاتر دەبیسترێت. بە ڕەوینەوەی کەفوکوڵی ڕاگەیاندنی هەردوولا، ئەمریکا یەکشەممە (٢٠٢٥/١٢/٧) ستراتیژی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە سیاسەت و مامەڵەی ئەو

وڵاتە بۆ جیهان بڵاوکردەوە. یەکێك لە دەرەنجامەکانی جەنگی ١٢ڕۆژە لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە، ئەوەیە کە ئێران چیتر نابێتە مەترسیی بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکەدا. ناوهێنانی تەنیا دوو جاری ئێران لە بەڵگەنامەکەدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کەمترین حسێبی بۆ ئێران و پرۆکسییەکانی ئێران کردووە.

بەڵام ئەم ڕوانینانەی سەرەوە، خوێندنەوەی سیاسی، سەربازی، ڕاگەیاندن و تەکنیکین بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە. گرنگە بزانین ڕوانینی خودی خەڵکی ئێران سەبارەت بەبارودۆخەکە بەگشتی و جەنگەکە چۆنە. لەم بابەتەدا بە پشتبەستن بە نوێترین ڕووپێوی دامەزراوەی گەمان بە ناونیشانی ڕوانینی ئێرانییەکان بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە، شرۆڤەیەکی کورتی دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی ئێران و ڕوانینیان سەبارەت بە جەنگەکە و دەرەنجامەکانی دەکەین.

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پە پشتبەستن بە ڕووپێوێك کە گرووپی توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندنی هزری ئێرانییەکان (گمان)[٩] ئەنجامی داوە، کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و تۆمارکراوە لە وڵاتی هۆڵەندا، دەتوانین وەڵامی زۆرێك لەو پرسانە بدەینەوە کە سەبارەت بە زەمینەی سەرهەڵدانی جەنگی ١٢ڕۆژە، دۆخی جەنگ و دەرەنجامەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان و میدیادا بڵاو کراونەتەوە. جیاوازی ئەم جۆرە لە زانیارییەکان لەوەدایە یارمەتیمان دەدات لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێرانەوە و لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە ڕووداوەکان و دۆخی هەنووکەیی ئێران بخوێنینەوە.

گەمان یەکێکە لە دامەزراوە متمانەپێکراوەکان کە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە و بۆماوەی ٥ ڕۆژ لە ٢٠٢٥/٩/٢٤ بۆچوونی 30,372 کەسی خوێندەواری سەروو ١٥ ساڵی لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە وەرگرتووە بە ئاستی متمانەی ٩٥٪ و مەودای ٥٪ قابیلی گشتاندن بۆ سەرتاسەری ئێران، ڕووپێوەکە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی سایفۆنەوە ئەنجامدراوە، ڕۆژانە ٥-١١ ملیۆن کەس لە ئێراندا ئەم پلاتفۆرمە فلتەرشێکینە بەکار دەهێنن. بە پشتبەستن بە دوائاماری یەکێتی نێودەوڵەتیی پەیوەندییەکان[١٠] ٨٠٪ کۆمەڵگەی ئێرانی بەکارهێنەری ئەنتەرنێتن، نموونەکان بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون و ٩٨٪ لە نێوخۆی ئێرانەوە وەڵامی ڕووپێوەکەیان داوەتەوە.

دەستپێك و ئەنجامی جەنگ

ڕووپێوەکە بەو مشتومڕە دەستپێدەکات کە کێ ئاگری جەنگی ١٢ڕۆژەی هەڵگیرساندووە یان خۆشکردووە؟ لە ڕوانگەی ئێرانییەکان خۆیانەوە و بە گوێرەی ئامارەکە، نزیکەی ٤٤٪ کۆمەڵگە، ئێران بە بەرپرسی دەستپێکی جەنگ دەزانن. لەکاتێکدا ٣٣٪ ئیسرائیل بە تاوانبار دەبینن و ١٦٪ هەردوولا وەك یەك سەیر دەکەن.



سەبارەت بە براوەی جەنگەکە، تا هەنووکە ئەم مشتومڕە بەردەوامە کە کێ براوە بووە؟ بەڵام ئێرانییەکان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە کە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگەی نمونە، واتە ٥١٪ پێیان وایە کە ئیسرائیل لە جەنگەکەدا سەرکەوتوو بووە و بە ئامانجەکانی گەیشتووە. لەبەرامبەردا ١٦٪ کۆماری ئیسلامیی بە سەرکەوتوو دەزانن و ١٩٪ هەردوولا بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکەن.



هەست و هاوسۆزی

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو هەستانەی کە لە ماوەی جەنگدا ئەزموونیان کردووە، «توڕەیی بەرامبەر بە حکومەتی ئێران» زۆرترین پشکی بەرکەوتووە کە ٤٢٪ خەڵکی ئێرانە، واتە کۆمەڵگەی ئێرانی لە سەروبەندی جەنگی ١٢ڕۆژەدا زیاتر لە هەر دیاردە و ڕووداوێك لە حکومەت و دەسەڵات توڕە بووە. پاش ئەوە ئەزموونەکانی «نیگەرانی لە ئایندە» (٣٨٪)، «توڕەیی لە ئیسرائیل» (٣٠٪)، «هیوا بە ئایندە» (٢٧٪)، «ترس لە مردنی ئازیزان» (٢١٪)، و هەستی پرسە و خەم بۆ کوژراوەکان (١٧٪) ی ئەو هەست و سۆزانە پێکدەهێنن کە ئەوان ئەزموونیان کردووە.

کەلێنی کۆمەڵگە و دەسەڵات

یەکێکیتر لە بۆچوونە زۆر سەرنجڕاکێشەکان کە دەرخەری کەلێنێکی ئاشکرای خەڵك و دەسەڵاتە، پرسیارێکە سەبارەت بە دەرەنجامەکانی جەنگ. زۆرینەی کۆمەڵگە (٧٣٪) ڕایانگەیاندووە کە بە قووڵی هەستیان بە ئازار کردووە بەرامبەر بە «کوژرانی خەڵکی مەدەنی». پاش ئەوە (٤٦٪) «هێرشی ئاشکرا بۆ سەر خاکی ئێرانیان» بەلاوە قوورس بووە، دواتر «کوژرانی بیرمەندانی ناوەکی»(٣٠٪)، هێرش بۆسەر بەندیخانەی ئێڤین»(٢٧٪) زۆرترین ئازاری پێگەیاندوون، (٢٢٪) «لەناوبردنی بنکە ئەتۆمییەکان» و تەنیا (٢٠٪) بەرامبەر بە «کوژرانی فەرماندە سەربازییەکان» هەستیان بە ئازار کردووە. کۆتا هەڵبژاردنیش «هێرش بۆ سەر میدیای فەرمیی ئێران (صدا و سیما)

کەمترین ڕێژەی بێتاقەتی ئێرانییەکانی لێکەوتووەتەوە کە ڕێژەکەی تەنیا (١٥٪) بووە. ئەم پرسیارە بە ئاشکرا ڕوانینی ئێرانییەکانی سەبارەت بە دامەزراوە فەرمییەکانی دەسەڵات ڕوون کردووەتەوە. لە دوای بوونە قوربانیی خەڵکی مەدەنی ئەوەی خەڵکی ئازار داوە هێرش بووە بۆ سەر خاکی وڵاتەکەیان، کە ڕەنگە کەمتر لە مێژووی وڵاتاندا ڕوویدابێت کە زۆرینەی خەڵك هەڵوێستیان بەرامبەر پەلاماردانی وڵاتەکەیان نەرێنی بێت کە دەکات (٥٣٪).



ئەوەی جێگەی تێڕامان و یەکانگیرە لەگەڵ ڕوانینی ئێرانییەکاندا بەرامبەر بە هێرش بۆ سەر میدیای فەرمی کۆماری ئیسلامیی، وەڵامی پرسیارێکە سەبارەت بە سەرچاوەکانی هەواڵی جەنگەکە. لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا تەنیا (٢٧٪) کۆمەڵگە هەواڵەکانی جەنگیان لە میدیای فەرمیی ئێرانەوە وەرگرتووە. بە پێچەوانەوە کەناڵی (ایران اینترناشنال) کە کەناڵی دژبەری ئێرانە، لە لایەن (٤٣٪) کۆمەڵگەوە وەك سەرچاوەی هەواڵ بەکارهاتووە. سەبارەت بە ئامرازەکانیش (٥١٪) کۆمەڵگە سوودیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تێلیگرام، ئینستاگرام و ئێکس وەرگرتووە. واتە تۆڕەیی خەڵك بەرامبەر بە میدیای فەرمی وای کردووە کە هێرشکردنە سەر میدیاکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەمترین هاوسۆزی دروست بکات لە لایەن خەڵکەوە. لە هەمانکدا تەنیا ٢٧٪ خەڵکیش بۆ هەواڵەکانی تایبەت بە جەنگ پشتیان بەو میدیایانە بەستووە.

بێهیوایی خەڵك و متمانە بە وڵاتان

لە بەشێکی تری ڕووپێوەکەدا پرسیارێکی گشتی سەبارەت بە قەیرانەکانی نێوخۆی ئێران کراوە. یەکێکیان تایبەتە بە قەیرانی ئاو و کارەبا و گەڕانەوەی گەمارۆکان. زۆربەی زۆری کۆمەڵگە (٧٥٪) بۆچوونیان وایە کە «ناکارامەیی و لاوازیی بەڕێوەبردنی حکومەت»، هۆکاری سەرەکی قەیرانەکانە. (١٤٪) قەیرانەکان دەدەنە پاڵ هۆکارە سروشتییەکان و (٤٪) گەمارۆکان. ئەگەر ئەم خاڵە پەیوەست بکەینەوە بە ناڕەزایەتییەکانی خەڵك لە دەسەڵات لە ئێراندا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی لە تەوەرەکانی دیکەی وەك (ڕوانینی ئەرێنیی بە وڵاتانی دەرەوە، پشتنەبەستن بە میدیای فەرمی، شەڕی ئیسرائیل دژ بە دەسەڵات نەك خەڵك و بە براوەزانینی ئیسرائیل هێندە بە زەقی لە ڕوانینی ئەواندا ڕەنگی داوەتەوە).



هەروەها نیگەرانییەکانی خەڵك لە ئایندەی خۆیان و کاریگەری گەمارۆکان بە کاراکردنی میکانیزمی بەلەپیتکە لە لایەن وڵاتانی ئەورووپاوە کە (٥٦٪) کۆمەڵگە لە وەڵامی پرسیارەکانی نیگەرانییەکانی ئێوە لە گەڕانەوەی گەمارۆکاندا، پێیان وایە کە زۆر نیگەرانن و (١٨٪) تاڕادەیەك نیگەرانن، لێرە دەردەکەوێت کە نزیکەی سێ لەسەر چواری خەڵکی ئێران لەم ساتەدا بە نیگەرانییەوە لە ئایندەی خێزانەکان و وڵاتەکەیان

دەڕوانن. جگە لەوەیکە (٥٠٪) کۆمەڵگە بە ئەگەری زۆرەوە چاوەڕێی سەرهەڵدانەوەی جەنگێکی دیکە دەکەن. و تەنیا (٢١٪) ئەگەر جەنگ لە هەفتەکانی ئایندەدا بە لاواز دەبینن لێرەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگە بەردەوام لە نیگەرانی ئایندە و سەرهەڵدانەوەی جەنگێکی تردا ژیان بەسەر دەبات. ئەم بابەتە پەیوەست دەبێتەوە بە بابەتی حوکمڕانیی باشەوە. چونکە ئەگەر سێ لەسەر چواری کۆمەڵگەیەك بەردەوام هەست بە نیگەرانیی بکەن، دەرخەری هەبوونی کەلێنێکی گەورە و کێشەی قووڵی ئەو کۆمەڵگەیەیە.

سەبارەت بە ڕوانینی ئەرێنی و متمانەی خەڵك بە وڵاتان، (٥٢,٧٪) کۆمەڵگەی ئێرانی کە لە لایەن ئەمریکاوە پەلامار دراوە ڕوانینی ئەرێنییان بە ئەمریکا هەیە. سەبارەت بە ئیسرائیل ئەو ڕوانینە (٣٩٪) یە و (٤٨٪) ڕوانینی نەرێنییان هەیە.



بۆچی ڕوانینی خەڵك لە وەڵامی پرسیاری (ڕوانینی ئێوە سەبارەت بە وڵاتان چییە؟)، مایەی تێڕامانە و دەرخەری ئالنگارییەکی دیکەی پەیوەندی خەڵك و دەسەڵاتە. لەبەرئەوەی چەندین ساڵە دەسەڵات بە هەموو هێزەکانییەوە لەبەرەی دژ بە ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکادا گەمەی کردووە. گوتاری دەسەڵات، گوتارێکی دژ بە سیستمی سەرمایەداری و هەژموونی شەیتانی گەورەدا خۆی بینیوەتەوە. منداڵێك کە لە ئێراندا دەچێتە بەر خوێندن لە کاتی ڕیزبووندا دوای گوتنەوەی سروودی نیشتیمانی، فێری مردن بۆ ئەمریکا دەکرێت و ئەم دژایەتییە لە هەموو کایەکانی ژیانی تاکێکی ئێرانیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەبەرامبەردا بەبێ گوێدانە گوتاری بەشێك لە ڕیفۆرمیستەکان و میراتی ڕەفسەنجانی و هەوڵەکانی جەواد زەریف، ئەم دەسەڵاتە ئامێزی بۆ هێزەکانی جەمسەری ئیشتراکییەت بە تایبەت ڕووسیا و چیندا کردووەتەوە و بۆ خۆپارێزی بێت، یان لەڕووی بەرژەوەندییەوە، هەموو ئیمتیازێکیان بەو دوو وڵاتە داوە، کەچی (٥٧٪) ئێرانییەکان ڕوانینی نەرێنیان بە چین هەیە و (٦٨٪) نەرێنیی سەبارەت بە ڕووسیا بیر دەکەنەوە. لە بەرامبەردا لە نێو هەموو وڵاتاندا، ئێرانییەکان زۆرترین ئاستی ڕوانینی ئەرێنییان سەبارەت بە ئەمریکا هەیە کە دەکاتە (٥٣٪)، و کەمترین ئاستی ڕوانینی نەرێنی خەڵك بۆ ئەمریکا (٣٧٪). ئیسرائیل بە ٣٩٪ ڕوانینی ئەرێنی و ٤٨٪ ڕوانینی نەرێنی پێگەی دووەمی هەیە.

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ئاستی گۆڕانکاری ڕوانینی ئێرانییەکان سەبارەت بە وڵاتەکان لە نێوان ساڵانی (١٤٠٠-١٤٠٤) هەڵسەنگێنراوە. ئەوەی جێگەی مەترسییە بۆ دەسەڵات لە ئێراندا ئەوەیە کە ڕاستە دوای جەنگەکە، ڕوانینی ئەرێنی کۆمەڵگە بۆ ئەمریکا وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام ڕوانینی نەرێنی خەڵکی بۆ ئەمریکا ٤٪ کەمی کردووە، کەواتە سۆزی نەرێنیی خەڵك بۆ ئەو وڵاتە کەمتر بووەتەوە، بۆ ئیسرائیلیش بە پێچەوانەوە، ڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگە بۆ ئەو وڵاتە نەگۆڕاوە، بەڵام ڕوانینی ئەرێنیان بۆ ئیسرائیل نزیکەی (٤٪) زیادی کردووە. سەبارەت بە وڵاتانی دیکەی وەك ڕووسیا و بەریتانیا ڕوانینی خەڵکی کەمترە، هەروەها بۆ تورکیا و سعودییە و وڵاتانی ئەورووپاش.



چییەتیی جەنگی ١٢ڕۆژە

یەکێك لەو چەمك و گوتارانەی کە لە کاتێکی ململانێ و جەنگەکاندا دێتە بەرباس، بابەتی شەرعییەتی جەنگە. ئەوەی کە تا چەند دەسەڵات دەتوانێت خەڵکەکەی بهێنەسەر ئەو باوەڕەی کە بۆ ئەوان شەڕ دەکات و ڕەوایەتی بەو جەنگە دەدات. ئەو ڕەوایەتیدانە خۆی یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکان بۆ بردنەوەی جەنگەکە. ئەو ڕەوایەتیدانە نەك بۆ ئێران بۆ ئیسرائیلیش ئاڵنگاریی گەورە دروست دەکات

ئەگەر پاڵپشتی جەماوەری لەگەڵ نەبێت. ناتانیاهۆ هەوڵێکی زۆریدا تاوەکو هێزە ناکۆکەکانی حزبەکەی بۆ ئەم جەنگە لەگەڵ خۆیدا تەبا بکات. تەنانەت بە گوێری هەندێك داتا سەدا (٨٣٪) جووەکانی ئیسرائیل پشتیوانی هێرشی وڵاتەکەیان بوون بۆ سەر ئێران[١١]. کاریگەری ئەم بۆچوونەی خەڵکی تەنیا بۆ جەنگی ١٢ڕۆژە نییە، بەڵکو هۆشدارییە بۆ ئەگەری جەنگێکی تر کە زۆربەی ئێرانییەکان پێشبینی ڕوودانی دەکەن.

ئەم ڕاپرسییە بە پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بە چییەتی جەنگەکە دەری دەخات کە بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا، بەڕادەیەك کە ٦٣٪ خەڵکی پێیان وایە کە جەنگی ١٢ڕۆژە جەنگی ئیسرائیل بووە لەتەك حکومەتی ئێراندا، نەك خەڵکی ئێران. ئەمە ڕێك و ڕاست یەکێك بووە لە گوتار و بانگەشەکانی بنیامین ناتانیاهۆ کە چەندین جار بە شێوەی فەرمی ڕووی دەمی دەکردە خەڵك و ڕایدەگەیاند کە ئەوان شەڕی دەسەڵاتی ئێران دەکەن و هەر دوو نەتەوە هیچ کێشەیەکیان لەتەك یەکتری نییە[١٢]. لەبەرامبەریشدا ٣٠٪ کۆمەڵگە پێیان وانییە کە جەنگی ئیسرائیل لەتەك حکومەت بووە نەك خەڵکی ئێران. لەم نێوەندەدا تەنیا ٣٣٪ باوەڕیان وایە کە ئەو جەنگە « جەنگێکی نەتەوەیی ـ نیشتیمانی بوو». و ٥٢٪ لەتەك ئەو بۆچوونەدا نین.

سەبارەت بە کردەی حکومەتی ئێران، تەنیا (٣٤٪) کۆمەڵگە پێیان وایە کە «حکومەتی ئێران توانی بەرگری لە خەڵکی ئێران بکات لەبەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیلدا». لە بەرامبەردا (٥٨٪) ڕای پێچەوانەیان هەیە و پێیان وایە کە حکومەت لە پارێزگاری لە خەڵکدا شکستی خوارد.



یەکێکیتر لەو بۆچوونانەی کە سەرنج دەخاتە سەر دروشم و گوتاری ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پرسیارێکە، پرسیارێکە سەبارەت بە «حکومەتی ئێران دەبێت واز لە دروشمی لەناوبردنی ئیسرائیل بهێنێت»، کە لە وەڵامدا (٦٢٪) کۆمەڵگە پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەن و تەنیا (٢٠٪) لەگەڵیدا نین.

هەروەها بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم، نزیکەی نیوەی کۆمەڵگە (٤٧٪) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە حکومەت دەبێت پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت. لە بەرامبەردا ٣٦٪ ڕای پێچەوانەیان هەیە. هەر لەو ڕوانگەیەوە نزیکەی نیوەی کۆمەڵگە (٤٩٪) دژی دروستکردنی چەکی ناوەکین لە لایەن ئێرانەوە. (٣٦٪) دروستکردنی بە ڕەوا دەزانن. هەڵبەت بۆچوونی کۆمەڵگەی ئێرانی سەبارەت بە چەکی ناوەکی لە هەندێك ڕووپێوی دیکەشدا بە نەگۆڕی ماوەتەوە کە زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدا نین کە وڵاتەکان چەکی ناوەکی بەرهەم بهێنێت[١٣]. تەنیا لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئاشتیخوازانەی ئەو چەکەدان.

دابەشبوونی کۆمەڵگە بەگوێرەی ئاڕاستەی سیاسی

یەکێك لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی دیکەی ئەم ڕووپێوە ئەوەیە کە ئەنجامەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە دانیشتوانییەکان و ئاڕاستە سیاسییەکان دەری دەخەن کە لە نێوان گرووپە جیاجیاکاندا جیاوازی بەرچاو لە وەڵامەکاندا هەن. بەڵام کەلێنە سەرەکییەکە لە هەڵسەنگاندنەکاندایە نەك لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی

دانیشتوان، بەڵکو لەسەر بنەمای ئاڕاستە سیاسییەکانە. لەڕووی ڕەگەزەوە(نێر و مێ)، پیاوان زیاتر لە ژنان ئیسرائیلیان بە سەرکەوتووی جەنگەکە زانیوە کە دەکاتە (٥٧٪ لە بەرامبەر١٧٪). ژنانیش زیاتر لە پیاوان هەردوولایان بە شکستخواردوو زانیوە. لە پیاوەکانیش کە ئیسرائیلیان بە سەرکەوتوو زانیوە بەتەمەنەکان زیاتر لە گرووپە بەتەمەنییەکانی تر جەختیان لەسەر سەرکەوتنی ئیسرائیل کردووەتەوە. لە هەمانکاتدا گەنجەکان زیاتر لەوانی تر جەختیان لەسەر شکستی هەردوولا کردووەتەوە. لەڕووی شوێنی ژیانیشەوە، شارنشینان زیاتر لە گوندنشینیان دانیان ناوە بە سەرکەوتنی ئیسرائیلدا کە ڕێژەی (٥٣٪)ە.

زۆرینەی بناژووخوازان (ئوسوڵگەراکان)، کۆماری ئیسلامییان بە سەرکەوتووی جەنگەکە زانیوە کە (٦٦٪). بەڵام چاکسازیخوازان (٣٥٪) ئێرانیان بە براوەی جەنگ زانیوە.



لەڕووی ئاڕاستەی سیاسی کۆمەڵگە و ڕوانینیان بۆ گۆڕانکاریی لە وڵاتدا، بەشداربووانی ڕووپێوەکە، لە ماوەی چوار ساڵدا بۆ چوار جۆر پۆلێن کراون. ئەوانەی نەمانی ڕژێمی کوماری ئیسلامیی (براندازی) بە پێشمەرجی هەر جۆرە گۆڕانکارییەك دەزانن (٣٩,٣٠٪ -٦٠,١٪) کۆمەڵگەن. (٢٤,٩٪-٢٥,٢٪) داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی و تێپەڕاندنی کۆماری ئیسلامیی دەکەن (. ئەوانەش خوازیاری چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاون (اصلاحی) ڕێژەیەکی زۆر کەمن کە دەکاتە (٩,٢٪-١١٪). ئەوانەش کە لایەنگری پاراستنی بنەما و بەهاکانی شۆڕشن و پشتیوانی سیاسەتەکانی ڕژێم و ڕێبەرین (اصولی) ڕێژەیان تەنیا یەك لەسەر چواری کۆمەڵگەیە. ئەم هێڵکارییەش یەکێکی ترە لە خاڵە زۆر گرنگ و جێی تێڕامانەکان کە کەلێنی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات ڕوون دەکاتەوە.



سەبارەت بە پێویستیی گۆڕانکاریی، پرسیار لە کۆمەڵگە کراوە کە چ ڕێگەیەکت پێباشە بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا، (٣١٪) خەڵك نارەزایەتی و خۆنیشاندان بە ڕێگەی گونجاو دەزانن. هەروەها (١٨٪) فشار و دەستوەردانی دەرەکی، (١٤،٤٪) بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و (٥،٥٪) خەباتی توندوتیژئامێز بە ڕێگەچارە دەزانن. ئەم تەوەرەی ڕووپێوەکە پێمان دەڵێت کە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان کۆمەڵگەی ئێران سەبارەت بە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا هەر ئەو ناکۆکییە و تێگەیشتە جیاوازەی خەڵکە. واتە خەڵکی ئێران خۆشیان نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتنی کۆتایی بۆ گۆڕانکاری، ئێستا کە خۆنیشاندانەکان دەستیان پێکردووەتەوە دەبینین کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە خۆنیشاندان دەکەن لەو (٣١٪) کەمترە کە لە ڕووپێوەکەدا جەخت لەسەر گۆڕان لە ڕێگەی خۆنیشاندان دەکەنەوە.



ئەنجام

لە شرۆڤەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە ڕووپێوەکەدا خراونەتە ڕوو، دەکرێت ڕوانگەی ئێرانییەکان بۆ جەنگی ٢١ڕۆژە لە سێ ئاستی گوتار و ئایدیۆلۆجیا، شێوازی حوکمڕانی و متمانە و هاوسۆزی بۆ وڵات و وڵاتانیتری نەیار دەسەڵات و کۆمەڵگە تاوتوێ بکرێت.

لەڕووی ئایدیۆلۆجی و گوتارەوە، دەسەڵات ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری بەهێز بووەتەوە. دەسەڵاتی ئێستای ئێران هەر لە سەرەتاوە بناغەی پەیوەندییەکانی لەسەر چەند دروشمێکی وەك سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە، ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا، دروستکردنی چەکی ناوەکی، ئەمریکا وەك شەیتانی گەورە دارشت، بەڵام دروشمەکان لەم ڕووپێوەدا دژ دەوەستنەوە لەتەك ڕوانینی خەڵکی ئێراندا. ئەوان سڕینەوەی ئیسرائیل و بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی ڕەت دەکەنەوە، خوازیاری گفتوگۆن لەتەك ئەمریکادا و ڕوانینی ئەرێنیان سەبارەت بە ئەمریکا زۆر زیاترە لە ڕووسیا و چین کە حکومەتی ئێران گەلێك ئیمتیازاتی خستووەتە بەردەستیان. یەکێك لە نیشانەکانی زیاتربوونی کەلێکی نێوان دەسەڵات و خەڵك هاوسۆزی خەڵکە لەتەك دەسەڵاتدا. بەڵام لە کاتی هێرشەکانی ئیسرائیلدا، زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە کە (٧٣٪) بۆ گیان لەدەستدانی خەڵکی مەدەنی هەستیان بە ئازار کردووە، لە کاتێکدا بۆ سەرکردە سەربازییەکان ئەم ڕێژەیە تەنیا ٢٠٪ بووە.

یەکێکیتر لەو خاڵانەی کە دەمانگەیەنێت بە کەلێنی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات، بریتییە لەو پرسیارەی کە سەبارەت بە ئاستی ڕوانینی ئەرێنی خەڵك بۆ وڵاتان ئاراستە کراوە. لە وەڵامدا نیوە زیاتری کۆمەڵگە ڕوانینی ئەرێنیان سەبارەت بە ئەمریکا نیشانداوە کە (٥٣٪) و تەنیا (٣٧٪) ڕوانینی نەرێنیان هەبووە. بۆ ئیسرائیلیش لە کاتێکدا کە دەسەڵات چوار دەیە گوتار و ستراتیجی خۆی لەسەر دژایەتی ئیسرائیل و سڕینەوەی لەسەر نەخشەی زەوی بونیاد ناوە، لەو ڕووپێوەدا، (٣٩٪) خەڵکی ڕوانینی ئەرێنیان بۆ نیشانداوە.

کۆمەڵگەی ئێرانی دابەشبووە بەسەر خەڵك و دەسەڵاتدا. هەرچەندە خەڵکەکەش ڕوانینی جیاجیایان سەبارەت بە شێوازی گۆڕانکاری لە وڵاتدا هەیە، بەڵام ئەو زانیارییانەی کە دەسەڵات لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنییەوە بڵاوی دەکاتەوە سەبارەت بە دەستپێکردنی جەنگ، سەرکەوتن لە سەروبەندی جەنگ، دەرەنجامەکانی جەنگ و کاریگەرییەکانی جەنگ یەك ناگرێتەوە لەتەك ڕوانینی کۆمەڵگەی ئێرانیدا. یەکێك لە ڕەنگدانەوەی ئەم کەلێنە نەبوونی متمانەیە بە هەواڵ و زانیارییەکان. سەبارەت بە متمانە بە ڕاگەیاندن و ئەو کەناڵانەی کە سەرچاوەی زانیاری دروستن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کۆمەڵگەی ئێرانی کەمترین زانیاری لە کەناڵە فەرمییەکانی وڵاتەکەیەوە وەرگرتووە (٢٧٪)، لە کاتێکدا زۆرترین زانیاری لە کەناڵێکی دژبەرەوە وەرگرتووە کە (ایران اینترناشنال)ە (٤٣٪). هەر بۆیە کاتێك پەلاماری دامەزراوەی میدیای فەرمی دراوە، تەنیا (١٥٪) کۆمەڵگە پێی خەمبار بووە. جێی تێڕامانە کە ئەو دەسەڵاتەی میدیایەکی وەك (ایران انترناشنال) کە لە لایەن سعودییەوە پشتیوانی دەکرێت بە نەیارێکی سەرسەختی خۆی دەزانێت، بووەتە متمانەپێکراوترین کەناڵ بۆ وەرگرتنی هەواڵەکانی جەنگ لە لایەن خەڵکەوە.

سەبارەت بەو پرسیارانەی کە دەتوانین بیانخەینە چوارچێوەی حوکمڕانی باشەوە، هەندێك پرسیار سەبارەت بە بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی کۆمەڵگە کراوە. زۆربەی زۆری کۆمەڵگە (٧٥٪) بۆچوونیان وایە کە «ناکارامەیی و لاوازیی بەڕێوەبردنی حکومەت»، هۆکاری سەرەکی قەیرانەکانە. هەروەها لەوەش مەترسیدارتر ئاستی نیگەرانی هاوڵاتیانە سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگێکی تر کە نیوەی خەڵکی ئێران هاوڕان لەتەك ئەو بۆچوونەدا. هەروەها یەکێك لە مەرجەکانی هەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی بەهێز بریتییە لە توانای بەرگریکردن لە خەڵکەکەی. تەنیا (٣٠٪) خەڵکی ئێران پێیان وایە کە حکومەت توانی لە جەنگەکەدا بەرگری لە هاوڵاتییەکانی بکات. ئەمەش دەبڕی نەبوونی متمانەی پێویستی هاوڵاتیانە بە دەسەڵات. بە گوێرەی ئەم ڕووپێوە کەلێنێکی گەورە لە نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا لە ئێراندا هەیە.

سەرچاوە

١ - هراس ڕژیم صهیونیستی از قدرت موشکی ایران، خبرگزاری مهر، هراس ڕژیم صهیونیستی از قدرت موشکی ایران - خبرگزاری مهر | اخبار ایران و جهان | Mehr News Agency، ڕێککەوتی دواسەردان، ٢٠٢٥/١٢/١٠.

٢ - نورنیوز، عراقچی: ایران در جنگ ١٢ ڕوزه ثابت کرد توان تأمین معیشت مردم ڕا دارد، عراقچی: ایران در جنگ ١٢ ڕوزه ثابت کرد توان تأمین معیشت مردم ڕا دارد :: نورنیوز، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩.

٣ - علی سعیدی، پیامدهای حماسه باشکوه ملت ایران در جنگ ١٢روزه، ٢٠/مهر/١٤٠٤، پیامدهای حماسه باشکوه ملت ایران در جنگ ١٢روزه - خبرگزاری حوزه، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩.

٤ - پریسا محمدی، جنگ ١٢ ڕوزه صحنه‌ای از بیداری، آگاهی و همراهی مردم با ولایت بود، جنگ ١٢ ڕوزه صحنه‌ای از بیداری، آگاهی و همراهی مردم با ولایت بود - ایرنا، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩.

٥ - عبدالله گنجی، تنظیم نگرش‌ها پس از جنگ ١٢ ڕوزه، تنظیم نگرش‌ها پس از جنگ ١٢ ڕوزه، ١٦ مهر ١٤٠٤، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩،

٦ - ٦٢ درصد از اسرائیلی‌ها نگران وقوع جنگ جدید با ایران هستند، ٣٠ مهر ١٤٠٤، ٦٢ درصد از اسرائیلی‌ها نگران وقوع جنگ جدید با ایران هستند - ابنا، ڕێککەوتی دواسەردان ٢٠٢٦/١/٢.

٧ - چاوپێکەوتنی جان مرشایمر به ناونیشانی جنگ ١٢ ڕوزه شکست پنهان اسرائیل و تقویت بازدارندگی ایران! بڵاو کراوەتەوە، https://www.aparat.com/v/yan6u19 ، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩،

٨ - دونالد ترامپ: ٢٠ سال منتظر بودند که توان هسته‌ای ایران ڕا از بین ببریم، ١٤ آبان ١٤٠٤، ایران اینترناشنال، https://www.iranintl.com/fa/202511050681، ڕێککەوتنی دواسەردان ٢٠٢٥/١٢/١٠.

٩- گزارش نظرسنجی «نگرش ایرانیان به جنگ ١٢ ڕوزه، https://gamaan.org/2025/11/05/12-day-war-survey-persian/، ڕێککەوتنی دوا سەردان، ٢٠٢٥/١٢/٩،

١٠ - https://datahub.itu.int/data/?i=11624&e=IRN access 12/12/2025

11 - 83% of Jewish Israelis back Iran strikes, 12% of Arabs agree – Poll, Jun 17, 2025, Iran International, https://www.iranintl.com/en/202506175429 access 01/02/2025

١٢ - نتانیاهو: ایمان دارم ڕوزی مردم ایران دوباره سرنوشت خود ڕا به دست خواهند گرفت ٣ آبان ١٤٠٤، ایران انترناشنال، https://www.iranintl.com/fa/202510256704، ڕێککەوتنی دوا سەردان ٢٠٢٥/١٢/٩.

13 - Dina Smeltz, Amir Farmanesh, March 31, 2020, Majority of Iranians Oppose Development of Nuclear Weapons, Majority of Iranians Oppose Development of Nuclear Weapons | Chicago Council on Global Affairs, access 12/12/2025

هەرێمی کوردستان

لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیجی دەوڵەتی ئێران

(١٩٢٣ - ٢٠٠٥)

م.ی.تەحسین وسو عەبدوڵڵا-توێژەر و مامۆستای زانکۆ

پ.ی.د. ئەمین فەرەج شەریف
مامۆستای زانکۆ و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی

بەرایی

دەوڵەتی نوێی ئێران لە دوای ساڵی (١٩٢٥) لەسەر دەستی پەهلەوییەکان دامەزرا کە کۆتا بنەماڵەی پاشایەتی بوون لە دوای قاجارییەکان هاتنە سەر دەسەڵات، لەماوەی (١٩٢٥-١٩٧٩) لە ئێران فەرمانڕەواییان کرد. بە درێژایی سەردەمی پەهلەوییەکان (١٩٢٥-١٩٧٩) ستراتیژییەت و سیاسەتی دەوڵەت لەسەر بنەمای توانەوەی کورد وەك نەتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئێراندا بنیاتنراوە، هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا ڕوانگەی دەوڵەت بۆ کورد لە پارچەکانی دیکەدا خۆی لە پەرەپێدانی هاوکاریی سەربازیی و ئاسایشیدا دەبینییەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو، بە ئامانجی لە چوارچێوەدان و لاوازکردن، یاخود لەناوبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران (١٩٧٩) ئەم سیاسەتە بەردەوامی پێدراوە. ئێران سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی خاکی کوردستانی بەسەر دابەشکرا (تورکیا، عێراق و سووریا) لەسەر کۆمەڵێك پرس ناکۆك بووە، بەڵام هەمیشە ئەوەی ئێرانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هێناوەتە سەر یەك مێز بۆ ڕێکەوتن پرسی کورد بووە، ئەمە نەك تەنها بۆ ڕابردوو، بەڵکو بۆ ئێستاش ڕاستە. لەم بارەوە ڕوانگەی ئێران بەرامبەر بە دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی (١٩٩١) و نموونەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ئەیلوولی (٢٠١٧) نمونەی زیندوون. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە شیکارییەدا جەخت لەسەر دوو باسی سەرەکی کراوەتەوە، ئەوانیش یەکەم خستنەڕووی سەرهەڵدانی شوناسی دەوڵەت لە ئێران، دووەمیان دیدگا و سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان. لە خوارەوە بە وودی ئەم بابەتانە خراونەتەڕوو.

یەکەم: بنەما و چوارچێوەی شوناسی دەوڵەتی ئێران

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی دروستبوونی ناسنامەی دەوڵەتی ئێران بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت، قۆناغی پێش زایین و قۆناغی دوای زایین، بەگوێرەی ئەم دوو قۆناغەش هەردوو ناسنامە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ناسنامەی ئێرانی. بە گوزارشتێکی تر، ناسنامەی ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران لە بنەڕەتدا دوو پایەی گرنگی هەیە؛ ڕوانگە و تێڕوانینی مەزهەبی شیعەی

ئیسلامی و کولتوور و مەدەنییەتی ئیمپراتۆرییەتەکانی پێش ئیسلام[١]. هەروەك توێژەری فارس، «Arvand Abrahamian» ئەرڤاند ئەبراهامیان دیاریکردووە؛ ئێرانییەکان خۆیان پێناسە دەکەن هەم لەگەڵ مەزهەبی شیعەگەرێتی ئیسلامی و هەمیش لە چوارچێوەی کولتووری پێش ئیسلام بەتایبەتی لەگەڵ کولتووری ساسانی، هاخامەنیش و ئەشکانی[٢]. لە دیاریکردنی شوناسی دەوڵەتدا فارس وەك فۆرمێکی نەتەوەیی ڕەگەزی باڵادەست جێگیرکراوە، ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان باڵادەستبوون و سەرداربوونی فارس وەك نەتەوە بە سەر نەتەوەکانی دیکە بەدیکراوە[٣].

دەربارەی شوناسی دەوڵەت لە ئێران، بەر لە هەر شتێك پێویستە باکگراوەندێکی مێژوویی دەوڵەت، لەبەرئەوەی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی شوناسی دەوڵەت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕابردووی ئەو دەوڵەتەوە هەیە. لە چوارچێوەی ئێراندا، لە کاتی هەڵسەنگاندنی شوناسی نەتەوەیی وەك بنیاتێکی ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی (١٥٠١) کە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت. لە سەردەمی ڕەزا پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٤١)دا، شوناسێکی نەتەوەیی هۆشیار و تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان بە سەروەری نەتەوەیی و «بیرەوەری هاوبەش»ی ئیمپراتۆریەتی فارس پشتی پێدەبەسترا. ئەم مێژووەی ئیمپراتۆریەتی فارس، لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکەی، بوون بە بنەمای سەرەکی شوناسی دەوڵەت[٤].

ڕەزا شا کاتێك لە ساڵی (١٩٢٥) دێتە سەر دەسەڵات زۆر بە چڕی کار لەسەر ئەوە دەکات دەوڵەتێك دروست بکات لەسەر بنەمای نەتەوە (دەوڵەت - نەتەوە) و بەرگێکی ڕۆژئاوایی بکاتە بەر دەوڵەتەکە. لەم پێناوەدا کاریکرد لەسەر یەکخستنی شوناسە لاوەکییەکان لە چوارچێوەی شوناسێکی گشتییدا کە گوزارشت لە نەتەوەیی ئێرانی بکات. ڕەزا شا بۆ جێگیرکردنی بیرۆکە و بنەماکانی ئامرازە جیاجیاکانی بەکارهێنا، وەك ئامرازی سەربازی، کولتووریی و پەروەردەیی[٥].

سیاسەتەکانی ڕەزا شا لە چوارچێوەی پڕۆسەی بە مۆدێرنکردن (مۆدێرنیزاسیۆن) ی ئێران خۆی لە چەند ڕێوشوێنێکدا دەبینییەوە، لەوانە[٦]:

- دانانی یاسای ئاوارتە و ڕێکخستنەوەی سیستەمی دادوەری.
- گۆڕینی شێوازی جل و بەرگی بە ناچاری لەسەر ستایلی ئەورووپایی.
- قەدەغەکردنی حیجاب.
- بەرەنگاربوونەوەی ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە کۆمەڵگە و سنووردارکردنی کارکردنیان
- دروستکردنی ڕێکخراو جیاجیا لە بواری پەروەردەیی لەسەر شێوازی ئەورووپایی
- گۆڕینی ساڵنامەی کۆچی بۆ ساڵنامەی ئێرانی.

ڕەزا شا زۆر لەژێر کاریگەریی مستەفا کەمال ئەتاتورك و سیاسەتەکانی (یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە، یەك زمان)دا بوو، هەوڵی دەدا زیاتر لە جاران دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکا و هەموو دانیشتووانی ئێران تەنیا یەك شوناسیان هەبێ. هەر بۆیەش ساڵی ١٩٣٥، ناوی وڵات (فارس) لەلایەن ڕەزا شاوە کرا بە ئێران، وەکو ژێدەرێك بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان. لە ئێرانی نوێدا، هەموو ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمەکاندا بوون، وەلا نران و وڵات لەسەر بنەمای فارس تەوەر بنیاتنرا و دەسەڵاتە هەرێمییەکان هەرچەندە زۆر کەمیش بوون بەڵام لەنێو چوون. بنەماڵەی پەهلەوی هەتا ڕووخانیان، لە هەوڵەکانیان بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لەنێو یەك شوناس بە نێوی ئێرانی-فارسی بەردەوام بوون، کە هەمووی لە بەرژەوەندیی نەتەوەی فارسدا بوو[٧]. سەرەرای ئەوەی ئەم پرسە لە ڕووی مێژووییەوە کۆنترە لەسەردەمی ڕەزا شا، نووسەری دیاری ئێران(سید جواد طباطبایی، ١٩٤٥-٢٠٢٣) کولتووری ئێران دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵ پێشتر[٨]. لەم قۆناغەدا پێکهاتەی شوناسی دەوڵەت لە ئێران لە سێ ڕەگەزی سەرەکیەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەوانیش؛ ڕەگەزی ئایینی/ئیسلامی، ئیتنیکی و سێکۆلاریزم. ئەم سێ ڕەگەزە بنەمای سیاسەتی گشتی دەوڵەتیان پێکدەهێنا[٩].

لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)، ئیسلامی سیاسی شوێنی مۆدێرنیتەی گرتەوە و مەزهەبی شیعە بە ڕەسمی و بەشێوەی بەربڵاوتر لە جاران، بوو بە فاکتەرێکی بەهێزی شوناسی نەتەوەیی لە ئێراندا. یاسای بنەڕەتی (دەستووری) کۆماری ئیسلامییی ئێران، ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی وەك ئایینی ڕەسمی وڵات دیاریکرد و تەنانەت سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت و بکەرەکانی دەوڵەتی لەسەر تێزی

ولایەتی فەقیە و بنەمای شیعەی دوازدە ئیمامی داڕێژرا. ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی کە پێکهاتە ئایینی و ئایینزاییەکانی دیکە وەك سوننە، مەسیحی، یەهودی، زەردەشتی پەراوێز بخرێن و لە زۆربەی مافەکانی شارۆمەندی/مەدەنی بێبەش بکرێن، سەرەڕای ئەوەی لە دەستووری کۆماری ئیسلامییدا دان، بە ئایینی زەردەشتی، مەسیحی و یەهودی نراوە بەڵام ئایینی بەهایی باسی لێوەنەکراوە. ئەم کارەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەهاییەکان لە تەواوی مافە یاسایی و گەردوونییەکان بێبەش بکرێن[١٠].

شوناسی دەوڵەتی ئێران لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی شوناسی دەوڵەت لەسەردەمی ڕەزا شا بنیاتنەنرا، بەڵکو شۆڕشی ئیسلامیی شوناسی دەوڵەتی بە جۆرێك بنیاتنا کە ئاوێتەیەك بێت لە شوناسێکی نەتەوەیی – مەزهەبگەرایی (فارسی-شیعەگەرایی). ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی ئایینی توخمێکی پێکهێنەری پێکهاتە ناوخۆیی و هەڵوێستە دەرەکییەکانی ئێرانە وەك دژایەتیی پیاوێکی ئایینی شیعە مەزهەب (ئایەتوڵڵا خومەینی، ١٩٠٢-١٩٨٩)، بۆ شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی دەستیپێکرد. لەڕاستیدا خومەینی گرنگییەکی زۆری بە گوتارەکانی «دژە ئیمپریالیستی» دەدا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد بە درێژایی مێژووی ئێران هەمیشە بەرەنگاری لەشکرکێشی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بوونەتەوە، کە بە تێڕوانینی خومەینی، پەهلەوی هەوڵی تێکدانی داوە. دەکرێ بە لەبەرچاوگرتنی مێژووەکەی بڵێین کە ئایدۆلۆژیای شیعیزم/مەزهەبگەرایی بۆ شوناسی نەتەوەیی ئێران گرنگترە لە ئایدۆلۆژیای ئایینی[١١].

شوناسی دەوڵەت لە ئێران لە سێ فاکتەری سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش خۆیان لە کولتووری ئیسلامی و مەزهەبی شیعە، ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی مەزهەبگەرایی، مێژوو و کولتووری ئێرانی (بەتایبەت کولتووری شیعی). ئەم سێ فاکتەرە وەك بنەما و پێکهاتەی سەرەکی شوناسی دەوڵەت لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی (١٩٧٩) بنەمای سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئێران بووە چ لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ، یانیش لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا. واتە دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەم سێ فاکتەرە ئاڕاستە و هەڵسوکەتی خۆی لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان ڕێکخستووە و شوناسی دەوڵەت بەرمەبنای ئەم سێ فاکتەرەیە، هەروەها دەوڵەتیش ڕەوایەتی خۆی

وەك سیستەمی سیاسی لە چوارچێوەی ئەم سێ فاکتەرەدا دۆزیوەتەوە[١٢].

پایەی سەرەکی دەستووری ئێران کۆماریيە، لەسەر مۆدێلی خەڵکسالاری، ویستی مێژوویی گەلی ئێران و ئیسلامیبوون ڕاوەستاوە. بەڵام کۆماریيەتی دەستووری دەوڵەت لە ئێران، جیاوازە لەو تێگەشتنەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و یاسایی ڕۆژئاواییەکاندا باوە و بەکاریدەهێنن[١٣]. ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە یەکەم ڕاگەیاندنی کارنامەی سیاسی دەوڵەت ئەوەی دووپاتکردەوە کە وەستانەوە لە دژی حکومەت/ دەوڵەت وەستانەوەیە لە بەرامبەر فەرمانڕەوایی خودا[١٤]. ئەم ڕوانگەیە بۆ دەوڵەت خۆی لە پیرۆزکردن دەبینێتەوە، لە ئامانج لێی لەناو بردنی هەموو هێزە ئۆپزسیۆن و دەنگی ناڕازی بوو بەرامبەر بە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی.

بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕووی پلەبەندییەوە جۆرێك لە نایەکسانی بەدیدەکرێت، کە لە مادەی (٢)ی دەستووردا هاتووە: « کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستەمێکە لەسەر بنەمای باوەڕ بە خوای تاقانە، وەحیی خوا و ڕۆڵی بنەڕەتیی ئەو لە هەموو یاساکاندا، ئیمامەت و هتد»[١٥]. بەپێی ئەم مادەیە جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت بەشێوەیەکی ڕەهایی ڕەتکراوەتەوە و هەموو جۆرە سیاسەتێك لە ئایین/ ئیسلامی مەزهەبگەرایی شیعە، یا خود فیقهی شیعەوە سەرچاوە دەگرێت. بە واتایەکی دیکە، ئەم مادەیە پلەی هاووڵاتیبوونی شیعەی وەك پلە یەك هەژمارکردووە و ئەوانی دیکە کە سەربە مەزهەبی شیعە نین لە پلەکانی دیکە دێن.

مادەی (٤) لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گشت یاسا و ڕێسا مەدەنی، دارایی، ئابووری، سزادان، کولتوور، کارگێڕی، سەربازی و سیاسییەکان پەیوەستکراون بە ئایینی ئسیلام و نابێت لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام بن. ئەم ئەرکانەش بە ئەنجومەنی چاودێری سپێردراون کە پێکهاتووە لە چەند کەسایەتی پلەبەرزی شیعە و بە بڕیار و فەرمانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی دەستنیشاندەکرێن[١٦].

لە مادەی (١٢)شدا ئایینی ئیسلام و مەزهەبی ڕەسمی شیعەی جەعفەری دوازدە ئیمامی وەك ئایینی فەرمی دەوڵەت ناسێنراوە[١٧]. مادەی (١٥) تەرخانکراوە بۆ زمانی فەرمی دەوڵەت و تێیدا هاتووە؛ زمان و ڕێنووسی فەرمی و هاوبەشی گەلی ئێران فارسییە. بەڵگەنامە، نامەنووسی، دەقی فەرمی، و پەرتووکی دەرسی دەبێ بەم زمان

و ڕێنووسە بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی ناوخۆیی و نەتەوەیی لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی گشتیدا و فێرکردنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانەکاندا بەخۆڕاییە، شانبەشانی زمانی فارسی[١٨].

سەرەڕای ئەوەش، ئیسلامی شیعە توخمێکی گرنگە کە پاڵنەرە بۆ شوناسی نەتەوەیی ئێران و لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، پێناسەی ئێرانییبوون بە باوەڕێکی هاوبەش، هەروەها بە کولتوور و مێژوویەکی هاوبەشی فراوانتر و بەهێزتر بووە. لەڕاستیدا شەرعیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر جۆرێك لە هەژموونی فەرهەنگی و هەروەها ناسیۆنالیزمی ئێرانی دامەزراوە. دەتوانرێت بڵێین کاریگەریی یەکسانکردنی ئایین وەك میکانیزمێکی پاراستنی دەوڵەت و زاڵبوون بەسەر شوناسە لاوەکییەکان و لە چوارچێوەدانیان بۆ ئەوەی خزمەت بە شوناسی گشتی دەوڵەت بکات.

دووەم کوردەکانی عێراق/هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دیدگای دەوڵەتی ئێران

ئێران وەك دەوڵەتێکی هەرێمیی، کە بەشێکی خاکی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە، بەردەوام بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، بە تایبەت کوردستانی باشوور/کوردستانی عێراق. تاران، هەر لە دوای دامەزراندنی عێراق (١٩٢١) پاشان لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق پێیوابووە؛ باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ئاسایش و شوناسەوە کاریگەری دەکاتە سەر کوردەکانی ئێران، لەم چوارچێوەیەشدا ڕوانگەی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە باشووری کوردستان دیاریکراوە. لە هەمانکاتدا باشووری کوردستان وەك پرسێکی سەرەکی هەم خاڵی ناکۆك، هەمیش خاڵی بەیەکگەیشتنی تاران و بەغداد بووە. بە مانایەکی دیکە، هەرێمی کوردستان هەمیشە وەك فاکتەری گرنگ لە پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق بەدیکراوە. هەندێك کات فاکتەری ڕێکەوتنی نێوان تاران-بەغداد بووە، بەڵام لە هەندێك کاتیشدا فاکتەری ناکۆکی بووە. هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتی سیاسی لە دوای ساڵی (١٩٩٢)ەوە هاتۆتە کایەوە، ئێران وەك دەوڵەتێکی هاوسێ، نیگەرانی زۆری هەبوو لەم ئەزموونەی کورد و پێیوابوو کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان. ئەم ڕوانگە گوماناوییەش بەرامبەر بە هەرێمی

کوردستان بەردەوام فاکتەرێکی سەرەکی بووە لەوەی کە ئێران لە چوارچێوەی پرسێکی ئاسایشییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. ئەگەرچی لاوازبوونی دەوڵەتی عێراق (لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو/جەنگی دەرپەڕاندنی سوپای عێراق لە کوەیت ١٩٩٠) و پاشان ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) وەك خاڵی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و ئێران بەدیکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ڕوانگەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی ئاسایشی هەر مایەوە و پێیوایە هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی تاران لە هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم باسەدا، گەنگەشەی ڕوانگەی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کراوە، لە چوارچێوەی دابەشکردنی سێ قۆناغی مێژوویی، قۆناغی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و و زانینی ڕوانگەی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەر لە دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی، واتە لە دوای دروسبوونی دەوڵەتی عێراق تاکو ١٩٩٢، لە قۆناغی دووەمدا تێڕوانینی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە (١٩٩٢-٢٠٠٥) خراوەتەڕوو، لە قۆناغی سێیەمیشدا (دوای ٢٠٠٥) باس لە ڕوانگەی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کراوە. لە خوارەوە بە وردی تیشك خراوەتەسەر قۆناغەکان.

١- کوردەکانی عێراق لە سیاسەت و ستراتیژییەتی ئێران (١٩٢١-١٩٩٢)

ڕوانگەی ئێران بۆ کوردەکانی عێراق، لە ژێر کاریگەری سیاسەت و ستراتیژییەتی بەرامبەر بە عێراق بەدیکراوە. هەر لەو ڕۆژەوە کە دەوڵەتی عێراق لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دامەزرا، کورد وەك کێشەیەکی نوێ لە نێوان ئێران و عێراقدا سەریهەڵدا. کێشە کۆنەکە، کە بە فۆرمێکی نوێ و لە ژێر دەوڵەتێکی نوێدا بەردەوام بوو، بوو بە یەکێك لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکان کە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق هەبوو[١٩]. بیرمەندی ناسیۆنالیستی ئێرانی (محمد علی فروغی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردەکان خاوەنی شوناسی جیاوازن، ئەم جیاوازییە شوناسییە کاریگەریی نەرێنی نەك تەنیا لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێرانی دروستدەکات، بەڵکو بۆ نەتەوەسازیی تورکی و عێراقیش مەترسین، بۆ ئەوەی ڕێگری لەم مەترسییە بکرێت، دەبێت دەوڵەتی ئێران بە هاوکاری لەگەڵ تورکیا و

عێراق کار بکات بۆ ئەوەی بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ گەشەنەکات[٢٠].

دوای دامەزراندنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئێران پێیوابوو ئەو دەوڵەتە چاوی لەسەر ناوچەکانی شەتولعەرەب و خوزستان بووە کە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوون. ئەمەش چەندین جار دوو وڵاتی ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە، ئەمەش وایکرد ئێران بە فەرمی دان بە عێراقدا نەنێت تا ساڵی (١٩٢٩)، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق پشتیوانی لە «دەوڵەتی عەرەبی» دەکرد کە لە ناوچەی خوزستانی ئێران، لە بەرامبەردا، ئێرانیش پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردەکان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود بەرزنجی (١٨٧٨ – ١٩٥٦) کرد کە لە ساڵی (١٩١٠ تا ١٩٢٣) بەردەوام بوو[٢١].

دوای گۆڕانکارییەکانی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨)، دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق ڕووخێنرا و سیستەمی کۆماری دامەزرا. بەم شێوەیە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەردا هات. دوای ماوەیەکی کەم لە هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) ڕایگەیاند؛ پەیمانی سەعد ئاباد (١٩٣٧) کە سنووری نێوان عێراق و ئێرانی دیاریکردووە، هەڵدەوشێنێتەوە، دەوڵەتی ئێران ئەمەی وەك دەرفەت بەدیکرد بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە کوردەکان بکات لە ڕێگەی یارمەتیی دارایی و چەکەوە و بەکارهێنانیان لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراق. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا، هەروەها ئیسرائیل پاڵپشتیان لەم سیاسەتەی شای ئێران کرد بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق لاواز بکەن[٢٢]. کاتێك شۆڕشی چەکداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ١١ی ئەیلوولی (١٩٦١) لە دژی دەوڵەتی عێراق دەستپێکرد، ئێران دڵخۆش بوو، لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانییەوە گرنگی تایبەت بە چالاکی کوردەکان لەدژی حکومەتی عێراق دەدرا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە یارمەتی ئێران گورزی کوشندەی لە حکومەتی عێراق دا، بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٦٩) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەناردەکردنی نەوت لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك ڕاگیرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عێراق، ئێران تۆمەتبار بکات بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆییدا[٢٣].

دوای ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ئازاری (١٩٧٠) گەیشتنە ڕێکەوتن، کە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی

ڕێکەوتنەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هاوکاری و یارمەتییەکانی ئێرانەوە هەبوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دژی عێراق، چونکە کورد لە ڕێگەی هاوکارییەکانی ئێرانەوە توانیبووی بەر بە هێرشەکانی حکومەتی عێراق بگرێت[٢٤]. بەڵام دوای دوو ساڵ لە واژۆکردنی ڕێکەوتنامەکە، کێشەی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد دستیپێکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی چەکداری کورد جارێکی دیکە لەگەڵ حکومەت بەرەو ڕووی یەکتر ببنەوە، ئەم دۆخەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ئێران جارێکی دیکە یارمەتی کوردەکانی بدات لە دژی حکومەتی عێراق، لەبەرئەوەی شا زۆر نیگەران بوو لە ڕێکەوتننامەی ئازاری (١٩٧٠) و پەیماننامەی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. ئەم دۆخە ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێرانی قووڵتر کردەوە. لە نامەیەکدا شای ئێران لە (١٩٧٢) بۆ سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (مستەفا بارزانی) ناردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە ڕەزامەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتییەکانی بۆ شۆڕشی کورد ناردووە. بەم جۆرە پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە دروستبوو. دوای دروستبوونەوەی پەیوەندی نێوان کورد و ئێران و سەرنەگرتنی دانوستاندن و گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، پێکدادان و شەڕ لە نێوان هەردوولا هاتە کایەوە[٢٥]. لە دەرەنجامی هاوکارییەکانی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەوڵەتی عێراقی خستە ژێر فشارێکی زۆرەوە، تا گەیشتە ئەوەی عێراق وەفدێکی نارده ئێران بۆ گفتوگۆکردن، عێراق ڕەزامەندی نیشاندا بە پێدانی هەر جۆرە ئیمتیازاتێک، لە بەرامبەر ڕاگرتنی هاوکارییەکانی بۆ کوردەکانی عێراق. بەم جۆرە هاوکارییەکانی ڕژێمی شا بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق تا ڕێکەوتنامەی جەزائیری (١٩٧٥/٣/٦) بەردەوامبوو، یەکێك لە بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەوەبوو کە دەبێت شا هاوکارییەکانی بۆ کوردی عێراق ڕابگرێت، ئەمەش گوزرێکی کوشندە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق[٢٦].

ساڵی (١٩٧٩) دۆخێکی تازە هاتە کایەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەردوو دەوڵەت، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)، لە عێراقیش سەدام حوسێن لە ڕێگەی کودەتایەکی سپییەوە ئەحمەد حەسەن بەکری لەسەر دەسەڵات لابرد و خۆی چووە شوێنی. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی

هەردوو دەوڵەت دروستکرد. ئەم دۆخە نوێیە بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی کوردی لە عێراق هیوایەك لەسەر دەسەڵاتی تازە لە ئێران هەڵبچنێت، بۆیە سەرکردایەتی (پ.د.ك) داوای لە سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کرد ڕێکەوتنامەی جەزائیر هەڵبوەشێنێتەوە. ئەگەرچی بە فەرمی ئێران ئەم ڕێکەوتنامەیەی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵام بەندەکانی ڕێکەوتنامەی پشتگوێخست و جارێکی دیکە هاوکارییەکانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق دەستپێکردەوە[٢٧]. بەڵام حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٨٢) بە فەرمی ڕایگەیاند کە ڕێکەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە بەم جۆرە لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) کوردەکان لە پاڵ ئێران بوون لە دژی عێراق.

کەواتە، ڕوانگەی ئێران لەم قۆناغەدا بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق لە چوارچێوەی سیاسەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق وێناکراوە، بەو مانایەی هەر کات پەیوەندی ئێران- عێراق ئاسایی بووبێت، ئەوا کوردەکان لەلایەن ئێرانەوە وەك هەڕەشە بەدیکراوە، هەر کاتێکیش پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق لە کێشەدا بووبن، ئەوا کوردەکانی وەك کارتی فشار و ئامرازی سیاسی بەکارهێناوە لە دژی عێراق، بە جۆرێك هاوکارییەکانی ئێران بۆ کوردەکانی عێراق لە پێناو لاوازکردنی دەوڵەتی عێراق بووە. لەم ڕووەوە تێڕوانینی ئێران بۆ کوردەکانی عێراق وەك ئامراز بەدیکراوە بۆ بەکارهێنان لە دژی عێراق نەك وەك ڕوانگە و تێڕوانینێکی ستراتیژی هاوبەش.

٢- هەرێمی کوردستان لە دروستبوونی دەسەڵاتی خۆجێی و هەڵوێست و تێڕوانینی ئێراندا (١٩٩٢ – ٢٠٠٥)

لە دوای دەرکردنی هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە کوەیت (شوباتی ١٩٩١) و شکستی گەورەی سوپای عێراق دۆخێکی نوێ هاتەئاراوە. ئەم دۆخە نوێیە یارمەتیدەربوو بۆ ئەوەی خەڵك لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە دژی ڕژێمی بەعس ڕاپەرین دەست پێبکەن، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لەدژی حکومەتی عێراق ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەستپێکرد. ئەم دۆخە بۆ ئێران مایەی خۆشحاڵی بوو، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی لاوازبوونی نەیار و دوژمنێکی سەرسەختی کە دەوڵەتی عێراقە. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم حکومەتی عێراق

دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەمە ترسێکی گەورەی لای خەڵکی هەرێمی کوردستان دروستکرد، بۆیە لە هەرێمی کوردستاندا خەڵك بە تێکڕای ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد و کۆڕەوی ملیۆنی دەستپێکرد. ئەمە کۆڕەوە لەڕوانگەی ئێرانەوە وەك ڕووداوێکی ئەرێنی نەبینرا، بەڵکو تاران ترسی هەبوو ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك کاریگەری ئابووریی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت سیاسی و ئاسایشی دروستدەکات لەسەر دۆخی ناوخۆدا. بۆیە ئێران لەگەڵ ئەوەدابوو کە ڕێگری لەو پڕۆسەیە بکرێت و سنوورێکیش بۆ دەستدرێژییەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن دابنرێت.

ئێران، لە ڕێگەی نوێنەری خۆیەوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٤ی نیسانی (١٩٩١) یاداشتێکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، لە یاداشتەکەدا داوایکردبوو پەلە بکرێت لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ وەستانی شەپۆلی کۆڕەوی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ سەر سنوورەکان، لە ئەنجامی یاداشتی ئێران، تورکیا و فەرەنسا، بەهاوکاری بەریتانیا و ئەمریکا بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو. لە بڕیارەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەکرابوو کە ئەم کۆڕەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و نێودەوڵەتی[٢٨]. ئێران پێیوابوو ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە قورساییەکی زۆر لەسەر حکومەت دروستدەکەن، ئەمە جگە لە کاریگەرییە ئاسایشی و کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران لەسەر ئاستی باڵادا پێشوازییەکی باشیان لە ئاوارەکان کرد و دامەزراوەکانی دەوڵەت وەك حاڵەتێکی مرۆیی مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکە کرد[٢٩]. بەم شێوەیە لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٦٨٨) ناوچەی دژە فڕین (No Flay Zone) هاتەکایەوە. لە ئایاری (١٩٩٢) هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدراو، لەسەر بنەمای ئەم هەڵبژاردنە پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران و دەسەڵاتی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان بنیاتنرا.

لە تێڕوانینی ئێراندا، بۆ کورد بابەتی کوردبوون وەك نەتەوەیەکی تایبەت و نەتەوەسازیی وەك پڕۆژەیەکی نەتەوەیی دوو پرسی هاوردەکراوی ڕۆژئاوان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی و شوناسییەکانی ئەو دەوڵەتانەی

کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دروست بکەن[٣٠]. دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی/خۆجێی لە هەرێمی کوردستان مایەی نیگەرانی بوو بۆ تاران، بۆیە نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی لە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان. وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران عەلی ئەکبەر ویلایەتی (١٩٨٢-١٩٩٧) بەڕاشکاوی ڕایگەیاند؛ ئەوەی لە باکووری عێراق هەیە کێشەیە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتیش ئێران، چونکە لەوێدا سوپای عێراق بوونی نەماوە[٣١]. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئێران بە گومانەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکات. ئەم تێڕوانینە گوماناوییەی ئێرانیش لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەم پێشهاتە کاریگەری نەرێنی لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبێت، لە هەمانکاتیشدا زەمینەسازییە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی. لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران داژیەتی دابەشکردنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی دەکەن و هەموو ئامرازێك بەکاردێنن بۆ ئەوەی ڕێگری لەو هەنگاوانەی هەرێمی کوردستان بکەن کە بەرەو دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بێت[٣٢]. ئێران هاوشێوەی دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەرەو پێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئامادەبوون هاوکاری یەکتر بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەدا تورکیا، ئێران و سووریا ڕۆژانی ١٤ و ٢٥ی تشرینی دووەمی (١٩٩٢) لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان ئەنجامدا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پیشهاتەکان لە هەرێمی کوردستان[٣٣].

دەربارەی هەڵوێستی ئێران بەرامبەر ئەزموونی دەسەڵاتی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان، سەرۆك کۆماری ئەوکاتی تورکیا، تورگۆت ئۆزاڵ ڕایگەیاند؛ «ئێران گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ترسی ئێران ئاڵنگاری زۆر دێنە بەردەم ئەو حکومەتە»[٣٤]. تاران، پێیوابوو هەر پێشهاتێك لە ناوچەکە، کاریگەری لەسەر کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دروستدەکات و ترسی لەوە هەبوو ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان ببێتە مۆدێلێك بۆ کوردەکانی نێوخۆی[٣٥]. بەڵام کاتێك دەسەڵاتی سیاسی هاتە کایەوە و دۆخی هەرێمی کوردستان بوو بە دیفاکتۆ، ئەگەرچی ئێران دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەنا و ئامادە نەبوو بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، بەڵام پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە بەردەوامی پێدا[٣٦].

لەم قۆناغەدا ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان خۆی لەچەند خاڵێك دەبینییەوە، لەوانە[٣٧]؛

- پارێزگاریکردن لە سنوورەکان.
- ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگریکردن لە چالاکی هێزە ئۆپزسیۆنە کوردەکانی ئێران کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.
- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کورستان.
- نیگەرانی لە هەژموونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و تورکیا لە هەرێمی کوردستان.
- کارکردن لەگەڵ تورکیا و سووریا دەربارەی یەکهەڵوێستیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

توێژەری تورك بایرام سینکایا (Bayram Sinkaya)، پێیوایە؛ ترسی ئێران لە دروسبوونی دەسەڵاتی خۆجێی هەرێمی کوردستان لەچەند خاڵێکەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەوانە؛ ترسی ئێران لە هەڵکشانی هەژموونی تورکیا لە ناوچەکە بە تایبەت لە بواری نەوت و وزە کە ئەمە وا دەکات باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی تورکیادا بێت، هەروەها لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان هێزە ئۆپزسیۆنە کوردییەکانی ئێران (پارتە سیاسییە کوردییەکان لە ئێران) هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دروست دەکەن. بەڵام دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئێران بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە نەڕێنییانەی لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی دروستدەبێت، هەوڵیدا گرەنتی لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وەربگرێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسییە کوردییەکان نەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئێران لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە. هەروەها تاران، نووسینگەی تایبەتی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش (پ.د.ك و ی.ن.ك) لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران کردەوە. ئێران لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی دروستکردنی دامەزراوەی سەربازی سەر بە سوپای پاسدارانەوە چاودێری ڕووداو و پیشهاتەکانی کردووە لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە نەبێتە هەرەشە لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی تاران[٣٨]. بۆ ئەم مەبەستە تاران، نووسینگەی نوێنەرایەتی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردەوە، سەرەتا لە دیانا (قەرارگەی دیانا)ی کردەوە، دواتر بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی، سیاسی و سەربازییەکانی نوێنەرایەتییەکە گواسترایەوە بۆ هەولێر بە ناوی

(نووسینگەی ئەربیل بۆ پەیوەندییەکانی ئێران)، پاشان لەسەر ئاستی شارەکانی دیکەشدا نووسینگەی خۆی کردەوە[٣٩].

کاتێك پەڕلەمانی کوردستان بڕیاری جاڕدانی فیدراڵیزمی بە ژمارە (٢٢) لە ٤ی ئۆکتۆبەری (١٩٩٢) ڕاگەیاند، هەنگاوێك بوو لە دەسەڵاتی خۆجێیی/ئۆتۆنۆمییەوە بۆ هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی(عێراقێکی دیموکراتی و یەکگرتوو) دا[٤٠]. ئێران نیگەران بوو لەم بڕیارەی هەرێمی کوردستان و پێیوابوو هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی و بۆ ئەوەی ڕێگری لەبەردەم ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئاڕاستەی سیاسەتی خۆی گۆڕی و دەستیکردن بە دژایەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی ئێران پێیوابوو سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە هەڕەشەیە لەسەر یەکپارچەیی و ئاسایشی ناوخۆیی، بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ سەرنەکەوتنی ئەم ئەزموونە، چ لە ڕێگەی فشاری سەر پارتە سیاسییەکان و لێکترازانی نێوان لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسی بێت، یانیش لە ڕێگەی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەت تورکیا. ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەوەی بە ئێران ڕاگەیاندبوو کە نابنە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیی و ئاسایشی ئەوان و خوازیارن پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ تاران بەرەوپیش ببەن، بەڵام ئێران ئامادەنەبوو مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات وەك قەوارەیەکی فەرمی، بەڵکو پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە بوو[٤١].

لە قۆناغی سەرەتایی دروستبوونی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لاوازبوون، ئەمەش پەیوەست بوو بەوەی لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسی، ئابووریی و مرۆییەوە پشتی بە هاوکاری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و تورکیا بەستبوو. بەڵام دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو ڕووی قۆناغی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧) بوویەوە، تاران لەڕێگەی دامەزراوە سەربازیی و هەواڵگرییەکانییەوە خۆی بە تەواوی خزاندە نێو هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی چاودێری چالاکییەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و دۆخی عێراق بکات و زاڵ بێت بەسەر ئەو دۆخەی کە لە هەرێمی کوردستان دروست ببوو[٤٢]. لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان بۆ ئێران هەم هەرەشە هەمیش دەرفەت بووە.

بەو مانایەی تاران، لەلایەکەوە پێیوابوو لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەتوانێت پەلبهاوێت بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، لەلایەکی دیکەشەوە ئێران ترسی ئەوەی هەبوو ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەك مۆدێلێك بگوازرێتەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە نێویشیاندا کوردەکانی ئێران، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان[٤٣].

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) خاڵێکی ئەرێنی هاوبەش بوو بۆ هەرێمی کوردستان و ئێران. چونکە هەردووکیان ڕژێمی سەدامیان وەك دوژمن دەبینی. لە لایەکی دیکەوە تاران هەر لە سەرەتاوە پێشبینی ئەوەی کردبوو کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، کاریگەرترین پێکهاتە دەبن لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا، هەروەها گۆڕانکارییەکانی عێراق لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بوون. ئێران لە قۆناغی پێش لەشکرکێشی بۆ سەر عێراق دەستی کردبوو بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی واقیعی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، چونکە پێشبینی ئەوەی کردبوو کە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە داهاتووی عێراقدا دەبێت. لەو چوارچێوەیەشدا جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٣) سەردانی تارانی کرد، لەم سەردانەدا بەرپرسانی ئێران بەڵێنیاندا بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان لە ئەگەری گۆڕانکاری لە سیستەمی عێراقدا[٤٤].

لەم قۆناغەدا (دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێی ١٩٩٢ - ٢٠٠٥) تێڕوانینی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هەڕەشە و دەرفەتەکاندا خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینییەوە، لەوانە؛ تاران سەرەتا فاکتەری یارمەتیدەربوو بۆ دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین، بەڵام کاتێك لە ژێر سایەی فاکتەری نێودەوڵەتییدا هەرێمی کوردستان لەڕووی دامەزراوەیی بوون و سیاسییەوە بەرەوپێشەوە چوو، کە خۆی لە دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆجێیی سیاسییدا بینییەوە، تاران ئامادەنەبوو دانی پێدا بنێت. تاران لە جیانی دروستکردنی پەیوەندی فەرمی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە جیا لەگەڵ پارتە سیاسییەکان پەیوەندی دروستکرد لەسەر بنەمای ڕاگرتنی باڵانسی پاراستنی بەرژەوەندییەکان. هەروەها لەم قۆناغەدا تاران یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی وەك هەڕەشە بینینی هەرێمی کوردستان پەیوندی بە دوو خاڵەوە هەبوو، یەکەمیان بوونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان

کە لە ڕووی ستراتیژییەتی دوورمەودا دا زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت، دووەمیان پەیوەست بوو بەوەی کە تاران ترسی هەیە ئەم ئەزموونە کاریگەری بکاتە سەر کوردەکانی ئێران و لە دژی دەسەڵات هانیان بدات و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی ئێران دروستبکات. پرسێکی دیکە لەم قۆناغەدا جێگەی سەرنجی تاران بوو، داهاتووی عێراق بوو، کە لە کۆتایی ئەم قۆناغە (٢٠٠٣)دا گۆڕانکاری جەوهەری لەسەر ئاستی تەواوی دەوڵەتدا هاتەکایەوە. کەواتە، ئەم چەند فاکتەرە لەم قۆناغەدا بنەمای سەرەکی ڕوانگەی تارانیان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنا.

٣- وەرچەرخانی هەرێمی کوردستان لە دیدگای ئێران (دوای ٢٠٠٥)

ئێران، دوای (٢٠٠٣) لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە. بەو مانایەی هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی جیاواز لەعێراق پێناسە نەکردووە، بەڵکو وەك بەشێك لە عێراق سەیریکردووە. لەبەرئەوەی لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس یەکگرتووی خاکی عێراق وەك ستراتیژیەتێکی نەگۆڕ دەرکەوتووە، هەر گۆڕانکارییەك هەڕەشە لەیەکگرتوویی خاکی عێراق بکات، ئێران زۆر بەتوندی لە دژی وەستاوەتەوە[٤٥]. لەم ڕوانگەیەوە مەیل و خواستی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی فیدراڵی ڕاستەوخۆ خزمەت بەستراتیژییەت و سیاسەتی ئێران دەکات لە عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ترسی هەبوو لە شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە بەپێی دەستوور (٢٠٠٥) فیدراڵی بوو، چونکە پێیوابوو ئەمە لە داهاتوودا مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر هەژموون و کاریگەرییەکانی تاران دروستدەکات و یەکێتی خاکی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، ئەم ڕوانگەیەی تاران بەرامبەر بە پێدانی دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان وایکرد ڕێگری بکات لە جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق لە ڕێگەی پشتگیریکردنی ئەو لایەنانەی بڕوایان بە کەمکردنەوەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان[٤٦].

ئێران، لەساڵی (٢٠٠٥) کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر و سلێمانی کردەوە و لەو بڕوایەدایە گرنگی هەرێمی کوردستان کەمتر نییە لەگرنگی شارەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ ئێران، بگرە لەوانەیە لەڕووی ستراتیژیی جیۆپۆلیتکییەوە گرنگی هەرێمی کوردستان زیاتر بێت لەناوچەکانی تری عێراق لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی

دەوڵەتی ئێران[٤٧].

کاتێك پرسی سەربەخۆیی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە وروژێنرا، ئێران بەئاشکرا نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم پرسە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئێران دروستدەکات، بە هۆی هاتنەئارای هاوکێشەی نوێ لە ناوچەکە و بەرزبوونەوەی ڕۆڵ و پێگەی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندییەکانی تاران دروستدەکەن. بەم مانایە کە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان، دەبێتە مۆدێلێك بۆ کورد لە ئێران، بۆ ئەوەی ڕێگری لەم هەنگاوە بکات، دوو جۆر ستراتیژی پەیڕەوکردووە؛ یەکەم هەوڵدان بۆ دروستکردنی کێشەی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، گوشار خستنەسەر هەرێم لە لایەن بەغداوە و دروستکردنی هەڕەشەی ئاسایشی لەسەر سنوورەکان بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی خۆی. دووەم کارکردن لەسەر لێکترازانی گوتاری یەکگرتووی کورد و زەقکردنەوەی کێشەکان، بەتایبەتی لەو پرسانەی پارت و لایەنە سیاسیەکان کۆك نین لەسەریان[٤٨].

تاران، بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە سیاسی، ئابووریی و وزەییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا وەك هەڕەشە بەدیکردووە، لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدابوو کە ئەم هەنگاوانەی هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دروستدەکات، بۆیە لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە هەوڵیداوە ئاڵنگاری لەبەردەم هەرێمی کوردستان دروست بکات. لەڕوانگەی ئێرانەوە، بابەتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر یەکگرتوویی خاکی عێراق، بۆیە بە هەموو شێوەیەك ڕێگەی لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی گرتووە[٤٩].

ئێران، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەگوتار و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بەئاڕاستەی سەربەخۆیی، هەم ئامرازی ناوخۆیی، هەمیش ئامرازی دەرەکی بەکاردێنێت، لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا ناکۆکی نێوان لایەنە وەك ئامرازێکی سیاسی و کارتێکی گوشار بەکاردێنێت. لەم ڕوویەوە تاران بەشێوەیەکی تۆکمە و پلان بۆ داڕێژراو ڕاستەوخۆ پشتگیری لە هەندێك لایەن دەکات لەدژی هەندێك لایەنی تر، ئەو پارت و لایەنانەی تاران پشتگیریان دەکات، بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئێران مامەڵە

لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن. لەم بارەیەوە تاران، بەردەوام دژایەتی خۆی بۆ سیاسەتەکانی (پ.د.ک) ڕاگەیاند و بەوە تومەتباری دەکرد کە یەکێتی خاکی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، لە هەمانکاتدا لە پرسە ناوخۆییەکانیش لایەنە ناکۆکەکان لەگەڵ پارتی، بۆ نمونە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ئیدارەدانی پەیوەندییەکان نێوان هەولێر-بەغدا هەڵوێستەکانیان لەگەڵ ئێران یەکیدەگرتەوە. کە بەواتایەکی تر، تاران ئەو پارت و لایەنانە لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی بەکاردێنێت[٥٠].

دوای سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر داعش بەهاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان و ئێران، پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق، هەرێمی و نێودەوڵەتی بەهێزبوو، بەهێزبوونی ئەم پێگەیەش بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانیان هەموو ناوچەکێشە لەسەرەکان/ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر بڕوات، بەتایبەتی لەسەردەمی خولی دووەمی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی (٢٠١٠-٢٠١٤)، بەجۆرێك کەپەیوەندییەکان گەیشتنە ئاستی پچڕان و هەڕەشەکردن لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی ئێران پشتگیریکردن بوو لە سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە لەئەنجامی هێرشەکانی داعش بەشێوەیەکی دیفاکتۆ توانرابوو بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. هەندێك جاریش سیاسەتی ئێران بە ئاڕاستەی نێوەندگیری نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەغدا بوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا تاران پشتگیری لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی کردووە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی بەغدا بێت نەك هەرێمی کوردستان[٥١].

کەواتە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی ڕوانگەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بریتییبوو لە؛ دژایەتی دابەشبوونی عێراق و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتیکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراق لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە مامەڵەی تاران لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدایە وەك ستراتیژییەتی تەواوکاری لە نێوان شیعە و کوردەکاندا[٥٢]. بەم شێوەیە دەکرێت بوترێت کە ئێران بە هەموو شێوەیەك ڕێگری لە گەشەی بیری نەتەوەخوازیی/ نەتەوەسازیی کردووە

لە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی کاریگەری و لێکەوتەی دەبێت لەسەر کوردەکانی ئێران، لە ڕوانگەی هاندان و بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمیدا[٥٣]. لەبەرامبەردا پشتگیریکردنی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دوو ئامانجی سەرەکییدابووە، یەکێکیان پەیوەندی بە چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە لە بەرامبەر تورکیا و هەژموونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئەوەی دیکەشیان گەیشتن بوو بە چوارچێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ پێکهاتەی شیعەکان لە عێراق لە پێناو پاراستنی هەژموون و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا[٥٤].

دوای دەرکردنی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئێران لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە هەڵوێست فەرمیی وڵاتەکەی لەبارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند؛ هەڵوێستی بنەڕەتی و ڕوونی ئێران، پشتگیریکردنە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و بڕیاری تاکلایەنە و لە دەرەوەی ڕێسا و چوارچێوە نیشتمانی و یاساییەکان، بەتایبەتی دەستووری عێراق، ئەویش لە دۆخی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پلانی ناحەزان بۆ بەردەوامیی ناسەقامگیری لە عێراقدا، تەنیا درێژە بە دروستبوونی کێشەی نوێ لەو وڵاتە دەدات، بۆیە عێراقێکی یەکپارچە، سەقامگیر و دیموکراسی، گەرەنتیی بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی دەکات[٥٥]. ئێران، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بە هەڕەشەیەکی مەزن ناوزەند کرد و ڕایگەیاند لەپێناو یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێگریکردن لەدابەشبوونی هەموو ئامرازێك بەکاردێنێت و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ عێراق ئەو وڵاتانەی کە پرسە وەك هەڕەشە دەبینن. لەم چوارچێوەیەدا هەر یەکە لە ئێران، عێراق و تورکیا لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەدا بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەیاننامەیەکی فەرمی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و هۆشداری توندیان بە هەرێمی کوردستان دا[٥٦]، ئێران دژی هەر هەنگاوێکە کە یەکپارچەی خاکی عێراق بخاتە مەترسیەوە. فەرماندەی کۆچکردووی سوپای قودسی ئێرانی قاسم سولەیمانی لەکۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەشێك لە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەئاشکرا هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای وڵاتەکەی دیاریکرد کە بە هەموو شێوەیەك دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە[٥٧]. چونکە تاران لەو بروایەدابوو؛ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە هانی کوردەکانی ناوخۆی ئێران دەدات بۆ ئەوەی دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بوەستنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم

ڕیفراندۆمە کاریگەری نەرێنی دروستدەکات لەسەر هەژموون و پرۆژەکانی تاران لەسەر ئاستی ناوچەکە[٥٨].

کەواتە هەڵوێستی توند و دژایەتی ئێران لە بەرامبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی هەرێم دەتوانین لەچوارچێوەی ئەم هۆکارانەی خوارەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت[٥٩]:

• دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر کوردی ئێران، ئەم ڕیفراندۆمە چالاکییە جوداخوازییەکانی کورد لە دژی دەوڵەتنەک تەنها لە عێراق بەڵکو لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەرەو قۆناغێك دەبات کە ڕاستەوخۆ یەکگرتوویی خاکی وڵاتانە دەخاتە مەترسیەوە.

• پشتگیریکردن و هەڵوێستی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم لە ڕوانگەی ئێرانەوە وەك هەڕەشەیەکی گەورە لێکدرایەوە، تاران پێیوابوو؛ بوونی دەوڵەتێکی هاوسنوور کە پشتگیری بکرێت لەلایەن ئیسرائیلەوە، گەورەترین ئاڵنگارییە لە بەرامبەر ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێران، چونکە لە ڕوانگەی تارانەوە، ئیسرائیل دەتوانێت لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاوکێشەی ستراتیژیی سێگۆشەی «سووریا، ئێران و عێراق» لە دژی خۆی پووچەڵ بکاتەوە.

• ئێران ترسی ئەوەی هەبوو کە دەوڵەتێکی کورد-سوننە لە سنوورەکانی دروست ببێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سعوودیا و وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا دەبێت. لەلایەکی تریشەوە بوونی پێگەی سەربازیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە بنکەی سەربازی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان دەتوانرێت هەم چالاکییەکانی ئێران لەناوچەکە سنووردار بکات، هەمیش گوشاری زیاتر بخاتە سەر ڕژێمی سیاسی ئێران، لێرەوە ستراتیژییەکانی ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە بەرەو ڕووی بەربەست و ڕێگری گەورە دەبێتەوە.

• ڕیفراندۆم کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، لە هەمانکاتدا کاردەکاتە سەر تێڕوانینی پێکهاتەکانی تریش بەتایبەت سوننەکان، ئەمەش پێگە و نفوزی ئێران لەعێراق لاواز بکات.

• هاتنەئارای دەوڵەتێکی کوردی لە ڕوانگەی ئێرانەوە مەیلی بە لای تورکیاوە دەڕوات ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تاران یەکناگرێتەوە.

بۆیە ئێران ئەم ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستانی بە هەڵەیەکی گەورە وەسفکرد و ڕایگەیاند هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرئەنجامەکەی ناکات و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا کاردەکەن بۆ گرتنەبەری ڕێگەی پێویست لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان[٦٠]. تاران و ئەنقەرە، لەسەر ئاستی باڵا دەستیانکرد بە هەماهەنگی نێوانیان لەبارەی کاردانەوەیان لەبەرامبەر ڕیفراندۆم، لە٤ی ئۆکتۆبەر ساڵی (٢٠١٧) لە تاران کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان سەرۆك کۆماری تورکیا و سەرۆك کۆماری ئێران ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکە خەجت لەسەر دژایەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و کارنەکردن بە دەرئەنجامەکەی کرایەوە[٦١].

ئێران وەك کاردانەوە لەبەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەڵسا بە ڕێکەوتن لەنێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراق و بەشێك لە هێزە کوردییەکان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، سەرەتا لە ناوچەکانی کەرکوکەوە دەستیان پێکرد، لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٧) هێرشەکانیان دەستپێکرد، لە ئەنجامدا هەموو ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ئەنجامی شەڕی داعش کۆنترۆڵی کردبوون خرانەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی[٦٢].

لە قۆناغی دوای (٢٠٠٥) ڕوانگەی ئێران بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی بەرامبەر بە عێراق مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای دوو پرەنسیپی سەرەکی بووە، یەکێکیان پەیوەست بووە بە چۆنیەتی کارکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێکهاتەی شیعەکان لە چوارچێوەی ستراتیژییەت و بەرژەوەندییەکانی تاران. بنەماکەی تر، پەیوەست بووە بە چۆنیەتی گوشار خستنەسەر هەرێمی کوردستان چ ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بێت، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان دابنێن چ لەسەر ئاستی دۆخی ناوخۆ، یان عێراقەوە بێت، یان لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانییەوە بووبێت.

دەرەنجام

دەوڵەتی ئێران لەسەر بنەمای یەک نەتەوە/فارس، یەک شوناس بنیاتنراوە. ئەگەر لە ساڵی (١٩٢٥ تا ١٩٧٩) ڕەهەندی نەتەوەیی وەك ڕەهەندی زاڵ لە شوناسی دەوڵەت بەدیکرا بێت، ئەوا لە دوای شۆڕشی ئیسلامی (لە ١٩٧٩ بە دواوە) ڕەهەندی مەزهەبیش وەك فاکتەری زاڵی شوناسی دەوڵەت زەقکراوەتەوە، بە شێوەیەک کە دەوڵەت لەسەر بنەمای مەزهەبی-نەتەوەیی (شیعەگەرایی-فارس تەوەر) پێناسەکرایەوە. ئەم پێناسەکردنەوەی دەوڵەت نەك تەنها لەسەر حیسابی پەراوێزخستن و نکۆڵیکردنی نەتەوەکانی دیکەیە، بەڵکو دەوڵەتی میکانیزمی نوێی توندی گرتەبەر بۆ توانەوەی پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی توند و تیژی مەزهەبی-نەتەوەیی. بۆ ئەم مەبەستە ئامرازی سیاسی، سەربازی، کولتووریی و پەروەردەیی بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دیکەی جگە لە فارس بە تایبەتی کورد لە چوارچێوەی شوناسی دەوڵەتدا بتوێننەوە. ئەگەرچی لە دەستووری دەوڵەتدا کورد هەندێك مافی کولتووریی و کۆمەڵایەتی پێدراوە، بەڵام ئەم مافانە لە واقع و کردار ڕەنگی نەداوەتەوە

لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئێران بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکاندا دەکات، چونکە پێیوایە هەر گۆڕانگارییەک لە هەرێمی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کوردەکانی ئێران. لەسەر ئەم بنەمایە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی گەورە بەدیکراوە. لەم ڕوانگەیەوە هەر هەنگاوێکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە بە ئاڕاستەی بەرەوپێشچوون لەلایەن تاران وەک هەڕەشە و مەترسی لێکدراوەتەوە.

وەرچەرخانی هەرێمی کوردستانن لە ڕووی لە گەشەسەندن، بە دامەزراوەییبوون، بە دیموکراسیبوون، یەکانگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەک هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیی و ئاسایشی دەوڵەت دەبینرێت. ئێران، لەبەرامبەر ئەمەدا دوو میکانیزمی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لێکەوتەکانی وەرچەرخانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی کەم بکاتەوە، میکانیزمێک پەیوەست بووە بەوەی ڕێگری بکات لە بەرەوپیشچوونەکان و وەرچەرخانەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەردەستی، دووەم میکانیزم ئیدارەدانی دۆخەکە بووە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، واتە ئامانجی ئەوە بووە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی شوناسی دەوڵەت دروست نەکات و نەبێتە هەڕەشە.

سەرچاوەکان

1) Fereshteh Davaran, Continuity in Iranian Identity Resilience of a Cultural Heritage, Routledge, 2010, p143-145.

2) Ervand Abrahamian, A History of Modern Iran, Cambridge University Press, 2008, p16.

3) Ahmad Mohammadpour, The Invention of Iran: From 'Iranianness' to 'Persianness', Journal of Asian Studies Review, Volume (49), Isuue (1), 2024, pp.57–770

4) Nikki R Keddie, Modern Iran: Roots and Results of Revolution, Yale University Press, 2006, pp. 73-88.

٥) دکتر محمد علی همایون کاتوزیان، دولت در ایران و جامعه در ایران، انقراض قاجار واستقرار پهلوی، ت: حسن افشار، نشر مرکز، تهران، ١٣٧٩، ص٤٣٣.

٦) محمد مهدی مظاهری و اعظم ملایی، دولت، هویت و سیاست خارجی در ایران معاصر (١٣٠٤- ١٣٩٠)، فصلنامه ي پژوهش هاي راهبردي سیاست، سال دوم، شماره ٧، زمستان ١٣٩٢، ص١٣٢-١٣٣.

٧) نصراله‌پور محمدی املشی ودیگران، تغییران فرهنگی در دورۀ آتاتورك و رضاشاه، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، مرکز مطالعات سیاسی وبین المللی، دوره ١٦، شماره ٦٤، مهر ١٣٩٤، ص٩٩-١١٧.

٨) هەورامان تۆفیق، ئێرانشەهری، وەرزنامەی ئێراناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایینەیی، ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، تەمموزی ٢٠٢٢، ل١٤٤.

٩) مسعود کوثري و فؤاد حبیبي، بازخوانی و نقد روایت های هویت ملی در ایران، پژوهشنامه علوم انسانی و اجتماعی، سال نهم، شماره (١)، پیاپی (٣٤)، ٢٠٠٩، ص٧٤.

(*) تیۆری ولایەتی فەقیە واتا ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی لەشوێنی مەهدیە، لەسەر هەموو شیعەی جیهان پێویستە گوێڕایەڵی بن، ئەمە لەسەرووی هەڵبژاردنەوەیە، بەڵکو لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە بە پلەی ئایەتوڵاکان هەڵدەبژێردرێت، بۆیە گوێڕایەڵیی واتا گوێڕایەڵیی مەهدی و ئەویش گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوایە، گوێڕایەڵیی پێغەمبەریش گوێڕایەڵیی خوایە، بۆیە کەس ناتوانێ لە قسەی ئیمام یاخی بێت، چونکە یاخیبوون لێی یاخیبوونە لە مەهدی، یاخیبوون لە مەهدی یاخیبوونە لە پێغەمبەری خوا، یاخیبوون لە پێغەمبەریش یاخیبوونە لە خوا، ولایەتی فەقیە حاکمی ڕەهای وڵاتە، هیچ بەهایەك بۆ سەرۆك کۆمار و پەرلەمان و هیچ لایەنێك نییە، هەموو بڕیارێك کە حکومەت دەریاندەکات و پەرلەمان دەنگیان لەسەر دەدات پێویستیان بە ڕەزامەندیی ولایەتی فەقیهە، بەپێی چەمکی ویلایەتی فەقیە، بواری جوگرافیایی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە لە چوارچێوەی جوگرافیاییدا سنووردار نابێت، بەڵکو سەروو

نەتەوەییە و هەموو موسوڵمانانی جیهان دەگرێتەوە و ئەرکی وەلی فەقیه ڕێبەرایەتی و ئاڕاستەکردن و ڕێکخستن و هەماهەنگی هەموو مسوڵمانانی جیهانە بۆ هاتنە ئارای ئومەتی تاکانەی ئیسلامی و دروستبوونی حکومەتێکی جیهانی ئیسلامیی. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ئەحمەد کاتب، گەشەسەندنی بیری سیاسی شیعە لە شوراوە بۆ ویلایەتی فەقیهە، و: ڕێباز عەزیزخان مهاجر، سەبتەری کاروان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سۆران، ٢٠٢٢.

10) Afshin Matin Asgari, Nationalizm and the Approperiation of the Past, (Edit by) Abas Amanet & Farzin Vijdani, Iran Facing Others: Identity Boundaries in A Historical Perspective, Palgrav Macmillan, 2012, pp.171-192.

11) Ervand Abrahamian, A History of Modern Iran, ibid, p155-162.

١٢) پەروێز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە (کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك نموونە)، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٠، ل١٢٤-١٣١.

١٣) عباسعلی عمید زنجانی، مبانی فقهی کلیات قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران (جامعه کنونی ایران و انقلاب اسلامی)، تهران انتشارات جهاد دانشگاهی، ١٣٤٨، ص٩٦-٩٧.

١٤) داود یاسمیة، المؤسسات السیاسیة والدینیة في جمهوریة ایران الاسلامیة ١٩٧٩ -٢٠٠٥، ڕسالة ماجستر، جامعة الجزائر -٣- کلیة العلوم السیاسة والعلاقات الدولیة، ٢٠١٧، ص٤٣.

١٥) قانون اساسی جمهوری سلامی ایران، اصل ٢، ١٣٤٨ (١٩٨٩).

١٦) قانون اساسی جمهوری سلامی ایران، اصل ٤، ١٣٤٨ (١٩٨٩).

١٧) قانون اساسی جمهوری سلامی ایران، اصل ١٢، ١٣٤٨ (١٩٨٩).

١٨) قانون اساسی جمهوری سلامی ایران، اصل ١٥، ١٣٤٨ (١٩٨٩).

19) Haval Mohialdeen, Türkiye – Irak Kürt Bölgesel Yönetimi □li□kileri (2005’ten Günümüze), Yüksek Lisans Tezi, Gazi Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, 2019, s43.

٢٠) ایرج افشار و هرمز همایۆنپور، سیاست نامه ذکاء الملك مقالەها، نامەها، وسخنرانیها سیاسی محمد علی فروغی، کتاب ڕۆشن، تهران، ١٣٨٩، ص١٢٩-١٣٠.

21) Arif Keskin, İran’ın Irak Politikası/ İran ve Iraklı Kürtler, Ümran Dirasat, 15 Ekim 2025. https://shorturl.at/FITJz (Eri□im Tarihi: 09.07.2025).

٢٢) نادر ئینتسار، ئینۆنەتەوایەتی کورد، و: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤٦-٢٤٧.

٢٣) هەردی مەهدی میکە و ئەژی ئەبوبەکر ئازاد، جوڵانەوەی سیاسی کوردستان لە ستراتیژی سیاسی و پەیوندییەکانی دەوڵەتی ئێراندا (١٩٦٨-١٩٧٥)، مجلة الدراسات السیاسیو والامنیة، المجلد (١)، العدد (١)، حزیران ٢٠١٨، ص١١١-١١٢.

٢٤) دیڤد ماك داول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: حامد ڕەشید زەرزا، بێ دەزگای چاپ، سیدنی/

ئوسترالیا، ٢٠٠٨، ل٣٨٦-٣٨٧.

(**) لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢ عێراق و یەکێتی سۆڤیەت پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکارییان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ واژۆ کرد، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ لە پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان هەردوولا. ئەم پەیماننامەیە هاوبەشییەکی ستراتیژی بە فەرمی کرد، هەردوو دەوڵەت بەڵێنیان دا کە لە بوارە جیاوازەکاندا هاوکاری یەکتر بکەن و خۆیان لە هاوپەیمانی دوژمنکارانە لە دژی یەکتر بەدوور بگرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.نعمة حسن محمد البكر، المعاهدة العراقية السوفيتية عام ١٩٧٢ وتداعياتها على الصعيدين الاقليمي والدولي، مجلة التاريخ والمستقبل، العدد (٧٣)، يناير ٢٠٢٣، ص١١٨٩-١٢٨٠.

٢٥) شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كردستان، مطبعة منارة، اربيل، ٢٠٠٧، ص٢٣٤-٢٣٦.

٢٦) زینب احمدوند و دیگران، تأثیر قرارداد ١٩٧٥م. الجزایر بر سرنوشت سیاسی کردهای عراق، فصلنامه تاریخ ڕوابط خارجی، دوره (٢٤)، شماره (٩٦)، ١٤٠٢، ص٥٩-٨٦)

٢٧) کامەران بابا زادە، ڕێکەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە باشوری کوردستان، چاپخانەی کەماڵ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٨٢-٢٩٠.

٢٨) جهانگیر کرمی، گزارشی از تحولات شمال عراق در دهه ١٩٩٠، مجله سیاست دفاعی، شماره (٢٠ و ٢١)، پایز و زمستان ١٣٧٦، ص١٩٧.

٢٩) نادر ئینتسار، ئینۆنەتەوایەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١-٢٣٤.

٣٠) د.حامد محمود عیسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة ودبولي، ١٩٩٢، ص٤٢١.

٣١) هێرش عەبدولرەحمان، پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەولەتانی دراوسێ...، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

٣٢) دکتر صادق جعفر پناه، کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، انتشارات مؤسسۀ فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر، تهران، ١٣٨٧، ص١٨٢-١٨٣.

33) Türkiye Cumhuriyeti, D□i□ler Bakanl□□, D□i□leri Bakanl□□ 1992 Tarihçesi, D□i□ler E□itim Merkezi, Mayıs 1994, s75.

٣٤) دلدار ابراهیم عبدالله و هوزان سلیمان میرخان، هەلویستێ حکومەتا ئێرانێژ دامەزراندنا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك بۆ زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی، بەرگ (٢٦)، ژمارە (٢)، ٢٠٢٢، ل٢٥٨.

٣٥) محمد ڕضا حافظ نیا، تاثیر خودگردانی کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه، فصلنامه تحقیقات جغرافیایی، شماره (٨٣)، ١٣٨٥، ص٢٠-٢١.

٣٦) دکتر صادق جعفر پناه، کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، پیشین، ص١٨٤.

٣٧) حسین دهشیار و دیگران، مسائل ایران و عراق، انتشارات مؤسسۀ فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر، تهران، ١٣٨٢، ص٩٥-٩٦.

38) Bayram Sinkaya, Conflict and Cooperation in Turkey-Iran Relations: 1989-2001, Thesis of Master, Middle East Technical University, Ankara, 2004, p71-73.

٣٩) المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرار رقم (٢٢)، ١٩٩٢/١٠/٤.

٤٠) دلدار ابراهيم عبدالله و هوزان سليمان ميرخان، هەلویستێ حکومەتا ئێرانێژ دامەزراندنا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠-٢٦١.

٤١) امیر دریابان علی شمخانی، استعداد بحارن افرینی عراق و سیاستهای ایران، مجله سیاست دفاعی، دوره (٩)، شماره (٢٦)، ١٣٧٨، ص١-٩.

42) Mehmet Seyfettin Erol-Kadir Ertaç Çelik, "ABD'nin Suriye Politikasinda Vekil Aktör Olarak Terör Örgütleri: YPG Örne□i", Bölgesel Ara□tırmalar Dergisi, Volume (3), Issue (1), Mayıs 2019, s. 31.

43) Tahseen Wsu Abdulla, Tahseen W. Abdullah, Iran' in Politikasinda Kullandi□i siyasi araçlar; (2003 'ten Günümüze), Yüksek Lisans Tezi, Gazi Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü, Temmuz 2018, p69-70.

44) Arıf Keskin, □ran›ın Kuzey Irak Politikası /□ran ve Iraklı Kürtler, Orman Stratejik Ara□tırmalar Merkezi, Ekim, 2015. https://shorturl.at/hnMuK (Eri□im tarihi : 07.07.2025).

٤٥) د.عابد خالید ڕەسووڵ، ئایینده‌ی بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی، گۆڤاری ئایینده‌ناسی، ژمارە (١)، ئایاری ٢٠٢٠، ل٤٣.

46) Kenneth Katzman, The Kurds in Post-Saddam Iraq, Congressional Research Service, Prepared for Member and Committees of Congerss, 2008, p6.

٤٧) مرتضی علویان و محمد سلمان تبار سوته، ملاحظات امنیتی ایران در اقبال اقلیم کردستان عراق، مجله سیاست و روابط بین الملل، سال چهارم بهار و تابستان، شماره (١)، ١٣٩٩، ص١٩١-٢٢٠.

48) Deniz Demir, Irak'taki Kürt Varlı□ı ve □ran'ın Bölgesel Güvenlik Politikaları, kafkassam, 13 □ubat 2017. https://shorturl.at/RNrGf (Eri□im tarihi : 07.07.2025).

49) Ali Semin, Kuzey Irak'taki Ba□kanlık Krizi, I□□D ve □ran, B□LGESEM Analiz, A□ustos, 2015, s7.

50) Haval Mohialdeen, Türkiye – Irak Kürt Bölgesel Yönetimi □li□kileri (2005'ten Günümüze), a.g.e, s48-49.

٥١) د.ئومێد ڕەفیق و ئەوانی دیکە، ئایینده‌ی کەرکوك لە نێوان هەڵێر و بەغدادا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایینده‌یی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١٠.

٥٢) دکتر جعفر حق پناه، کرد و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، مؤسسۀ فرهنگی مطالعات وتحقیقات بین المللی ابرار معاصر، تهران، ١٣٨٧، ص١٨١-١٨٢.

٥٣) صادق زیبا کلام و محمد رضا عبدالله پور، بررسی نقش همگرایی کردها و شیعیان عراق در موقفیت سیاستگزاریهای امنیتی ایران در قبال عراق، فصنامه سیاست، دوره (٣٩)، شماره (٤)، ١٣٨٨، ص٦٠.

٥٤) رادیو فردا، اظهار مخالفت ایران با برگزاری همەپرسی استقلال در اقلیم کردستان، ٢٠/ خرداد/١٣٩. https://shorturl.at/AceLP (تاریخ بازدید: ٢٠٢٥/٧/٧)

٥٥) DW، بیانیه مشترك ایران، ترکیه و عراق علیه همەپرسی اقلیم کردستان، ٢٠ سپتامبر ٢٠١٧. https://shorturl.at/kaDx٤ (تاریخ بازدید: ٢٠٢٥/٧/٧)

56) Ahmed Majidyar, Iran's Soleimani Reportedly in Iraqi Kurdistan to Influence Referendum Talks, Middle East Institue, April 11, 2017. https://shorturl.at/5j897 (Last Visted: 28.10.2025)

٥٧) فاتح محمد حسین، استفتاء اقلیم کوردستان العراق في ٢٠١٧: الاسباب والنتائج (دراسة مقارنة مع استفتاء جنوب السودان في ٢٠١١)، رسالة الماجستر، کلیة العلوم السیاسة، جامعة السلیمانیة، سلیمانیة، ٢٠٢٣، ص١٤٦.

٥٨) حسن سبحانی و دیگران ، تحلیل مسائل امنیتی بر شکست همه پرسی اقلیم کردستان عراق در سال ١٣٩٦، فصنامه پژوهشهای سیاسی جیهان اسلامی، سال دوازدهم، شماره (١)، بهار ١٤٠١، ص١٠٧-١٣١. دکتر مسعود اسلامی و سشمس آبادی، عوامل ناکامی همەپرسی جدایی اقلیم کردستان عراق، فصلنامه بین المللی ژئوپلیتیک، دوره (١٤)، شماره (٥١)، ١٣٩٧، ص٦٣-٩٤.

59) Haval Azad Mohialdeen, Geçmi□ten Günümüze □ran'ın Kürtleriyle □li□kileri ve Ba□ımsız Referandumuna Yakla□ımı, Bölgesel Çalı□malar Dergisi, Cilt (2), Sayi (3), December 2019, s177.

٦٠) ایوب منتی و ناصر هادیان، سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران در قبال عراق از منظر موازنه تهدید(٢٠٠٣-٢٠١٨)، مجله جامعه شناسی سیاسی جهان اسلام، دوره (٧)، شماره (٢)، پاییز و زمستان ١٣٩٨، ص١٥٤-١٥٥.

٦١) العربیة فارسی، روحانی و اردوغان: همەپرسی استقلال کردستان توطئه است.. با تجزیه عراق مقابله می‌کنیم، ٤ اکتوبر ٢٠١٧. https://shorturl.at/V٦FR٢ (تاریخ بازدید: ٢٠٢٥/٧/٧)

٦٢) ارشاد رشیدی رستمی، بازخوانی چگونگی سقوط کرکوك و آینده اقلیم کردستان، فراتاب، ٢٦ مهر ١٣٩٦. https://shorturl.at/lyjFt (تاریخ بازدید: ٢٠٢٥/٧/٧)



توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

کاریگەری و دەرهاویشتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان

بۆ نێو بەندیخانەکانی ڕۆژئاوای ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)*

ڕەشید ئەحمەدی فەڕ - عەدنان حوسێنی

وەرگێڕان: مورتەزا مورادی (ئارما)

* ئەم وتارە لە توێژینەوەیەکی مەیدانی وەرگیراوە کە لەسەر داواکاری و پاڵپشتیی ماڵی ڕێکخراوی بەندیخانەکانی ئێران ئەنجام دراوە.

توێژینەوەی بەردەست بەمەبەستی تاوتوێکردنی چەندێتی و چۆنیەتیی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی هێنانی مادە و کەرستە قەدەغەکراوەکان بۆ نێو بەندیخانەکانی ئێران و ئاڕاستەکردنی ڕێگە چارەسەرەکان بۆ کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی ڕێژەی گواستنەوەی بابەتە قەدەغەکراوەکان بەشێوەی تێکەڵ ئەنجام دراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە بەندیخانەکانی ڕۆژئاوای ئێران کە لەنێو ئەوانەش بەشێوەی هەڵگرتنی نمونەی بەردەست، پێنج پارێزگای کوردستان، ئیلام، هەمەدان، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و لەنێو هەموو بەندکراوان و کاربەدەستانی پاراستن و ئاسایشی بەندیخانەکانی پێنج پارێزگای ئاماژەپێکراو، بەشێوەی بەشکراو-هەڕەمەکی و بە بەکارهێنانی فۆرموولی کوکران، ژمارەی ٢٤٢ بەندکراو هەڵبژێردران و پاشان بەپێی ژمارەی بەندکراوانی ڕاگەیەنراو لەلایەن ڕێکخراوەی بەندیخانەکان و بەشێوەی بەشکردن، قەبارەی نمونەی هەر پارێزگایەک دەستنیشان کرا. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە پرسیارنامەی سازکراو لەلایەن توێژەرەوە کەڵک وەرگیراوە. ئەنجامەکانی بەشی چەندێتی دەریانخستووە کە هێنان، دابەشکردن و بەکارهێنانی بابەتە قەدەغەکراوەکان لەنێو ئەو بەندیخانانەدا کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە دەتوانێت دەرهاویشتەی بەربڵاوی نەرێنیی هەڵچوونی وەک هەست بە دڵەخورپە و سترێس، ترس و نائارامیی بەردەوام، پەژارە و خەمۆکی و نائومێدی، بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن و هەروەها پێشنیازی هاوکاری بۆ هاوردەکردن، دابەشکردن و بەکارهێنانی ئەم بابەتە قەدەغەکراوانەی بۆ بەندکراوان هەبێت. لە بەشی چۆنیەتیشدا، زۆرینەی هۆکارەکانی هێنانی بابەتە قەدەغەکراوەکان دەگەڕێنەوە سەر هەبوونی گرووپی خراپکار، لاوازبوونی یاساکان، بەسوودبوونی هێنانی مادە هۆشبەرەکان و لاوازبوونی ئامراز و پێداویستییەکانی بەشی کۆنترۆڵ و پشکنین. ڕێگە چارەسەرە پێشنیارکراوەکانیش خۆ لە چوار بەشی گشتیدا دەبیننەوە کە بریتین لە هۆکارە کولتوورییەکان (ئیش و کار و سەرقاڵکردنی بەندکراوان)، سیاسەتەکانی کۆنترۆڵ و چاودێری، هۆکارە بەڕێوەبەرێتییەکان و پرسە یاسایی و ئایینناممەییەکان. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە هەبوونی جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان لە بەندیخانەکان دەتوانێ شوێنهاتی نەرێنیی بەربڵاوی لەئاستی جۆراوجۆردا هەبێت و ئەمەش هەم بەندکراوان دەگرێتەوە و هەمیش کاربەدەستانی بەندیخانە.

وشە سەرەکییەکان: مادە هۆشبەرەکان، هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ بەندیخانە، بەندکراو، بەندیخانەکانی ڕۆژئاوای ئێران و شوێنهاتە نەرێنییەکان.

پێشەکی و ئاڕاستەکردنی پرس

لە ڕابردوودا (ڕابردوویەکی زۆر دوور نا) زۆرینەی سزاکان، جەستەیی بوون. بزووتنەوەی سزادان لە سەدەی هەژدەیەمەوە هەوڵی پێداچوونەوە و چاکسازیی سزاکانی دا و بەندکردن کە لەچاو سزاکانی دیکە سزایەکی نەرمتر بوو، بەرەبەرە لە سەدەی هەژدەیەمدا وەک سزای سەرەکی هاتە نێو هەمبانەی یاساکانی سزادانی وڵاتانەوە (مارتینێز[1]، ٢٠٠٦:١٥٣). ئامانجی ئەو مرۆڤانەی سەدەی هەژدەیەم کە بۆ بەندیخانە، جۆر و پلەی جیاوازیان دەستنیشان کردبوو، ئەوە بوو کە سزای ئاماژەپێکراو، لایەنی پەندوەرگرتن بەخۆوە ببینێ. بیر و بۆچوونی مرۆڤی سەدەی نۆزدەیەم ئاوا بوو کە بەندیخانەی تاکەکەسی دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و پەشیمانبوونەوەی کەسی سزادراو و یارمەتیی بەندکراو دەدات تا لەسەر درێژەدان بە ژیانی بەشەرافەت، بڕیار بدات. مرۆڤی سەدەی بیستەمیش بەندیخانە وەک شوێن و ئامرازی ساغکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کەسانی تاوانبار و بەلاڕێداچووانی کۆمەڵگە دەبینێت. فۆکۆ لەمبارەیەوە دەنووسێت: «گەشەی هزر و بیر و هێوربوونەی خووەکانە کە بەندکردنی کردووەتە بنچینە و بنەمایەکی تەواو بۆ پێوەری سزادانی ئێستای ئێمە» (فۆکۆ[2]، ٢٠١١:٢٨٦).

لەڕاستیدا بەندیخانە بوو بە گەرەنتی جێبەجێکرانی سزادانی باو لە هەموو سیستەمەکانی سزادان لە بەشی ناوخۆیی و سیستەمی سزادانی نێودەوڵەتیدا. هەربۆیە بەندیخانە بووەتە یەک لە بنکە کۆنەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی کە بۆ بەندکردنی تاوانباران، مەحکومکراوان و تۆمەتباران بەشێوەی کاتی یان هەتاهەتایی کەڵکی لێ وەرگیراوە (بڕوانە: پوورئاریەن و هاوکارانی، ٢٠١٣). بەندیخانە بنکەیەکە کە لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتەوە و بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست لەسەری پەرژاونەتەوە. بنکەیەکی گشتگیر وەک بەندیخانە، شوێنێکە کە خەڵک بەناچار و بەشێوەی زۆرەملی، کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان دەدەنە دەست کاربەدەستانی فەرمیی ئەو بنکەیە. خەڵک نیشتەجێی ئەو بنکەیە دەبن و کاروباری ڕۆژانەیان وەک خواردن، خەوتن و ... بە ئامادەبوونی کەسانی دیکەوە جێبەجێ دەکەن. یەک لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی بنکەی لەم چەشنە ئەوەیە کە هەموویان، لەمپەر و بەربەستی وەک دەرکەی داخراو، دیوار و شووڕای بەرز و هەڵدێریان داناوە لەبەرامبەر ئەکتی لایەنی بەرامبەریان (بڕوانە عەزودانلوو، ٢٠٠٧).

بەڵام پرس و مەسەلە لێرەدا ئامانجە کارایيەکانی پشت فەلسەفەی سازکردنی بەندیخانەیە وەک شوێنێکی تایبەت بۆ تاوانباران و تۆمەتباران. بەبڕوای گیدێنز، لایەنە فیزیاییەکانی شوێن کە لێرەدا مەبەست لە شوێن بەندیخانەیە، ئەگەرچی بۆ هەندێ ئەکت سنوور دادەنێن یان ئاسانکارییان بۆ دەکەن، بۆ خۆیان نابنە هۆی پێکهاتن و ڕوودانی ئەو شتەی کە لە ئاقارێکی دیاریکراودا تێدەپەڕێت. پێکهاتەی بەندیخانە تەنیا ئەوکاتەی وەک بەندیخانە کارامە و کارایە کە چالاکوانانی پەیوەندیدار یاسا ئاشکرا و نهێنییەکانی ژیانی بەندیخانە ڕەچاو بکەن. لەڕاستیدا ڕاستییە پێکهاتەییەکان، ڕێگەیەک بۆ دوبارە سازکردنەوەی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان خۆش دەکەن. بەڵام ئەوکاتەی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ جارێکی دیکە ساز دەبنەوە، دەبنە هۆی بەردوامی پێکهاتە و ئەو ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییە لە ساتێکی مێژوویی نوێدا ساز دەکەنەوە (بڕوانە: Trener, 2006).

گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، ئەکتێکی کۆمەڵایەتیی گشتی و وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە (بڕوانە، Anderson, 2016). ئەوڕۆ یەک لە گرنگترین گرفتەکانی کۆمەڵگەکان، پرسی مادە هۆشبەرەکان و گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکانە (بڕوانە، قەرەچاهی و هاوکارانی، ٢٠٢٣). تاوتوێکردنی مێژوویی بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری مادە هۆشبەرەکان دەریخستووە کە بەکارهێنان و بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری مادە هۆشبەرەکان بۆ ماوەی چەندین هەزار ساڵ پێکەوە بەردەوام بوونە (بڕوانە: باقری و هاوکارانی، ٢٠٢٣). گیرۆدەبوون لەباری چەمکەوە، نەخۆشینێکی قورسی درێژخایەن، دەماری و ئاڵۆزە کە لە سەرهەڵدان، گەشەکردنیدا هۆکاری جۆراوجۆری بۆماوەیی، فیزیۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتی دەوریان هەیە (بڕوانە: میرزایی موقەدەم و هاوکارانی، ٢٠٢٣). بە لەبەرچاوگرتنی ئاقاری داخراو و دانوستانەکانی نێو بەندیخانە، ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە بەندکراوان مەیلیان بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان هەبێت (بڕوانە: Marsden et al, 2020; Nordek et al, 2022; Capasso et al, 2021). هەربۆیە گیرۆدەبوون و بەتایبەت هۆکار و شوێنهاتەکانی گواستنەوەی جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان بۆ بەندیخانە پرسێکی جدی و گرنگە.

لە یاسای ڕێکخراوی بەندیخانەکاندا ڕاشکاوانە لە بەندەکانی ٣٠، ٣١، ٨٨ و ١٦٣دا ئاماژە دراوەتە هاوردەکردنی بابەت و کەرستەی قەدەغەکراو بۆ نێو بەندیخانەکان

و ئەگەر بۆ بەرگریکردنی لە هاوردەکردنی ئەم بابەتگەلە هەنگاوی قورس و یەکلاکەرەوە هەڵنەگیردرێت، خەسار و مەترسیی قوورس دەکەوێتە سەر بەندکراوان، بنەماڵەکانیان و تەنانەت کۆمەڵگەش. دەکرێ بڵێین لە وەها هەلومەرجێکدا، بنکەی بەندیخانە نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ و ئەو ئەرکەی داکۆکی لەسەر دەکات جێبەجێ نەکراوە. لەڕاستیدا بەبێ چارەسەری گونجاو لەسەر بنەمای چاودێریی تایبەت لە بەندیخانەدا و بەتایبەت لە بواری هاتوچۆ، هەموو هیواکان پووچەڵ دەبنەوە و بەندیخانە لەباتی ئەوەی کە ببێتە ئامرازی سەرەکی کاردانەوە لەبەرامبەر تاوان و خراپەکاری، دەبێتە قوتابخانە و شوێنێکی گونجاو بۆ دووپاتکردنەوەی تاوان. بەکورتی و بە کوردی ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەندیخانە سست بێت، بەتایبەت ئەگەر هەوڵی بەردەوام و ئامانجدار بۆ بەڕێوەبردنی دروست و بنەمایی هاوردە و هەناردەی بابەت و مادەی ڕێپێنەدراو و قەدەغە نەکرێت و هەوڵ بۆ بەرگریکردنی لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان نەدرێت، بنکەی بەندیخانە تووشی جۆرێک داڕمان دەبێ و لەباتی ساغکردنەوە و چاککردنەوەی بەندکراو، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەندکراو فێری تاوانە جۆراوجۆرەکان بێت.

بە پێچەوانەوەوە، هەرچی بەندیخانەیە لە پڕۆسەی بەرگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم خەسارەدا، واتە بەرگریکردنی لە هاتنی مادە هۆشبەرەکان سەرکەوتووتر بێت، بۆ بەرگریکردن لە جۆرە بەربڵاوەکانی خەسارە پەیوەندیدارەکانیش سەرکەوتووتر دەبێ و ئاقارێکی باشتر لە لایەنە جۆراوجۆرەکاندا پێکدێنێت. بەڵام سەرەڕای هەوڵ و پلانە داڕێژراوەکان پێدەچێت کە دۆخی ئەم خەسارە لە بەندیخانەکانی ئێراندا لە ئاستێکی گونجاودا نەبێت و هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان دەبینین و ئەمەش هەم باری قەبارەی مادەکان دەگرێتەوە و هەمیش باری جۆراوجۆربوونیان و ئێستاش یەک لەو پرسە سەرەکییانەیە کە بەندیخانەکان لەگەڵی ڕووبەڕوون.

وتاری بەردەست دەیەوێ سێ پرسیاری توێژینەوە وەڵام بداتەوە و ئەو سێیەش بریتین لە:

- زۆرترین جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان و شێوازەکانی هێنانیان بۆ نێو بەندیخانە کامانەن؟

- شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە کامانەن؟
- گرنگترین ڕێگە چارەسەرە گونجاوەکان بۆ بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە و لەئەنجامدا دابەزاندنی شوێنهاتەکانی هێنانی ئەم مادەگەلە لەسەر گرووپەکانی مەبەست کامانەن؟

پێشینەی توێژینەوە:

لە باری پێشینەی پراکتیکییەوە توێژینەوەی بەردەست، بابەتێکە کە کەمتر لەسەری پەرژاونەتەوە و دەکرێ بڵێین توێژینەوە ئەنجامدراوەکان لەسەر ئەم بابەتە دەگمەنن. ڕەنگە یەک لە هۆکارەکانی کەمبوونی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بەرپرسان هەبوونی ئەم بابەتە لەبنەڕەتدا ڕەت دەکەنەوە. خاڵی دیکە لەسەر توێژینەوە ئەنجامدراوەکان ئەوەیە کە زۆرینەیان بەشێوازی چەندێتی و بە بەکارهێنانی پرسیارنامە ئەنجام دراون. هەربۆیە نەیانتوانیوە بچنە ناخی بابەتەکان بیر و بۆچوونی کەسانی شارەزا وەک کاربەدەستانی بەشی پاراستن و بەندکراوان دەرنەکەوتووە. لێرەدا دەچینە سەر ناساندن و چاوخشاندنێک لەسەر کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەنجامدراو لەم بوارەدا.

کاڵیند و داک[٣] (٢٠١٦) لە توێژینەوەیەکدا، پەرژاونەتەوە سەر تاوتوێکردنی بارودۆخی مادە هۆشبەرەکان لە بەندیخانەکان، ڕێژەی بەکارهێنان و شێوازەکانی دابەزاندن و کۆنترۆڵی ئەم پرسە لە بەندیخانەکاندا. ئەم توێژینەوە دەریخستووە کە ئەگەرچی لە بەندیخانەکاندا مادە هۆشبەرەکان لەگەڵ چەک، دەکەونە ڕیزی قەدەغەکراوترین مادە و ئامرازەکانی نێو بەندیخانە، بەڵام وەک کاڵا و شمەک لە بەندیخانەکان دەست دەکەون. هەروەها ئەو توێژینەوە چووەتە سەر ڕێگە چارەسەرەکانی دابەزاندنی ئاستی بەردەستبوون، دابەزاندنی داواکاری و دابەزاندنی ئاستی خەساری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە بەندیخانەدا و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییەدا، ئەو بەندیخانەگەلە کە پلان و بەرنامەی خۆیان بۆ دابەزاندنی هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان لەسەر بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا داناوە، لەم پڕۆسەیەدا واتە بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان سەرکەوتووتر بوونە.

کاڵیند (٢٠١٥) لە توێژینەوەیەک لەسەر دەسەڵاتەکانی پۆلیسی بەندیخانە و دەوری پۆلیس بۆ بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە، لەڕێگەی دیتن و وتووێژی چۆنێتی و هەروەها ڕاپرسیی جۆراوجۆر، شێوازی ئیشکردنی هێزەکانی بەندیخانەی دانیمارکی بۆ بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان تاوتوێ کردووە. ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوە دەریانخستووە کە هەڵسوکەوتی ئەفسەرەکان بەرامبەر هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە، زۆر ئاڵۆز بووە و جۆرێک ناکۆکی و یەکنەگرتنەوەیان تێدا بەدی دەکرێت. لەلایەکەوە، ئەو تاقمە پاڵپشتی لە سیاسەتە توندەکانی دوو دەیەی ڕابردوو لەسەر هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئاگاداری ئەو بابەتەن کە مادە هۆشبەرەکان دەتوانن دەورێکی ئەرێنییان هەبێ و جۆرێک دیسیپلین و هێمنی بۆ بەڕێوەبردنی بەندیخانە بێننە ئاراوە. هەربۆیە دەکرێ بڵێین مەرج نییە کە قبووڵکردنی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لەلایەن بەندکراوانەوە (بەئەنقەست و بە ئاگادارییەوە) نیشانەی نەرم و نیانی بێت، بەڵکو شێوازێکە کە ئەفسەرانی بەندیخانە تێیدا، هێز و دەسەڵاتی خۆیان بەکاردێنن.

دولان و هاوکارانی (٢٠١٥) لە توێژینەوەی خۆیاندا دەریانخستووە کە یەک لە دەرهاویشتە ڕووخێنەرەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە قەدەغەکراوەکان بۆ نێو بەندیخانە، بەرزبوونەوەی ئاست و گواستنەوەی نەخۆشینە مەترسیدارەکانی وەک ئایدزە (HIV) لەنێو بەندکراوەکاندا کە بەهۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە دێتە ئاراوە؛ ئەم پرسە ئێستا بووەتە یەک لە پرسە گرنگەکانی تەندروستیی کۆمەڵایەتی بەتایبەت پاش ئەوەی گەڕانەوەی بەندکراوە گیرۆدە و نەخۆشەکان بۆ نێو کۆمەڵگە بەرچاو بگرین. هەربۆیە پێدەچێت کە پێویستە شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرگری لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە و دابەزاندنی ئاستی بەردەستبوونیان بۆ بەندکراوان لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازەکانی بەرگریکردن لە گیرۆدەبوون لەلایەن کاربەدەستان و بەشی پاراستنی بەندیخانەوە کە گرنگترین ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە، بەرچاو بگیردرێن.

حوسێنی (٢٠١٧) لە پڕۆژەیەکدا چووەتە سەر تاوتوێکردنی ڕێگە چارەسەرەکانی بەرگریکردن لە گەیشتنی بەندکراوان بە مادە هۆشبەرەکان لە بەندیخانەی

قزڵحەسار. لەم توێژینەوەدا، ڕێگەکانی بەرگریکردنی هێنانی مادە هۆشبەرەکانی بۆ نێو بەندیخانە بەپێی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە، تاوتوێ و ئاڕاستە کراون. ئامانجی ئەم پڕۆژەیە، ناسینی ڕێگەکانی بەرگریکردن لە بەندکراوانە بۆ دەستخستنی مادە هۆشبەرەکان لە بەندیخانەدا. ئەم توێژینەوە بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەنجامە هاوشێوەکانی توێژینەوە لێکچووەکان ڕێگە چارەسەرەکانی ئاڕاستە کردووە و لە ئەنجامدا پێنج فاکتەری سەرەکی هاوردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەی قزڵحەسار بەم شێوەیە ئاماژە پێدەدا: بەندکراوان، بنەماڵەی بەندکراوان، ئەو کەسانەی هاتوچۆیان بۆ نێو بەندیخانە هەیە، ئاژەڵە فێرکراوەکان و ئەو درۆنگەلەی کە کۆنترۆڵ دەکرێن و وەک دوافاکتەریش هاویشتنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە.

ڕەئیسی‌نەژاد (٢٠١٧) لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناوی «بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە و بەراوردکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیکە» ڕێگەکانی بەرگریکردن لە سێ بابەتدا پۆلێنبەندی کردووە: دانانی لەمپەر و بەربەست، پشکنین و چاودێری، هەروەها وەرگرتن و بەکارهێنانی سیخوڕ و سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری. لە بەشی دانانی لەمپەر و بەربەستدا ئاماژە دراوەتە دانانی کامێرا و ئامرازی تەیار لە دەرکە و دەروازەی بەندیخانەکان، چاودێری زیاتری بەندکراوانی مەترسیدار و تەیارکردنی بەشی چاودێریی تەندروستیی بەندیخانە، لە بەشی پشکنیندا ئاماژە دراوەتە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە پشکنینی جەستەیی بەندکراوان، جلوبەرگی بەندکراوان، پشکنینی شوێنە جۆراوجۆرەکانی بەندیخانە و کەلوپەل و مادە خۆراکییەکان.

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە بەندکرانی درێژخایەن، گرنگترین هۆکاری هێنانی مادە هۆشبەرەکان و ئامرازە قەدەغەکراوەکان بۆ نێو بەندیخانەیە و کۆنترۆڵی ئەمنییەتی وەک گرنگترین هۆکاری بەرگریکردن لە هێنانی ئامرازە قەدەغەکراوەکان بۆ نێو بەندیخانە ئاماژەی پێدراوە. توێژینەوە لێکچووەکانی دیکەی ناوخۆیش هەر ئەم ئەنجامانەیان لێکەوتووەتەوە (بڕوانە: حوسێنی، ٢٠١٧، تەوەکولی‌نیا، ٢٠١٧ و ڕەئیسی‌نەژاد، ٢٠١٧).

بنەما تیۆریکەکان

بەپێی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوتی نەگونجاو دەگەڕێتەوە سەر لاوازبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. گریمانەی سەرەکی لەم تیۆرییەدا ئەوەیە کە تاک بەشێوەی سروشتی حەزی لە هەڵسوکەوتی نەگونجاوە و ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت بەلاڕێدا دەچێ، هەڵسوکەوتی نەگونجاوی تاکەکان زیاتر لەوەی کە بگەڕێتەوە سەر هێزە هاندەرەکان بۆ لاساری، دەگەڕێتەوە بۆ بەرگری نەکردن. بەپێی ئەم تیۆرییە، پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ بنکە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگترین فاکتەری ڕاگیرکردن و بەرگریکردن لە هەڵسوکەوتی لاسارە. لەگەڵ لاوازبوون یان شکانی ئەم پەیوەندیگەلە، ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگە بۆ ئەندامانی خۆی داینـاوە، لەناو دەچن و ئەگەری ئەوەی کە تاک یاسا و ڕێساکان ببەزێنێ بەرز دەبێتەوە. ئەم تیۆرییە لەسەر شێوازی پێکهاتنی تایبەتمەندییەکانی وەک عیزەتی نەفس و ڕوانگەی ئەرێنی بەرامبەر بە خۆ وەک فاکتەری بەرگریکار لە لاساری جەخت دەکاتەوە. هەربۆیە بە کردەوە چاوەڕێ دەکرێت کە تاک، فاکتەری چالاک، بڕیاردەر، دیسیپلینبەخش بە خۆ و هەڵگری بەرپرسیارێتی بێت و بتوانێت هەڵسوکەوت و هەست و نەست و هەیەجانەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و لەسەرخۆ بێت (بڕوانە: تەوەسولی، ٢٠٠٧؛ وەرگیراو لە حەبیبی، ٢٠١٨).

بەپێی ئەم تیۆرییە، بەلاڕێداچوون دیاردەیەکە فێر دەبین. ڕوانگەی ساترلەند و ئاکێرزیش دەکەوێتە ئەم بەشە. ساترلەند[٤] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لاساری و هەڵسوکەوتی نەگونجاو فێر دەبین و بۆماوەیی نییە (بڕوانە سدیق سەرڤێستانی، ٢٠٠٣) و بەشێکی زۆری فێربوونی هەڵسوکەوتی نەگونجاو لە پرۆسەی پەیوەندییەکان لەگەڵ گرووپە نزیک و چکۆلەکان وەک گرووپی هاوڕێیان و بنەماڵە ڕوو دەدات. ئاکێرزیش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەلاڕێداچوون ئەگەر بە سوود و بە قازانج وێنا بکرێت، هەر ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ بەلاڕێداچوونی دوبارە.

بەپێی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیی بەندورا، هەڵسوکەوتی لاسار، فێر دەکرێت و لە پرۆسەی پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی دیکەدا و بەتایبەت لە گرووپە چکۆلەکاندا فێر دەکرێت. لە پرۆسەی فێربووندا، هاوڕێیانی تاک، یاساکان وەک دیاردە و ئەکتی گونجاو یان نەگونجاو پێناسە دەکەن و تاک ئەم پێناسەگەلە لە ئەوانەوە فێر دەبێت، چونکە تووشی

کۆمەڵێک پێناسە دەبێت کە تێیاندا یاساشکاندن دەکەوێتە سەرەوەی ڕێزگرتن لە یاسا، تاک دەبێتە تاوانبار و جینایەتکار (بڕوانە شوڵتز[٥]، ١٣٨٤؛ وەرگیراو لە حەبیبی، ٢٠١٨).

دورکیم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لاساری و هەڵسوکەوتی نەگونجاو ئەگەرچی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدات، بەڵام شێوازی مۆدێرنی ئەم دیاردەیە تایبەتی کۆمەڵگە ڕێکخراوەکانە کە بەشێوەی ئورگانیک ڕێک خراون و زیاتر لە چوارچێوەی دۆخی ئانۆمی وەک نەخۆشینێکی مۆدێرن دەردەکەون. ئانۆمی لە ڕوانگەی دورکیمەوە ئاماژەیە بۆ نارێکی، تێکشکان و سستیی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزی و پشێویی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا (بڕوانە: Trener, 2006). دورکیم دەڵێت کە لە هەلومەرجی ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتیدا، ئامانجە لەڕادەبەدەر و بێسنوورەکان دێنە ئاراوە و چونکە ڕێگەی دەستەبەربوونیان لەئارادا نییە، هەربۆیە دۆخێکی نارەزامەندیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام دێتە ئاراوە. پاشان ئەم نارەزامەندییە لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانی وەک تاوان و جینایەت و ... دەرکەوتنی دەبێت (بڕوانە: بووستانی، ٢٠١٢).

مێرتێن بە بەرفراوانکردنی چەمکی ئانۆمیی دورکیم، ئەو چەمکەی بۆ شرۆڤەکردنی هەڵسوکەوتی لاسار بەکارهێناوە. ناوبراو لە شرۆڤە و شیکردنەوەی خۆیدا دەریخستووە کە چۆن کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بەلاڕێداچوون. لەسەر ئەو بنەمایە لەلایەکەوە دەکرێ لە کۆمەڵگەدا، هاوسەنگییەک لەنێوان ئامانجە کولتووریەکان و ئامرازە دەروونیکراوەکان بۆ گەیشتن بە جێگیربوونێکی ڕێژەیی دابین بکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوکاتەی کە هۆگری و هەستی پابەندبوون بە گرووپ و کۆمەڵگە لە بەندکراودا پێکبێنین، بەندکراو نۆرمە گرووپییەکان وەک سەرمەشق قبووڵ دەکات، پابەندیان دەبێت و تەنانەت هەوڵ بۆ گۆڕانیان بەمەبەستی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی و کەسانی دیکە دەدات (بڕوانە ڕابێرتسۆن[٦]، ١٣٨٩).

یەکێک لە تیۆرییە گرنگەکان لە بواری لاساری و بەلاڕێداچووندا، تیۆریی گوشاری کۆمەڵایەتییە. ئەم تیۆرییە ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە لەبەرچی خەڵک لاساری دەکەن و چ فاکتەرگەلێک دەبنە هۆکاری؟ (بڕوانە: ئەسەدی و هیمەتی، 2021). خاڵی دەسپێک لە تیۆریی گوشاردا، ئەو باوەڕەیە کە تاوان لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەو واتایەی کە ئەم تیۆرییە لەسەر جۆرێک تێگەیشتنی کۆمەڵناسانە

لە هەڵسوکەوتە تاکی و گرووپییەکان ڕاوەستاوە. تیۆرییەکانی گوشاری پێکهاتەیی، هەڵسوکەوتە لاسارەکان دەگەڕێننەوە بۆ گوشارەکانی کۆمەڵگە. پرسیاری سەرەکی لە تیۆریی گوشاردا ئەوەیە کە بۆ چی خەڵک فڵانە هەڵسوکەوتیان هەیە. وەڵامی گشتیی ئەم تیۆرییە بەم پرسیارەیە کە کۆمەڵێک فاکتەر لە کۆمەڵگەدا، دەبنە هۆی گوشار بۆ سەر بەشێک لە خەڵک و بۆیە ئەو خەڵکە ناچار دەبن لاساری بکەن. لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بدەینە ڕابێرت مێرتێن[٧]، ئالبێرت کۆهێن و کلواردٮ[٨]. والکتر ڕکلێس، یەکێکی دیکە لە بیرمەندانی تیۆریی کۆنترۆڵ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەندامێتی لە گرووپ و پەیوەندییە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری هەڵسوکەوتی تاک لە هەلومەرجە تایبەتەکانی ژیاندا دەستنیشان دەکەن (بڕوانە: حەبیبی، 2018).

پەیکەری ١، هێڵکاری گریمانە سەرەکییەکانی تیۆریی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (ستوودە، ١٣٨٩، ١٤١)

لە ڕوانگەی ساترلەندەوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خاوەنی وردە کولتوورە جۆراوجۆرەکانە، هەندێک لە ئاقارە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار هاندەری چالاکییە نایاساییەکانن. لەحاڵێکدا کە ئاقارەکانی دیکە وەها نین. تاک لەبەر سازدانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک کە هەڵگری نۆرمە نائاسایی و نانورماڵەکانن، دەبنە لاسار و تاوانکار. لە ڕوانگەی ساترلەندەوە، زۆرینەی هەڵسوکەوتە تاوانکارانەکان لەنێو گرووپەکانی سەرەتا، بەتایبەت گرووپی هاوتەمەنەکان فێر دەکرێن (بڕوانە: Giddens, 1976).

شێوازی توێژینەوە

لە بواری شێوازناسییەوە، وتاری بەردەست، تێکەڵ و لە چەشنی گەڵاڵەی سێگۆشەسازیی هاوکۆیە. لەم مۆدێلەدا، توێژەران داتا چەندێتی و چۆنێتییەکان بەشێوەی جودا بۆ دیاردە یەکسان و لێکچووەکان کۆ دەکەنەوە و شییان دەکەنەوە و پاشان ئەنجامەکان لەدرێژەی شرۆڤەدا هاوکۆ و هاوگر دەبن (بڕوانە: دلاوەر و کوشکی، 2013). ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە بەشی چەندێتیدا، پرسیارنامەی سازکراوی توێژەر و لە بەشی چۆنێتیدا، وتووێژ نیمەپێکهاتوو بوو.

کۆمەڵگەی ئاماریی توێژینەوە بریتی لە بەندکراوانی ڕۆژئاوای ئێران بوو کە لەنێو ئەوانەدا بەشێوەی نمونەهەڵگرتنی بەردەست، پێنج پارێزگای ڕۆژئاوایی ئێران بریتی لە کوردستان، ئیلام، هەمەدان، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەڵبژێردران. لە قۆناغی دواتردا و بۆ نمونەهەڵگرتن لە بەشی چەندێتیدا بە بەکارهێنانی فورموولی کوکران، لەنێو هەموو بەندکراوان و کاربەدەستانی پاراستنی بەندیخانەکانی پێنج پارێزگا، بەشێوەی هەڕەمەکی، ژمارەی ٢٤٢ بەندکراو (بریتی لە ٦٧ کەس لە بەندیخانەی پارێزگای هەمەدان، ٢٦ کەس لە بەندیخانەی پارێزگای ئیلام، ٤٨ کەس لە بەندیخانەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ٥٢ کەس لە بەندیخانەی پارێزگای کرماشان و ٤٩ کەس لە بەندیخانەی پارێزگای کوردستان) هەڵبژێردران کە وەڵامی پرسیارنامەی گەڵاڵەکراوی توێژەریان دایەوە. دەستنیشانکردنی ژمارەی بەشداربووان بەپێی ئاماری ژمارەی بەندکراوانی هەر پارێزگایەک بووە.

زانیارییە کۆکراوەکان بەشێوەی وەسفی شیکردنەوەیان بۆ کرا. لە قۆناغی چۆنێتیی توێژینەوەدا بۆ نمونەهەڵگرتن و هەڵبژاردنی تاقیکراوەکانی ئەم قۆناغە، لە شێوەی نمونەهەڵگرتنی ئامانجدار کەڵک وەرگیرا. ئەویش بەو مەبەستەی کە کەسانێک لەنێو بەندکراوان و کاربەدەستانی بەندیخانە هەڵبژێردرێن کە وێڕای مەیل و خواست بۆ هاوکاری، خاوەنی زانیاریی گونجاو بن لە بواری تەوەرەکانی وتووێژەکە. وتووێژەکان تا قۆناغی تەواوبوونی تیۆرییەوە درێژەیان پێدرا و لەئەنجامدا ٢٨ بەندکراو و ١٢ کەس لە کاربەدەستانی پاراستن وتووێژیان لەگەڵ کرا.

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی گریمانەی بەشی چەندێتیی توێژینەوە، پرسیارنامەیەکی

گەڵاڵەکراوی توێژەر ئامادە کرا و تێیدا هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ شوێنهاتە وێناکراوەکانی هێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لەنێو بەندیخانەکان لەسەر بەندکراوان و کاربەدەستە جۆراوجۆرەکانی بەندیخانە بەرچاو گیران. ئەم ئامرازە ١٦ بابەتی لە جۆری لیکێرتی ٥ پلەیی دەگرتەوە کە ڕێژەی شوێنهاتە خوازراوەکان لەسەر گرووپی مەبەست بەشێوەی زۆر کەم (١)، کەم (٢) تا ڕادەیەک (٣) ، زۆر (٤) و ئێجگار زۆر (٥) بەراورد دەکرد و شێوازی نمرەدانانی هەموو بابەتەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بوو.

لە قۆناغی دواتردا بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوایەتیی ئەم ئامرازە، سەرەتا لە شێوازی پشتڕاستکردنەوەی پسپۆڕان کەڵک وەرگیرا. بۆ ئەم مەبەستەش، ٧ کەس لە مامۆستایان و شارەزایانی خاوەنی توانای پەیوەندیدار بە کۆمەڵناسی و دەروونناسی هەڵبژێردران. لە قۆناغی دواتردا، ئامرازی دروستکراو لەگەڵ هەندێ شرۆڤە لەسەر ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە پێیان درا و لە کۆتاییدا پرسیارێک بەم ناوەڕۆکەی کە «بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە، ئێوە تا چ ڕادەیەک بابەتەکانی ئەم پرسیارنامە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە خوازراوەکان گونجاو و بەکەڵک دەبینن؟» ئاڕاستەیان کرابوو. ئەم کەسانە پاش خوێندنەوەی پرسیارەکان دەیانتوانی ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕەوابوونی لەباری ناوەڕۆکەوە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاماژەپێکراوەکە لە جۆرێکی لیکێرتی سێ بەشەدا بریتی لە هەڵبژاردەکانی یەکەم) نەگونجاو دووهەم) تا ڕادەیەک گونجاو و سێهەم) تەواو گونجاو، بدەنەوە.

ئەنجامەکان دەریانخست کە زۆربەی دادوەران لەسەر ڕەوابوونی ناوەڕۆکی ئامرازی دیزاینکراو، ڕوانگەی ئەرێنی و لێکچوویان هەبووە و ڕەوایەتیی ناوەڕۆکی پرسیارنامەکەیان پشتڕاست کردبووەوە. لەدرێژەدا لە شێوازی لاشەش بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی ڕەوایەتیی ئامرازی دیزاینکراو کەڵکی لێ وەرگیرا. شێوازی لاشە، یەک لە شێوازەکانی گۆڕینی دادوەریی چۆنێتیی دادوەران لەسەر ڕەوابوونی ناوەڕۆکی بۆ چەندێتییە و پێی دەڵێن ڕێژەی ڕەوابوونی ناوەڕۆکی (بڕوانە: سەیف، 2012) کە زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوابوونی ناوەڕۆکی پرسیارەکانی پرسیارنامە و ئەزموون بەکار دەهێنرێت. ڕێژەی بەدەستهێنراو بۆ ئێمە ٠,٩٨ بوو کە پیشاندەری ڕەوابوونی ئەم ئامرازەیە لە باری ناوەڕۆکەوە و لە ڕوانگەی دادوەرانەوە. پاش پشتڕاستبوونەوەی ڕەوایەتی، لەئەنجامدا ئەم ئامرازە لەنێو بەشداربووانی نمونەدا تاقی کرایەوە و زانیارییەکان بۆ شیکاری لەگەڵ نەرمامێری SPSS 22 ئامادە کران.

دەستکەوتەکانی توێژینەوە

پرسیاری توێژینەوە: زۆرترین کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان لەسەر بەندکراوەکان کامانەن؟

خشتەی ژمارە ١- کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوانی پارێزگای هەمەدان

پرسیار	زۆر کەم		کەم		تا ڕادەیەک		زۆر		نێجگار زۆر	
	دووپاتبوونە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪
دڵەخورپە و سترێس	٨	٨,٩	٦	٦,٧	١٢	١٣,٣	١٠	١١,١	٢٦	٢٨,٩
ترس و هەستی ناهێمنی	١٢	١٤,٤	٥	٥,٦	١٠	١١,١	١٣	١٤,٤	٢١	٢٣,٣
خەمباری و خەمۆکی	٩	١٠	٦	٦,٧	١٢	١٣,٣	١٦	١٧,٨	١٩	٢١,١
بێهیوایی	٧	٧,٨	١٠	١١,١	٧	٧,٨	١٨	٢٠	١٩	٢١,١
زیزبوون و تووڕەیی	٢٦	٢٨,٩	٦	٦,٧	١٤	١٥,٦	٧	٧,٨	٩	١٠
بیرکردنەوە لە خۆکوشتن	٢٦	٢٨,٩	٧	٧,٨	١١	١٢,٢	٥	٥,٦	٩	١٠
هەوڵدان بۆ خۆکوشتن	٣٢	٣٥,٦	٦	٦,٧	٢	٢,٢	٨	٨,٩	١٤	١٥,٦
زەبر و ئازاری جەستەیی	٢٥	٢٧,٨	١٠	١١,١	٤	٤,٤	٩	١٠	١٢	١٣,٣
هەڕەشەی جەستەیی	٢٣	٢٦,٧	١٠	١١,١	٨	٨,٩	٦	٦,٧	٤	٤,٤
خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی	٤٠	٤٤,٤	٦	٦,٧	٢	٢,٢	٤	٤,٤	٢	٢,٢
هەڕەشەی کەڵکاوەژووی سێکسی	٤٠	٤٤,٤	٣	٣,٣	٧	٧,٨	٢	٢,٢	٢	٢,٢
کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ	٢٦	٢٨,٩	٩	١٠	٥	٥,٦	٧	٧,٨	١٥	١٦,٧
پێشنیاری جگەرەکێشان	٢٤	٢٦,٧	٩	١٠	١٠	١١,١	٧	٧,٨	١١	١٢,٢
پێشنیاری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان	٢٧	٣٠	١١	١٢,٢	٨	٨,٩	٣	٣,٣	١٢	١٣,٣
پێشنیاری هاوکاریکردن بۆ هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان	٢٦	٢٨,٩	١٤	١٥,٦	٤	٤,٤	٨	٨,٩	٨	٨,٩
پێشنیاری بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان	٩	١٠	١٤	١٥,٦	١٤	١٥,٦	١٢	١٣,٣	١٤	١٥,٦

بەپێی دەستکەوتەکانی خشتەی ژمارە ١، لە ڕوانگەی بەندکراوانی پارێزگای هەمەدانەوە، کەمترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنی هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوان، دەگەڕێتەوە بۆ خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی و هەڕەشە بۆ کەڵکاوەژووی سێکسی و زۆرترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنی ئەم دیاردەیە، سەرهەڵدانی هەیەجان و هەستە نەرێنییە جۆراوجۆرەکانی وەک هەستی دڵەخورپە و سترێس (گوشاری دەروونی)، ترس و ناهێمنی، پەژارە و خەمۆکی و بێهیوایی بووە.

خشتەی ژمارە ٢- کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا

پرسیار	زۆر کەم		کەم		تا ڕادەیەک		زۆر		نێجگار زۆر	
	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪
دڵەخورپە و سترێس	14	29.2	4	8.3	4	8.3	7	14.6	18	37.5
ترس و هەستی ناهێمنی	6	12.5	7	14.6	5	10.4	10	20.8	18	37.5
خەمباری و خەمۆکی	7	14.6	7	14.6	6	12.5	9	18.8	17	35.4
بێهیوایی	5	10.4	9	18.8	7	14.6	8	16.7	15	31.4
زیزبوون و تووڕەیی	8	16.7	9	18.8	6	12.5	6	12.5	17	35.4
بیرکردنەوە لە خۆکوشتن	14	29.2	12	25	2	4.2	3	6.3	14	29.2
هەوڵدان بۆ خۆکوشتن	22	45.8	7	14.6	7	14.6	3	6.3	6	12.5
زەبر و ئازاری جەستەیی	25	52.1	11	22.9	3	6.3	1	2.1	6	12.5
هەڕەشەی جەستەیی	23	47.9	7	14.6	8	16.7	2	4.2	6	12.5
خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی	28	58.3	5	10.4	4	8.3	4	8.3	4	8.3
هەڕەشەی کەڵکاوەژووی سێکسی	32	66.7	3	6.3	1	2.1	2	4.2	3	6.3
کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ	31	64.6	3	6.3	4	8.3	3	6.3	1	0.5
پێشنیاری جگەرەکێشان	13	27.1	8	16.7	4	8.3	3	6.3	17	35.4
پێشنیاری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان	20	41.7	7	14.6	4	8.3	1	2.1	12	25
پێشنیاری هاوکاریکردن بۆ هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان	23	47.9	6	12.5	3	6.3	4	8.3	7	14.6
پێشنیاری بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان	16	33.3	11	22.9	11	22.9	2	4.2	7	14.6



Figure 1 وێنەی ژمارە ٢- هێڵکاری دابەشکردنی فرێکوێنسییە پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردەی «ئێجگار زۆر»ەوە.

بەپێی دەستکەوتەکانی وێنەی ژمارە ٢ و خشتەی ژمارە ٢، لە ڕوانگەی بەندکراوانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە، کەمترین شوێنهاتی نەرێنیی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان و لەسەر بەندکراوان، دەگەڕێتەوە بۆ هەڕەشەکردن بۆ کەڵکاوەژووی سێکسی و کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ و زۆرترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنیی ئەم دیاردەیەش، دڵەخورپە، گوشاری دەروونی، ترس، هەستکردن بە ناهێمنی، سەرهەڵدانی هەستەکانی خەمۆکی، تووڕەبوون و پێشنیاری جگەرەکێشان.

خشتەی ژمارە ٣- کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوانی پارێزگای کوردستان

پرسیار	زۆر کەم		کەم		تا ڕادەیەک		زۆر		ئێجگار زۆر	
	دووپاتبوونە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪
دڵەخورپە و سترێس	16	26.7	9	15	7	11.7	7	11.7	8	13.3
ترس و هەستی ناهێمنی	15	25	11	18.3	7	11.7	2	3.3	11	18.3
خەمباری و خەمۆکی	16	26.7	11	18.3	7	11.7	2	3.3	11	18.3
بێهیوایی	23	28.3	9	15	4	6.7	2	3.3	8	13.3
زیزبوون و تووڕەیی	26	46.7	6	10	2	3.3	4	6.7	5	8.3
بیرکردنەوە لە خۆکوشتن	26	46.7	7	11.7	5	8.3	4	6.7	5	8.3
هەوڵدان بۆ خۆکوشتن	24	40	10	16.7	6	10	1	1.7	6	10
زەبر و ئازاری جەستەیی	30	50	6	10	7	11.7	4	6.7	1	1.7
هەڕەشەی جەستەیی	27	45	0	16.7	5	8.3	4	6.7	1	1.7
خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی	28	46.7	8	13.3	3	5	5	8.3	1	1.7
هەڕەشەی کەڵکاوەژووی سێکسی	11	18.3	13	21.7	5	8.3	5	11.7	7	11.7
کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ	20	33.3	12	20	7	11.7	0	0	8	13.3
پێشنیاری جگەرەکێشان	29	48.3	8	13.3	6	10	3	5	1	1.7
پێشنیاری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان	30	50	7	11.7	7	11.7	2	3.3	1	1.7
پێشنیاری هاوکاریکردن بۆ هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان	17	28.3	8	13.3	8	13.3	9	15	6	10
پێشنیاری بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان	13	21.7	16	26.7	8	13.3	3	5	7	11.7

بەپێی دەستکەوتەکانی خشتەی ژمارە ٣، لە ڕوانگەی بەندکراوانی پارێزگای کوردستانەوە، کەمترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان و لەسەر بەندکراوان، دەگەڕێتەوە سەر پێشنیاری جگەرەکێشان و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و هەروەها زەبر و ئازاری جەستەیی ڕاستەوخۆ؛ هەروەها زۆرترین کاریگەری و شوێنهاتی نەرێنیی ئەم دیاردەیە، سەرهەڵدانی هەستی ترس و ناهێمنی و پەژارە و خەمۆکی بووە.

خشتەی ژمارە -4 کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوانی پارێزگای ئیلام

پرسیار	زۆر کەم		کەم		تا ڕادەیەک		زۆر		نێجگار زۆر	
	دووپاتبوونە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪
دڵەخۆرپە و سترێس	4	15.4	2	7.7	3	11.5	8	30.8	8	30.8
ترس و هەستی ناهێمنی	3	11.5	1	3.8	5	19.2	2	7.7	15	57.7
خەمباری و خەمۆکی	2	7.7	2	7.7	5	19.2	8	30.8	9	34.6
بێهیوایی	3	11.5	1	3.8	4	15.4	8	30.8	9	34.6
زیزبوون و تووڕەیی	4	15.4	0	0	2	7.7	11	42.3	8	30.8
بیرکردنەوە لە خۆکوشتن	3	11.5	2	7.7	2	7.7	3	11.5	15	57.7
هەوڵدان بۆ خۆکوشتن	4	15.4	1	3.8	2	7.7	7	26.9	12	46.2
زەبر و ئازاری جەستەیی	6	23.1	2	7.7	3	11.5	3	11.5	11	42.3
هەڕەشەی جەستەیی	7	26.9	7	26.9	4	15.4	2	7.7	6	23.1
خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی	10	38.5	4	15.4	3	11.5	0	0	9	34.6
هەڕەشەی کەڵکاوەژووی سێکسی	9	34.6	4	15.4	4	15.4	5	19.2	3	11.5
کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ	16	61.5	5	19.2	0	0	1	3.8	2	7.7
پێشیاری جگەرەکێشان	17	65.4	3	11.5	1	3.8	2	7.7	1	3.8
پێشیاری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان	2	7.7	7	26.9	5	19.2	0	0	11	42.3
پێشیاری هاوکاریکردن بۆ هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان	6	23.1	3	11.5	3	11.5	1	3.8	8	30.8
پێشیاری بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان	11	42.3	0	0	4	15.4	3	11.5	6	23.1

بەپێی دەستکەوتەکانی خشتەی ژمارە ٤ لە ڕوانگەی بەندکراوانی پارێزگای ئیلامەوە، کەمترین کاریگەریی و شوێنهاتی نەرێنیی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە و لەسەر بەندکراوان، دەگەڕێتەوە سەر پێشیاری جگەرەکێشان و کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ؛ زۆرترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنیی ئەم دیاردەیەش، هەستی ترس و ناهێمنی و سەرهەڵدانی بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بووە.

خشتەی ژمارە ٥- کاریگەری و شوێنهاتەکانی هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەسەر بەندکراوانی پارێزگای کرماشان

پرسیار	زۆر کەم		کەم		تا ڕادەیەک		زۆر		نێجگار زۆر	
	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪	دووپاتبوونەوە	٪
دڵەخورپە و سترێس	17	32.7	7	8.1	16	30.8	1	1.9	6	11.5
ترس و هەستی ناهێمنی	18	34.6	12	23.1	9	17.3	4	7.7	4	7.7
خەمباری و خەمۆکی	16	30.8	13	25	8	15.4	4	7.7	6	11.5
بێهیوایی	12	23.1	12	23.1	11	21.2	6	11.5	6	11.5
زیزبوون و تووڕەیی	15	28.8	10	19.2	11	21.2	6	11.5	5	9.6
بیرکردنەوە لە خۆکوشتن	16	30.8	7	13.5	11	21.2	5	9.6	8	15.6
هەوڵدان بۆ خۆکوشتن	12	23.1	11	21.2	12	23.1	2	3.8	11	21.2
زەبر و نازاری جەستەیی	10	19.2	9	17.3	16	30.8	5	9.6	8	15.4
هەڕەشەی جەستەیی	15	28.8	10	19.2	11	21.2	6	11.5	3	5.8
خەسارلێکەوتنی کەلوپەل و دارایی	21	40.4	9	17.3	9	17.3	1	1.9	5	9.6
هەڕەشەی کەڵکاوەژووی سێکسی	32	61.5	7	13.5	6	11.5	2	3.8	0	0
کەڵکاوەژووی سێکسی ڕاستەوخۆ	22	42.3	11	21.2	10	19.2	1	1.9	2	3.8
پێشنیاری جگەرەکێشان	23	44.2	5	9.6	12	23.1	1	1.9	4	7.7
پێشنیاری بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان	8	15.4	3	5.8	16	30.8	6	11.5	14	26.9
پێشنیاری هاوکاریکردن بۆ هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان	11	21.2	7	13.5	14	26.9	4	7.7	10	19.2
پێشنیاری بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان	18	34.6	8	15.4	12	23.1	2	3.8	6	11.5

بەپێی دەستکەوت و ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە ٥، لە ڕوانگەی بەندکراوانی پارێزگای کرماشانەوە، کەمترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنیی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە لەنێو بەندکراواندا، دەگەڕێتەوە سەر کەڵکاوەژووی سێکسی و زۆرترین شوێنهات و کاریگەریی نەرێنیش، پێشنیارکرانی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بووە.

ئایا لە ڕوانگەی بەندکراوان و کاربەدەستانی پاراستنی بەندیخانەوە، لەنێوان بەندیخانەکانی پارێزگاکان لە باری هێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە جیاوازی دەبینرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، جیاوازیی ئەو پارێزگاگەلەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە لە نێو بابەتی سەرەکیی مادە هۆشبەرەکان کە زیاتر دەچنە بەندیخانەکانی ئێران، شێوازەکانی دەرهێنان[٩] و شیکاریی ڤەرەیانس تاوتوێ کران کە لەدرێژەدا ئەنجامەکانی لەسەر مادە هۆشبەرەکان دەخرێنە ڕوو.

خشتەی ژمارە ٦، زانیارییە وەسفییەکانی نمرەی پارێزگاکان لەسەر گۆڕاوەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان

گۆڕاوەی پارێزگا	مادە هۆشبەرە سونەتییەکان		
	ژمارە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوانەیی
هەمەدان	٩٥	٢,٤٢	١,٣٣
ئیلام	٤٩	٢,٧١	١,٥٦
ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	٧٠	٢,٣٨	١,١٧
کرماشان	٨٤	٢,٢٢-	١,١٢-
کوردستان	٧٣	١,٣٩	٠,٧٧
کۆ	٣٧١	٢,٢٠	١,٢٦

ئەنجامەکانی خشتە پیشانی دەدات کە ناوەندی ڕێژەیی پارێزگاکان لەسەر گۆڕاوەی مادە هۆشبەرە براوەکان بۆ نێو بەندیخانە پێکەوە جیاوازی هەیە. بۆ تاوتوێکردنی ئاستی بایەخداریی جیاوازیی ئەم ناوەندە ڕێژەییانە لە ئامارە دەرهێنانییەکان و شێوازی شیکاریی ڤەرەیانسی یەکڕێگەیی (ئانۆڤا) کەڵک وەرگیراوە.

پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، سەرەتا گرنگترین پێش‌گریمانەی ئەم تاقیکردنەوە واتە هاوچەشنیی ڤەرەیانسەکان بە تاقیکردنەوەی لێڤێن تاوتوێ کرا کە ئەنجامەکانی لە خشتەی ژمارە ٧دا هاتووە.

خشتەی ژمارە ٧- ئەنجامی تاقیکردنەوەی لێڤێن بۆ تاوتوێکردنی هاوچەشنیی ڤەرەیانسەکان

ئامارەی لێڤێن	پلەکانی ئازادیی ١	پلەکانی ئازادیی ٢	ئاستی بایەخداری
١٢,٦٩	٤	٣٦٦	٠,٠٠

وەک ئەنجامەکانی خشتەکە پیشانی دەدات، بەپێی ئەوەی کە ئاستی بایەخداریی بەدەستهێنراو، کەمترە لە ڕێژەی ٠,٠٥،هەربۆیە تاقیکردنەوەی لێڤێن بایەخدار بووە و ئەمەواتە گریمانەی هاوچەشنیی ڤەرەیانسەکان جێگیر نییە.

چونکە ئەم گریمانەیە جێگیر نییە و قەبارەی نمونەی گرووپەکانیش جیاوازن، Fی بەدەستهێنراو لە تاقیکردنەوەی شیکاریی ڤەرەیانس بەتەنیایی جێی متمانە نییە. هەربۆیە سەرەڕای ڕاپۆرتی Fی شیکاریی ڤەرەیانس، لە دوو تاقیکردنەوەی ئاڵتەرناتیڤیش کە مەرجی یەکسانیی ڤەرەیانسەکان و هەروەها قەبارەی نمونەکانی لەنێوان کۆمەڵگەکان بەرچاو ناگرن و تایبەتی هەلومەرجی لەم چەشنەن، واتە تاقیکردنەوەی وێلچ و تاقیکردنەوەی براون-فۆرسیت بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕێژەی ناوەندییەکان بەکارهێنران کە ئەنجامەکانی لە درێژەدا هاتووە.

خشتەی ژمارە ٨- ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی شیکاریی ڤەرەیانسی یەکڕێگەیی بۆ تاوتوێکردنی جیاوازیی ڕێژەی ناوەندیی پارێزگاکان لە گۆڕاوی هێنانی مادە هۆشبەرەکان

سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان	کۆی	پلەکانی ئازادیی	ناوەندی	F	ئاستی بایەخداری
لەناو گرووپدا	٦٧,٠٩٣	٤	١٦,٧٧٣	١١,٦٢٩	٠,٠٠٠
لە دەرەوەی گرووپدا	٥٢٧,٩٢٥	٣٦٦	١,٤٤٢		
کۆ	٥٩٥,٠١٩	٣٧٠			

ئەنجامەکانی شیکاریی ڤەرەیانس پیشانی دەدات کە ڕێژەی Fی بەدەستهێنراو (١١,٦٢٩) لە ئاستی P< ٠,٠٥ بایەخدارە. واتە لەنێوان لانیکەم دوو پارێزگادا لە گۆڕاوەی هاتنی مادە هۆشبەرە سونەتییەکان بۆ نێو بەندیخانە، جیاوازیی بایەخدار دەبینرێت.

خشتەی ٩- ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وێڵچ و براون-فۆرسیت بۆ تاوتوێکردنی جیاوازیی ناوەندەکان لە گۆڕاوەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان

	ئامار	پلەی ئازادیی ١	پلەی ئازادیی ٢	ئاستی بایەخداری
تاقیکردنەوەی وێڵچ	١٨,٤١٦	٤	١٦٥,٢٤٩	٠,٠٠
تاقیکردنەوەی براون-فۆرسیت	١١,١٢٧	٤	٢٤٨,٧٩٩	٠,٠٠

وەک ئەنجام و دەستکەوتەکانی خشتەکە پیشانی دەدات، ئاماری هەردوو تاقیکردنەوەکەی وێڵچ و براون-فۆرسیت لەئاستی $P< 0.05$ بایەخدارن و ئەمە بە واتای جیاوازیی بایەخدار لەنێوان ڕێژەی ناوەندەکانی پارێزگاکانە لە گۆڕاوەی هێنانی مادە هۆشبەرە سونەتییەکان بۆ نێو بەندیخانە. بەڵام بایەخداربوونی ئاماری ئەم دوو تاقیکردنەوە پیشان نادات کە ئەو جیاوازییە لەنێوان کام لە پارێزگاکانە. هەربۆیە و بەپێی جێگیرنەبوونی گریمانەی هاوچەشنیی ڤەرەیانسەکان لە تاقیکردنەوەی تام هەنس T_2 کە تایبەتی دۆخی ڕەتکرانەوەی گریمانەی هاوچەشنیی ڤەرەیانسەکانە و تاقیکردنەوەیەکی وردبینانەترە، کەڵک وەرگیرا. ئەنجامەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە لە خشتەی ژمارە ١٠دا خراوەتە ڕوو:

خشتەی ژمارە -10 ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تام هەنس T2 بۆ تاوتوێکردنی جیاوازیی نێوان ڕێژەی ناوەندەکانی پارێزگاکان لە گۆڕاوەی مادە هۆشبەرەکاندا

پلەی خوێندەواری		جیاوازیی ڕێژەی ناوەندەکان	لادانی پێوانەیی	ئاستی بایەخداری
هەمەدان	ئیلام	-٠,29323	26247.	15261.
	ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	٠,03534	19571.	1.000
	کرماشان	٠,19486	18367.	968.
	کوردستان	1.02379	16429.	000.
ئیلام	هەمەدان	٠,29323	26247.	955.
	ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	٠,32857	26411.	913.
	کرماشان	٠,48810	25532.	459.
	کوردستان	1.31703	24175.	000.
ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	هەمەدان	03534.-	19571.	1.000
	ئیلام	32857.-	26411.	913.
	کرماشان	٠,١٥٩٥٢	18601.	993.
	کوردستان	٠,٩٨٨٤٥	16690.	000.
کرماشان	هەمەدان	-٠,١٩٤٨٦	18367.	968.
	ئیلام	-٠,٤٨٨١٠	25532.	459.
	ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	-٠,١٥٩٥٢	18601.	993.
	کوردستان	٠,٨٢٨٩٣	15261.	000.
کوردستان	هەمەدان	-١,٠٢٣٧٩	16429.	000.
	ئیلام	-١,٣١٧٠٣	24175.	000.
	ئازەربایجانی ڕۆژئاوا	-٠,٩٨٨٤٥	16690.	000.
	کرماشان	-٠,٨٢٨٩٣	15261.	000.

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تام هەنس T_2 پیشانی دەدات کە ناوەندی ڕێژەی هێنانی مادە هۆشبەرە سونەتییەکان بۆ بەندیخانەکانی پارێزگای کوردستان بەشێوەیەکی بایەخدار لە هەر چوار پارێزگای دیکە واتە هەمەدان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان کەمترە. جیاوازیی بایەخداری دیکە لەنێوان پارێزگاکانی دیکە لەسەر گۆڕاوەی هێنانی مادە هۆشبەرە سونەتییەکان بۆ نێو بەندیخانە بەدی نەکرا. ئەنجامەکانی شیکاریی زانیارییە چەندێتییەکان پیشانی دەدات کە بەندکراوان لەو

پارێزگاگەلەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە لەگەڵ بازنەیەکی بەربڵاو لە شوێنهاتە نەرێنییەکانی هێنان، دابەشکردن و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان ڕووبەڕوون. بەتایبەت دەکرێ بە دانپێدانانی زۆرینەی بەشداربووان ئاماژە بدەینە شوێنهاتە هەیەجانییە بەربڵاو و جێی تێڕامانەکانی وەک هەستی دڵەخورپە و سترێسی بەردەوام، ترس و ناهێمنیی بەردەوام و لەکۆتاییشدا خەمۆکی و بێهیوایی.

یەکێکی دیکە لەم شوێنهاتە ئاماژەپێکراوانە، پێشنیاری بەربڵاو بە بەندکراوانی دیکەیە لەلایەن کەسانی تێوەگلاوە لە هێنانی ئەم بابەتانە بۆ هاوکاری لە هێنان، دابەشکردن و هەروەها پێشنیاری هاوکاری لە بەکارهێنانی ئەم مادەگەلەدا کە خۆی دەتوانێ یەک لە فاکتەرە ڕوونکەرەوەکانی گەشەکردنی ئەم مادەگەلە و بەرزبوونەوەی تاوانە پەیوەندیدارەکانیان لەنێو بەندیخانە بێت. لەسەرووی ئەم شوێنهات و کاریگەرییانەوە، هێنانی مادەی لەم چەشنە بۆ نێو بەندیخانەکان دەتوانێ تەنانەت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بیری خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لەنێو تاقمێک لە بەندکراوان کە بەجۆرێک دەتوانێ پیشاندەری ڕێژەی خەسارەکانی هێنان و دیتنی مادە هۆشبەرەکان لەنێو بەندکراوان بێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چۆنێتییانەی توێژینەوە بریتییە لە هۆکارەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان و ڕێگەچارەسەرە پێشنیارکراوەکان بۆ بەڕێوەبەرێتی و کۆنترۆڵی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە و هەروەها تاوتوێکردن و پشتڕاستکردنەوەی دەستکەوتەکانی بەشی چەندێتی توێژینەوە، وتووێژی قووڵی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ لەگەڵ کاربەدەستان و بەندکراوانی بەندیخانەکان ئەنجام دراوە. وتووێژەکان بە دوو شێوەی تاکە کەسی و بەکۆمەڵ تا گەیشتن بە تەواوبوونی تیۆریک درێژەیان هەبوو. بەگشتی زیاتر لە ٤٠ وتووێژی تاکەکەسی و پێنج وتووێژی بەکۆمەڵ (فەوکس گرووپ) لەگەڵ بەندکراوان و شەش وتووێژی بەکۆمەڵ لەگەڵ کاربەدەستە جۆراوجۆرەکانی بەندیخانە بریتیبوو لە سەرۆکی بەندیخانە، بەڕێوەبەرانی ناوخۆ، ڕاوێژکاران، کاربەدەستانی پاراستن و بەشی زانیارییەکان و ... ئەنجام درا.

پاش ئەنجامدانی وتووێژەکان چونکە ڕێگەی بەکارهێنانی دەنگهەڵگر (تەسجیل) یان مۆبایل داخرابوو، تەنیا هەوڵدراوە خاڵە سەرەکییەکانی وتووێژەکان بنووسرێن و

یاداشتیان لێ هەڵگیرێت. خێرا و دوابەدوای ئەنجامی وتووێژەکان ڕاپۆرتی ڕەوایەتیی دانیشتنەکانی وتووێژ و چاوپێکەوتنی بەندیخانە دابین کرا. پاش تەواوبوونی وتووێژە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان، چووینە سەر تایپکردنی دەقی وتووێژەکان. لە قۆناغی دواتردا بە بەکارهێنانی نەرمامێر شیکاریی زانیارییە چۆنێتییەکانی (مەکس کیوودیئی[١]) وەشانی ٢٠، کۆددانان، پۆڵێنبەندی و شیکاریی زانیارییەکان ئەنجامدرا.

ئەگەرچی لە بەشی چەندێتیدا، زۆرترین شێوازەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە تاوتوێ کرا، بەڵام بۆ تەواوکردن و هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراویی دەستکەوتە چەندێتییەکان، پاش کۆددانان لەسەر زانیارییەکان لەنێو نەرمامێری مەکس کیووئیدی، زۆرترین شێوازە باوەکانی گواستنەوە و هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە لە وێنەکانی درێژەدا پیشاندراوە:



وێنەی ژمارە ٢: کۆدە پەیوەندیدارەکان بە شێوازەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە

وەک لە هێڵکاری سەرەوەدا دەبینن، زۆرترین شێوازی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە بریتین لە ناردنی بەندکراو بۆ دەرەوەی بەندیخانە بە دوو شێوازی عەمباری و قووتدانە. هەروەها هەندێ لە بەندیخانەکان وەک کرماشان چونکە کەوتووەتە نێو شارەوە، شێوازی هاویشتنیشیان تێدا باوە. گواستنەوە لە ڕێگەی کاربەدەستانی بەندیخانە و سەردانکەرانیش دەکەونە ڕیزی شێوازە باوەکان بۆ گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان.



وێنەی ژمارە ٤: هێڵکاری گرنگترین هۆکارەکانی
هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە

ئەنجام:

لەم توێژینەوەدا کە بە دوو شێوازی چەندێتی و چۆنێتی ئەنجامدرا، جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەچنە نێو بەندیخانەکان، تاوتوێ کران. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ئەم مادەگەلە نۆ گرووپی جۆراوجۆر دەگرنەوە کە لەنێوان ئەوانەدا مادە هۆشبەرەکان (سونەتی-پیشەسازی) لە هەموو ئەو بەندیخانەگەلەیدا کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، دەبینرێن. بەوتەیەکی دیکە پرسی هێنانی نایاسایی جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان کە لەبەر بارودۆخی تایبەتی بەندیخانە و ئەگەری بەرژەوەندیخوازیی تاک و گرووپە تاوانکارەکان، زیاتر باوە و پێشوازیی زیاتری لێدەکرێت، وەک ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوە و بەوتەی دیکە کەڵکەڵەی سەرەکی ڕێکخراوی بەندیخانەکان و بەرپرسانی بەندیخانەکانە. هەربۆیە ناسینی شێوازە باوەکانی گواستنەوە و بردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان، گرنگی حاشاهەڵنەگری هەیە؛ چونکە ناسینی هۆکارەکانی هێنان و ڕێگەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان دەتوانێ لە بەڕێوەبەرێتی و کۆنترۆڵی باشتری بەندیخانە و بەرگریکردن لە شێوە کاریگەر و کارامەکاندا دەورێکی یەکلاکەرەوەی هەبێت.

ئەنجامە پەیوەندیدارەکان بە جۆرەکانی شێوازە بەکارهێنراوەکان بۆ هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکانیش پیشاندەری چەند دەستکەوت و خاڵی نوێ و یەکلاکەرەوەیە. یەکەم ئەوەی کە هەم لە ڕوانگەی بەندکراوانەوە و هەمیش لە ڕوانگەی کاربەدەستانی بەندیخانەوە، قووتدان، ئەگەرچی شێوازێکی کۆن و ناسراو بۆ هەمووانە، بەڵام هێشتا دڵخوازترین شێوازی هاوردەکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەیە. بەم ئەنجامەوە پێدەچێت کە ئەگەر زنجیرەی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لەنێو بەندیخانەکاندا بپچڕێ، تا ڕادەیەکی بەرچاو هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان دادەبەزێت. هۆکاری بەربڵاوبوونی ئەم شێوازەش دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەرستە و ئامێری پێشکەوتووی دۆزینەوەی مادە قووتدراوەکان لە بەندیخانەکان و هەمیش هۆکاری وەک بەجدی نەگرتن یان چاوداخستن لەئاست مادە قووتدراوەکان لەلایەن هەندێ لە کاربەدەستانی بەندیخانەوە.

دووهەم ئەوەی کە ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە سەردانکەران لانیکەم لە هەندێ

بەندیخانەی وەک کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دەورێکی گرنگیان لە هێنانی مادە هۆشبەرەکاندا هەیە و ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە سەرەڕای هەوڵ و بەرنامە داڕێژراوەکان، هێشتا هەندێ لە سەردانکردنەکانی بەندیخانەکانی ئێران مەبەستی دیکەیان لە پشتەوەیە و ئامانجیان گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکانە بۆ نێو بەندیخانە.

سێهەم ئەوەی کە بەتایبەت لە وەڵامدانەوەی پرسیاری پەیوەندیدار بە دەوری تاک و گرووپە جۆراوجۆرەکان بۆ هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان لە زۆرینەی بەندیخانەکاندا، ڕێژەیەک لە هاوچەشنی و لێکچوون لەنێوان ڕوانگەی کاربەدەستانی بەندیخانە و بەندکراواندا لەسەر دەوری سەرەکیی دوو تاقمی بەندکراوان و سەردانکەران لە هێنانی ئەو چەشنە مادە هۆشبەرانەدا دەبینرێ و جێی سەرنجە کە زۆرینەی بەندکراوان لە هەموو پارێزگاکاندا بێجگە کوردستان ئاماژەیان بە دەوری کاریگەری خۆیان لەم بوارەدا کردووە و ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە شارێگەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە دەچێتەوە سەر ئەم دوو تاقمە سەرەکییە کە دەتوانێ سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی دروستی وەڵامی ئەم کەسانە بە ئامێری توێژینەوە، دیسان دەستکەوتێکی یەکلاکەرەوە و ڕێنما بۆ کاربەدەستان بێت تا ڕێگە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی دەوری ئەم دوو تاقمە ببینەوە. ئەڵبەت لە هەندێ بەندیخانەدا بەشداربووانی توێژینەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە لانیکەم بەشێک لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریی کاربەدەستان، سەربازان و تەنانەت پاسەوانانی بەندیخانە. ئەمە پیشاندەری سەداسەتبوونی دروستی وەڵامی بەندکراوان نییە و ڕەنگە لەسەر هۆکاری جۆراوجۆر و بەئەنقەست، ئەم وەڵامەیان دابێتەوە. بەڵام هاوچەشنی و لێکچوونی ئەنجامەکان لە هەندێ پارێزگادا دەتوانێ بۆ بەرپرسانی بوارەکە، خاڵێکی شیاوی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی دووبارە بێت. ئەم ئەنجامانە لەگەڵ توێژینەوەکان ڕەئیسی‌نەژاد (١٣٩٦) و کالیند (٢٠١٥) یەک دەگرێتەوە.

دەستکەوتی دیکەی توێژینەوەی بەردەست لەسەر فاکتەرە کاریگەرەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە، ئاماژەی بەربڵاوی کاربەدەستانی پاراستن و بەندکراوانە بە لاوازبوونی دەوری سزاکان و مەحکومییەتە پەیوەندیدارەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان و جێبەجێکردنی ناهاوسەنگی یاسا پەیوەندیدارەکانە لەنێو

بەندیخانەدایە. بەم پێیە ئەوکاتەی کە تاک دەزانێ سزا یان مەحکومییەتی هێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئەوەندە قوورس و قایم نییە و یان دەزانێت کە سزای سەپێندراو بەجۆرێکە کە ڕێگەی هەڵاتن و جێبەجێنەکرانی هەیە و یان پاش ماوەیەک بەخشران و داشکانی بۆ دەکرێت، مەیلی بۆ دووپاتکردنەوە زۆر دەبێ و هەربۆیە ئەمەش دەتوانێ یەک لە فاکتەرە گرنگەکانی زیادبوونی مەیل و خواستی ئەم کەسانە بێت بۆ هێنانی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بۆ نێو بەندیخانە. هەربۆیە پێدەچێت کە سەرەڕای پێویستبوونی پێداچوونەوە لەسەر یاساکان و سزا پەیوەندیدارەکان و نوێکردنەوەیان، بە ئاڕاستەکردنی فێرکاریی بەردەوام و ڕێکوپێک بە گرووپەکانی پاراستن و چاودێری و هەروەها بەندکراوان و سەردانکەران و داخستنی هەرچەشنە ڕێگەیەکی هەڵاتن لە سزا دیاریکراوەکان، ئاقارێکی پتەو و یاسامەند لە بەندیخانەدا بخولقێنرێت. ئەم دیاردەیە دەتوانێ دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە دابەزاندنی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان هەبێت.

بابەتی گرنگی دیکە کە لە توێژینەوەی بەردەستدا بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بابەتی شوێنهات و کاریگەرییەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەیە. ئەنجامەکان دەریانخستووەکە هەبوونی ئەم مادەگەلە دەتوانێ کاریگەریی نەرێنی بەربڵاوی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا لەسەر کاربەدەستانی بەندیخانە و هەروەها بەندکراوان هەبێت. بەتایبەت کاربەدەستانی پاراستنی بەندیخانە لەڕێگەی دیتنی ئەم مادەگەلەوە و هەروەها ئەوەی کە پێشنیاری هاوکاری بۆ هاوردەکردن و دابەشکردن و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانیشیان پێ دەدرێ، هەیەجان و هەستە نەرێنییەکانی وەک دڵەخورپە، ترس، تووڕەبوون و بێهیوایی تێپەڕ دەکەن کە بێگومان دەتوانێ کاریگەریی درێژخایەن و گرنگی لەسەر ژیانی کاری و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییان هەبێت. لەنێو بەندکراواندا کاریگەری و شوێنهاتەکان ئێجگار بەربڵاوترە و لەگەڵ ئەزموونکردنی هەیەجانەکانی وەک ترس و بێئۆقرەیی بەردەوام، دڵەخورپە و خەمۆکی و بێهیوایی و تەنانەت هەوڵدان بۆ خۆکوشتنیش بەدی دەکرێ. هەروەها هەبوونی مادە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی پێشنیاری بەکارهێنانی بەندکراوان.

لەسەر گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانە، جەخت و تەرکیزی

سەرەکی لەسەر جۆرەکانی مادە هۆشبەرە سونەتی و پیشەسازییەکان و حەبی هۆشبەری وەک ترامادۆڵ و مێتادۆنە. ئەڵبەت گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان بەهەمان ڕێژە کە خەساری لێ دەکەوێتەوە، دەتوانێ ببێتە هۆی هێوربوونەوەی بەندیخانە. وەک یەک لە بەرپرسانی بەندیخانە دەڵێت: «ئەگەر مادەی هۆشبەریان هەبێت، نەشئە و سەرقاڵ دەبن! ئەگەر لێیان ببڕی، نرخی مادە هۆشبەرەکان بەرز دەبێتەوە؛ هەربۆیە یان لە خۆیان دەدەن یان لە کەسانی دیکە و کێشە و گرفتی دیکەش دێنە ئاراوە».

هەوڵی وەک کۆنترۆڵی وردبینانەتری دەرکە و دەروازەکانی هاتن بۆ نێو بەندیخانەکان، کەڵکوەرگرتن لە بۆچوون و پێشنیارەکانی هێزەکانی پاراستن، دۆزینەوەی خاڵ و سووچە نەبینراوەکانی بەندیخانە، هاندان و خەڵاتدانان بۆ ئەو کەسانەی مادەی هۆشبەر و ئامێری قەدەغەکراو دەدۆزنەوە و ڕاپۆرتی لێدەدەن، بەهێزکردن و پەرەپێدانی پۆلەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان و ئاشنایەتی لەگەڵیان، ئەنجامدانی پشکنینی لەناکاو و ... دەتوانن ڕێژەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ بەندیخانەکان تا ڕادەیەکی زۆر دابەزێنن. بەڵگەکان دەریانخستووە کە سێ شێوازی قووتدان، عەمباری و هاویشتن (بەتایبەت لە کرماشان)، گرنگترین شێوازەکانی گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکانن. وەک ڕێگە سەرەکییەکانی دیکەی هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان دەکرێ ئاماژە بدەینە ئەمانەی ژێرەوە:

ئیزندان و دیداری شەرعی و هەناردن بۆ نەخۆشخانە یان دادگا. لە زۆر بابەتدا، بەندکراو لەڕێگەی هاوڕێیان و بنەماڵەیەوە ئەوکاتانەی ئیزنی دەرچوونی کاتیی لە بەندیخانە پێدەدرێ یان لەبەر هۆکارێکەوە دەچێتە دەرەوەی بەندیخانە، مادەی هۆشبەری دەست دەکەوێت. لاوازبوونی بەشی تەندروستی و نەبوونی پێداویستییەکانی تەندروستی و پزیشکی پسپۆڕ دەبێتە هۆی ڕەوانەکردنی بەندکراو بۆ دەرەوە و هەر ئەمەش دەبێتە ڕەخسانی هەلی لەبار بۆ دەستخستنی مادەی هۆشبەر لەلایەن بەندکراوەوە. یاساکانی بەندیخانەیش کاریگەرن. یاساکان زۆر سووک و سانا کراونەتەوە. دەبێ ئاوڕدانەوە لەسەر چاکسازی و پێداچوونەوەی یاسا و ڕێساکانی بەڕێوەبردنی بەندیخانەکان بکرێت. زۆر جار، لاوازبوونی یاساکان، بۆشایی یاسایی و ڕێکارنامەیی دەبینرێت.

هەندێ لە گرنگترین ڕێگەچارەسەرەکان بۆ بەرگریکردن لە هێنانی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەکان بریتین لە: دانانی ئامرازی X-ray و پشکێنەری جەستە، پێداچوونەوە و چاکسازیی یاساکان و یاسای پتەوتر، ئیزندان بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی کەسانی گوماناوی لەلایەن پاسەوانانی بەندیخانەوە، کەمکردنەوەی هاتوچۆکان بۆ نێو بەندیخانە و زیادکردنی مووچە و پێداویستییەکانی بەرپرسانی بەندیخانە. بەڵگەکان پیشاندەری لاوازبوونی مەیل بۆ ئیشکردنە لەنێو زۆرێک لە کاربەدەستانی بەندیخانەدا. بەپێی بارودۆخی سەختی ئیشکردن لەنێو بەندیخانە و هەندێ جار گوشاری دەروونی و تەنانەت هەندێ جاریش هەڕەشەکردن لە پاسەوانانی بەندیخانە لەلایەن تاوانبارانی نێو بەندیخانە، پشتیوانیی مادی و مەعنەویی زیاتر لە کاربەدەستانی بەندیخانە پێویستە. ڕێکخراوەی بەندیخانەکان لەڕێگەی پێداچوونەوە لە پێکهاتە کولتوورییەکانی کاربەدەستان و نەرمی‌نواندن بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاقار و پاڵپشتیی کاریگەر لە پرۆسەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڕاستەکردنی خزمەتگوزاریی گونجاوتر دەتوانێ بەستێنی دابەزاندنی خەساری هەڵسوکەوتە مەترسیدارەکان لەنێو بەندکراواندا کەم بکاتەوە (بڕوانە: ڕەحیمی و هاوکارانی، ١٣٩٩)

کەمبوونی هێزی پاسەوانی بەندیخانەیش یەک لە فاکتەرەکانی دیکەیە کە دەتوانێ لە دابەزاندن یان زیادبوونی مادە هۆشبەرەکان بۆ نێو بەندیخانەدا دەوری هەبێت. بەڵگەکان بەتایبەت بەپێی وتووێژە مەیدانییەکان پیشاندەری ئەوەن کە هاوکات لەگەڵ زیادبوونی جگەرەکێشان و ئازادکردنی جگەرەکێشان، ئاستی هێنانی مادە هۆشبەرەکانیش بەرز بووەتەوە. ڕێگە چارەسەری کولتووری وەک ڕاوێژکاری لەگەڵ داواخوازان، سەرقاڵکردنی بەندکراوان، سازدان و پێکهێنانی ئاقارێکی پتەو و شێلگیرانە لە هەر پارێزگایەکدا بۆ ئەوانەی پێشینەی خراپیان هەیە (جوداکردنەوەی بەندکراوە مەترسیدارەکان بەتایبەت ئەوانەی مامەڵەی مادە هۆشبەرەکان دەکەن)، هاندانی بەندکراوان بۆ وەرزشکردن، ڕێگەکانی بەرگریکردن لە مەیل و حەز بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانن.



وێنەی ژمارە ٥-پێشنیارەکان و ڕێگە چارەسەرەکان

وەک لە هێڵکاری سەرەوەدا پیشان دراوە، ڕێگە چارەسەرە پێشنیازکراوەکان بریتین لە گۆڕان و پێداچوونەوە و چاکسازیی یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان بە بەندیخانە و هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندکراو. بۆ نمونە بە چاکسازیی یاسای پەیوەندیدار بە بەکارهێنانی جگەرە یان هەلومەرجی گواستنەوە بۆ دادگا یان دیدار، یان ناردن بۆ بەشی تەندروستی، یاسا پەیوەندیدارەکان بە قبووڵکردنی هێزەکانی پاسەوانی و ... دەکرێ بەستێنەکانی هێنانی مادە هۆشبەرەکان کەم بکرێنەوە. هەروەها دەکرێ ئاماژە بدەینە کۆنترۆڵ و چاوەدێریی بەندیخانە. کەڵکوەرگرتن لە سکەنێرەکان یەک لە شێوازە تایبەتەکانی کۆنترۆڵی هاتوچۆکانی بەتایبەت هێزەکانی دەرەوەی بەندیخانە وەک ڕاوێژکار (دەروونناس)، سەربازان، کادیرەکانی بەندیخانە و ...

پێشنیاری دیکە، کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی ڕێکخراوە تایبەتەکانە لەسەر بەرگریکردن لە بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری مادە هۆشبەرەکان کە دەتوانێ بەسوود بێت (بڕوانە: قوربانی و هاوکارانی، ١٣٩٧). بەشی دیکە کە دەورێکی گرنگی لە

کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەرێتی هێنانی مادە هۆشبەرەکاندا هەیە، ئاوڕدانەوە و جەختکردن لەسەر فاکتەرە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ نمونە ئاوڕدانەوە لەسەر پۆلەکانی فێرکاری، پۆلی قورئان، تەیارکردنی کتێبخانە و هاندانی بەندکراوان بۆ کەڵکوەرگرتن لە کتێبخانە، کێبڕکێ وەرزشییەکان، پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان و ...هتد، دەکەونە ئەم بەشەوە.

تێبینی: خوێنەران دەتوانن بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەکە بە زمانی فارسی بەم ناونیشانەی خوارەوە:

رشید احمدي فر، عدنان حسینی، مطالعەی پیامدهای ورود مواد مخدر به زاندانهای غرب کشور، فصلنامه علمی (پژوهش انحرافات و مسائل اجتماعی)، شماره سیزدهم، ١٤٠٣، ٦٩-٦١. مطالعه پیامدهای ورود مواد مخدر به زندان های غرب کشور

کاریگەرییە نایەکسانییەکان لەسەر

دیاردەی کۆچ

لە ناوچە سنووریییەکانی ئێران؛

ڕوانگەیەکی سیاسەتڕێژانە*

وەلیوڵڵا ڕۆستەم عەلیزادە - ڕەزا نەوبەخت

وەرگێڕان: مورتەزا مورادی (ئارما)

* بەپێی مەبەستی وتارەکە وشەی فەزایی ئەگەرچی کوردی نییە، بەڵام تەواوترین هاوتا بووە بۆ ئەوەی کە مەبەست و واتای دروست بدرێتە خوێنەر و «شوێن، ئاقار، دابەشبوونی جوگرافیایی و ناوەند-پەراوێز و شار-گوند» دەگرێتەوە.

پوختە

ڕۆڵی نایەکسانییە ناوچەیی و فەزاییەکان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانەوە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. بەڵام ناوچە سنوورییەکانی ئێران گرنگییەکی ستراتیژییان لە باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە و کەمتەرخەمبوون لەسەر ئەم ناوچانە، دەتوانرێ دەرهاویشتە و دەرەنجامی قەرەبوونەکراوی بەدوادا بێت. مەبەست و ئامانجی ئەم وتارە تاوتوێکردنی ئەم بابەتەیە کە ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە بواری نایەکسانییە فەزاییەکاندا[1] چ هەلومەرجێکیان هەیە و ئەم دیاردەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆچکردن لەم ناوچەگەلەوە هەیە. بۆ هەڵسەنگاندنی نایەکسانییە فەزاییەکان لەنێو شارە سنوورییەکان لە ئاماری سەرژمێریی گشتی دانیشتوان و خانوبەرەی ساڵی ٢٠١٦، ساڵنامە ئامارییەکانی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٦ و زانیارییەکانی ڕێکخراوەی کەشوهەوا لە مەودای ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ کەڵک وەرگیراوە. بۆ دیاریکردنی ڕێژەی گرنگی و تێکەڵکردنی پێکهاتە و بەشە گرنگەکان و سازکردنی پێوەری نایەکسانی لە شێوازی شیکاریی فاکتەری کەڵک وەرگیراوە. بۆ پۆڵێنبەندیی شارەکان نەرمامێری ArcPro و بۆ شیکاریی پەیوەندیی نێوان نایەکسانییەکان و کۆچ، شێوازی ئاماریی GWR دەکار هێنراون. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە نایەکسانییەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتدا لەچاو شوێنەکانی دیکە زیاتر بووە. هەروەها سەدا ٦٦ی شارە سنوورییەکان هاوسەنگیی کۆچی نەرێنییان لە مەودای ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ هەبووە.

بەپێی مۆدێلی ڕێگرسیۆنی ئاقاریی کێشی، سەدا ٦٧ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی کۆچ لە ڕێگەی گۆڕاوە سەربەخۆکانەوە ڕوون کراونەتەوە، هەروەها بەپێی ڕێژەی ناوەندیی ئاڕاستەکراو، فاکتەرەکانی پێکهاتەی دانیشتوان و ئابووری، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دیاردەی کۆچ لە شارە سنوورییەکاندا هەیە. هەربۆیە، نایەکسانییەکان لە شارە سنوورییەکاندا فاکتەرێکی کاریگەرە لە ڕێژەی کۆچدا و فاکتەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، ئابووری، دانیشتوانی و ئاقارییەکان کاریگەرییەکی جیاوازیان لەسەر هەریەکە لە شارەکان هەیە.

وشە سەرەکییەکان: نایەکسانی ناوچەیی، نایەکسانی فەزایی، ناوچە سنوورییەکان، کۆچ، کۆچی ناوخۆیی.

بەرایی

یەک لە گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریی ئابووری و کولتووریی بەربڵاوی لەسەر وڵاتان هەیە، دیاردەی کۆچە. گرنگبوونی بابەتی کۆچ دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە کەسی کۆچەر بەهۆی گواستنەوەی شوێنی ژیانی خۆی بۆ جێگەی دیکە، کاریگەری دەخاتە سەر هەم خۆی و هەمیش ئەو شوێنەی کۆچی بۆی کردووە؛ بەجۆرێک کە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی کۆچەران، شوێنەکانی سەرەتا و مەبەست تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم دیاردەیە. هەربۆیە ناسینی هۆکارەکانی کۆچ دەتوانێ یارمەتی ناوچەکانی سەرەتا و مەبەست بدات بۆ دانانی سیاسەت لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆچ.

توێژینەوەی زۆر لەسەر بابەتی کۆچ لە ئێراندا کراون. هەندێ لەم توێژینەوەگەلە ئاماژەیان بە دەوری پلان و بەرنامەکانی پەرەپێدان و پێشکەوتن داوە، بەمۆدێرنکردن، داهاتە نەوتییەکان، سیاسەتدانانەکان، هەروەها ڕێژەی بوودجەکانی ئاوەدانکردنەوە لە ڕەوتی کۆچکردنەکان لەنێوان پارێزگاکاندا (بڕوانە: ئاقاجانییان، ١٩٩١؛ سەنایی، ١٩٩٦؛ ساڵحی، ١٩٩٨؛ زاهید، ٢٠٠٦). هەندێ توێژینەوەی دیکە ئاوڕیان لەسەر گۆڕاوە ئابووری، کۆمەڵایەتی و دانیشتوانی گرنگتر وەک داهات و مووچە، بارودۆخی ئیش و کار، گەشەکردن و قەرەباڵغی دانیشتوان لە ڕەوتەکانی کۆچدا داوەتەوە (بڕوانە: پوورجەلالی و هاوکارانی، ١٩٩٧). کۆمەڵێکی دیکە تەرکیزیان خستووەتە سەر گۆڕانی دارێژە و ڕەوتەکانی کۆچ لەدرێژەی کات، دەوری گۆڕاوە یەکلاکەرەوە تاکە کەسییەکانی کۆچ و فاکتەرەکانی وەک تۆڕەکان و دەور و ڕۆڵی ژنان (بڕوانە: کووششی، ٢٠٠٤؛ موشفیق، ٢٠١٠؛ قاسمی ئەردەهایی، ٢٠١٣؛ مەحموودییان، ٢٠٠٠). سەرەڕای توێژینەوەی جۆراوجۆر لە بواری کۆچدا، کاریگەری نایەکسانییە ناوچەیی-فەزاییەکان و جیاوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و ... لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، بەتایبەت دەوری نایەکسانییەکان لە کۆچکردن لە ناوچە سنووریییەکانی ئێرانەوە، تا ڕادەیەک کەمتر ئاوڕیان لەسەر دراوەتەوە. هەربۆیە هەم بابەتی نایەکسانییە ناوچەیی و فەزاییەکان لە کۆچدا

و هەمیش کۆچکردن لە ناوچە سنوورییەکانەوە کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە. بەڵام ناوچە سنوورییەکانی ئێران گرنگی ستراتیژیکیان لە ڕەهەندە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەیە و کەمتەرخەمی لەسەر ئەم ناوچەگەلە دەتوانێ دەرهاویشتە و ئەنجامی قەرەبوونەکراوی لە بەشە جۆراوجۆرکاندا بەدوادا بێت. هەربۆیە بەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتە دانیشتوانییەکانی ئەم ناوچەگەلە بەتایبەت گواستنەوەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە گرنگە و دەتوانێ بۆ پلاندارشتن و سیاسەتدانانەکانی داهاتوو بەسوود بێت.

لە توێژینەوە ئەنجامدراوەکاندا لەسەر تاوتوێکردنی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، جەخت لەسەر ئەو بابەتە کراوە، کە ڕێژەی پەرەسەندنی ناوچە جۆراوجۆرەکان جیاوازییەکی بەرچاویان پێکەوە هەیە و بەجۆرێک نایەکسانییە ناوچەیی و فەزاییەکان لەم بوارەدا دەبینرێن. ئەم جیاوازییە بەتایبەت لەنێوان ناوچە سنووری و ناوەندییەکانی ئێراندا ئێجگار بەرچاوە. توێژینەوە ئەنجامدراوەکان، نەبوونی هاوسەنگییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و نایەکسانییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن لەنێوان ناوچە سنووری و ناوەندییەکانی ئێرانیان خستووەتەڕوو (ئیبراهیمزادە و هاوکارانی، ٢٠١٢:٢١٤؛ بەهەشتی و هاوکارانی، ٢٠١٨؛ ساڵحی، ٢٠١٨؛ پوورئەسغەر سەنگاچین و هاوکارانی، ٢٠١٢؛ فەتحوڵڵاهی و هاوکارانی، ٢٠١٦؛ عەندەلیب و موتەوەف، ٢٠٠٩).

هەروەها توێژینەوەکان دەریانخستووە کە نەبوونی هاوسەنگی لە دابەشکردنی پێداویستییەکان، ئاسانکارییەکان و سەرمایە لە ئێراندا –واتە لەڕاستیدا نایەکسانییە ناوچەیی و فەزاییەکان- پێکهاتنی ڕەوتەکانی کۆچکردن بەرەو تەوەرەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن ئاسان دەکاتەوە (قادری حاجەت و هاوکارانی، ٢٠١٠:١٢٣،١٢٤؛ موسەوی و هاوکارانی، ٢٠١٤:١٩١). هەربۆیە، مەبەستی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی ئەم بابەتەیە کە ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە باری نایەکسانییە فەزاییەکانەوە چ دۆخێکیان هەیە و ئەم نایەکسانیگەلە چ کاریگەرییەکیان خستووەتە سەر دیاردەی کۆچ لەم ناوچانەوە.

بنەما تیۆرییەکان

پێناسە و چەمکی نایەکسانی و نایەکسانی ناوچەیی

دەرکەوتنی نایەکسانی دەکرێ لە شێوازی جۆراوجۆری وەک نایەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، نەژادی، ئەتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی و هەروەها شێوازە ڕوونترەکانی وەک داهات، خواردن، پەروەردە و تەندروستیدا تاوتوێ بکرێ (ڕاغفەر و هاوکارانی، ٢٠١٢:٢٤٢). واتای سەرەتای نایەکسانی ئاماژە دەداتە جیاوازی نێوان تاکەکان، بەجۆرێک کە لەنێو ژیانی ئەواندا بەتایبەت لە باری مووچە، دەرفەتەکانی ژیان، پاداشت و ئیمتیازەکان، جیاوازی ئاشکرا و نهێنی زۆر هەبێت (گرێپ، ١٩٩٤:١٠). بە وتەیەکی دیکە، نایەکسانی دەکرێ وەک جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان لە ڕێژەی بەرژەوەندییان لە سەرچاوە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان پێناسە بکرێت (ئوسبێرگ، ٢٠٠٧ وەرگیراو لە سەرایی و ئیرەجی، ٢٠١٥). لەگەڵ جیاوازییە تاکەکەسییەکانی وەک توانا جەوهەری و خواستە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک جیاوازبوونی شێوازی ژیان، مووچە، دەرفەتەکان، پاداشت و ئەو ئیمتیازانەی کە کۆمەڵگە بۆ تاکەکان دایدەنێت، فاکتەر و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نایەکسانین (ڕەبانی و هاوکارانی، ٢٠١١:٢٦٨).

فاکتەری وەک سیاسەتەکانی دەوڵەت لە دابەشکردنی سەرچاوەکاندا، تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی وەک ڕەگەز و تەمەنی تاکەکان، ئاستی پەروەردە و ئاستی تەندروستیی کۆمەڵگە کاریگەری دەخەنە سەر ڕێژەی نایەکسانی. نایەکسانی ڕەنگدانەوەی لە دابەشکردنی داهات، سەروەت و سامان، ڕێژەی بەرخۆری، مووچە و پاشەکەوتی خەڵکی کۆمەڵگەدا هەیە (فێترێس و مەعبوودی، ٢٠٠٨:١٣٨). هەربۆیە نایەکسانییەکان وەک جیاوازی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێژەی بەرژەوەندبوون و بەردەستبوونی سەرچاوە و دەرفەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پێناسە دەکرێت. هێنانی ڕەهەندی شوێن بۆ نێو ئەم نایەکسانیگەلە، پێکهاتەی فەزایی نایەکسانییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا پێکدێنێت.

بەگشتی، نایەکسانی وەک دیاردەیەک لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستدا[٢] تاوتوێ کراوە. بە بڕوای لووئیز ڕیگاداس «تیۆرییە

تاکگەرایانەکان لەسەر دابەشکردنی لێزانی و سەرچاوەکان لەنێو بریکارەکاندا جەختیان کردووەتەوە. تیۆرییە کارلێک‌گەراکان[٣] داڕێژەکانی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی نایەکسانیان زەق کردووەتەوە؛ لەحاڵێکدا کە تیۆرییە گشتبینەکان تەرکیزیان خستووەتە سەر تایبەتمەندییە ناهاوشێوەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان». هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەم نووسەرەوە، دەبێ نایەکسانی لە دیمەنێکی چەند ڕەهەندییەوە شی بکرێتەوە کە لایەنەکان و جۆرە جیاوازەکانی نایەکسانی بگرێتەوە (پینیلۆس و هاوکارانی ٢٠١٩:٢).

چەمکی نایەکسانی فەزاییش دەکەوێتە درێژەی چەمکەکانی وەک نایەکسانییە جوگرافیایی، ناوچەیی، پارێزگایی و تەنانەت هەرێمییەکانەوە. بە وتەیەکی دیکە، نایەکسانییە فەزایی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان گرێدراوی شوێنن (بڕوانە: دانشپوور و هاوکارانی، ٢٠٠٦). هەربۆیە مەبەست لە نایەکسانی فەزایی، دابەشکردنی نایەکسانی دەرفەت و پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە فەزایەکدا (چەلەبی، ١٩٩٦:٢٠١). ئاقاری جوگرافیایی لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا جێی باسە کە یەک لە چوارچێوە گرنگەکان بەتایبەت لە پێوەری نێو وڵاتێکدا، چەمکی ناوچەیە. هەربۆیە «نایەکسانی ناوچەیی بە واتای نەبوونی هاوسەنگییە لە پێکهاتەی ئاقاری ناوچەکاندا و خۆی لە هەلومەرجە جیاوازەکانی ژیان، نایەکسانییە ئابوورییەکان و ئاستی پەرەسەندندا دەردەخات (ئەحمەدی و هاوکارانی، ٢٠٢٠:٨٨).

نایەکسانی و کۆچ

وەک ئاماژەمان پێکرد نایەکسانی، چەمک و پێوەرێکی تێکەڵە و چەندڕەهەندییە لە ئاستی گەورەدا و ڕێژەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە یان ناوچەیەک لە داهات، تەندروستی، زانست، ستانداردەکانی ژیان و ...هتد دەستنیشان دەکات. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان نایەکسانی و کۆچ لە پێوەری ناوچەییدا دەتوانێت چۆن بێت، بابەتێکە کە لە ئەدەبیاتی کۆچدا لە دیمەن و گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری کراوە.

شابەیت و خاڵی سەرەکیی ئەم پەیوەندییە لەنێو هەموو ڕوانگە تیۆریکەکاندا، بەجێهێشتنی ئەو ناوچەگەلەیە کە لە باری ئابوورییەوە تووشی وەستان و چەقبەستوویی هاتوون و هەلومەرجی ژیان نالەبارە بەرەو ئەو ناوچەگەلەی کە هەلومەرجی لەبارتریان هەیە و زیاتر پێشکەوتوون. ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەرچاوەی ئابووری

و کۆمەڵایەتی باشترن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە کۆچ دەکەن تا هەلومەرجی خۆیان باشتر بکەن. واتە چوون و بەجێهێشتنی ناوچەی دواکەوتوو کە نایەکسانیی زیاتری تێدایە بەرەو ئەو ناوچانەی کە زیاتر پێشکەوتوون و نایەکسانیی کەمتریان تێدا بەدی دەکرێت.

دیاردەی کۆچ بەرهەمی نایەکسانییە لە گەشەی دانیشتوان، نایەکسانیی داهاتەکان و نەبوونی ئەمنییەت و ئازادی و لەبنەڕەتدا لەبەر دوو هۆکاری گەورە و گرنگی ئابووری و نائابووری دێتە ئاراوە (مارتین، ٢٠٠٤:٨). تاک بەدوای هەلومەرجی لەبارتر و باشتری ئابووری، کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە هەلومەرجی نالەبار و نەشیاوی ژیانی ئێستایان دەگەڕێن، لەبەرئەوە شوێنی ژیانی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەچنە شوێنی دیکە. هەربۆیە ئەمڕۆ جیهان «خەریکی جووڵانەوەیە» و کۆچ بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گرنگ و گەورە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا (هیلمەن، ٢٠٠٦:٢١).

بە بڕوای کارکردگەرایان، کۆچ دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی هاوسەنگییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان و بەمەبەستی جێگیرکردنی هاوسەنگی و هەماهەنگییەوە دێتە ئاراوە. لەم بارودۆخەدا هەندێ فاکتەر گوشار دەخەنە سەر تاکەکان لە شوێنی سەرەتادا و دەبنە هۆی چۆڵکردنی شوێنی سەرەتا و ڕۆیشتن بەرەو ئەو ناوچەگەلەی کە هەلومەرجێکی لەبارتریان هەیە. بیرمەندانی تیۆری وابەستەیی لەسەر ئەو بڕوایەن کە نابێ فاکتەر و هۆکارەکانی کۆچ لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی جودا بکرێنەوە چونکە کۆچ لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ناهاوسەنگ و ناجێگیری و لەلایەکی دیکەیشەوە فاکتەر و هۆکاری گەشەپێدان و قووڵبوونەوەی پەرسەندنی ناجێگیر و ناهاوسەنگە. بەگشتی تیۆریدانەرانی وابەستەیی، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا (دواکەوتوو)، کۆچ وەک دیاردەیەکی نوێی پەیوەندیدار بە سەرمایەداری و کاپیتالیزم لەم وڵاتانەدا دەبینن. ئەم تاقمە ئەگەرچی پەرەسەندن و پێشکەوتن وەک وابەستە سەیر دەکەن، هۆکاری کۆچیش دەگەڕێننەوە بۆ نایەکسانییەکانی ڕێژەی پێشکەوتن (لەهسایی‌زادە، ١٩٨٩:١٤). یەک لە بیرۆکە ئاڕاستەکراوەکان لە تیۆریی وابەستەیی، پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێزە کە لەلایەن سەمیر ئەمینەوە ئاڕاستە کراوە. ئەم دۆخە لە پێکهاتەی ناوخۆیی وڵاتاندا، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جەمسەرە

پێشکەوتووەکان و ناوچە دواکەوتووەکان (گوندەکان) و جۆرێک نەبوونی هاوسەنگیی ناوچەیی دێنێتە ئاراوە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی کۆچ و گۆڕینی شوێنی هێزی کار لە ناوچە گوندنشینە بێبەشەکانەوە بەرەو ناوچە شارییە پێشکەوتووەکان. بەکورتی، لە تیۆرییەکانی وابەستەییدا، کۆچ دیاردەیەکی زۆرەملی و ناچارییە کە بەپێی نەبوونی پێشکەوتنی ئاقارێک لەچاو ئاقارێکی دیکە و وابەستەبوونی ناسەرمایەداری بە کەرتی سەرمایەدارییەوە دێتە ئاراوە و دیاردەیەکی کۆلۆنیالیستییە و درێژەشی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زیاتری ئاستی دواکەوتن (بڕوانە: حاجحوسێنی، ٢٠٠٦).

تیۆرییە نیوکلاسیکەکانی ئاستی گشتی کۆچ[٤]، ئەم دیاردەیە وەک بەشێک لە پێشکەوتنی ئابووری دەستنیشان دەکەن و کۆچی ناوخۆیی وەک دەرەنجامی جیاوازییە جوگرافیاییەکان دەبینن لە ئاستی داواکاری و بەردەستبوونی هێزی کاردا. ئەم ڕوانگەیە لەسەر جیاوازییەکانی مووچە لە ناوچەکانی زێدی کۆچەر و وەرگری کۆچەر بنیات نراوە. سەرەڕای ئەمەش، چاوەڕوانی و داواکارییەکانی کۆچەران بۆ داهاتی زیاتر لە کۆمەڵگەی وەرگری کۆچەر، فاکتەری سەرەکیی دەستپێکردنی کۆچ سەیر دەکرێت (بڕوانە: لووئیز، ١٩٥٤؛ ڕانیس و فی، ١٩٦١). لەم مۆدێلانەدا، کۆچ تا ئەو کاتەی کە لەنێو مووچەدا ناهاوسەنگی هەبێت، بەردەوام دەبێت. ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی بنەمای ئابووریی ناسراوی «دابینکردن و داواکاری»، ڕەوتەکانی کۆچ شی دەکاتەوە. کادوالدێر (١٩٩٢) و جابز (٢٠٠٠) بە بەرچاوگرتنی ئەم ڕوانگە تیۆرییە لەسەر ئەو باوەڕەن کە گواستنەوەی خەڵک دەرەنجامی ڕێژە و کێشی هەڵبژاردە ئابوورییەکانی نێوان شوێنە جۆراوجۆرەکانە. هەربۆیە، تاک ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێ کە هەلومەرجی ژیان و ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێیدا باشتر بێت.

«تودارۆ» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هاندەرە ئابوورییەکانی کۆچەران لە هاندەر و فاکتەرەکانی دیکە بەهێزترن و لە پلەی یەکەمدا خاڵە ئابوورییەکان (واتە دابەشبوونی نایەکسانی سەرمایە و هێزی کار و لە ئەنجامی ئەمەشدا جیاوازیی مووچە)یە کە تاک بەرەو کۆچکردن هان دەدات. ناوبراو دەڵێت کۆچ لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئابووری و لۆژیکی کەسی کۆچەر دامەزراوە (بڕوانە: مەک کارتی، ٢٠٠٤).

لایەنگرانی تیۆریی ئابووریی نوێی کۆچ، تیۆری ئابووریی نیوکلاسیکیان داوەتە بەر ڕەخنە چونکە ئەو تیۆرە دەڵێت «بڕیار بۆ کۆچ بەشێوەی تاکەکەسی دەدرێت». ئەم تاقمە پێیان وایە کە بڕیارەکان بۆ کۆچ تەنیا و تەنیا لەلایەن تاکەوە نادرێن، بەڵکو لەلایەن یەکەی گەورەتری وەک خێزانەوە دەدرێن. ئەم بڕیارانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و دابەزاندنی مەترسییەکان و هەروەها بۆ زاڵبوون لەسەر سنوورەکانی بازاڕی کار دێنە ئاراوە. مەترسییەکان ڕەنگە بگەڕێنەوە سەر بابەتی وەک بیمەی بەرهەمەکان، بێکاری، دەرفەتەکانی بازاڕی ئیش و کار، بازاڕەکانی سەرمایە و هتد. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەدا کۆچ وەک ستراتیژی ئابووریی خێزان سەیر دەکرێت؛ و ئەم ستراتیژەش لەلایەن خێزانەوە بەهۆی دابەزاندنی مەترسییەکانی سەر داهات و زاڵبوون لەسەر سنوورەکانی بازاڕی ئیش و کاری ناوچەیی ڕەچاو دەکرێت. کەوابوو تەنیا کەمینەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵگە کۆچ دەکەن، چونکە کۆچکردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەسوود نابێت، بۆیە یەک یان چەند ئەندامی خێزان (زۆرتر ئەندامانی گەنج) کۆچ دەکەن (بڕوانە: ستارک، ١٩٩١).

تیۆری دابەشبوونی ڕێژەییش بەپێی چوارچێوەی ئابووریی نوێ پێکهاتووە. بنیاتنەرانی ڕوانگەی بێبەشبوونی ڕێژەیی کۆچ (بڕوانە: ستارک، ١٩٨٤؛ ١٩٩١؛ ستارک و بلووم، ١٩٨٥) لەسەر ئەو باوەڕەن کە تاک یان خێزانەکان نە تەنیا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی ڕەهایان کۆچ دەکەن، بەڵکو بەمەبەستی باشترکردنی پێگەیان لەچاو گرووپەکانی سەرچاوە کۆچ دەکەن. «واتە خێزانەکان نە تەنیا بەمەبەستی باشتربوونی داهاتیان چالاکی دەکەن، بەڵکو دەیانەوێ داهاتیان لەچاو کەسانی دیکەی کۆمەڵگە ببەنە ئاستێکی بەرزترەوە. ئەگەرچی خێزانەکان ئەگەر داهاتیان نزم بێت هان دەدرێن بۆ کۆچ، بەڵام ئەگەر ئاستی داهات لە هەموو شوێنێک نزم بێت، ئاستی هاندران دادەبەزێت. ئەگەر هەندێ لە خێزانەکان داهاتی زیاتریان هەبێت، خێزانە هەژارەکان هەم بەشێوەی ڕێژەیی و هەمیش بەشێوەی ڕەها هەست بە بێبەشبوون دەکەن و هەر بەو ڕێژەیەش ئاستی هاندران بۆ کۆچ بەرز دەبێتەوە» (مەسی، ١٩٩٠:١٣). ستارک و لایەنگرانی لەسەر ئەو بڕوایەن کە کۆچ ئەوکاتە دەبینرێت کە بێبەشبوونی ڕێژەیی پەیوەندیدار بە کۆچەوە، گەورەتر بێت لە بێبەشبوونی ڕێژەیی لە نەبوونی کۆچدا. ستارک و یتژاکی (١٩٨٨) لەسەر ئەو بڕوایەن کە کەسانی دەوڵەمەند بە ئەگەرێکی

زۆرەوە مەیلێکی کەم و لاوازیان بۆ کۆچ هەبێ؛ لەحاڵێکدا کە کەسانی هەژار هەم هاندەری بەهێز و هەمیش هەلومەرجی ئابووریی لاوازیان بۆ کۆچ هەیە. هەربۆیە هاندەری کۆچ بۆ کەسانی هەژار لەچاو کەسانی دەوڵەمەند و دارا بەهێزترە. باندارى (٢٠٠٤) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تاک یان خێزانەکان تەنیا لەبەر دەستخستن و زیادکردنی داهات کۆچ ناکەن، بەڵکو زیاتر پێگەی خۆیان لەچاو گرووپەکانی سەرچاوە هەڵدەسەنگێنن و لە ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنەشدایە کە بڕیاری کۆچ دەدەن.

مۆدێلەکانی «ڕاکێشان و پاڵپێوەنان»ی کۆچیش پیشاندەری ئەوەن کە مرۆڤ لەو شوێنانەی کە تووشی ڕاوەستان و چەقبەستوویی ئابوورین پاڵی پێوە دەنرێ و بەرەو ناوچە دەوڵەمەندەکان ڕادەکێشرێ (بڕوانە: دا ڤانزۆ، ١٩٨١). ئورت ئێس. لی جەختی لەسەر تیۆری پاڵپێوەنان و ڕاکێشان کردووەتەوە و وەک سەرچاوەی سەرهەڵدانی کۆچ ئاماژەی پێداوە. جەختکردنەوەی لی لەسەر لەمپەرە دەستێوەردەرەکانە؛ وەک دەڵێت: لەنێوان دوو شوێندا کۆمەڵێک لە لەمپەرە دەستێوەردەرەکان دەبینرێن کە هەندێ جار ڕێژەیان کەم و هەندێ جاریش ڕێژەیان زۆرە (بڕوانە: حاجحوسێنی، ١٣٨٥). ناوبراو دەرفەتی زیاتری پەروەردە و فێرکاری، هەلی کار و داهات وەک سەرچاوە و سەرەتای هۆکارەکانی ڕاکێشان ئاماژە پێدەدا و لەبەرانبەردا، خەرجی زۆری ژیان لە شوێنی نوێ، دووری لە زێد و پیسبوونی ژینگە و کەشوهەوا وەک هۆکارە پاڵپێوەنەرەکان دەبینێ (پاپلی یەزدی، ٢٠٠٢:١٦٥).

«تیۆری ساستاد»یش (١٩٦٢) کە وەک تیۆری سەرمایەی مرۆیی° بەناوبانگە، لەسەر ئەو بناغەیە کە «سەرمایەی مرۆیی فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر بڕیاردان بۆ کۆچ کە لەسەر ئەگەری دۆزینەوەی هەلی کار بە مووچەی گونجاو لە شوێنی مەبەستدا دەجووڵێتەوە (ساستاد، ١٩٦٢:٨٢). «ئەم ڕوانگە تیۆرییە بە لەبەرچاوگرتنی لێزانی و پسپۆڕێتی مرۆڤ وەک کاڵایەک لە بازاڕی دابینکردن و داواکاریی کار، کۆچ شی دەکاتەوە. هەربۆیە، بڕیاردانی تاکی پسپۆڕ لەسەر کۆچ، وەک جۆرێک بڕیاردان بۆ سەرمایەدانان و کەڵکوەرگرتن لەو کاڵایە وێنا دەکرێت کە لەم نێوانەدا بەشی گەنجان زیاترە، چونکە ئەوان مەودای زیاتریان بۆ گەڕاندنەوەی سەرمایەی مرۆییان بەردەستە» (ئیرشاد، ٢٠٠١:٤٨). بەگشتی، بەپێی ئەم تیۆرییە، کەسانێک کە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باشتریان بەردەستە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە کۆچ دەکەن و

هەلومەرجی خۆیان باشتر دەکەن (هەمان سەرچاوە).

کورت و پوختی ئەدەبیاتی تیۆری لەسەر نایەکسانی و کۆچ پیشان دەدات، کە بەپێی بەتەوەردانانی تیۆرییەکانی ئابووریی کلاسیک، ئابووریی نوێی کۆچ، مۆدێلی پاڵپێوەنان و ڕاکێشان، مۆدێلی سەرمایەی مرۆیی، بێبەشبوونی ڕێژەیی و وابەستەیی، کۆچی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەلومەرجی شوێنی سەرەتا و شوێنی مەبەست، هەروەها تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو شوێنانە. لە تیۆری ئابووریی نیوکلاسیکدا، گۆڕینی شوێن لەلایەن خەڵکەوە وەک ئەنجامێک لە کێشی هەڵبژاردە ئابوورییەکانی نێوان شوێنە جۆراوجۆرەکان دەبینرێت. مرۆڤ ئەو شوێنەی هەڵدەبژێرێ کە بارودۆخی ژیانی باشتر و باشتر بێت. ڕوانگەی ئابووریی نوێی کۆچیش دەڵێت: «بڕیاری کۆچ لەلایەن خێزانەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی داهات و دابەزاندنی مەترسییەکان و زاڵبوون و شکاندنی سنوورەکانی بازاڕی کاری ناوچەیی دەدرێت». مۆدێلەکانی ڕاکێشان و پاڵپێوەنانی کۆچیش پیشاندەری ئەوەن کە خەڵک لەو شوێنانەی کە تووشی کێشە و ڕاوەستانی ئابوورین و هەلومەرج بۆ ژیان نەشیاوە پاڵیان پێوە دەنرێ و بەرەو شوێنی لەبارتر ڕادەکێشرێن. مۆدێلەکانی سەرمایەی مرۆیی دەڵێن ئەو کەسانەی سەرچاوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی باشتریان هەیە، بەئەگەرێکی زۆرەوە کۆچ دەکەن تا هەلومەرجی خۆیان باشتر بکەن. واتە ئەگەر تاک بگاتە ئەو ئەنجامەی هێزی ڕاکێشانی مەبەست بەسەر هێزی پاڵپێوەنانی سەرەتادا دەشکێتەوە و کۆی هەڵسەنگاندنی خەرج و سوودەکانی کۆچ بە لای سوودەکاندا بشکێتەوە، بڕیاری بەجێهێشتن و کۆچ دەدات. لە تیۆرییەکانی بێبەشبوونی ڕێژەیی و وابەستەییشدا بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و پەرەسەندنی نایەکسانی ناوچەکان، گرنگترین دەوریان هەیە بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتەکانی کۆچ.

پێشینەی توێژینەوە

سادقی (٢٠٢٢) لە توێژینەوەیەکدا لەسەر بێکاری، پەرەسەندنی نایەکسانی ناوچەیی و دارێژە ئاقارییەکانی کۆچی ناوخۆیی ئێران، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەرزترین ئاستی پێشکەوتن و کەمترین ڕێژەی بێکاریی گەنجان و وەرگرتنی کۆچەری زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران و بەتایبەت پایتەخت واتە تاران. لەبەرامبەردا، ناوچە

سنووریيەکانی ڕۆژئاوا، باکووری ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، کەمترین ئاستی پێشکەوتن و بەرزترین ڕێژەی بێکاری و هەناردەکردنی کۆچەریان هەیە. سادقی و شوکریانی (٢٠١٦) لە توێژینەوەی شیکاری هەڵاوسانە فەزاییەکاندا، ئاماژە دەداتە کاریگەریی پێشکەوتن لەسەر کۆچی ناوخۆیی نێوان شارەکان لە ئێران کە شارەکانی ئێران خاوەنی ئاستە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنن و ئاستی پێشکەوتنیان پێکهاتەی ئاقارییان هەیە. سەرەڕای ئەمە، بەپێی تاقیکردنەوەی مورانی گشتی، داڕێژەی جۆراوجۆر لەسەر پەیوەندیی پێشکەوتن و کۆچی پەتی بەدی دەکرێت. ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی مورانی ناوچەییش پیشاندەری پەیوەندیی ئەرێنی و بەرچاوی ئاستی پێشکەوتن لەگەڵ ڕێژەی هەناردەکردنی کۆچەرە. توێژینەوەی عەسگەری نەدووشەن و هاوکارانی (٢٠١٧) لەسەر پێوەرەکانی پێشکەوتن و وەرگرتنی کۆچەری شارەکانی ئێران دەریانخستووە کە لە نێوان بەشەکانی پێشکەوتندا، بەرژەوەندیی شارستانەکان لە کار و خوێندن وەک فاکتەرە گرنگەکانی دەستنیشانکردنی وەرگرتنی کۆچەرە تێیاندا و دەبێ لە بەرنامەداڕشتن و بەڕێوەبەرێتی کۆچەکانی وڵاتدا بەشێوەی جیدیتر جەختیان لەسەر بکرێتەوە و ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. سوتو و تۆرچە (٢٠٠٤) لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناوی «نایەکسانییە فەزاییەکان، کۆچ و پێشکەوتنی ئابووری لە چیلی» پیشانیان داوە کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ بۆ ٢٠٠٠، بەرهەمی ناوخۆیی گشتی بۆ هەر تاکێک ساڵانە سەدا ٥ گەشەی کردووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە، ناوچەکان بەشێوەی یەکسان لەم گەشەیە سوودیان وەرنەگرتووە؛ هەژاری لە هەموو ناوچەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیەوە، بەڵام نایەکسانیی داهاتی ناوچەیی چەقبەستوو و نەگۆڕ ماوەتەوە. توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هاوگیری و یەکگرتنەوە لە ئاستەکانی داهاتی تاک و بەرهەمهێنان زۆر ڕەوتێکی هێواشی هەیە و ناتوانێ ببێتە هێزێکی گرنگ بۆ یەکسانکردنەوەی داهاتی ناوچەکە. نەبوونی یەکگرتنەوە و هاوگیری لەگەڵ ئاستە نزمەکانی کۆچی ناوخۆییدا پەیوەندی هەیە. ئەمەش لە جێگەی خۆی، زیاتر لە ئەنجامی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا و بەتایبەت خانوبەرەی گشتی هاتووەتە ئاراوە. ئامانجدارکردنی کاریگەری سووبسیدەکان لەگەڵ قەدەغەکردنی فرۆشتنی خانوو، خێزانەکانی لە شوێنی جوگرافیایی خۆیاندا بەستووەتەوە و دیاردەی کۆچی کۆنترۆڵ کردووە. هەربۆیە بەپێی ئەنجامەکانی توێژەران، چونکە شوێنی سەرەکیی ئەوان لە

ناوچە هەژارەکاندا بووە کە تێیاندا ئاستی بێکاری بەرز بووە و بەرهەمهێنانی هێزی کاریش نزم بووە، کرێکاران نەیانتوانیوە جیاوازییەکانی داهات بەشێوەیەکی کاریگەر دەستنیشان بکەن، چونکە کۆچ کۆنترۆڵ کرابوو. پلۆتنیکۆڤا و ئولسەلوسیش (٢٠٢٢) لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناوی «نایەکسانی وەک هاندەرێک بۆ کۆچ» لەڕێگەی شیکاریی تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە دەریانخستووە کە ڕژێمەکانی کۆچ، یەکیان پیشاندەری گوازرانەوەی هێزی کاری لێزان زیاتر لەنێوان وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە و دووەمیان دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی مووچە و هەلی کار بۆ کۆچەران لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا. ئەنجامەکانی ڕێگرێسیۆن، جەختیان لەسەر شیکاریی گرافیکییە کە ڕەوتەکانی کۆچ لە وڵاتانی هەژارەوە بەرەو وڵاتانی دەوڵەمەند دەجووڵێنەوە و ڕەوتەکانی کۆچ لەنێوان وڵاتانی ئەندامی کۆنتر و وڵاتانی پەیوەندیدار لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا زیاترن کردوەتەوە. توێژینەوەی ئامارا و جێمالییش (٢٠١٦) لەژێر ناوی «ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کۆچی ناوخۆیی و نایەکسانییە ناوچەییەکان لە تونس» دەریخستووە کە کۆچی نێوان پارێزگاکان لە تونس دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی زۆری دانیشتوان لە شوێنەکانی سەرەتا و مەبەست، ئاستی بەرزی بێکاری لە شوێنی سەرەتا و ئاستی نزمی بێکاری لە شوێنی مەبەست. ئەنجامەکان هەروەها پیشان دەدەن کە ڕەوتەکانی کۆچ بەشێوەی نەرێنی دەکەونە ژێر کاریگەریی هەلی کاری زۆر و ڕێژەی ناوەندیی ساڵانەی خەرجەکانی تاکی خێزانە لە شوێنی سەرەتا.

چاوخشاندنێک لەسەر ئەدەبیات پیشانی دەدات کە لەسەر نایەکسانییە ناوچەییەکان و پەرەسەندن و کاریگەرییان لەسەر کۆچە ناوخۆییەکان، بەتایبەت لە ئاستی شارە سنووریییەکاندا و بەتایبەت لە ئێران توێژینەوەی زۆر نەکراوە. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە توێژینەوەی بەردەست سەرەڕای سازکردنی پێوەری نایەکسانی بەپێی پێنج ڕەهەند لە ئاستی شارە سنووریییەکاندا، ڕێژەی کاریگەرییەکانی هەر پێوەرێک لەسەر کۆچی پەتیی شارەکان تاوتوێ دەکات. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا کاریگەریی کۆمەڵێک لە فاکتەرەکان وەک جیاوازییەکانی پەروەردە، هەلی کار، بەردەستبوونی تەندروستی و فێرکاری و پێداویستییەکانی ژیان، تایبەتمەندییە ئاقارییەکان و هتد کە ڕەنگدانەوەیان لە نایەکسانییە فەزاییەکانی ناوچە سنووریییەکاندا دەبێت، لەسەر کۆچکردن لەم ناوچەگەلە تاوتوێ دەکرێت.

شێوازی توێژینەوە

شێوازی توێژینەوەی بەردەست، شێوازی دیکۆمێنتاری لەسەر بنەمای شیکاریی داتا لاوەکییەکان بەپێی سەرژمێری ئاپووره و خانوبەرەی ساڵی ٢٠١٦، ساڵنامەی ئاماریی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٦ و زانیارییەکانی ڕێکخراوی کەشوهەوا لە مەودای ساڵەکانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ بووە. شیکاریی داتا و زانیارییەکان بەشێوەی ئاماری ڕێژەیی و پێوەرسازییە، بەجۆرێک کە بکرێ هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکرێ و لە ئاستی شارە سنووریيەکانی ئێراندا ئەنجام دراوە. بەپێی ئامارەکانی سەرژمێریی ساڵی ٢٠١٦، ئێران ١١٨ شاری سنووریی تێدا هەڵکەوتووە.

گۆڕاوەی بەرسیڤدار لەم توێژینەوەیەدا ڕێژەی پەتیی کۆچە، کە بۆ مەودای ساڵەکانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ بەشێوەی ژێرەوە هەژمارکراوە:

$$\text{ڕێژەی پەتیی کۆچ} = \frac{I - E}{P} * 1000$$

گۆڕاوە سەربەخۆکان بریتیبووە لە نایەکسانییە فەزاییەکان و ڕەهەندەکانی. بەمەبەستی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نایەکسانییە فەزاییەکانی نێوان شارەکانی ئێران لە سەرژمێری ئاپووره و خانوبەرەی ساڵی ٢٠١٦، ساڵنامەی ئاماریی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٦ و زانیارییەکانی ڕێکخراوی کەشوهەوا لە مەودای ساڵەکانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٦ کەڵک وەرگیراوە. بە چاوخشاندنێک لەسەر توێژینەوەکان و ئەدەبیاتی تیۆری باسکراو، بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نایەکسانی لە پێوەرە جۆراوجۆرەکان لە ڕەهەندە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان کەڵک وەرگیراوە. سەرەتا خشتەی پێوەرەکان بۆ هەموو شارەکان هەژمارکراوەو پاشان بەپێی داتا ئاماژەپێدراوەکان، ١٥ تایبەتمەندی (پاش ستانداردکردنەوە) هەڵبژێردراون بە شێوازی شیکاریی فاکتەر پۆلێنبەندی ئەنجامدراوە. لە هەڵبژاردنی پێوەرەکاندا ئاوڕ دراوەتەوە سەر ئەو خاڵەی کە پێوەرەکان تەنیا بەمەبەستی دەربڕینی ئاماریی دیاردەیەک نەهێنراین، بەڵکو بەپێی تیۆری و لۆژیکێکی تایبەت کە درێژەی ئامانجەکانی توێژینەوەیە، هەڵبژێردرێن. هەروەها بۆ کێشدانان و تێکەڵکردنی پێوەرەکان و سازکردنی نایەکسانیی فەزایی لە شیکاریی فاکتەر کەڵک وەرگیراوە. پاش شیکاریی فاکتەر، گۆڕاوەکان لەسەر پێنج

چەمک دانراون. پاش لەبەرچاوگرتنی بنەما تیۆریک و ئەزموونییەکانی توێژینەوە پێنج فاکتەری هەڵبژێردراو ناویان لەسەر دانراوە. ڕێژەی KMO ٠,٦٠٢ بووە.

خشتەی ژمارە ١: ئەنجامەکانی شیکاریی فاکتەر
بۆ چەمکە چەندێتییەکانی پێکهێنەری مۆدێلی شیکاریی توێژینەوە

ناو	گۆڕاوە	کێشی فاکتەری	ڕێژە ئایبەتەکان	ڤاریانس*١٠٠	کۆی ڤاریانس*١٠٠
ئابووری	ڕێژەی کاری ١٥ بۆ ٢٥ ساڵ	٠.٩٨٤	٢.٩٩٦	٢١.٤٠١	٢١.٤٠١
	ڕێژەی گشتیی کار	٠.٩٦٨			
	ڕێژەی کاری ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ	٠.٩٦٣			
کۆمەڵایەتی	ڕێژەی پزیشکانی پسپۆڕ	٠.٨٧٩	٢.٥١٥	١٧.٩٦٦	٢٩.٣٦٧
	ڕێژەی گشتیی پزیشکان	٠.٧٩٨			
	ڕێژەی ئاپوورەی خوێندەواری باڵا لەچاو کۆی خوێندەواران	٠.٧٦٤			
	ڕێژەی خوێندەواری	٠.٦٥٤			
	کوالیتیی خانوبەرە	٠.٦٠٨			
پێکهاتەی دانیشتوان	ڕێژەی دانیشتوان ١٥ بۆ ٢٥ ساڵ	٠.٦٩٤	٢.١٢٠	١٥.١٤٣	٥٤.٥٠٩
	ڕێژەی دانیشتوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ	٠.٦٣٧			
ژینگە	ڕێژەی ناوەندیی گەرما	٠.٨٤٣	١.٩٧٠	١٤.٠٧٢	٦٨.٥٨١
	ڕێژەی ناوەندیی بارینی بەور و باران	٠.٨٢٥			
چڕیی دانیشتوان	چڕی ژمێرەیی	٠.٨٨٧	١.٩٠٨	١٣.٦٢٧	٨٢.٢٠٨
	چڕیی بایۆلۆژیکی	٠.٨٦١			

لەم توێژینەوەیەدا بۆ مۆدێلسازی لە نەرمە ئامێرەکانی Arc Pro و GWR کەڵک وەرگیراوە. ڕێگرێسیۆنی لانیکەمی چوارگۆشەکانی ئاسایی (OLS) جۆرێکە لە ڕێگرێسیۆنی هێڵی بۆ پێشبینیی گشتی یان مۆدێلسازیی گۆڕاوەی بەرسیڤدار بەیارمەتیی کۆمەڵەیەک گۆڕاوە سەربەخۆکان. گریمانەی سەرەکی لە ڕێگرێسیۆنی ئاساییدا، نەگۆڕبوونی کێش و پەیوەندییەکانە لە بازنەی ئامانجی توێژینەوەدا. وەک گرفتەکانی ئەم جۆرە ڕێگرێسیۆنە دەتوانین ئاماژە بدەینە شاراوەبوونی هەندێ ڕاستیی ناوچەیی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەنجامەکان لۆژیک و ڕاستەقینە نەبن. لەم بوارەدا توێژەران بەمەبەستی چارەسەرکردنی ڕێگرسیۆنی ئاسایی هەوڵیان داوە شێوازی ناوچەی تر هەڵسەنگێنن. ئەم شێوازگەلە دیمەنێکی ڕاستەقینە تر لە پەیوەندیی گۆڕاوە سەربەخۆ و بەرسیڤدارەکان لە بازنەیەکدا دەخەنە ڕوو. ناهاوشێوەیی فەزایی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە هەر ناوچەیەکدا، پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوان گۆڕاوەی وابەستە و

گۆڕاوە سەربەخۆکاندا هەیە کە ئەگەر ئەم ناهاوشێوەییە بەرچاو نەگیرێت و بۆ کۆی ناوچەکە تەنیا یەک مۆدێل ڕێگرێسیۆنی گشتی بەرچاو بگیردرێت، ناکرێ خەملاندنێکی وردبینانە لە پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان بخرێتە ڕوو. شێوازی ڕێگرێسیۆنی کێشدار کە یەکەم جار لەلایەن برەنسدێن و هاوکارانی (١٩٩٨) ئاڕاستە کرا، تەکنیکێکی ئاماریی ناوچەییە کە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە فەزاییەکان لە ئاقارێکی ناجێگیردا شی دەکاتەوە. داڕێژەی ڕێگرێسیۆنی کێشداری جوگرافیایی لە شێوازی هەموارسازی و ڕێگرێسیۆنی ناوچەییەوە دێت کە لەسەر بنەمای یاسای جوگرافیایی توبلێر بنیات نراوە. بەپێی ئەم یاسایە، هەر شتێک پەیوەندیی لەگەڵ شتەکانی دیکە هەیە، بەڵام لە نزیکی تایبەتمەندییە فەزاییەکاندا پەیوەندییەکان زیاتر و بەهێزترن و هەرچی لێیانەوە دوور ببینەوە پەیوەندییەکان کەمتر دەبن. ئەم شێوازە کە وەک ڕێگرێسیۆنی کێشداری جوگرافیایی پێناسە دەکرێت، بە فۆرمووڵی ژێرەوە هەژمار دەکرێ:

$$Yi = \sum_{j=1}^{k} \beta ij Xij + i$$

لێرەدا Yi گۆڕاوەی وابەستە بۆ شوێنی i و Xij گۆڕاوەی سەربەخۆ و β پارامەتری هەژمارکراو یان کێشی Xijەیە و لە ئەنجامدا i هەڵەکانن.

دەستکەوتە وەسفییەکان

لە خشتەی ١دا کورتەیەک لە ئامارە وەسفییەکانی گۆڕاوە سەربەخۆ و وابەستەکان لە ئاستی شارستانە سنووریییەکاندا ئاڕاستە کراوە. ڕێژە و ئاستی بایەخداربوونی ئاماری مورانی هەریەک لە گۆڕاوەکان، پیشاندەری وابەستەبوونی فەزایی گۆڕاوەکانی توێژینەوە و ئاستی بایەخداربوونیانە. گۆڕاوەی وابەستەی توێژینەوە ڕێژەی پەتیی کۆچە کە لانیکەم و لانی زۆری ئەم ڕێژەیە دەبێتە ١٢,٦٦- و ٢٧,٠٥ و پێوەری مورانی پەتیی کۆچ بەرامبەرە لەگەڵ ٠,٢٤٢ کە پیشاندەری ئاستی قبووڵکراوی کۆبوونەوەی فاکتەرەکانی دیکەیە و لانیکەم و لانی زۆری دەبێتە ١,١٨- و ٣,٥٥ و پێوەری مورانی بەرامبەرە لەگەڵ ٠,٤١٠ کە لە ئاستی قبووڵکراو و بایەخداردایە. ڕێژەی پێوەر پیشاندەری پەیوەندیی فەزایی شارە سنووریییەکانە بەپێی گۆڕاوەی نابەرامبەری. لەنێو

گۆڕاوە سەربەخۆکاندا کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە و بەپێی پێوەری موران، فاکتەری ئاقاری لەچاو گۆڕاوەکانی دیکە، لە ئاستێکی بەرزتردایە. هەروەها دابەشبوونی لەسەدی (٪) گۆڕاوەکان لە پێنج دەستەی وێنەی ژمارە ١دا ئاڕاستە کراوە.



وێنەی ژمارە ١: فاکتەری ئابووری (چەپ)، فاکتەری کۆمەڵایەتی (ڕاست)



وێنەی ژمارە ١: نەخشەی وەسفیی گۆڕاوە سەربەخۆکان (فاکتەرەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاقاری، پێکهاتەی دانیشتوان ، چڕیی دانیشتوان و نایەکسانی) و وابەستە (ڕێژەی پەتیی کۆچ)

فاکتەری ئابووری پیشاندەری ئەوەیە کە شارە سنووریيەکانی باشوور (شارەکانی قیشم، بەندەرعەباس، کەنارەک، بەندەری لنگە، پارسیان، عەسەلوویە و کەنگان)، هەروەها شارەکانی نیمرووز، هامون، سیب و سووران، سەربیشە و زیرکوە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە باری ئابووریيەوە هەلومەرجێکی باشتریان هەیە. وەک دەبینرێ شارە ڕۆژئاواییەکانی ئێران لە باری هەلومەرجی ئابووریيەوە لە چاو شارەکانی دیکە هەلومەرجێکی باشیان نییە. شیاوی باسە کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیشەوە، شارەکانی ماکۆ، چاڵدێران، خۆی، پوڵدەشت و خودائافەرین هەلومەرجی ئابووریی باشیان هەیە. فاکتەری کۆمەڵایەتی پیشاندەری ئەوەیە کە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران (شارەکانی پارێزگای سیستان و بەلوچستان بێجگە زاهیدان) لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هەلومەرجێکی باشیان نییە. لەلایەکی دیکەیشەوە، شارەکانی باشووری ڕۆژئاوا و باکووری ئێران وەک گومیشان، میاندوڕوود، چالووس، ئەهواز، ئابادان و دێهلوڕان لە باری فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە ئاستێکی بەرزتریان هەیە.

پێوەری ئاقاری وەک یەکی دیکە لە گۆڕاوەکان کە توێژینەوەی لەسەر کراوە پیشاندەری ئەوەیە کە شارە سنووریيەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان، هورموزگان و بووشەهر و هەروەها خوراسانی باشوور لەباری گۆڕاوە ئاقارییەکانەوە هەلومەرجێکی باشیان نییە. بەگشتی دەکرێ بڵێین بێجگە شارەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران، لە باری ئاقارییەوە دۆخێکی لەباریان نییە و ئەم بابەتە لە زۆرینەی شارە سنووریيەکانی ئێراندا لێکچوونی تێدا بەدی دەکرێت. بەپێی فاکتەری پێکهاتەی دانیشتوان دەکرێ بڵێین کە شارە سنووریيە باشووریيەکان (پارسیان، عەسەلوویە، کەنگان و ...)، باشووری ڕۆژئاوا (ئابادان، هووەیزە، دەشتی ئازادەگان و ...) و ڕۆژئاوا (ئیلام، قەسری شیرین، گیلانی غەرب، سەرپێڵی زەهاو و ...)، لە باری فاکتەرەکانی پێکهاتەی دانیشتوان لە چاو شارە سنووریيە باکووری و ڕۆژهەڵاتییەکانی ئێران دۆخێکی لەبارتریان هەیە. لە فاکتەری پڕاییدا دانیشتوانی شارە سنووریيە ڕۆژئاواییەکان، شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە چاو شارە سنووریيەکانی باکوور و باشوور، ئاستێکی نزمتریان هەیە.

فاکتەری تێکەڵەی نایەکسانیش کە لەسەر کۆی فاکتەرەکانی دیکە پێکهاتووە، پیشان دەدات کە شارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران نایەکسانیی زیاتریان

تێدا بەدی دەکرێ؛ لەحاڵێکدا کە هەندێ لە شارەکانی باشوور (بەندەرعەباس، بەندەری لنگە، کەنگان، دەیر و بووشەهر)، باشووری ڕۆژئاوا (ئەهواز، دێهلوڕان) و لە ڕۆژئاوا (ئیلام، بانە، ورمێ، خۆی) و لە باکوور و باکووری ڕۆژئاواش (ئەردەوێڵ، ماکۆ، ڕزوانشەهر، بوجنوورد) لەگەڵ نایەکسانیی کەمتر لە چاو شارە سنووریییەکانی دیکەدا ڕووبەڕوون و هەلومەرجی لەبارتریان لە چاو شارە سنووریییەکاندا هەیە.

ڕێژەی پەتیی کۆچ وەک گۆڕاوەی وابەستەی توێژینەوە پیشان دەدات کە شاری کەنگان لەنێو هەموو شارە سنووریییەکانی ئێراندا زۆرترین ڕێژەی ڕاکێشانی کۆچەری هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ناوچەی پیشەسازیی پارسی باشوور و باکوور. هەروەها شارەکانی پارسیان، بەندەری لنگە، بەندەرعەباس، قیشم، کنارەک و بووشەهر لە سنوورەکانی باشوور و شاری نیمڕووز لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، شاری ئیلام، قەسری شیرین، بانە و ورمێ لە ڕۆژئاوا، شاری جوڵفا و ئەردەوێڵ لە باکووری ڕۆژئاوا و شارەکانی ئاستانەی ئەشرەفییە، ڕەشت، عەباسئاوا، نەوشەهر، فەرەیدوونکەنار و بابولسەر هاوسەنگیی کۆچی ئەرێنییان هەیە و توانای ڕاکێشانی کۆچەریان هەیە. بەگشتی دەکرێ بڵێین کە سەدا ٦٦ی شارە سنووریییەکانی ئێران هاوسەنگیی کۆچی نەرێنییان هەیە.

خشتەی ژمارە ٢: ئامارە وەسفییەکانی گۆڕاوەکانی سەربەخۆ و وابەستە کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە

گۆڕاوە	لانیکەم	ناوەند	لانی زۆر	ئامارەی موران
ئابووری	-٣,٩٢	-٠,١١	٢,٧٩	٠,٤٠٥***
کۆمەڵایەتی	-٢,٢٩	-٠,١٤	٣,١٢	٠,٢٨٤***
ئاقاری	-٢,٢٢	٠,٠٥	٢,٥٨	٠,٩٠٧***
پێکهاتەی دانیشتوان	-١,٧٦	٠,٢٠	١٠,٥٧	٠,٤٠٤***
چڕی دانیشتوان	-١	-٠,١٤	١,٦٠	٠,٣٠٣***
نایەکسانی	-١,١٨	-٠,٠٣	٣,٥٥	٠,٤١٠***
ڕێژەی پەتیی کۆچ	-١٢,٦٦	-٠,٦٩	٢٧,٠٥	٠,٢٤٢***

P≤0.050, **P≤0.010, ***P≤0.001*

فاکتەرە گرنگەکانی کۆچ لە شارە سنوورییەکانی ئێران

کێشی کاریگەریدانانی هەر یەک لە گۆڕاوەکان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ بەپێی مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی هێڵی (OLS) لە خشتەی ٣دا ئاڕاستە کراوە. ڕێژەی هەڵاوسانی ڤاریانس (VIF) -بەپێی ڕێژەی کەمترلە ٢ی ئەم پێوەرە بۆ گۆڕاوە هێنراوەکان بۆ نێو مۆدێل- پیشاندەری نەبوونی هاوهێڵبوونی گۆڕاوە سەربەخۆکانە. لەلایەکی دیکەوە گۆڕاوە سەربەخۆکان بەشێوەیەکی بایەخدار پەیوەندییان بە گۆڕاوەی وابەستە (ڕێژەی پەتیی کۆچ) هەیە و سەدا ٥٣ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوەی وابەستەیان لە شارە سنوورییەکان ڕوون کردووەتەوە. ئەنجامەکانی ڕێگرێسیۆنی هێڵی پیشاندەری ئەوەن کە بە ڕیز فاکتەری پێکهاتەی ئاپوورە (٥٣٪)، فاکتەری پڕایی ئاپوورە (٢٣٪) و فاکتەری ئابووری (٢٢٪) زۆرترین کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ هەبووە. سەرەڕای ئەمەش، کێشی کاریگەریی فاکتەری کۆمەڵایەتی پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم فاکتەرە کاریگەرییەکی بایەخداری لە ڕێژەی کۆچی شارە سنوورییەکانی ئێراندا نییە. فاکتەری ئاقارییش وەک یەک لە گۆڕاوە هێنراوەکان لە مۆدێلدا، سەدا ١٩ لەسەر گۆڕاوەی وابەستە کاریگەری هەبووە و پێدەچێت بەپێی گۆڕانکارییە ئاقارییەکان لە ئێراندا، ئەم گۆڕاوەیە لە داهاتوودا ڕێژەی پەتیی گۆڕانکارییەکان زیاتر بخاتە ژێر کاریگەری و بەپێی دۆخی سەرچاوەکانی ئاو لە پارێزگاکانی ناوەندی، باشووری و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەتوانێ ڕێگەی هەناردەکردنی کۆچەری زیاتر بۆ ئەم ناوچەگەلە خۆش بکات.

خشتەی ژمارە ٣: حسابکردنی کێشی ڕێگرێسیۆنی هێڵی، ئاستی بایەخداری، پەیوەندیی فەزایی بە کەڵکوەرگرتن لە موران و ئامارەی گونجاوبوونی مۆدێل

ڕێژەی پەتیی کۆچ	حسابکردن	VIF	T Value
نێوانەبەش	٠,٣٢٣		
ئابووری	٠,٢١٧	١,٠٠	٣,٣٢٨***
کۆمەڵایەتی	٠,٠٧٢	١,٣	0.950Ns
ئاقاری	٠,١٩٢	١,٤	٢,٧٧**
پێکهاتەی دانیشتوان	٠,٥٣٠	١,٧	٧,٧٥***
چڕیی دانیشتوان	٠,٢٢٦	١,٠٠	٣,١٦***

Moran'I	٠,١٤٢*		
AICc	٢٥٤,٤		
R2	٠,٥٣		

P≤0.050, **P≤0.010, ***P≤0.001*

بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی ورد و ڕێکوپێکتر لە شێوازی ڕێگرێسیۆنی کێشدار کەڵک وەرگیراوە. لە چاو مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی هێڵیی ئاسایی، لە مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی فەزایی کێشداردا (GWR) سەدا ٦٧ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوەی کۆچی پەتی لە ڕێگەی گۆڕاوە سەربەخۆکانەوە دەستنیشان کراوە. هەروەها هەڵسەنگاندنی پێوەری AICc کە ئاماژەی بە ڕێژەی کەمتری ئەم پێوەرە لە مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی فەزایی هەیە، پیشاندەری ئەوەیە کە مۆدێلی ئاڕاستەکراوی کێشدار گونجاوترە. بەپێی ڕێژەی ناوەندیی ئاڕاستەکراو لە خشتەی ژمارە ٤دا، گۆڕاوە ئابوورییەکان لە هەموو شارەکان کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر کۆچی پەتیی هەبووە و وەک ڕاکێشەری کۆچەر دەوری گێڕاوە. فاکتەری کۆمەڵایەتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆچی پەتی بەتایبەت لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات هەیە؛ لەحاڵێکدا کە لە شارەکانی دیکەدا کاریگەریی ئەرێنی هەبووە. فاکتەری ئاقاری و پێکهاتەی دانیشتوانیش پیشان دەدەن کە بە ڕیز فاکتەری ئاقاری لە شارەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات کاریگەریی نەرێنی و لە شارەکانی باکوور و ڕۆژئاوادا کاریگەریی ئەرێنی هەیە و فاکتەری پێکهاتەی دانیشتوان زۆرترین کاریگەریی لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا هەیە. پڕایی ئاپوورەیش پیشاندەری کاریگەریی ئەرێنی لە هەموو شارە سنوورییەکانە بۆ پێکهاتنی هاوسەنگیی ئەرێنی کۆچ.

	ناوەند	لانیکەم	ناوەڕاست	لانی زۆر	لادانی پێوانەیی
نێوانەبەش	-٠,٢٦٩	-٠,٧٦٤	-٠,١٩٢	٠,٠٧٤	٠,١٨٧
ئابووری	٠,٢٦٥	٠,٠٧٩	٠,١٤٦	٠,٣١٠	٠,٠٧٣
کۆمەڵایەتی	٠,٠٩١	-٠,٣٥٣	٠,١١٠	٠,٥٣٧	٠,٠٢٠٤
ئاقاری	٠,٠٨٦	-٠,٦٤٠	٠,١٧٩	٠,٣٤١	٠,٢٧٣
دانیشتوان	٠,٣٧٦	-٠,١١٢	٠,٣١٨	٠,٩٢٠	٠,٣٤٢
چڕیی دانیشتوان	٠,١٩١	٠,٠١٧	٠,١٨٦	٠,٣٣٦	٠,٢٠٤

Moran'I	-0.010ns				
AICc	231				
R2	0.67				

وێنەی ژمارە ٢، ڕێژەی کاریگەریدانانی گۆڕاوە سەربەخۆکان و هەروەها ڕێژەکانی t بەپێی هەریەکە لە گۆڕاوەکان ئاڕاستە کردووە. ڕێژەی بێتای فاکتەری ئابووری پیشان دەدات کە زیاترین کاریگەریی فاکتەری ئابووری لە پێکهێنانی هاوسەنگیی ئەرێنیی کۆچ دەگەڕێتەوە سەر شارە سنوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان و کەمترین ڕێژەی کاریگەریشی لە شارە سنوورییەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە. ئەمە واتە فاکتەری ئابووری لە شارە سنوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لەسەر وەرگرتنی کۆچەر کاریگەریی ئەرێنی زیاتری لە چاو شارەکانی دیکەدا هەبووە؛ لە حاڵێکدا کە لە شارە سنوورییەکانی ڕۆژئاوادا کاریگەریی کەمتری لەسەر وەرگرتنی کۆچەر هەیە. ئەگەرچی فاکتەری کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی بایەخداری لەسەر کۆچی پەتیی نییە، بەڵام بەم حاڵەشەوە شارەکانی پارێزگای بووشەهر و خووزستان هەڵگری زۆرترین ڕێژەکانی بێتا واتە زۆرترین کاریگەرین؛ کەواتە فاکتەری کۆمەڵایەتی لەم شارانە زۆرترین کاریگەریی لە وەرگرتنی کۆچەر لە چاو شارە سنوورییەکانی دیکە هەیە. فاکتەری ئاقاریش پیشان دەدات کە ئەم فاکتەرە لە شارەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوادا زۆرترین کاریگەریی ئەرێنی لەسەر وەرگرتنی کۆچەر و لە شارە سنوورییەکانی باشووری ئێران کەمترین ڕێژەی کاریگەریی لەسەر وەرگرتنی کۆچەران هەبووە. فاکتەری پێکهاتەی ئاپووره پیشاندەری ئەوەیە کە بێجگە شارە سنوورییەکانی باکووری وڵات، ڕێژەی کاریگەریی ئەم فاکتەرە لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ لە شارەکانی دیکەدا، ئاستێکی بەرزی تۆمار کردووە. لە شارەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوادا، فاکتەری پڕایی ئاپووره زۆرترین کاریگەریی لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە شارە سنوورییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا کەمترین کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ داناوە. هاوکۆلکەی دەستنیشانکردنی ستاندارد پیشان دەدات گۆڕاوە سەربەخۆکان لە شارە سنوورییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات زۆرترین هێزی ڕوونکردنەوەیان هەیە، لەحاڵێکدا کە لە باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کەمترین ڕێژەی ڕوونکردنەوە دەبینرێت.



بتای عامل اقتصادی(چپ)، مقدار t (راست)



بتای عامل اجتماعی(چپ)، مقدار t (راست)



بتای عامل تراکم جمعیتی (چپ)، مقدار t (راست)



ضریب تعیین R2(GWR)



وێنەکانی سەرەوە: نەخشەی بێتاکان (β) و ڕێژەی T.valueی گۆڕاوە سەربەخۆکان و هاوکۆلکەی دەستنیشانکردن

لەم توێژینەوەدا سەرەڕای کاریگەریی فاکتەرە جۆراوجۆرەکان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ لەو شارە سنووریانەدا کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە، کاریگەریی نایەکسانییش کە لە کۆکردنەوەی هەموو گۆڕاوە سەربەخۆکان (ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاقاری، پێکهاتە و چڕیی دانیشتوان) وەدەست هێنراوە، تاوتوێ کراوە. بەپێی مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی ئاسایی، نایەکسانی سەدا ٤٤ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوەی وابەستە ڕوون دەکاتەوە. چونکە ڕێگرێسیۆنە کێشدارە فەزاییەکان لە چاو ڕێگرێسیۆنی ئاساییدا هەندێ باشترن و کاریگەرییە ناوچەییەکان ڕێکوپێکتر پیشان دەدەن، بەمەبەستی تاوتوێی وردتری کاریگەریی پێوەری نایەکسانی لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ لە شارە سنووریەکاندا لەم ڕێگرێسیۆنە کەڵک وەرگیراوە. ئەنجامەکان پیشاندەری ئەوەن کە پێوەری نایەکسانی سەدا ٦٠ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوەی وابەستی ڕێژەی پەتیی کۆچ ڕوون دەکاتەوە کە لەچاو ڕێگرێسیۆنی ئاسایی لە ئاستێکی بەرزتردایە. سەرەڕای ئەمەش، پێوەرەکانی دیکە وەک AICc –هەرچی ڕێژەی کەمتریان هەبێت مۆدێل گونجاوترە- پیشان دەدەن کە مۆدێلی GWR لە مۆدێلی OLS باشترە. ناوەندی کاریگەریی پێوەری نایەکسانی

پیشان دەدات کە ڕێژەی کاریگەریدانانی پێوەری نایەکسانی لەسەر کۆچ لە شارە سنووریيەکانی ئێران سەدا ٥٢ە (بڕوانە: خشتەی ژمارە ٦)

	ناوەند	لانیکەم		لانی زۆر	لادانی پێوانەیی
نێوانەبەش	-٠,٠٥١		-٠,٠٨٦	٠,٥٨٥	٠,٢٧٢
نایەکسانی	٠,٥١٨		٠,٤٥١	٠,٩٦٢	٠,٢٤١
Moran'I	-0.08ns				
AICc	238				
R2	0.60				



وێنەی ژمارە ٣: نەخشەی بێتاکان و ڕێژەی T.valueی گۆڕاوەی نایەکسانی و هاوکۆلکەی دەستنیشانکردن

ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا پەرژاوینەتەوە سەر نایەکسانییە فەزاییەکان و دەوریان لەسەر کۆچ لە ناوچە سنوورییەکانەوە و لە ڕێبازی شیکاریی فەزایی کەڵک وەرگیراوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پیشانیان داوە کە لە باری پێوەری نایەکسانییەوە، جیاوازییەکی بایەخدار لەنێوان شارە سنوورییەکاندا دەبینرێ کە لەگەڵ توێژینەوەی سادقی (٢٠٢٢)، سادقی و شوکریانی (٢٠١٦) و نسترن و هاوکارانی (٢٠١٥) کە ئاماژەیان داوەتە ئاستە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنی شارەکانی ئێران، یەک دەگرنەوە. هەروەها پێوەری گشتی نایەکسانی پیشاندەری نایەکسانیی زیاتر لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانە؛ لەحاڵێکدا کە هەندێ لە شارەکانی باشوور (بەندەرعەباس، بەندەری لنگە، کەنگان، دەیر و بووشەهر)، باشووری ڕۆژئاوا (ئەهواز، دێهلوڕان)، ڕۆژئاوا (ئیلام، بانە، ورمێ و خۆی) و لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا (ئەردەوێڵ، ماکوو، ڕزوانشەهر و بوجنوورد) نایەکسانیی کەمتریان تێدایە و لەچاو شارە سنوورییەکانی دیکە هەلومەرجێکی باشتریان هەیە.

ئەنجامە شیکارییەکانی توێژینەوە پیشانیان داوە کە بەپێی ڕێگرێسیۆنی هێڵی، بە ڕیز فاکتەرەکانی پێکهاتەی ئاپووری (سەدا ٥٣)، پرایی ئاپووری (سەدا ٢٣) و ئابووری (سەدا ٢٢) زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ هەبووە. هەروەها فاکتەری ئاقاری وەک یەک لە گۆڕاوە هێنراوەکان لە مۆدێلدا سەدا ١٩ لەسەر گۆڕاوەی وابەستە کاریگەربووە و پێدەچێت بەپێی گۆڕانکارییە ئاقارییەکانی ئێران، ئەم گۆڕاوەیە لە داهاتوودا کاریگەریی زیاتری لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچدا هەبێ. لەلایەکی دیکەوە، ئەنجامە وردبینانەترەکان بەپێی شێوازی ڕێگرێسیۆنی کێشدای فەزایی (GWR) دەریخستووە کە فاکتەرەکانی پێکهاتەی، پرایی ئاپووری و فاکتەری ئابووری زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچدا لە شارە سنوورییەکان هەیە؛ لەحاڵێکدا کە گۆڕاوەی کۆمەڵایەتی کەمترین کاریگەریی هەیە. هەربۆیە ئەنجامەکان پیشان دەدەن کە پێوەری نایەکسانیی کە لەڕاستیدا دەبێتە کۆی گۆڕاوە

سەربەخۆکان (ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاقاری، پێکهاتەی ئاپووره و پرایی ئاپووره)، بەپێی مۆدێلی ڕێگرێسیۆنی ئاسایی سەدا ٤٤ی گۆڕانەکانی گۆڕاوەی وابەستە ڕوون دەکاتەوە. بەڵام لە ڕێگرێسیۆنی کێشداری فەزاییدا کە لەچاو ڕێگرێسیۆنی ئاسایی هەندێ باشترە و کاریگەرییە ناوچەییەکان باشتر پیشان دەدات، پێوەری نایەکسانی سەدا ٦٠ی گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوەی ڕێژەی پەتیی کۆچ ڕوون دەکاتەوە و لەچاو ڕێگرێسیۆنی ئاساییدا ئاستێکی بەرزتری هەیە. ئەم ئەنجامگەلە پیشان دەدەن کە سەرەتا، هەم پێکهاتەی نایەکسانی و هەمیش پێوەرەکانی نایەکسانی بەتایبەت پێوەرەکانی پێکهاتەی دانیشتوان و ئابووری زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی پەتیی شارە سنوورییەکاندا هەیە کە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی سادقی و شوکریانی (٢٠١٦) کە نایەکسانیی پێشکەوتن وەک یەک لە بەستێنەکانی سەرهەڵدانی کۆچی ناوخۆیی لەمەدا دەبینن، یەک دەگرنەوە. دووهەم، کاریگەرییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا، جۆراوجۆرن؛ بەجۆرێک کە بێتای گۆڕاوەی ئابووری پیشان دەدات کە زۆرترین کاریگەریی ئابووریی لە ڕێژەی پەتیی کۆچدا دەگەڕێتەوە بۆ شارە سنوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان و کەمترین ڕێژەی کاریگەرییش لە شارەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوادایە. ئەگەرچی فاکتەری کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی بایەخداری لە ڕێژەی پەتیی کۆچدا نییە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، شارەکانی پارێزگای بووشەهر و خووزستان زۆرترین ڕێژەکانی بێتا واتە زۆرترین کاریگەرییان هەیە. گۆڕاوەی ئاقارییش پیشان دەدات کە ئەم گۆڕاوەیە لە شارەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتدا زۆترین کاریگەری و لەلایەکی دیکەیشەوە لە شارە سنوورییەکانی باشووری ئێراندا کەمترین ڕێژەی کاریگەریی لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ هەیە. پێوەری پێکهاتەی دانیشتوانیش پیشاندەری ئەوەیە کە بێجگە شارە سنوورییەکانی باکووری ئێران، لە شارەکانی دیکەدا، ڕێژەی کاریگەریدانانی پێکهاتەی دانیشتوان لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ لە ئاستێکی بەرزدایە. لە شارەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوادا، فاکتەری پرایی ئاپووره زۆرترین کاریگەریی لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە لە شارە سنوورییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوادا کەمترین کاریگەریی ئەم فاکتەرە لەسەر ڕێژەی پەتیی کۆچ

دەبینرێ. هاوکۆلکەی دەستنیشانکردن پیشان دەدات کە گۆڕاوە سەربەخۆکان لە شارە سنوورییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوادا زۆترین هێزی ڕوونکردنەوەیان هەیە لەحاڵێکدا کە لە باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کەمترین ڕێژەی ڕوونکردنەوە دەبینرێ. هەربۆیە، دەسکەوتەکانی توێژینەوە لەگەڵ ڕوانگە تیۆریکەکانی تیۆریی وابەستەیی کە کۆچ وەک دەرەنجامی پێشکەوتنی ناجێگیر و پێش‌نەکەوتنی شوێنێک لەچاو شوێنەکانی دیکە دەزانن و ڕوانگەی کارکردگەرایی کە لەسەر نەبوونی هاوسەنگیی ئابووری لەنێوان شوێنە جۆراوجۆرەکان وەک گرنگترین فاکتەری کۆچ جەخت دەکاتەوە و هەروەها توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی سادقی (٢٠٢٢)، سادقی و شوکریانی (٢٠١٦)، نەستەرەن و هاوکارانی (٢٠١٥) و عەسکەریی نەدووشەن و هاوکارانی (٢٠١٧) یەک دەگرنەوە. ڕێبازی شیکاریی فەزایی و شێوازەکانی شیکاری وەک ڕێگرێسیۆنی کێشداری جوگرافیایی، سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر نایەکسانی لە شارە سنوورییەکان وەک فاکتەرێکی گرنگ لە ڕێژەی پەتیی کۆچی ئەم ناوچەگەلەدا جەخت دەکەنەوە، ئەم بابەتەیش دەخەنە ڕوو کە شارە جۆراوجۆرە سنوورییەکان بەپێی فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆمەڵایەتی، ئابووری، پێکهاتەی ئاپوورە و ئاقاری دۆخی جیاوازیان هەیە؛ بەجۆرێک کە هەریەکە لەم فاکتەرگەلە بۆ هەندێ شارەکان و لەچاو شارەکانی دیکەدا گرنگی زیاتریان هەیە و ئاوڕدانەوە لەسەر ئەم جیاوازیگەلە دەتوانێ پلاندانان بۆ داهاتوو بە وردبینییەکی زیاترەوە بۆ دابەزاندنی ئەم نایەکسانیگەلە ڕێک بخات.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەتوانین ئەم پێشنیارانە لەسەر سیاسەتدانان بۆ پلاندارێژەران و سیاسەتدانەران باس بکەین:

سەرەڕای بوونی نایەکسانی لەنێوان ناوچە سنوورییەکانی ئێراندا، نایەکسانی لەنێوان شارە سنوورییەکانی هەر پارێزگایەکیش دەبینرێ کە شیاوی ئەوەیە سەرەتا ئەم نایەکسانیگەلە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

پێویستە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە بواری پێشکەوتنی شێوازە نوێکانی کشتوکاڵ، سەرمایەگوزاری، کارداهێنان و دابینکردنی هەلی کار بۆ گوندەکان و هەروەها لە بواری پەرەپێدانی ژێرخانەکانی پەروەردە و تەندروستییەوە

ئاوڕی تایبەتیان لێ بدرێتەوە.

بەپێی کاریگەریی بەرچاوی نایەکسانییەکان لەسەر کۆچ لە ناوچە سنوورییەکانەوە، باشترە کە پلانی مامناوەند و درێژخایەن بۆ هاوسەنگکردنی نایەکسانییەکان و دوابەدوای ئەوەش هاوسەنگکردنی کۆچ لە ناوچە سنوورییەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

کاریگەریی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نایەکسانی لە ناوچە سنوورییە جۆراوجۆرەکان جیاوازە و هەربۆیە پێویستە ئەم جیاوازیگەلە بەرچاو بگیردرێن. شیاوی ئاماژەیە کە لەپێشترەکان و پێداویستییەکانی ناوچە سنوورییەکان جیاوازییان تێدایە.

تێبینی: خوێنەران دەتوانن بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەکە بە زمانی فارسی بەم ناونیشانەی خوارەوە:

تاثیر نابرابری ها در مهاجر از مناطق مرزی ایران؛ چشم اندازی سیاست گذارانه، ولی اله رستمعلی زاده، رضا نوبخت، فصلنامەی علمی (پژوهشت انحرافات و مسائل اجتماعی)، شماره پنجم، پاییز ١٤٠١: ١٣٤-١٠١.

گفتۆگۆی

ئێراناسی

گفتوگۆی ئێراننناسی؛

ئێران بەرەو کوێ؟

م: بارام مەجیدخان
سەرنووسەری ئێراننناسی

د. ئەژی ئازاد، دکتۆرا لە
مێژووی نوێ و هاوچەرخ

د. موئمین زەڵمی
شارەزا لە کاروباری ئێران

بەرایی

ئێران ساڵی نوێی زایینی ٢٠٢٦ بە خۆنیشاندانی بەرفراوانی سەرتاسەری دەست پێکرد. بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ناهەمواری وڵات، و دەرکەوتنی زیاتری دەرهاویشتەکانی جەنگی دوانزە ڕۆژە، خوێندنەوەکان ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگێکی دیکەی نێوان ئیسرائیل و ئێران و وەشاندنی گورزی سەربازی ئەمریکا بە دوور نازانن. هەرچەندە دۆناڵد ترەمپ ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاند کە ئێران داوای دانووستانی کردووە لەگەڵیدا، بەڵام ئەمە ئەگەری گورزی سەربازی و ملنەدانی ئێران بە داواکارییەکانی ئەمریکاش ناڕەوێنێتەوە. لە نوێترین ڕاپرسیدا نزیکەی نیوەی کۆمەڵگەی ئێرانی پێشبینی ئەو جەنگە دەکەن. لە ژمارە ١٧ وەرزنامەدا گفتوگۆ دەکەین لەسەر دۆخی مەترسیداری هەنووکە و ئایندەی ئێران. بەشدارانی ئەمجارەی گفتوگۆ پێکدین لە بەڕێزان: م. بارام مەجید خان، د. ئەژی ئازاد و د. موئمین زەڵمی.

ئێراننناسی: ستراتیجی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هیچ ئاماژەیەکی بە هەوڵدان بۆ دەستپێکردنەوەی گەڕێکی دیکەی دانووستان تێدا بەدی ناکرێت. چونکە لە ستراتیجەکەدا ئاماژە بە لەپەلوپۆخستنی تەواوەتی ئێران کراوە و ڕێگەش نادرێت جارێکیتر مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان دروست بکاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندی و دانووستانانەی کە لە نێوان ئێران و ئەمریکادا هەبووە، ئایا ئایندەی دانووستانەکان چۆن دەبینێت؟

م. بارام: پەیوەندی ئێران و ئەمریکا لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو حیکایەتێکی درێژە. هەردوو وڵات لە سەد ساڵی ڕابووردوو بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیون. سەرەتایەکی شیرین و کۆتاییەکانی بە تاڵاوی هێرش کردنە سەر دامەزراوەکانی ئێران کۆتایی هات. باشتر وایە بڵێم هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

لە پاش کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمیکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە گرنگی بە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان ئەدەن، گرژی و ئاڵۆزی لە نیوان ئێران و ئەمریکا چاوەڕوانکراو بوو. کشانەوە لە بەرجام بۆ ئێران و ناوچەکە دەرەنجامی قورسی هەبوو. جگە لە کاریگەرییە ئابورییەکان، قورسترین کاریگەری کە جێیهێشت؛ دەرکەوتنی کاراکتەرێکی دەوڵەی وەک ئیسرائیل بوو، کە کاریگەر بوو لە تێک چوونی ئپەیوەندی ئێران و ئەمریکا. لە چەرکە ساتی کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام، هەم سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە توندتر بوون و هەم ئیسرائیل ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سیاسەتی هێرشبەرانەی بۆ سەر بریکارەکانی ئێران لە سوریا و لوبنان چڕتر کردەوە. تاوەکوو دوا جار هێرشی دوازدە ڕۆژەی بۆ سەر ئێران ئەنجام دا. لە کاتی قەیران و هێرشەکانیشدا دەرگای دیپلۆماسی هەر بە نیوە داخراوی مانەوە. ناو بە ناو بە شیوەی نهێنی و ئاشکرا وتووێژ لە نێوان ئێران و ئەمریکا چە بە شێوەی ڕاستەوخو و چە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دراوە. پرسیاری سەرەکی لە دۆخە تازەی کە ڕۆژهەڵای ناوەڕاست ئیرانی تێکەووتووە ئەوەیە کە ئایا کێشەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە هاتنە ناوەوەی ئیسرائیل بۆ ناو کێشەکان دەرنجامی دلخۆشکەری دەبێت؟

تێزێک لە ئێران کە لە لایەن ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانی لێدەکرێت لە ئارادایە کە؛ کێشەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا کێشەی زاتین. کێشەی

جەوهەرین. کێشەی ماهییەتی دۆ شێواز لە حوکمڕانین کە بە هیچ شێوازێک دەرفەتی چارەسەرکردنیان بۆ نارەخسێت، بەڵام لە هەمانکادا دەرگای دپلۆماسی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. ئێران (باشترە بڵێم شۆرشی ئێران) مکوڕ و پێداگرە لە سەر بنەماکانی شۆڕش. چونەکە ئەم سیاسەتەی ئێستا لە لایەن بەشێکی زۆری حکومەتییەکان و خەڵکی ئێران پشتیوانی ناکرێت. ئەم سیاسەت و پیداگریەی ئێران، زیانی ئابووری قورسی بە سەردا سەپاندوون. بە تایبەت لە دۆسییەی ئەتۆمی. بە پێێ وتەکانی جەواد زەریف نزیکە نیو ترلیۆن دۆلار بەس لە بووارى ئەتۆمی خەرج کراوە. ئەگەر زیانەکانی گەمارۆکانی سەر ئیرانیش ئەژمار بکەین ئەوا نزیکەی ترلیۆنێک دۆلار زیان بەر ئێران کەوتووە. ئێران هیچ ڕێگایەکی بۆ دواوە نییە. ئەوەی هەیە هەڵهاتنە بۆ پێشەوە. داواکانی ئەمریکا لە ئێران زۆر ڕوونە.

١. پێچانەوەی دۆسییەی ئەتۆمی. ئێران لە دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوەکانی هەوڵی نۆژەن کردنەوەی دامەزراوەکانی دەدات و پەرە بە دامەزراوە نهێنییەکانیشی دەدات.

٢. لە کار خستنی بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە. لە دوای جەنگی دوانزە ڕۆژە ئێران هەوڵی دوبارە ڕێکخستنەوەی بریکارەکانی لە یەمەن و لوبنا و عێراق دەدات.

٣. سنور دارکردنی توانا موشەکییەکانی ئێران. ئیران لە داوی جەنگ سەرقاڵی پەردان بە توانا موشەکییەکانی خۆیەتی و سەرقاڵی بەهێز کردنی سیستەمی دژە موشەکی و توانای بەرگریکردن کردن لە ئاسمانی ئێرانە.

ئەمە سێ گۆشەی ناکۆکی نێوان ئیران و ئەمریکایە. بەر مەبنای هەر سێ ڕاستییەکە ئاسوی خولی یەکلاکەرەوەی دانووستان بۆ چارەسەری کێشیەی نێوانیان ئەگەرێکی زۆر لاوازە. سیاسەتی ئیران زۆر ئاشکرایە: شەڕ ناکەین. وتووێژ ناکەین. بەرەی موقاومە بەهێز دەکەین.

بە گشتی لە دۆسییەی ئێران دوو چاوەڕووانی زۆر نزیکە. یەکەم دارمانی ئابووری ئەو وڵاتەیە کە گەیشتوەتە قۆناغی مەنترین هەڵاوسانی مێژووی لە ئیراندا. دووەم هێرشکردنە سەر بازووی سەرەکی ئیران لە ناوچەکە کەحیزبوڵلای لوبنانە. وەک ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕی دووەمی جەنگێکی مەزن لە گەڵ ئێران.

گۆڕانکارییەکان لە ئێران ڕو لە پەرەسەندنە. پێشبینییەکان بۆ سەرهەڵدانەوەی گەڕێکی قورسی خۆپیشاندانەکان ڕاست بوون و دوور لە چاوەڕوانی نەبوون. سەرهەڵدانەکان لە تاران و لەبازاڕی ئەو شارە دەسییان پێکرد و بە توندی ڕوو لە پەرەسەندنە. جیاوازی ئەم خولەی خۆپیشاندانەکان لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی ساڵی پار ئەویە کە ئەم جارەیان هاندەری خۆپیشاندانەکان هەژاری و دۆخی خراپی ئابووریە و دروشمەکانی سیاسی و داوای کۆتایی هێنان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. کاردانەوەی میدیایی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و جیهانی سەلمێنەری ئەو بابەتەیە کە چاوی جیهان لە سەر ئێرانە و هەموو ئەگەرەکان بە ڕوی ئێران بە کراوەی دەهێڵێتەوە. جەنگێکی تازە هاوشان لە گەڵ ناڕەزایی خەڵک، یاخود گرفتە ناوخۆییەکانی ئێران لە گەڵ گەڵی ئێران بەرەو ئاراستەی گۆڕانکاریی بنچینەیی بڕوات.

ئێرانناسی: لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی مەسعود پزشکیان و بەتایبەتی لەم چەند مانگەی کۆتاییدا، کۆمەڵێك دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستە جۆاروجۆرەکانی کابینە دەبینین لەو کەسانەی کە لایەنگری پزشکیان بوون؛ هۆکارەکانی چین؟

د. ئەژی: لە چەند مانگی ڕابردوودا کابینەی پزشکیان چەندین جیابوونەوە و دەستلەکارکێشانەوەی بەخۆوە بینی؛ بەشێکی بەرچاوەی دەستلەکارکێشانەوەکان ناڕەزایەتییەك بووبەرامبەر بە لادانی کابینەی پزشکیان لە پرۆژەی ناسراو بە یەکدەنگیی نیشتمانی (وفاق ملی)، بەو پێیەی ئەم پرۆژەیەك نەك تەنیا نەبووە هۆی هێنانەپێشەوەی کەسایەتییە پسپۆڕ و پراگماتیگەکان بەبێ گوێدان بە لایەنگری سیاسییان، بەڵکو وەك بەشێکیان ئاماژەیان پێ داوە، مەجالێك بووە بۆ گەڕانەوە یان مانەوەی بەشێك لە بناژووخوازە ڕاستڕەوەکان کە تەنانەت ئەزموونی بەشداریان لە کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی-ش هەبووە. جیا لەمە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کەسایەتییە ڕیفۆرمخواز و میانەڕەوەکانی نزیك لە ڕۆحانی و هەروەها ناکۆکی ئەمان لەگەڵ کەسە نزیکەکانی پزشکیان وەك محەمەدجەعفەر قائیم پەنا، جێگری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری جێبەجێکردن، لەسەر جیاوازی دید و ئاراستەی کارکردن و هۆکارەکانی دیکە لێکترازانەکان بوون. ئازەری جەهرۆمی، وەزیری پێشی کابینەی ڕۆحانی و یەکێك لە کەسایەتییە چالاکەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پزشکیان، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ عارف ئامادە نبوو لە کابینە بەشدار بێت یان ڕێگری لێ کرا! تەیب نیا وەزیری پێشووی

ئابووری کابینەی ڕۆحانی، پاش بەشداریی وەکو ڕاوێژکاری باڵای سەرکۆماری بۆ کاروباری ئابووری، دیاری کرا، زۆری نەبرد بە هۆی نەبوونی ستراتیژییەکی دیاریکراو و پێنەدانی دەسەڵاتی پێویست، لە کابینە کشایەوە، پێشتریش محەمەد جەواد زەریف، سەرباری ئەوەی بە فشاری پەرلەمان ناچار کرا، پۆستی جێگری و ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار بۆ پرسە ستراتیژییەکانی بەجێ هێشت، بەڵام ئەویش گلەیی لە دۆخی کابینە هەبوو. ئەمە جیا لەوەی کە چەندین کەسایەتیی دیکەی ریفۆرمخواز و ئوسولگەرای میانەڕەوە وەکو فەیاز زاهێد و محەمەد موهاجری، بە هۆکاری هاوشێوەی بێهوایی لە سیاسەتە ناخۆییەکانی پزشکیان و دانانی بەڕێوەبەرانی کابینەی ڕۆحانی، دەستیان لە کار کێشایەوە. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستەلەکارکێشانەوەی عارف بوو، کە لە لایەن پزشکیانەوە پەسەند نەکرا؛ بەپێی زانیارییەکان عارف بە هۆکاری «جیاوازی دیدگا» لەگەل بەشێك لە ئەندامانی کابینە و ڕەخنەی لە پشتگیرینەکردنی بەشێك لە ڕێفۆرمخوازەکان لە کابینە، ئامادە نەبووە درێژە بە ئەرکەکەی بدات. کۆی ئەم وێنەیە، دەرخەری قووڵایی کێشە جواروجۆرەکانی نێو کابینەی پزشکیانە، بەدەر لە فشاری بەردەوامی بناژووخوازە ڕاستڕەوەکان کە لە ڕیگە پەرلەمان (وەك هەوڵەکان بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیرەکانی کابینە) و میدیاکانیانەوە (تەنانەت بە میدیای فەرمی حکومەتیشەوە)، کابینەی پزشکیانیان ماندوو کردووە. بەشێوەیەکی گشتی؛ تا ئەم ساتە پرۆژەی یەکدەنگیی نیشتیمانی پزشکیان، نە بووەتە جێگەی ڕەزامەندی ڕیفۆرمخواز و میانەڕەوەکان و نە توانیوێتی ئوسوڵگەرا ڕاستڕەوکان قایل بکات کە پشتیوانی هەنگاوەکانی بن.

ئێراناسی: یەکێك لەو قەیرانانەی کە چەندین ساڵە بەرۆکی ئێرانی گرتووە قەیرانی ئابوورییە. هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانەوەی ئەمجارەی خۆنیشاندانەکانیش توڕەیی خەڵك و بەتایبەت بازاڕییەکان بوو لە بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری نرخی دۆلار. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانی ئەم چەند هەفتەیە، کابینەی پزشکیان بڕیارێکی قورسی ئابووری بۆ چارەسەری ناجێگیری بازار و نرخی کاڵاکان داوە، ئەم سیاسەتە چییە و بەرەو کوێ دەچێت؟

د. ئەژی ئازاد: بڕیارێکی گرنگی پزشکیان کە لە ئایندەدا کاریگەرییەکی گەورە لەسەر چارەنووسی کابینەکەی و تەنانەت حکومەت بەجێ دەهێڵێت، بڕیاری ڕاگرتنی پێدانی

دراوی چەند نرخییە (ارز چند رقمی) بە هاوردەکاران. بۆ نموونە ئەگەر پێشتر کابینە بێ گوێدان بە نرخی دۆلار لە بازاڕی ئازاد، دۆلاری ٢٨ هەزار و ٥٠٠ تمەنی بە هاوردەکاران دەدا، بۆ ئەوەی جووڵەی بازرگانی نەوستێت و نرخی شتومەکان گرانبوونێکی خێرایان نەبێت، ئێستا چیتر ئەو دۆلارە نەماوە و هاوردەکاران دەبێت بە دۆلاری ڕۆژ، کالاکان هاوردە بکەن. هۆکاری ئەم بڕیارە ئەو گەندەڵی و ڕانتە گەورەیە بوو کە ئەم سیاسەت بە دوای خۆیدا هێنابووی و نە کابینەی پزشکیان بەڵکو کابینەکانی ڕەئیسی و ڕۆحانیش نەیانتوانی چارەسەری بکەن، دراوی چەند نرخی بووە هۆی ئەوەی کەمینەیەك بە سوودوەرگرتن لەم دۆلارە، کاڵاکان بە نرخێکی زۆر زیاتر لەوەی کڕیبوویان لە ناوخۆدا بە خەڵکی بفرۆشنەوە، یان دۆلارە وەربگرن و لە شێوەی کاڵا نەیگەڕێننەوە، تا ئەو ڕادەیەکی کە پزشکیان ڕایگەیاند: «هەر کەسێك دۆلاری ٢٨ هەزار وەرگرتبێت، ڕانتی وەرگرتووە». ئەم بڕیارە بەخێرایی شۆکێکی ئابووری دروست کرد و نرخی هەندێ خواردمەنی وەك ڕۆن و مریشك و هێلکە بەرزبوونەوەیەکی نائاسایی بەخۆوە بینی. داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە بەو هیوایەن لە ڕێگەی پاڵپشتی دارایی بە خەڵك لە شێوەی پسوڵەی پارە (کالابەرگ) و زیادکردنی پارەی پاڵپشتیی مانگانە (یارانە)، قەرەبووی نرخە زیادکراوەکە بداتەوە، لە ماوە درێژیشدا، هیوای پزشکیان ئەوەیە بەم سیاسەتە، جێگیربوونێکی نرخەکان لە بازاڕ بهێنێتەوە کایەوە، کە لە ٢٠١٨-ەوە ئابووری ئێران پێوەی دەناڵێنێت، یان لانیکەم خێرایی بەرزبوونەوەی نرخەکان کەم بکاتەوە. بەڵام ئەم سیاسەتە، چینی خوار و ناوەڕاستی خەڵکی ئێران بەتەواوی ماندوو دەکات و زەختێکی زۆر زیاتر لە جارانیان تووش دەکات، ئەگەر لایەنە زیانمەندەکانی ئەم سیاسەتەش کاری تێکدەرانە بکەن وەکو دروستکردنی کێشە لە هاوردەکردن کالا سەرەکییەکان، تێکدانی بازاڕی دراو و یارییێکردنی، دیار نییە کە نرخەکان تا چ ڕادەیەك بەرزتر دەبنەوە. بۆیە ئەگەر ئەم بڕیارە هاوکار و پاڵپشتی ناوەندەکانی هێز و بەگشتی "نظام"ی لەگەڵ نەبێت، سەر بۆ هەژاریی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران و دواتر خۆپێشاندان دەکێشێت. هاوکاتیی ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە و خۆپێشاندانەکانی ئێستای ئێران، چارەنووسی ئەم بڕیارە قورسەی خستووەتە گومانێکی زۆرە. هەرچییەك بێت، تا ئەو کاتەی ئێران چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ گەندەڵیی سیستماتیك نەدۆزێتەوە، نەچێتە نێو بازاڕ جیهانی و ئاڵۆگۆڕی بانکییەوە و ناوەندەکانی دەسەڵاتیش بەتەواوی پشتگیری هەنگاوەکانی کابینە

نەکەن، سەرجەم ئەم بڕیار و سیاسەتانە، نەك دۆخەکە بەرەو باشتربوون نابەن، بەڵکو زەمینەکانی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان، زیاتر خۆش دەکەن.

ئێرانناسی: لە دوای کورتکردنەی دەستی ئێران لە لوبنان، سوریا و فەلەستین، تەنیا مەیدانێك کە ئێران بتوانێت گەمەی تێدا بکات، عێراقە. لە دوای بڵاوکردنەوەی ستراتیجی نەتەوەیی ئەمریکاشەوە، کە کەمترێن حسێبی بۆ ئێران کردووە، دەگوترێت ململانێکانی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت. لە ستراتیجە نوێیەکەی ئەمریکادا، ئێران لە پەلوپۆ خراوە و ڕێگە نادرێت بە هیچ جۆرێك ببێتە مەترسی بۆ گەرووی هورمز، وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت ئیسرائیل. لە بەرامبەردا ئێران لە تاقە گۆڕەپانەکەیدا کە عێراقە، دەیەوێت چی بکات؟

د. موئمین زەڵمی: لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا، بەتایبەتی لە لوبنان، سووریا و فەلەستین، عێراق وەک تاقە مەیدانێکی سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی کاریگەری و هەژموونی ئێرانی ماوەتەوە. بینیمان لە لوبناندا، حیزبوڵڵا کە بەماوەی چەند دەیەیەک پرۆکسی سەرەکی ئێران بوو، لە شەڕەکانی کۆتاییدا گورزی قورسی لێکەوت و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی و بە نزیکەیی کۆی بنکە و چالاکییەکانی لەدەستدا، لە سووریاشدا، کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد دوای چەندین ساڵ پشتیوانیی ئێرانی و ڕووسی، لەوانەیە گەورەترین لەدەستدانی ستراتیجی بۆ ئێران بێت لە ناوچەکەدا، چونکە سووریا پردێکی گرنگ بوو بۆ گەیاندنی چەک و یارمەتی بۆ حیزبوڵڵا لە لوبنان، هەروەها مەیدانێک بوو بۆ ئامادەبوونی سەربازی ڕاستەوخۆی ئێران. لە فەلەستینیش، توانای حەماس بۆ وەرگرتنی پشتیوانی و چەک لە ئێران سنووردار بووە بەهۆی فشارە نێودەوڵەتییەکان و گەمارۆکانی ترەوە. ئەم دۆخانە واتای ئەوە دەگەیەنن کە ستراتیجی "بەرەی مقاومە"ی ئێران کە پشتی بە چەندین باڵ و گروپ دەبەست لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لاوازبووە و عێراق بووەتە تاقە گۆڕەپانی سەرەکی کە ئێران هێشتا دەتوانێت تێیدا پەلی تیا بهاوێت.

بە واتایەکیتر تا ئێستاش عێراق لە جیاوازترین دۆخدایە بەراورد لەگەڵ مەیدانەکانی دیکەی نفووزی ئێرانی، و ئەمەش زیاتر لە یەک هۆی هەیە. یەکەم، نزیکایەتی جوگرافی و هاوبەشبوونی سنوورێکی درێژ لەگەڵ ئێران، کە ئاسانکاری دەکات بۆ

گەیاندنی، چەک و یارمەتیی بەبێ پێویستی بە ڕێڕەوی دوور یان ناوەندگیری وڵاتانی دیکە. دووەم، پەیوەندییە مێژوویی و ئایینییە قووڵەکان، بەتایبەتی زۆرینەی شیعەی دانیشتووانی عێراق و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئێران، کە زەمینەیەکی گونجاو بۆ کاریگەری درێژخایەن دروستدەکەن. سێیەم، ژێرخانی سیاسی لاواز و ناسەقامگیری سیاسی، گەندەڵی بەرفراوان، و دابەشبوونی مەزهەبی و قەومی لە عێراقدا، کە دەرفەت بۆ کاریگەری دەرەکی دروستدەکات. چوارەم، ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەکدارە شیعیەکان کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ سوپای پاسداراندا هەیە، بنکەیەکی توانادار بۆ کاریگەری ئێرانی پێکدەهێنن.

بەو هۆیەشەوە دەتوانین لەو چوارچێوەیە باشتر تێبگەین کە ئێران چەند ئامانجێکی ستراتیجی لە عێراقدا هەیە: پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی، مانەوەی کاریگەری سیاسی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە حکوومەتەکانی عێراق لایەنگیری بەرژەوەندییەکانی بکەن، دەستڕاگەیشتن بە بازاڕ و سەرچاوەکانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆکان کە نزیکەی نیو سەدەیە وڵاتەکەی گرتووتەوە، و بەکارهێنانی خاکی عێراق وەک قووڵایی ستراتیجی لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا.

لە بەرامبەردا، ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا کە ئەم دواییانە بڵاویکردەوە، ڕوانینێکی توندتری بەرامبەر ئێران گرتووەتەبەر و ئامانجی سنووردارکردنی کاریگەری ئێرانە لە ناوچەکەدا. ئەم ستراتیجییە چەند پرەنسیپێکی سەرەکی دەگرێتەوە: لەقاڵبدانی ئێران وەک وەڵێنەییەک لە ڕێگەی گەمارۆی ئابووری، فشاری بەردەوام و ئامادەیی سەربازی، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گەرووی هورمز کە گرنگە بۆ گواستنەوەی نەوت بە کراوەیی بمێنێتەوە، بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بۆ دروستکردنی بەربەستێک لە دژی فراوانبوونی هەژموونی ئێرانی، و دڵنیابوون لەوەی کە ئێران نەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئیسرائیل. بۆیەش لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیجەکەدا، ئەمریکا نیگەرانییە قووڵەکەی ناشارێتەوە لە ئامادەبوونی سەربازی لە عێراق، و فشاری زیاتر دەخاتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ سنووردارکردنی هەژموونی ئێرانی، پشتیوانی زیاتر دەکات لە هێزە نا پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوەوەی عێراقدا، و ئامادەیە بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە دژی ئامانجە ئێرانییەکان لە عێراقدا هەر کاتێک پێویست بێت بە تایبەت لە چوارچێوەی پاراستنی «ئاشتی بۆ

ئیسرائیل» دا.

لە ئەزموونی نزیکەوە، شەڕی دوانزە ڕۆژەی ئیسرائیل-ئێران نموونەیەکی ڕوون بوو لە قورسی دۆخی حکوومەتی عێراق، کە بە سەرۆکایەتی محەمەد شیاع سوودانی تا ڕادەیەکی زۆر توانی باڵانس ڕابگرێت و عێراق لە شەڕەکەدا تێوەنەگلا. ئەم سەرکەوتنە دیپلۆماتییە نیشانی دەدات کە حکوومەتی عێراق هەوڵدەدات سەروەرییەکی ڕێژەیی پاراستبێت لە نێوان فشارە جیاوازەکانی ئێران و ئەمریکادا، بەڵام ئەم باڵانسە پڕئاڵەنگاری و قورسە پێویستی بە لێهاتوویەکی زۆری سیاسی و دیپلۆماسی هەیە بۆ بەردەوامی پێدان.

لە ئێستادا ئێران لە مەیدانی عێراقیدا چەند ستراتیجییەتێک بەکاردەهێنێت بۆ پاراستن و فراوانکردنی هەژموونەکەی. لە ئاستی سیاسیدا، پشتیوانی مادی و سیاسی لە پارتە شیعەکان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ سوپای پاسداراندا هەیە و لە هەڵبژاردنی ڕابردووشدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا، بە شێوەیەک زیاتر لە یەک لەسەرسێی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاستەوخۆ لەو هێزانەن، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و یارمەتی ئابووری و وەبەرهێنان پێشکەش دەکات بۆ دروستکردنی گرێبەستی ئابووری کە هەڵکەندنیان بە جۆرێک ببێتە مەحاڵ. لە ڕووی سەربازیشەوە، گروپە چەکدارە شیعەکان کە لە حەشدی شەعبی دا کۆکراونەتەوە، ئامرازێکی سەرەکین بۆ پارێزگاری لە ئێران. هەروەها گروپەکانیتری وەک کەتائیبی حیزبوڵڵای عێراقی و عەسائیبی ئەهلی حەق کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ سوپای پاسداراندا هەیە، و لە ڕابردوودا هێرشیانکردووەتەوە سەر بنکە ئەمریکییەکان بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، فشاربوون بۆ سەر حکوومەت بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان، و کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە سنوورەکان و ڕێڕەوە بازرگانییەکان. لە ڕووی ئابووریەوە، ئێران هەوڵی داوە لە ڕێگەی عێراقەوە خۆی لە گەمارۆکان دەرباز بکات، چونکە بازاڕی عێراق گرنگە بۆ کاڵاکانی ئێرانی و هەروەها کارەبا و گاز، بەکارهێنانی سیستەمی بانکی عێراق بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ داراییەکان، و وەبەرهێنانی کردووە لە بواری وزە و ژێرخانی عێراق بۆ قووڵکردنەوەی بەرژەوەندی ئابووری. ئەم ستراتیجییە فرەلایەنە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێران بەتەواوی ئامادە نییە عێراق وەک مەیدانی کاریگەری و نفووز بەجێبهێڵێت، و ئامادەیە هەموو ئامرازە

بەردەستەکانی بەکاربهێنێت بۆ مانەوە لەم گۆڕەپانەدا.

بەڵام ململانێی پێشبینیکراوی نێوان ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر عێراق و گەلەکەی جێدەهێڵێت. ناسەقامگیری ئاسایش بەهۆی هێرشە بەردەوامەکان و بەرپەرچدانەوەکان، کێشەی ئابووری بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنان و گەندەڵی، لاوازی خزمەتگوزارییەکان و قووڵترکردنەوەی دابەشبوونی مەزهەبی و قەومی، هەموویان کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییانی عێراق جێدەهێڵن. حکوومەتی عێراقیش لە دۆخێکی زۆر قورسدایە، چونکە پێویستی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی بەردەوام هەیە لە نێوان داواکارییەکانی ئەمریکا و ئێراندا، لە کاتێکدا کە توانایەکی سنووورداری هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی گروپە چەکدارەکان لە ناوەوەی وڵاتەکەدا و هێشتاش پشتدەبەستێت بە ئەمریکا و ئێران بۆ پێداویستییە ئابوورییەکانی.

لەم چوارچێوەیەدا، کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق کە چاوەڕوانکراوە لە ماوەی داهاتوودا پێکبهێنرێت وەک ئەنجامی هەڵبژاردنی مانگی یانزەی ساڵی رابردوو، دەبێتە خاڵێکی تۆختری ململانێی ئێران و ئەمریکا. چونکە چاوەڕوان دەکرێت کە هێزە دۆستەکانی ئێران کاریگەرییان زیاتر بێت لەم حکوومەتە نوێیەدا، و بەتایبەتی چاویان لە وەزارەتە کاریگەرەکان وەک وەزارەتی دەرەوە بێت. وەزارەتی دەرەوە لە ئاستێکی ستراتیجیدا گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە لە ڕێگەی ئەم وەزارەتەوە دەتوانرێت کەناڵێکی بەهێز بکرێتەوە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە لە سەردەمێکدا کە ئێران لە تەنگژەی دیپلۆماسی و گەمارۆکانی نێودەوڵەتیدایە. بەو پێیە، شانۆی سیاسی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکان دەبێتە مەیدانێکی نوێی ململانێ، و ئەوەی کە کام لایەن بتوانێت کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر پێکهاتەی کابینەی نوێ و دەستنیشانکردنی وەزیرەکان، بەتایبەتی لە وەزارەتە سەرەکییەکاندا، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەوە و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ.

لە کۆتاییدا گرنگە لەوە تێبگەین کە داهاتووی ململانێی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا بەستراوەتەوە بە توانای هەردوو لایەن بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنێک کە سنووری کاریگەری یەکتری دیاری بکات، یان توانای حکوومەت و کۆمەڵگەی عێراقی بۆ خۆدامەزراندن و

بەدیهێنانی سەروەرییەکی ڕاستەقینە لەسەر بڕیارە نەتەوەیی و ئاسایشییەکانیان. بەڵام لە دۆخی ئێستادا، عێراق بەردەوام دەبێت وەک مەیدانێک بۆ ململانێی نێوان هەردوو دوو هێزەکە، کاتێک کە خەڵکی عێراقی زۆرترین زیانیان لێدەکەوێت لەم کێشە نێودەوڵەتییانەی کە لەسەر خاکیاندا ڕوودەدەن. هاوسەنگی و تێوەنەگلان کە حکوومەتی سوودانی لە شەڕی ئیسرائیل-ئێران پیشانیدا، ڕەنگە نموونەیەک بێت بۆ تێگەشتن لە ئەگەرەکانی داهاتوو، بەڵام ئەم سیاسەتە پێویستی بە پشتیوانی ناوخۆیی بەهێز، یەکگرتوویی نیشتمانی و توانایەکی دیپلۆماسی بەرز هەیە کە هەموویان لە عێراقی ئەمڕۆدا بوونیان نیە و تەنانەت خودی سودانیش گەرەنتییەکی بەهێزی نیە کە بتوانێت ئەم خولەی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی بەدەستبهێنێتەوە. بۆیە، لەوانەیە عێراق بۆ ماوەیەکی زیاتریش بەردەوام بێت لە هەڵگرتنی باری قورسی ململانێی ناڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمریکا، لە کاتێکدا کە پرسی سەرەکی ئەوە دەبێت کە ئایا عێراقییەکان دەتوانن لەم نێوەندەدا دەنگێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت یان نا، یان ئایا بەردەوام دەبن وەک مەیدانێک بۆ پرواندنی ژەنگی لایەنەکانی دیکە لەسەر خاک و بەرژەوەندییەکانیان.

ئێراناسی: گۆڕانکارییەکانی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوو، کە گرنگترینیان سەرهەڵدانی خۆنیشاندانەکانی ژن، ژیان، ئازادی و جەنگی دوانزە ڕۆژە بوون، مێژوی ئێرانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ یان بە تەواوەتی گۆڕی. بە ڕاددەیەك کە ئەگەر ئەو وڵاتە مل بە دانووستانی ناچارەکی (دۆڕاوە-براوە) لەگەڵ ئەمریکادا نەدات، ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەهێزترین ئەگەر دەنوێنێت. هۆکاری ئەم دۆخە خراپە ئەوەیە کە ئێران تەنیا لەڕووی سیاسەتی دەرەوە و هێزی سەربازییەوە ڕووبەڕووی قەیران نەبووەتەوە، بەڵکو لە نێوخۆی وڵاتیشدا بە دەست کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری (دراو، گەمارۆکان)، کێشەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك (ئاو، کارەبا، سووتەمەنی)، خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی (برسییەتی، کپکردنی ئازادییەکان)، مەترسیی جوگرافی (بەسەحرابوون) و ئەگەری لێکدابڕان و قووڵبوونەوەی ناکۆکییە ئێتنیکییەکان و لە هەمووی گرنگتر لەناوبردنی هەموو پشتیوان و پرۆکسییەکانی کە پێشتر دەیانتوانی ببنە مەترسی بۆ نەیارەکانی ئێران دەناڵێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم قەیرانانە کە بەشێکیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە گەڕانەوەی میکانیزمی بەلەپێتکە و سەرهەڵدانی خۆنیشاندانی جەماوەرییەوە هەیە، دەتوانین بڵێین دۆخی ئێران لە خراپترین ئاست

کەسایەتی

ئیرانناسی

مەهدی بازرگان؛

یەکەم سەرۆك وەزیرانی دوای شۆڕش

د. یاسین عزەم

سەرەتای ژیانی

مەهدی بازرگان لە ١ی ئەیلوولی ١٩٠٧ لە تاران لەدایکبووە. خێزانەکەی لە بنەڕەتدا ئازەری و دانیشتووی شاری تەبرێز بوون. باوکی، عەباس قلی بازرگان، بازرگانێکی سەرکەوتوو و خاوەن بیرۆکەی ڕێفۆرمخواز و دایکیشی لە خێزانێکی ئایینی بوو. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سوڵتانی و ئامادەیی لە «دارلمعلمین»ی ناوەندی لە تاران، کە لە لایەن ئەبولحەسەن فروغییەوە بەڕێوەدەبرا تەواوکرد، بازرگان لە ماوەی خوێندنی ئامادەیی لە ژێر کاریگەری ئەبولحەسەن فروغیدابوو.

خوێندنی زانکۆیی

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، بازرگان توانی زەمالەی شاهەنشاهی بەدەستبهێنێت و لە وڵاتی فەرەنسا درێژەی بە خوێندنی ئەندازیاری کارەبا و تەرمۆدینامیك دا، ماوەی حەوت ساڵ لە فەرنسا مایەوە، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەندازیاری تەمۆدینامیکدا گەڕایەوە بۆ ئێران.

دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنی کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی تاران، دواتریش هەر لەو زانکۆیە وەك مامۆستا و سەرۆکی کۆلێژەکە دەستبەکار بوو.

دەستپێکی چالاکی سیاسی (١٩٥٠-١٩٦٣)

بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوت

قۆناغێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی بازرگان پەیوەندی بە بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی پیشەسازی نەوتەوە هەبوو، کە لەلایەن دکتۆر محەمەد موسەدەقەوە لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ سەرکردایەتی دەکرا. سەرەتای بەشداری سیاسیی بازرگان دەگەڕێتەوە بۆ کابینەی یەکەمی موسەدەق، کە لە لایەن کەریم سەنجابی وەزیری ڕۆشنبیرییەوە وەك وەکیل وەزیر دیاری کرا، بەڵام لەو پۆستەدا ماوەیەکی کەم مایەوە، چونکە لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە، وەك سەرۆکی تیمی خۆماڵیکردنی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئێران دەستنیشان کرا. بازرگان بە یەکێك لە پاڵپشتە گەورەکانی مسەدەق لە قەڵەم دەدرێت سەبارەت بە پڕۆسەی خۆماڵیکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران و کەمکردنەوەی دەستی بێگانە لەو وڵاتە، هاوکات بە یەکێك لە نزیکەکانی ئایەتوڵڵا کاشانی کەسایەتی دیاری ئایینی، کە لەسەرەتای کابینەی یەکەمی موسەدەق پشتگیرییەکی سەرسەختی بوو لە پڕۆسەی خۆماڵیکردنی نەوت لە ئێران.

دامەزراندنی بزووتنەوەی ئازادی ئێران

دوای کودەتای ١٩٥٣ و کۆتایی هێنان بە حکومەتی موسەدەق، بازرگان و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کە بیروڕای هاوشێوەیان هەبوو، دەستیان کرد بە چالاکی سیاسی ناڕەسمی، سەرەتا بزووتنەوەی بەرگری ئێرانیان دامەزراند، دواتریش لە ساڵی ١٩٦١دا، لەگەڵ ئایەتوڵڵا محەمەد تاڵەقانی کەسایەتی دیاری ئایینی، «نهضت آزادی ایران»

(بزووتنەوەی ئازادی ئێران)یان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە بنەمایەکی فیکری تایبەتی هەبوو کە بە «ئیسلامی دیموکرات» وەسف دەکرا. ڕێکخراوەکە توانی سەرنجی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیر و ڕۆشنفیکرەکانی ئەو کاتی ئێران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، محەمەد ڕەزا شا «شۆڕشی سپی»ی (انقلاب سفید) ڕاگەیاند، بەرنامەیەک بۆ ڕێفۆرم لە سەرەوە بۆ خوارەوە. بزووتنەوەکە ئەم بەرنامەیەیان ڕەخنەباران کرد، نەک لەبەر دژایەتیکردن لە ڕێفۆرم، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕەنگە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی شا توندتر بکات و پێگەی محەمەد ڕەزا شا بەهێزتر بکات. بازرگان و هەشت کەسی دیکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادی دەستبەسەر کران و بە «تاوان»ـی ئەنجامدانی چالاکی دژی حکومەت، لە دادگا دادگایی کران. بازرگان بەرگریی لە خۆی کرد. ئەو ئامانجە سیاسییەکانی و بیر و باوەڕەکانی بە شێوەیەکی باش ڕوون کردەوە و گوتی «ئێمە نە کۆمۆنیست، نە فاشیستین، ئێمە ئێرانین، مسوڵمانین، باوەڕمان بە دیموکراسییە.»بازرگان بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ مانگ زیندانی کرا، پاشان ئازاد کرا.

لە نۆڤێمبەری ١٩٦٤دا، تەنها چەند مانگ دوای ئازادبوون، جارێکی دیکە بازرگان و ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و چەندین کەسی دیکە دەستگیر کران. ئەم جارە حوکمی زیندانیان سەختتر بوو، بڕیاردرا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ زیندانی بکرێن. تاوانەکەیان «هەوڵدان بۆ سەرنگوونی ڕژێمی شاهنشاهی» بوو. پاش بەسەربردنی سێ ساڵ لە زیندان، بە هەوڵی ناوخۆیی و نێودەڵەتی لە زیندان ئازاد کران، بەڵام بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرکرا، دوای ئازادبوون لە زیندان، بازرگان نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ کاری ئەکادیمی بە شێوەیەکی ئاسایی، چونکە لە زانکۆ دوورخرابووەوە.

لە سەروەختی بەسەربردنی زیندان و دوورخستنەوەیدا بازرگان بەردەوامبوو لە کاری نووسین و کۆمەڵە کتێب و لێکۆڵینەوەیەکی نووسی لە گرنگترینیان:

١. ڕاە طی شدە: ئەم کتێبە یەکێک لە کارە هەرە کاریگەرەکانی بازرگان بوو. تێیدا هەوڵی دا بە بەکارهێنانی زانست (تەرمۆدینامیک، بایۆلۆجی، فیزیک) بیسەلمێنێت کە خودا هەیە و ئایین لەگەڵ عەقڵ و زانستدا ناکۆکی نییە.

٢. دفاع از آزادی (بەرگری لە ئازادی) کۆکراوەیەکی نووسراوەکانی دەربارەی

ئازادی سیاسی، دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە دیدگای ئیسلامییەوە.

٣. مجموعە آثار (کۆکراوەی کارەکان) ژمارەیەک کتێب و وتار دەربارەی ئایین، زانست، سیاسەت و کۆمەڵگە. لە هەموو ئەم کارانەدا، بازرگان هەوڵی دەدا ئەوە پیشانبدات، کە ئیسلام نەک تەنها لەگەڵ مۆدێرنیتەدا ناکۆک نییە، بەڵکو دەتوانێت بنەمای سیستەمێکی مۆدێرن، دیموکرات، و پێشکەوتووانە بێت.

پەیوەندی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی

لە دەیەی ١٩٧٠دا، بازرگان پەیوەندی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دروستکرد، کاتێك لە شاری نەجەفی عێراق بوو. سەرەتای پەیوەندیەکەیان لەسەر بنەمای دژایەتی هاوبەشیان لە دژی ڕژێمی شا بوو. چونکە بیرو باوەڕیان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و شێوازی بەشداری پیاوانی ئایینی جیاواز بوو، بەڵام بازرگان بڕیاریدا پشتگیری لە ئایەتوڵڵا خومەینی بکات، چونکە پێیوابوو ئەو دەتوانێت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهی یەکبخات.

لەسەرەتای دەستپێکی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٧، بازرگان هەوڵیدا وەك نێوەندگیر لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات کاربکات، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کۆتا سەرۆك وەزیرانی ڕژێمی شاهەنشاهی کۆبوویەوە، بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینی هەر زوو ئەو پەیامەی بە گوێی بازرگان و هاوڕێکانیدا، کە ئەو نێوەندگیر قبوڵ ناکات و دەیەوێت شا لە دەسەڵات دووربخاتەوە.

بازرگان وەک یەکێک لە دەنگە میانەڕەوەکان، هەوڵی دەدا وەک پردێک لە نێوان هێزە جیاوازەکان بە مەبەستی ڕێگری کردن لە خوێنڕێژی و کەمکردنەوەی گرژییەکانی وڵات، بازرگان داوای لە ئایەتوڵڵا خومەینی کرد، کە ڕێگە بدات محەمەد ڕەزا شا بمێنێتەوە بەڵام دەسەڵاتەکانی کەمبکرێتەو و بدرێت بە حکومەتێك لە ژێر چاودێری شۆڕشگێڕاندا بێت، لە پەیامەکەیدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی گوتبووی» لە ئێران سێ دەسەڵات بوونی هەیە، شا، سوپا، ئەمریکا، ئەگەر شا ئێران بەجێبهێڵێت، چی لە سوپا و ئەمریکا بکەین؟» لە وەڵامدا ئایەتوڵڵا خومەینی بە بازرگانی ڕاگەیاندبوو» لێگەڕێ با شا وڵات بەجێبهێڵێت، سوپا مناڵی کۆمەڵگەی ئێران خۆیەتی و دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی شۆڕش، ئەمریکاش ناچار دەبێت ئێران بەجێبهێڵێت». لە ١٦ی کانوونی دووەمی

١٩٧٩، محەمەد ڕەزا شا ئێرانی بەجێهێشت، ئەوەش بە مانای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی شاهەنشاهی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێران هات. دوای پازدە ڕۆژ لە جێهێشتنی ئێران لە لایەن محەمەد ڕەزا شاوە، ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ ئێران و سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشی ڕاگەیاند و گوتی» بە یارمەتی گەلی ئێران حکومەتێکی نوێ بۆ ئێران دیاری دەکەم».لە ٥ی شوباتی ١٩٧٩دا، ئایەتوڵڵا خومەینی، بە فەرمی مەهدی بازرگانی وەک سەرۆک وەزیرانی «حکومەتی کاتی» دیاری کرد.

قۆناغی سەرۆک وەزیرانی بازرگان (شوبات-نۆڤێمبەری ١٩٧٩)

لە سەروەختی ڕاسپاردنی وەك سەرۆك وەزیران کە لە لایەن هاشمی ڕەفسەنجانییەوە بڕیاری دەستبەکاربوونەکەی خوێندرایەوە، لەسەر ڕاسپاردەی ئایەتوڵڵا خومەینی، داوا لە بازرگان کرا ئەوانەی کە لە کابینەی حکومەتەکەی بەشداربیان پێ دەکات نابێ ئەندامی ئەو حیزب و لایەنانە بن کە چالاکی سیاسیان هەیە، بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك هەلەکە نەقۆزێتەوە بە قازانجی پارتەکەی خۆی کار نەکات، ئەوەش کێشەیەکی جدی بوو بۆ بازرگان لە دیاریکردنی ئەندامانی حکومەتەکەی.

کێشەیەکی دیکەی بازرگان کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ڕووبەڕووی بوویەوە، بوونی چەند لایەنێکی دیکە بوون کە دەسەڵاتیان لە حکومەت زیاتر بوو، وەك «ئەنجومەنی شورای شۆڕشی ئیسلامیی» کە هەندێ کات دەسەڵاتیان لە حکومەتەکەی بازرگان زۆر زیاتر بوو، چونکە ئەمانە زۆرینەیان پیاوانی ئایینی و نزیك لە ئایەتوڵڵا خومەینی بوون، ئەوە جگە لە «کۆمیتەی شۆڕش» کە هیچ حیسابێکیان بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت نەدەکرد و خۆیان بە پاسەوانی شۆڕش دەناساند و لە تەواوی شار و شارۆچکەکاندا گرووپی چەکداریان هەبوو، بازگەیان دادەنا و خەڵکیان زیندانی دەکرد بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت.

دادگای شۆڕش یەکێکی دیکە بوو لە و دامەزراوانەی کە نەبەسترابوویەوە بە حکومەتەوە، بەڵکو فەرمانەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕابەری باڵای شۆڕشەوە وەردەگرت، ئەم دادگایە زیاتر بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانە دامەزرابوو، کە پەیوەندییان بە ڕژێمی شاهەنشاهییەوە هەبوو، ئەم دادگایانە بە خێرایی و بەبێ پابەندبوون بە پرۆسەی یاسایی، حوکمی دەیان کەسیان بە سزای لە سێدارەدان دەرکرد. بازرگان توانای

ڕێگریکردنی ئەو بڕیارانەی نەبوو .هاوکات سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینیدا بوو، بە فەرمانی خۆی لە ئایاری ١٩٧٩ دامەزرابوو. بازرگان زۆرجار سکاڵای دەکرد و دەیگوت «من سەرۆک وەزیرانم، بەڵام دەسەڵاتم تەنها لەسەر ٣٠٪ی دامەزراوەکانە.» کێشەکانی ئابووری، یە کێکی دیکە بوو لە و ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتەکەی بازرگان بووبوویەوە، چونکە لە سەرەتای ١٩٧٩دا، ئابووری ئێران لە دۆخێکی خراپدا بوو، پیشەسازی نەوت وەستابوو یان بە کەمی کاری دەکرد، زۆرێک لە سەرمایەدارانی ئێرانی وڵاتیان بەجێهێشتبوو و سەرمایەیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، نەهامەتی و نرخەکان بەرز بوونەوە.

کێشەکانی ئەمنی و توندوتیژی سیاسی

یەکێک لە گەورەترین شکستەکانی حکومەتی بازرگان کۆنترۆڵنەکردنی توندوتیژی سیاسی بوو. لە مانگەکانی یەکەمی دوای شۆڕش، دادگای شۆڕش بە سەرپەرشتی ئایەتوڵڵا خەلخاڵی، سەدان کەسیان لە سێدارەدا، ئەم لە سێدارەدانەش زۆرجار دوای دادگایەکی کورت و بەبێ ماف بۆ بەرگریی یاسایی ئەنجام دەدران. بازرگان سەرسەختانە ڕەخنەی لەم پڕۆسە گرت و گوتی «ئەمە دادپەروەری نییە، ئەمە تۆڵەسەندنەوەیە، بەڵام خەلخاڵی هیچ گوێی لە سەرۆك وەزیران نەگرت و لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو. پەراوێزخستنی گرووپە سیاسیەکانی بەشدار لە شۆڕش یەکێکی دیکەبوو لەو ئاڵنگارییانەی کە بازرگان نەیتوانی بەری پێبگرێت، گرووپە چەپگەرا و لیبراڵەکان بە تەدریج لە دەسەڵات دوورخرانەوە. زۆرێک لە ڕۆژنامە سەربەخۆکان داخران. هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان زیاتر کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان کرد.

هەڵوێستی بازرگان لە نووسینەوەی دەستوور

یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی حکومەتی کاتی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ بۆ ئێران بوو. هەرچەندە بازرگان خوازیاری دەستوورێک بوو، کە سیستەمی پەرلەمانی دیموکرات دابین بکات، مافی مرۆڤ بپارێزێت و دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیابکاتەوە و ڕۆڵێکی سنووردار بۆ پیاوانی ئایینی دیاری بکات، بەڵام شورای شۆڕش و پیاوانی ئایینی دەستوورێکیان نووسی، کە «ولایت فقیە»ی لەخۆ دەگرت، واتە ڕابەر وەك جێنشینی ئیمامی مەهدییە، ئەوە گەورەترین پێگە بوو کە بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی

لە دەستووری ئێراندا چەسپێنرا. جگە لەوەش دیاریکردنی ئەنجوومەنێکی نوێ بە ناوی ئەنجوومەنی پاسەوانی دەستوور، کە لە توانایدا بوو یاسا دەرکراوەکانیش هەڵبووەشێنێتەوە، کە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا ناگونجێن. هەرچەندە بازرگان ڕەخنەی لەم دەستوورە گرت، بەڵام نەیتوانی گۆڕانکاری بەرچاوی تێدا بکات. لە چاوپێکەوتنێکدا بازرگان ئاماژەی بەوە کرد ئەوان دەیانەوێت حکومەتێکی کۆماری ئیسلامیی دیموکراتی دابمەزرێنن، بەڵام لەوەڵامی بازرگاندا ئایەتوڵڵا خومەینی چەند جارێك ئەوەی دووپاتکردەوە کە «کۆماری ئیسلامیی دروست دەکەن نە وشەیەك زیاد و نە وشەیەك کەم» هەربۆیە بازرگان بەناچاری چووە سەر ڕایەکەی ڕابەری باڵا. لە مارسی ١٩٧٩دا، ڕێفراندۆمێک بۆ پەسەندکردنی «کۆماری ئیسلامیی» ئەنجام درا، زیاتر لە ٩٨٪ی دەنگدەران بە بەڵێ دەنگیاندا.

قەیرانی دەستبەسەرداگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و دەستلەکارکێشانەوەی بازرگان لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا گرووپێک لە خوێندکارانی ڕادیکاڵی پشتگیریکراو لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە، باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران داگیرکرد و تەواوی دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکانیان وەک بارمتە گرت. ئەوان داوایان کرد شا بگەڕێنرێتەوە ئێران بۆ دادگاییکردن. بازرگان باوەڕی وابوو، کە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئابووری ئێران گرنگە، هەربۆیە لە نۆڤەمبەری ١٩٧٩دا لە ئەلجەزایر چووە دیداری بڕیژینسکی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆک کارتەر.

لە ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩دا، سەرۆک کارتەر ڕێگەی دا بەمحەمەد ڕەزا شا بچێتە ئەمریکا بۆ چارەسەری نەخۆشی. ئەمە لە ئێراندا وەک نیشانەیەک بۆ هاوپەیمانییەتی ئەمریکا لەگەڵ شا و ئەگەری پێکهێنانی پیلانێکی کودەتا لێکدرایەوە. دەستبەسەرداگرتنی باڵیۆزخانەکە بووە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا، بازرگان سەرسەختانە ڕەخنەی لەم کردەوەیە گرت و گوتی «ئەمە نەک تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە، بەڵکو زیانی گەورە بە ئێران دەگەیەنێت.» هەوڵی دا فەرمان بدات بۆ ئازادکردنی بارمتەکان، بەڵام نەیتوانی.

ئایەتوڵڵا خومەینی، لە بەرامبەردا، پشتیوانی لە خوێندکارەکان کرد و گوتی ئەمە «شۆڕشی دووەمە گەورەتر لە یەکەم.» هەروەها ڕایگەیاند کە باڵیۆزخانە «لانەی

سیخوڕی» بووە و دەبێ داگیر بکرێت. کاتێک بازرگان بینی کە ناتوانێ قەیرانەکە چارەسەر بکات و دەسەڵاتی نییە بۆ فەرماندان بە ئازادکردنی بارمتەکان، لە ٦ی نۆڤێمبەری ١٩٧٩دا، دەستەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە ئایەتوڵڵا خومەینی کرد و لە لایەن خومەینییەوە دەستەکارکێشانەوەکەی قبووڵ کرا. لە نامەی دەستەکارکێشانەوەکەیدا، بازرگان نووسیبووی «من هەمیشە باوەڕم وابوو، کە شۆڕش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ پابەندبوون بە یاسا، بنیات و نیزام، بەبێ ئەمانە، شۆڕش دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە و دەرفەتێک بۆ دژبەران.»

دوای دەستەکارکێشانەوەی بازرگان، ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامیی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی حکومەتی گرتە دەست. ئێران چووە قۆناغێکی نوێ کە تێیدا هێزە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەدەستهێنا.

ژیانی سیاسی دوای دەستەکارکێشانەوە

دوای دەستەکارکێشانەوە، بازرگان بەردەوامبوو لە ژیانی سیاسی، بەڵام لە پێگەیەکی لاوازتر. ئەو وەک سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادی ئێران مایەوە و بووە دەنگێکی سەرەکی بۆ ئۆپۆزسیۆنی میانەڕەو. بازرگان وەک ئەندامی مەجلیس (پەرلەمانی ئێران) (١٩٨٠-١٩٨٤) هەڵبژێردرا. لە پەرلەماندا، ئەو یەکێکبوو لە ڕەخنەگرە میانەڕەوەکان، کە بانگەشەی ڕێزگرتنی لە دەستوور، پاراستنی مافی مرۆڤ، کەمکردنەوەی توندوتیژی سیاسی و ئازادی ڕۆژنامەوانی دەکرد. بازرگان سەرسەختانە ڕەخنەی لە زۆرێک لە سیاسەتەکانی حکومەتی ئێران دەگرت.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران، بازرگان پشتگیری لە سیاسەتی حکومەت کرد، بەڵام دوای دوو ساڵ لە جەنگ، داوای کرد پێویستە کۆتایی بە جەنگ بهێندرێت، ئەوە لە کاتێکدا بوو دەسەڵاتدارانی ئێران سووربوون لە بەردەوامیدان بە جەنگەکە، بازرگان ئاماژەی بە زیانەکانی بەردەوامی جەنگەکە کردبوو دەیگوت» تا ئەو کاتەی وڵاتی عێراق هێرشبەر بووە، ئەو لەگەڵ ئەوە بووە کە وڵاتەکەی بە هەموو توانایەکییەوە بەرگری تەواو لەخاکەکەی بکات، بەڵام دوای ئەوەی ئێران دەستی بە هێرشکردن بۆ سەر خاکی عێراق کرد، بازرگان ڕایگەیاند پێویستە ئیتر کۆتایی بەو جەنگە ماڵوێرانکەرە بهێنرێت».

یەکێکی دیکە لەو کەیسانەی بەلای بازرگانەوە مایەی گرنگیپێدان بوو ، بابەتی قەیرانی بارمتەکان بوو، بازرگان بەردەوام بوو لە ڕەخنەگرتن لە گرتنی دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان. ئەو گوتی ئەمە یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات و ئێران دەکاتە وڵاتێکی دابڕاو. بارمتەکان لە کۆتاییدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا، دوای ٤٤٤ ڕۆژ ئازاد کران.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق، لەسەر ڕاسپاردەی ڕابەری باڵا، تەواوی زیندانیانی سیاسی لە ئێران دوای دادگاییەکی ڕووکەش لە سێدارەدران، ئەو کارەی دادگا، جارێکی دیکە بازرگانی هێنایەوە دەنگ و لە نامەیەکی کراوەدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی نووسی «ئەمە یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، چۆن دەتوانین بە ناوی ئیسلام! ئایینی بەزەیی و ڕەحمەت، ئەم کوشتارە بکەین؟» بەڵام خومەینی وەڵامی نەدایەوە. لە ١٩٩١دا، نووسینگەی بزووتنەوەی ئازادی لە تاران بە فەرمانی حکومەت داخرا. گوتیان ئەم ڕێکخراوە «دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی»یە. سەرەڕای هەموو ئەم فشارانە، بازرگان ڕەتی کردەوە بێدەنگ بێت یان وڵات بەجێبهێڵێت. ئەو گوتی: «من لە ئێران لەدایکبووم، بۆ ئێران خەباتم کردووە و لە ئێران دەمرم».

کۆتایی ژیان و مردن

لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، بازرگان بەردەوامبوو لە چالاکی فیکری، سەرەڕای نەخۆشی و پیری، ئەو بەردەوامبوو لە دیداری گەنجان و ڕووناکبیران و گفتوگۆکردن لە بارەی ئایندەی ئێرا، مەهدی بازرگان لە ٢٠ی شوباتی ١٩٩٥دا، لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە شاری تاران بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان و سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئێران ئایەتوڵڵا ڕەفسەنجانی بەخاك سپێردرا.

سەرچاوەکان:

- م.د.سرمد عكيدي فتحي، مهدي بازركان ودوره السياسي في ايران ١٩٤٢-١٩٨٠، مجلد ١ عدد ٧٤ (٢٠١٧): الجزء الاول -العدد ٧٤لسنة ٢٠١٧، : djhr./١٠,٥٧٥٩٢/https://doi.org v١i٧٤,٧٤

- قاسم تبريزى، كارنامه حيات سياسى اجتماعى مهدى بازرگان، مركز اسناد انقلابى اسلامى، ٢٠٦٠/https://irdc.ir/fa/news، لە بەرواری ١\بهمن\١٣٩٦، بڵاوكراوەتەوە.

- شيرين سمارة، شخصيات إيرانية: مهدي بازرغان، سلحفاة السياسة على طريق الثورة السريع (١٩٠٨ – ١٩٩٥)، ٦٠٠٢/https://aljadah.media/archives، لە بەرواری ١٢\ فبراير\٢٠١٩ بڵاوكراوەتەوە.

- مهدى كنجى، رفض الثورة الإيرانية ثم أصبح رئيس حكومتها... مهدي بازَركان رفض الثورة الإيرانية ثم أصبح رئيس حكومتها... مهدي بازَركان، لە ماڵپەڕی https://raseef٢٢. net/article، لەبەرواری ١٢\ابريل\٢٠٢٣ بڵاوكراوەتەوە.

- مهندس بازرگان كه بود و چرا شكست خورد؟، لە ماڵپەڕی https://www.rouydad٢٤. ir/، لە بەرواری ٢٤\يهمن\١٤٠٣ بڵاوكراوەتەوە.

- مردى كه بدون حكم پادشاه يا رييس جمهور، نخست وزير ايران شد/ عجيب‌ترين اقدام مهندس بازرگان در سال ٥٨ / بازرگان حتى ميان همفكرانش هم تنها بود، لەماڵپەڕی https://www.khabaronline.ir/news، لە بەرواری ١٢\يهمن\١٤٠٣ بڵاوكراوەتەوە.

- قاسم تبريزى، كارنامه حيات سياسى اجتماعى مهدى بازرگان، بەماڵپەڕی https://٢٠٦٠/irdc.ir/fa/news/، بەرواری سەردان ١٤\ ١٢\٢٠٢٥.

- چرا مهدى بازرگان از نخست وزيرى استعفا داد؟، لە چەناڵی يوتيوب، لينكى چەناڵ https://www.youtube.com/watch?v=Jd__rxk٨Y٠g، بەرواری بڵاوكردنەوە ٢٥\ سبتمبر\٢٠٢٥.

- مهدى بازرگان؛ سياست مدارى كه اول از همه حذف شد، لە چەناڵی يوتيوب، بينكى چەناڵ https://www.youtube.com/watch?v=TFkt٣iXo١h٤، بەرواری بڵاوكردنەوە١٢\ ئۆكتۆبەری\٢٠٢٣.

کتێبناسی

ئێرانناسی

لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران: بەرژەوەندی ستراتیجی، هێز و کاریگەری[1]

Decoding Iran›s Foreign Policy: Strategic Interests, Power, and Influence

ڕانان: ئارام مەحمود ئەحمەد

1. Ross Harrison, Decoding Iran›s Foreign Policy: Strategic Interests, Power, and Influence, Bloomsbury Publishing Plc, First published in Great Britain 2025

ئەم کتێبە لـــــە نووسینی (ڕۆس هاریسۆن Ross Harrison)،ساڵی ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە، لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. نووسەر بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییەدا دەگەڕێت: کام هێز، بیروباوەڕ و بەرژەوەندی ئاڕاستەی هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی ئێران لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی دەکەن؟

کتێبەکە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران تەنیا وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزی بەرژەوەندی ستراتیژی، دەسەڵاتی ناوخۆیی و کاریگەرییە هەرێمییەکانە.

نووسەر، کتێبەکەی بۆ چەند بەشێک دابەشکردووە و لێرەدا بەش بەش خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی و تێڕوانینی جیهانی ئێران

١,١. بەرژەوەندی لە سەرووی بیروباوەڕەوە

ڕۆس هاریسۆن کتێبەکەی بە ڕەتکردنەوەی لێکدانەوە باوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەستپێدەکات، کە زۆرجار تەنیا لە چوارچێوەی (ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی شیعی)دا دەیبیننەوە. ئەو پێشنیاری چوارچێوەیەکی تیۆریی دروستتر دەکات: ئێران لە بنەڕەتدا وەک دەوڵەت-نەتەوە هەڵسوکەوت دەکات، کە بڕیارەکانی لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییە کلاسیکییەکان و پێویستییەکانی مانەوەی دەسەڵاتەکەی بوونیادنراون. هەرچەندە ئایدۆلۆژیا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام زیاتر وەک ڕەوایەتیپێدەر و کەرەستەیەک بۆ ڕازیکردنی جەماوەر بەکار دەهێنرێت، نەک بڕیاردەری سەرەکی.

تێزە سەرەکییەکانی هاریسۆن بریتین لەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو لە مۆدێلی ڕیالیزمی هێرشبەرانە (Offensive Realism) نزیکە، بە تایبەت لە هەوڵی بەدەستهێنانی باڵادەستی هەرێمی(Regional Hegemony) لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سیاسەتی ئێرانیش دابەش دەکات بۆ سێ تەوەری ئاسایشی ڕژێم (بە پلەی یەکەم)، بەرژەوەندی نیشتمانی (ئابووری و سەربازی)، ئامانجە هەرێمییە درێژخایەنەکان.

٢,١. تێڕوانینی جیهانیی ئێران: دەوڵەتی قوربانی

هاریسۆن بە وردی شرۆڤەی ئەو تێڕوانینە جیهانییەی ئێران دەکات کە وای لێدەکات هەست بە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بکات. ئەم تێڕوانینە لە چەند ڕەگێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە یەکەمیان بریتییە لە مێژووی دەستوەردانی دەرەکی و کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و ڕووسی، پاشان کودەتاکەی ١٩٥٣ (کە بە پشتگیری ئەمریکا ئەنجامدرا)، هەستێکی قووڵی بێ متمانەیی لە بەرامبەر زلهێزەکاندا لەلایەن سەرکردایەتی ئێرانەوە دروستکردووە. دووەمیش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و پشتیوانیکردنی جیهانی عەرەبی و ڕۆژئاوا لە سەدام حسێن، وای لێکردن بڕوایان بەوە هەبێت، کە بێجگە لە خۆیان هیچ هاوپەیمانێکی دڵسۆز و هەمیشەییان نییە. هەروەها ئێران بە بەردەوامی هەست دەکات، کە لەلایەن سیستەمی نێودەوڵەتییەوە پەراوێزخراوە و مافەکانی پێشێل دەکرێت، بە تایبەتی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە. ئەم تێڕوانینە گوماناوییە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی (ستراتیژیی بەرگریی بێهاوتا) و بۆ پاراستنی خۆی پشت بە پەرەپێدانی مووشەکی بالیستی، پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی و بەکارهێنانی بریکارەکانی(Proxies) دەبەستێت.

٣,١. ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا: شۆڕشی ئیسلامیی و قوڵایی ستراتیژیی

ئایدۆلۆژیا، بە تایبەت پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ، وەک پێکهاتەیەک کار دەکات کە بڕیارە ستراتیژییەکانی پێ دەدرێت. هاریسۆن دەڵێت، «ئایدۆلۆژیا کەرەستەیەکی بەهێزە بۆ دامەزراندنی تۆڕێک لە هاوپەیمانان (کە زۆربەیان لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەنی شیعەن) کە وەک قووڵایی ستراتیژی بۆ ئێران کار دەکەن».

بە واتایەکی تر، هەناردەکردنی شۆڕش هێندەی ئامانجێکی ئایینییە، ئەوەندەش ئامانجێکی جیۆپۆلەتیکییە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو لە دەوری سنوورەکانی ئێران.

بەشی دووەم: کایەی بڕیاردان و کاریگەرییە ناوخۆییەکان

٢,١. بڕیاردان

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا و ئاڵۆزەوە بەڕێوە دەبرێت و هاریسۆن پێکهاتەکە پۆلێن دەکات بۆ: ١) ڕابەری باڵا (عەلی خامنەیی)، کە بڕیاردەری کۆتایی و یەکلاکەرەوەی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نیشتمانییە. بڕیارەکانی زیاتر لە چوارچێوەی پاراستنی سیستەم و جێبەجێکردنی دیدگای شۆڕشگێڕیدایە. ٢) سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، کە دەزگای سەرەکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە، بە تایبەت لە ڕێگەی هێزی قودسەوە. پاسداران بێجگە لە ڕۆڵی ئەمنی، ڕۆڵێکی گەورەی لە دیاریکردنی ستراتیژییە هەرێمییەکان، بەڕێوەبردنی بریکارەکان و بەرنامەی مووشەکیدا هەیە. ٣) وەزارەتی دەرەوە و حکومەت، کە وەزارەتی دەرەوە، زیاتر ئەرکی دیپلۆماسی نەرم و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە فەرمییەکانی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەستۆدایە. هاریسۆن جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زۆرجار حکومەت لە بڕیارە ستراتیژییەکاندا (وەک پرسی ئەتۆمی، یان سیاسەتی هەرێمی) دواییەن بڕیار نادات.

٢,٢. ململانێی ناوخۆیی و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە

گرنگترین تەوەری ئەم بەشە بریتییە لە باسکردنی ململانێی هەمیشەیی لەنێوان دوو باڵی سەرەکی ناو سیستەمی ئێراندا، باڵی توندڕەو (پاسداران و ڕابەر)، کە باوەڕیان بەوەیە هەر چەشنە دانوستانێک لەگەڵ ڕۆژئاوا (بە تایبەت ئەمریکا) بێسوودە و دەبێت ئێران پشت بە هێزی ناوخۆیی و بەرگری ببەستێت. باڵی میانڕەو/ ڕیفۆرمخواز (هەندێک لە سەرۆک کۆمارەکان و وەزارەتی دەرەوە) پێیانوایە باشترە لە ڕێگەی دانوستان و سازشکردنی سنووردارەوە، گەمارۆکان لاببرێن و پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ جیهاندا ئاسایی بکرێنەوە.

نووسەر پێیوایە ئەم ناکۆکییە ناوخۆییە (کە لە سەردەمی ڕۆحانی و دانوستانەکانی ڕێکەوتنی ئەتۆمیشدا بە ڕوونی دەرکەوت) وای لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کردووە دوولایەنە بێت، کە دیپلۆماسی پێشکەوتوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و دەیەوێت بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کار بکات. هەروەها لایەنی نهێنی،

کە لەلایەن هێزی قودس و سوپای پاسدارانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و سیاسەتی دەستوەردانی هەرێمی بەڕێوە دەبات. هەبوونی ئەم دوو باڵە دژە، وای کردووە هاوپەیمانان و دوژمنانی ئێران بە قوورسی بتوانن پێشبینی هەڵسوکەوتی تاران بکەن

٣,٢. کاریگەریی ئابووری

هاریسۆن جەخت لەسەر ئەو کاریگەرییە دەکاتەوە، کە ئابووری لەسەر بڕیارەکانی دەرەوەی ئێران هەیەتی. گەمارۆ توندەکان وایان لە ئێران کردووە پەرە بە ئابووری بەرگری بدات، کە تێیدا پەیوەندییە دەرەکییەکان زیاتر لەگەڵ وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا پەرە پێ بدرێت بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و ڕۆژئاوا. ئەم پێداویستییە ئابوورییە پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ ڕێکەوتنی ئەتۆمی ٢٠١٥ و هەرەسهێنانی ڕێکەوتنەکەش وای لە تاران کرد زیاتر ڕوو لە ستراتیژە هەرێمییەکانی بکاتەوە.

بەشی سێیەم: قووڵایی ستراتیژیی

١,٣. ئامانجی باڵادەستی هەرێمی و سیاسەتی بریکارەکان (Proxies)

گرنگترین بەشی کتێبەکەی هاریسۆن شرۆڤەی ئەو ستراتیژەیە، کە ئێران بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی لە ناوچەکەدا بەکاریدەهێنێت. ئەو ئەم ستراتیژە بە (قووڵایی ستراتیژی) ناو دەبات، کە مەبەست لێی دروستکردنی زنجیرەیەک خاڵی بەرگری و فشارە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بەرگری لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران و هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییەکانی ڕکابەرە سەرەکییەکان (ئیسرائیل و سعودیە). هەروەها جێگیرکردنی پێگەی خۆی وەک یەکێک لە بڕیاردەرە هەرێمییە سەرەکییەکان.

٢,٣. ئێران و لوبنان: حیزبوڵڵا وەک مۆدێلی سەرکەوتن

حیزبوڵڵا وەک مۆدێلی سەرکەوتووی ستراتیژییە هەرێمییەکەی ئێران سەیر دەکرێت، کە حیزبوڵڵا ڕەوایەتی لە بنەماکانی ویلایەتی فەقیهـ وەردەگرێت، ئەمەش دڵسۆزییەکی قووڵ دەخوڵقێنێت و ئێران بە هاوکاری زۆری دارایی، چەک و مەشق، حیزبوڵڵای کردووە بە هێزێکی سیاسی و سەربازی گەورە لە لوبنان، کە وەک کارتێکی فشار دژی ئەمریکا و ئیسرائیل بەکاریدەهێنێت و ڕێگەی بە ئێران داوە بەبێ تێوەگلانی ڕاستەوخۆ، کاریگەری لە سەر سنوورەکانی ئیسرائیل دروست بکات.

٣,٣. عێراق: گۆڕەپانی ململانێ و کاریگەری

داگیرکاریی ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٣، لە دیدی هاریسۆنەوە، گەورەترین دیاری بوو بۆ ئێران، کە بووە هۆی ڕووخاندنی سەدام حسێن، دوژمنە سەرسەختەکەی ئێران و دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی گونجاو، کە ئێران بە پشتیوانیکردنی لە حیزب و میلیشیای شیعی (وەک حەشدی شەعبی) توانی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق دابنێت، لەلایەکی تریشەوە عێراق بووە ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ گەیاندنی چەک و یارمەتی بۆ سووریا و لوبنان (ڕێگەی زەمینی تاران- بەغدا- دیمەشق- بەیروت).

نووسەر باس لەوە دەکات کە ئێران لە عێراقدا سیستەمێکی سێبەری دەسەڵات بەڕێوەدەبات، کە تێیدا بریکارەکانی (میلیشیاکان) دەسەڵاتیان لە حکومەت زیاترە.

٣.٤ سووریا: بەرگریکردن لە هاوپەیمانێتییە سەرەکییەکان

شەڕی ناوخۆی سووریا ڕێگەی بە ئێران دا هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بپارێزێت، کە لە ڕاستیدا لە دەیەی ١٩٨٠ـەوە دەستی پێکردبوو. ئەسەد و سووریا وەک دەروازەی سەرەکی بۆ گەیاندنی یارمەتی بۆ حیزبوڵڵا کاریان دەکرد (تا بەرلە ڕووخانی ئەسەد). هەروەها شەڕی سووریا یەکەم گۆڕەپانی سەرەکی بوو بۆ هاوکاری سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا، کە ئەمەش بۆ ئێران بۆ بەدەستهێنانی هاوپەیمانێک لە دەرەوەی ناوچەکە گرنگ بوو.

٥,٣. یەمەن: حوسییەکان و گوشار لەسەر کەنداو

پشتیوانیکردنی ئێران بۆ حوسییەکان لە یەمەن وەک تاکتیکێک لێکدەدرێتەوە، لەلایەکەوە بۆ گوشار لەسەر سعودیە، کە ئەمە تەنیا وەڵامدانەوەیەک نییە بۆ دەستوەردانی سعودیە لە یەمەن، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ خستنەژێر فشار و سنووردارکردنی هەژموونی سعودیە لە ناوچەکەدا. لەلایەکی ترەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازەی دەریایی، کە یەمەن نزیکە لە گەرووی بابولمەندەب و ئەو گەرووە گرنگییەکی ستراتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگەکانی گواستنەوەی دەریایی هەیە.

بەشی چوارەم: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

١,٤. پەیوەندییەکی پڕ لە گومان لەگەڵ ئەمریکا

گرنگترین و ئاڵۆزترین پەیوەندیی ئێران پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکایە. هاریسۆن چوارچێوەی لێکدانەوەی ئێران بۆ ئەمریکا وەک «دوژمنێکی نەگۆڕ» دەخاتە ڕوو، کە ئامانجی کۆتایی ڕووخاندنی ڕژێمەکەیە. لە دیدی تارانەوە، هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا، لە گەمارۆی ئابوورییەوە تا بەردەوامبوونی سەربازی لە ناوچەکەدا، ئامانجی کۆتایی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، لەبەرئەوە تاران تەنیا ئەو کاتە ئامادەی دانوستانە، کە هەست دەکات لە پێگەیەکی بەهێزدایە، بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە دانوستانێک وەک سازشکردن و لاوازبوون دەبینێت. بە نیسبەت ڕێکەوتنی ئەتۆمی، ڕێکەوتنەکەی ٢٠١٥ وەک نمونەی کاتیی پێکهاتن لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەردوولا لێکدەدرێتەوە (ئێران گەمارۆی لەسەر لادرا، ئەمریکا پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانی بۆ ماوەیەک کۆنترۆڵ کرد)، بەڵام کشانەوەی ترەمپ لە ڕێکەوتنەکە وای لە تاران کرد گومانی زیاتری بەرامبەر ڕاستگۆیی ئەمریکا هەبێت.

٢,٤. پرۆگرامی ئەتۆمی: بۆ بەرگری، یان هێرش؟

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران هێندەی ئامڕازێکی ستراتیژییە بۆ بەرگری، هێندە بۆ بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی نییە، کە مەبەست لێی دڵنیابوونە لەوەی هیچ هێزێک ناتوانێت بە ئاسانی هێرشی سەربازیی گشتگیر بکاتە سەر ئێران و پرۆگرامەکە وەک کارتێکی بەهێزی فشار لەسەر مێزی دانوستان بەکاردێت. لێرەدا هاریسۆن باس لەوە دەکات کە پرۆگرامەکە لە چوارچێوەی (Nuclear Latency) دا کار دەکات، واتە ئێران توانای پێویستی بۆ دروستکردنی بۆمبەکە هەیە، بەڵام بڕیاری سیاسی بۆ دروستکردنی بۆمبەکە بەکارناهێنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی لە هێرشی سەربازیی توند و ڕاستەوخۆ بپارێزێت.

٣,٤. هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕووسیا و چین

لە وەڵامی گۆشەگیرییەکانی ڕۆژئاوادا، ئێران بە شێوەیەکی ستراتیژی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین پتەو کردووە. ئەم هاوپەیمانێتییە نوێیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بنیاد نراوە، کە هەردوو وڵات بە توندی دژایەتی هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا دەکەن، ئەمەش بۆچوونێکی هاوبەشە لەگەڵ ئێراندا،

هەروەها چین وەک کڕیاری سەرەکی نەوتی ئێران و سەرچاوەی وەبەرهێنان لە بواری ژێرخانی ئابووری و ڕووسیا وەک هاوبەشێکی سەربازی-تەکنیکی و پشتیوانێکی سیاسی لە ئەنجومەنی ئاسایش کار دەکات. بەڵام هاریسۆن ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییانە هاوپەیمانێتییەکی گشتگیر نین. ڕووسیا و چین پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ وڵاتانی ڕکابەری ئێران (وەک سعودیە و ئیسرائیل) هەیە، کە ئەمەش سنوورێک بۆ نزیکبوونەوەی تەواو لە نێوان ئێران و ئەواندا دادەنێت.

٤.٤. ڕکابەری لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل

ئێران لە دوو ڕووی سەرەکییەوە ڕووبەڕووی ڕکابەریی هەرێمی دەبێتەوە، یەکەمیان سعودیە (ڕکابەری سوننە-شیعە و هەرێمی)، ململانێی نێوان تاران و ڕیاز لە بنەڕەتدا ململانێیەکی کلاسیکی هەرێمییە بۆ باڵادەستی. ململانێی ئایینی تەنیا وەک ڕەوایەتپێدەری ئەم ڕکابەرییە جێوپۆلەتیکییە بەکاردەهێنرێت. ئەم ڕکابەرییە لە عێراق، یەمەن و لوبنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبینرێت. دووەم ڕکابەری ئەمنی و ئەتۆمی لەگەڵ ئیسرائیلە وەک گەورەترین هەڕەشەی سەربازی و ئەمنی بۆ سەر ئێران. ستراتیژیی ئێران دژی ئیسرائیل بریتییە لە، کۆتاییهێنان بە قوربانیی ناڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی حیزبوڵڵا و حەماس، هەروەها پەرەپێدانی بەرگری ئەتۆمی بۆ ڕێگری لە هێرشی ئیسرائیل.

بەشی پێنجەم: دەرەنجام و ڕێکارە پێشنیارکراوەکان

١,٥. گۆڕانکارییە هەرێمییەکان و سیاسەتی نەگۆڕی ئێران

هاریسۆن دەگەڕێتەوە بۆ تێزە سەرەکییەکەی، هەرچەندە گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمی ڕوویانداوە (وەک بەهاری عەرەبی، سەرکەوتنی داعش، دەرکەوتنی ڕووسیا وەک یاریزانێکی گەورەتر)، بەڵام بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەگۆڕاون.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک (هایدرای فرەسەر Multi-Headed Hydra) کاتێک زلهێزەکان لە یەکێك لە بوارەکاندا (وەک پرۆگرامی ئەتۆمی) فشار دەخەنە سەر ئێران، تاران سەرێکی تر لە بوارێکی تردا (وەک چڕکردنەوەی کاریگەریی هەرێمی لە سووریا، یان یەمەن) دەردەهێنێت. چارەسەرکردنی تەنیا یەک پرس (وەک ئەتۆمی) بەبێ چارەسەرکردنی پرسی هەرێمی، تەنیا کێشەکە دەگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانێکی تر.

٢,٥. شێوازەکانی دانوستان لەگەڵ ئێران

نووسەر پێشنیاری چەند ڕێکارێک بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، یەکەمیان، ڕەتکردنەوەی دانوستانی (یەک-تەوەر (Single-Issue Diplomacy ، پێویستە دانوستانەکان فرەتەوەر بن، کە پرسی ئەتۆمی و پرسی هەرێمی (مووشەکی بالیستی، پشتیوانیکردنی بریکارەکان) پێکەوە بگرێتەوە. دووەمیان، پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە ئێران وەک هەر دەوڵەتێکی تر خاوەنی بەرژەوەندیی ئەمنیی شەرعییە. ئەمەش واتای ئەوەیە دەبێت لە کاتی دانوستانەکاندا، هەندێک گەرەنتی ئەمنی بە ئێران بدرێت بۆ کەمکردنەوەی گومانەکانی ئێران. دوا خاڵیش بەکارهێنانی ئامڕازەکانی دیپلۆماسی و بازرگانی وەک هاندەرێک بۆ تاران.

هاریسۆن هۆشداری دەدات، کە ستراتیژی ئێستای (زۆرترین فشار (Maximum Pressure ناتوانێت ڕژێمی ئێران بڕووخێنێت، بەڵکو تەنیا وادەکات تاران توندتر بێت و ڕوو لە بەرەی ڕۆژهەڵات (چین و ڕووسیا) بکات.

نووسەر جەخت دەکاتەوە، کە دەبێت زلهێزەکان دان بەوەدا بنێن، کە توانایان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بە تەواوی سنووردارە، بەڵکو پێویستە فشارێکی نەرم بەکاربهێنرێت، بەڵام هاوکات دەرگا کراوە بێت بۆ دیپلۆماسی. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە دەبێت ئێران لە بواری ئابووریدا سنووردار بکرێت، بەڵام بوارێکی بچووک بۆ مامەڵەی ئابووریی نێودەوڵەتی بهێڵرێتەوە، هەروەها ڕێگەدان بە وڵاتانی هەرێمی (وەک سعودیە و تورکیا) کە خۆیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکەن، بەبێ دەستوەردانی ڕۆژئاوا. نووسەر پێیوایە، گەیشتن بە ڕێکەوتنی هەرێمی (Regional Settlement) لە نێوان تاران و ڕیاز کلیلی کەمکردنەوەی ململانێکانە.

کۆتایی

هاریسۆن دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بۆ لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، پێویستە گومانی سیاسی لەسەرووی بیروباوەڕی ئایینی دابنرێت. ئێران وڵاتێکە هەست بە مەترسیی هەمیشەیی دەکات و هەموو ستراتیژەکانی بۆ پاراستنی ڕژێم و بەدەستهێنانی هێزە لە جیهانێکدا، کە بە شێوەیەکی نەگونجاو دەیبینێت، لەم دیدگایەوە، تاکە ڕێگەی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بریتییە لە قبووڵکردنی بوونی ئێران وەک هێزێکی هەرێمی و دەستپێکردنی گفتوگۆی گشتگیر، کە هەموو پرسە ستراتیژییەکانی ئێران بگرێتەوە.

چه‌مکناسی

ئیرانناسی

مەیدان و دیپلۆماسی

د. هەورامان فەریق کەریم

بەرایی

چەمك یان تیۆری مەیدان لە بنەڕەتدا داهێنانی کۆمەڵناسی فەڕەنسی پییێر بۆردیۆیە. لە ڕوانگەی ئەوەوە مەیدانەکان ئاماژەن بە کایەکانی بەرهەمهێنان، جووڵە و ئاڵوگۆڕی کاڵاکان، خزمەتگوزارییەکان، زانین یان پێگە و شوێنگەکانی کێبڕکێی گەمەکەرەکان لە ململانێیاندا بۆ کۆکردنەوە، ئاڵوگۆڕ و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات (سەرمایەکان). لە مەیدانەکاندا، گەمەکەرەکان لەسەر دابەشکردنی نایەکسانی سەرمایە بەهادارەکان و لەسەر پێناسەکردنی بەهادارترین سەرمایەکان، ستراتیجەکان ڕەنگڕێژی دەکەن و پێکەوە کێبڕکێ دەکەن. وەك مەیدانێکی موگناتیسی، دەکرێت کاریگەرییەکانی مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتار زۆر بەرفراوان بێت و هەمیشە بۆ گەمەکەرەکان ئاشکرا نەبێت [1].

سەرنجی ئێمە لەسەر چەمکی مەیدان و دیپلۆماسییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. کێشمەکێشی مەیدانەکان[٢] لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا لە کێشمەکێشی دەسەڵاتەکانی «مەیدان وەك کردار و دەسەڵاتی سەربازی» و «مەیدان وەك دیپلۆماسی» دا خۆی بینیوەتەوە. لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا مەیدان زۆرجار بەهێزتر و دەستکراوەتر بووە لە دیپلۆماسی و هیچ حسێبێکی بۆ نەکردووە. هەندێکجاریش کە دەسەڵات یەکدەست بووە وەك سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی ئەم دوو کایەیە هاوشانی یەکتر هەنگاویان ناوە. یان وەك ئەوەی ئێستا لە سەردەمی کابینەی پزیشکیاندا دەیبینین. بەڵام ئەو کاتەی کە جەوادی زەریف وەك نوێنەری «سیاسەتی دیپلۆماسی» دەیەوێت خۆی بنوێنێت و دەیەوێت حسێبی بۆ بکرێت، ئەوکاتەیە کە ناکۆکی نێوان مەیدانەکان زەق دەبێتەوە و بە ئاشکرابوونی ناکۆکییەکە بناغەی ڕژێم دەکەوێتە مەترسییەوە.

چییەتیی مەیدان و دیپلۆماسی

بەکورتی سەرەقەڵەمێك سەبارەت بە چەمکی سیاسەتی مەیدان و دیپلۆماسی دەخەینەڕوو و دواتر دەپەرژێینە سەر ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی ستراتیج، گوتار و کرداری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. بەگشتی تایبەتمەندییەکانی مەیدان بریتین لەمانەی خوارەوە:

چییەتی کردە: بریتییە لە کردارەکیبوون، ڕەق ئامێزانە، لەسەر بنەمای ناچاری و دەرخستنی هێز؛

گەمەکەرە سەرەکییەکان: بریتین لە دامەزراوە سەربازی، ئاسایشییەکان و تۆڕەکانی بەرگری

مەودا: ئەنجامیگیریی تاڕادەیەك کورتمەودا و پەرچەکرداری خێرا؛

هێماکان: کردەی سەربازی، ئامادەبوونی جەستەیی، بەرگریی ڕەق؛

ئامانجەکان: دابینکردنی ئاسایشی خێرا، دروستکردنی بەرگری، گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە ناوچە.

سەبارەت بە چەمکی دیپلۆماسی کە ئاماژەیە بە کایەی گفتوگۆ، دانوستان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی ئامرازە نەرم و یاساییەکان، بەم تایبەتمەندییانە لە مەیدان جیا دەکرێتەوە:

چییەتی کردە: گفتوگۆناوەند، نەرم، پشتبەستوو بە باوەڕپێهێنان و سازش؛

گەمەکەرە سەرەکییەکان: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، دیپلۆماتەکان و نوێنەرە سیاسییەکان؛

مەودا: پرۆسەی درێژخایەن، هەنگاو بە هەنگاو و پێویستیی بە پشوودرێژی؛
هێماکان: دانوستان، ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، بڕیارەکان؛
ئامانجەکان: ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، کەمکردنەوەی گرژییەکان، بەدەستهێنانی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتی، هەڵگرتنی گەمارۆکان؛

مەیدان لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

وادیارە لە سیستمە سیاسییە یەکگرتوو، سەقامگیر و دیموکراسییەکاندا پەیوەندی نێوان ئەم دوو کایەیە بریتییە لە پەیوەندییەکی «تەواوکاری و پاڵپشتی». لەم پەیوەندییە تەندروستەدا، دەستکەوتەکانی هەر کایەیەك دەبێتە سەرمایە بۆ کایەکەیتر، نەك ڕکابەری یەکتر[٣]. سەرکەوتن لە مەیدان، ڕۆڵی هێزێك دەبینێت لە کایەی دیپلۆماسیدا و سەرکەوتن لە دیپلۆماسی، پانتاییەك بۆ بەهێزبوونی مەیدان دروست دەکات. بەڵام ئەم پەیوەندییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ئاڵۆز و پڕ کێشمەکێش بووە. بەتایبەت ئەوکاتانەی کە چاکسازیخوازان و ڕەوتە نەرمەکانی وەك باڵەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمی و بەمدواییە جەواد زەریف جڵەوی سیاسەتی دەرەوەیان بەدەستەوە گرتووە. بەتایبەتیتریش لەو کاتانەدا کە بەهۆی پرۆگرامی ناوەکیی ئێرانەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا فشارێکی زۆریان لەسەر ئێران دروست دەکرد.

لە گوتاری فەرمیی کۆماری ئیسلامیدا هەرچەندە پەیوەندی نێوان مەیدان و دیپلۆماسی یەکترتەواوکردن و پاڵپشتییە، بەڵام بە کردەیی مەیدان پانتاییەکی بەرفراوانتر لە کایەی سەربازی دەگرێتەوە. مەیدان بە هەموو «بوارە کردەیی و جێبەجێکارییەکانی هێز و دەسەڵات» پێناسە دەکرێت کە تیایدا ئەگەری کردەی ڕەق و دەرخستنی کاریگەریی بەرجەستە و خێرا لە ئارادایە. لەبەرئەوەی زۆربەی دەسەڵاتەکان لە دەستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدایە گرنگە تێبگەین کە مەبەست لە سیاسەتی مەیدان لە گوتاری ڕێبەر، لەپێشتردانانی ڕەهای کرداری ڕەقەکان، سەربازی و ئاسایشییەکانە. لەم ڕوانگەیەوە، دیپلۆماسی نەك وەك هاوبەشی یەکسان، بەڵکو وەك ئامرازی شوێنکەوتە و جێبەجێکاری دەستکەوتەکانی «مەیدان» پێناسە دەکرێت

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئێراندا لە ساڵی ١٣٩٢، یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان بە پشتبەستن بەو بەڵگەیەی

کە سیاسەتی دەرەوە لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێت، ئەو دروشمەی حەسەن ڕۆحانی خستەژێر پرسیارەوە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، گۆڕانکاری بەسەر ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دەهێنێت. بەڵام ڕۆحانی بە ئاماژەکردن بە کۆمەڵێك فەکتی سیاسی، ئەو بۆچوونەی ڕەت کردەوە. ئەو گوتی سیاسەتی جیاوازی دەرەوەی کابینەکانی هاشمی ڕەفسەنجانی، خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد، دەرخەری ئەوەن کە هەموو کات هەموو شتێك لە دەستی ڕێبەردا نەبووە. لە هەموو کابینەکانیشدا «ڕێبەری هەر ئەم ڕێبەرییە بوو.» ئەگەر هەمووکات وەها بووە، ئەی چۆن سیاسەتی ئاشتیخوازانەی سەردەمی خاتەمی و توندتیژانەی سەردەمی ئەحمەدی نەژاد دەتوانین پاساو بهێنینەوە؟ لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانیدا سیاسەتی دەرەوە بریتی بوو لە «پەیوەندی لەتەك ڕۆژئاوا جگە لە ئەمریکا». هەر ئەو سیاسەتەی کە بەردەوام جەختی لەسەر کورتکردنەوەی زمانی گفتوگۆ دەکردەوە لەتەك ئەمریکادا و ڕێبەر زۆر پشتیوانی لێکرد، بەڵام لە پرسی ئازادکردنی بارمتەکاندا چەند ساڵێك کابینەکەی ڕەفسەنجانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد[٤]. لەوکاتەوە تا هەنووکە یەکێك لە پرسە گەرمەکان و جێی مشتومڕەکان لە نێو سیستمی سیاسیی ئێراندا، بابەتی سیاسەتی دەرەوەی و دەسەڵاتەکانی وەزارەتی دەرەوە بووە لە چوارچێوەی دوو چەمکی گرنگی «**مەیدان**» و «**دیپلۆماسی**»دا. هەڵبەت ئەم مشتومڕە هەر لە ژێر لێوەوە قسەی لەسەر دەرکرا تا ئەو کاتەی فایلە دەنگییەکەی گفتوگۆی نێوان موحەمەد جەواد زەریف و سەعید لەیلاز بڵاو بوویەوە و دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بناژووخوازەکانی تا ئاستێك توڕە کرد کە زەریفیان بە ناپاك لەقەڵەمدا[٥]. لەوکاتەوە دەرکەوت کە چ ناکۆکییەك لە نێوان دیپلۆماسییەت و مەیدان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەبووە. یان بەواتایەك چ ناکۆکییەك لەسەر ئاستی تیۆری و کردەیی لە ئارادا بووە. دەرکەوت کە کەلێنی نێوان مەیدان و دیپلۆماسی و واقعییەتی «لەپێشتربوونی مەیدان» کرۆکی سەرەکی بەریەککەوتنە لە سیاسەتی دەرەوەدا.

مەرجی هەبوونی سیاسەتێکی دەرەوەی سەرکەوتوو بریتییە لە یەکترتەواوکردن و پاڵپشتی هەردوو کایە بۆ یەکتر، بەڵام کێشەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران ئەوەیە کە ململانێی نێوان ئەم دوو کایەیە لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوەیە. لە بنەڕەتدا و بە گەڕانەوە بۆ دەستووری ئێران و دەسەڵاتەکانی ڕێبەر و دەسەڵاتەکانیتر، مەیدان زیاتر لە

دیپلۆماسی لەپێشتر (اولویت) زانراوە. ئەوکاتانەش کە دیپلۆماسی کەمێك دەستکراوەتر دەبێت، هەر ئەو کاتەیە کە مەیدان دەیەوێت ئەو دیپلۆماسییە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی بەکار بهێنێت. ڕێبەری ئێران نایشارێتەوە کە بڕیاردان شوێنکەوتەی وەزارەتی دەرەوە نییە؛ وەزارەت تەنیا جێبەجێکارە و سیاسەتەکان جێبەجێ دەکات. واتە ئەنجومەی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بڕیار دەدات[٦]. توندئاژووەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە بۆ نمونە موحەمەدجەوادی لاریجانی کە جێگری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بووە دەڵێت: سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی چییەتی دەسەڵاتە. ڕۆڵی ئاسانکارانەی هەیە و وەك سەبەتەیەکە کە یارمەتی دەدات دەستکەوتەکانیتر کە هێزی سیستم پێك دەهێنن بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان بەکار بهێنین. دیپلۆماسی گفتوگۆیە ئەگینا خۆی لە خۆیدا گرنگی نییە[٧].

ڕەگوڕیشەی ناکۆکییەکانی مەیدان و دیپلۆماسی

بە گەڕانەوە بۆ فایل دەنگییەکەی زەریف دەتوانین گرنگترین ڕەگەکانی ناکۆکی نێوان ئەم دوو کایەیە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

- لە کرداردا، مەیدان، نەك هاوبەش، بەڵکو زۆرجار وەك مەرجەع و لەپێشتر مامەڵەی لەتەك کراوە. بۆ نموونە زەریف ئاماژە بە دەسەڵاتە بەرفراوانەکانی قاسم سولەیمانی دەکات لە بەکارهێنانی فڕۆکەوانیی کۆماری ئیسلامی (هوما)دا بۆ گواستنەوەی چەك بۆ سوریا. لەم حاڵەتەدا لۆجیکی مەیدان (پێویستیی کردارەکی) دەتوانێت بە بێ هاوئاهەنگی لەتەك دیپلۆماسی (ڕەچاوکردنی نێودەوڵەتی) هەنگاو بنێت.

- لەپێشتربوونی کردارەکی لەچاو ستراتیج: لەو شوێنەدا کە زەریف ئاماژە بە ئەوە دەکات کە هەندێکجار پێویستییە کورتمەوداکان و کردارەکییەکانی مەیدان، بەسەر ئامانجە درێژخایەن ستراتیجییەکانی دیپلۆماسیدا زاڵ دەبێت. نموونەش بۆ ئەوە، هێرش بوو بۆ سەر پێگەی عەینولئەسەد کە تەنانەت وەزارەتی دەرەوە پێشوەختە ئاگاداری نەبووە.

- خێرایی و ڕەهابوون: ئەنجامی هەنگاوە کردارەکی و مەیدانییەکان خێراتر و بەرجەستەترن. لە ژینگەیەکی پڕ لە هەڕەشەدا، ئەم خێرانییە زۆرجار لە چاو ئاڵۆزی

و نەبوونی ڕەهایی پرۆسە دیپلۆماسییەکاندا گرنگتر دەنوێنێت.

- ڕەوایەتی نێوخۆیی: کردەی قارەمانانە لە مەیداندا، ڕەوایەتییەکی باشتر لە ڕای گشتیدا دروست دەکات. لە لای خەڵك پاڵەوانبوون پەسەندترە.

- بونیادی دامەزراوەیی: قورسایی دامەزراوە سەربازی-ئاسایشییەکان لە بونیادی دەسەڵاتی ئێراندا کاریگەری لەسەر زاڵبوونی لۆجیکی مەیدان هەیە.

سەرچاوەکان:

1. David L. Swartz, Bourdieu's Concept of Field, https://www.oxfordbibliographies.com/display/document/obo-9780199756384/obo-9780199756384-0164.xml

٢ - اسماعیل شیرعلی، جامعه سازی یا جامعه شناسی؟ نظریه میدان بوردیو :: جامعه سازی یا جامعه شناسی؟

٣ - امیرهوشنگ کریمی، بررسی یک تئوری علمی "نظریه میدان" و نسبت آن با دیپلماسی، «نظریه میدان» و نسبت آن با دیپلماسی ڕێککەوتی دواسەردان ٢٠٢٦/١/٢

٤ - شهیر شهیدثالث، سیاست خارجی در ایران چگونه شکل می‌گیرد؟، https://www.bbc.com/persian/iran/٢٠١٥/٠٣/١٥٠٣٠٥_l١٠_sss_making_iran_foreign_policy

٥ فرامتن فایل مصاحبه ظریف/ خیانت امنیتی و بازی جدید غربگرایان برای انتخابات، فرامتن فایل مصاحبه ظریف/ خیانت امنیتی و بازی جدید غربگرایان برای انتخابات - تسنیم، ڕێککەوتی دوا سەردان ٢٠٢٦/١/٢.

٦ - از سیاست‌گذاری تا دیپلماسی، https://dialog-others/ir.khamenei.farsi?id=٤٧٧٩٣، ڕێککەوتی دوا سەردان ٢٠٢٦/١/٢

٧ - گفتگو با معاون اسبق وزارت خارجه، سیاست خارجی منعکس‌کننده ماهیت حاکمیت است، https://dialog-others/ir.khamenei.farsi?id=٤٧٧٩٢ ، ڕێککەوتی دواسەردان ٢٠٢٦/١/٢

CFS

Center for Future Studies

هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٧) ساڵی پێنجەم، کانوونی دووەم ٢٠٢٦